د. حسێن قەندی

# رۆژنامەوانی تایبەتمەند

وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە بەرۆحی مەزنی
ئەحمەد مام ساڵحی قەڵادزێ...
کە پێی وابوو پەرتوك هەموو شتێکە،
دیاریو یادگار بێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

xaneywergeran@hotmail.com

- ناوی کتێب: ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند
- نووسەر: د. حسێن قەندی
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کارزان محەمەد
- پیتچنین: کارزان محەمەد
- دیزاینی ناوەڕۆک: زانا کەمال
- بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: ٧٥٠
- زنجیرە: ٢١٢
- چاپخانە: تیشک
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (١٣٢١) ساڵی (٢٠٠٨)

# پێڕست


| | |
|---|---|
| *پێشەکی وەرگێڕ | ٩ |
| *پێشەکی | ١١ |
| **١-کورتەمێژووی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند لە جیهان و ئێراندا** | ١٦ |
| * کورتەمێژووی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند لە جیهاندا | ١٦ |
| *گازێتەکان | ٢١ |
| * کورتەمێژووی چاپەمەنی تایبەتمەند لە ئێران | ٣١ |
| *ڕۆژنامەکانی ژنان | ٣٥ |
| *بڵاوکراوە کاریکاتێرو گاڵتەجارییەکان | ٣٩ |
| *گۆڤارە تایبەتمەندەکان | ٤١ |
| **٢-تایبەتمەندێتی ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند** | ٤٨ |
| *فێربوونی ڕۆژنامەوانی (هێزی مرۆیی تایبەتمەند لە چاپەمەنیدا) | ٥١ |
| *فێربوونی ڕۆژنامەوانی لە ئاسیاو ئەفریقا | ٥٦ |
| *فێربوونی ڕۆژنامەوانی لە ئێران | ٥٨ |
| *فێربوونی وانەکانی تایبەتمەندی ڕۆژنامەوانی | ٦٥ |
| *ڕێگەی گەیشتن لە تایبەتمەندێتی ڕۆژنامەوانییەوە بە ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند | ٦٧ |
| *ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند | ٧٠ |
| *بەرنامەڕێژیی بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند | ٧٣ |
| *بەرنامەڕێژیی بەرایی بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند | ٧٤ |
| *ڕۆڵی هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی لە کاریگەریدانان و | ٧٤ |
| سەرخستنی ڕۆژنامە تایبەتمەندەکاندا | |
| ١-دەستنیشانکردنی وەرگرو وەرگرتنی پێداویستییەکانیان | ٧٧ |
| ٢-بەرنامەڕێژیی ناوەڕۆك بەڕەچاوکردنی ئامانجی بڵاوکراوەکە | ٨٠ |
| ٣-پێکهاتەی ستافی نوسین | ٨٢ |
| ٤- بودجەکان و داهاتەکان | ٨٦ |
| *پاشکۆو پرسیارنامەکان | ٨٩ |
| **٣-پۆلێنبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان** | ٩٥ |
| *گێڕانەوەی یەکەم | ٩٦ |
| *گێڕانەوەی دووەم | ٩٧ |
| *گێڕانەوەی سێیەم | ١١٠ |
| *گێڕانەوەی چوارەم | ١١٢ |
| *بڵاوکراوە تایبەتمەندە دەوڵەتییەکان | ١١٣ |
| *بڵاوکراوە تایبەتمەندە نادەوڵەتییەکان | ١١٣ |
| *بڵاوکراوە وڵاتییەکان | ١١٤ |
| *بڵاوکراوە وڵاتی- نێودەوڵەتییەکان | ١١٤ |
| *پۆلێنبەندی بڵاوکراوە وڵاتییەکان | ١١٥ |
| *بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان و ڕادەی تایبەتمەندێتی | ١١٦ |
| *ئەدەبیاتی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان | ١١٩ |
| *ناوی بڵاوکراوەی تایبەتمەند | ١٢٤ |
| *ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان | ١٢٥ |
| ا: بڵاوکراوە سیاسییەکان | ١٢٨ |
| ب: بڵاوکراوە سەربازییەکان | ١٣٣ |
| ج: بڵاوکراوە ئابورییەکان | ١٣٦ |

| | |
|---|---|
| د. بڵاوكراوه كۆمەڵایەتییەكان | ١٤٣ |
| *ناوەرۆكی تەكنیكی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان | ١٧٢ |
| *ئەنالیزەكردنی رۆژنامەی دانش | ١٨١ |
| *ڕیزبەندی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان | ٢٠٦ |
| **٤-فۆرم لە بڵاوكراوە تایبەتمەندەكاندا** | **٢١٢** |
| *پانتایی و ئەندازەی گۆڤار | ٢١٤ |
| *لاپەڕەبەندی- ستونبەندی | ٢٢٠ |
| *گرافیكی چاپەمەنی | ٢٢٧ |
| *دیزاینی لاپەڕەكان و بواری تایبەتمەندێتی گۆڤار (سەربەرگ) | ٢٢٨ |
| ١-بەرگی گۆڤار | ٢٢٨ |
| ٢-لاپەرەبەندی (لاپەڕەكانی ناوەوە) | ٢٣٣ |
| ٣-كاریكاتێر- گرافیك | ٢٤١ |
| ٤-دەق و مانشێت | ٢٤٢ |
| ٥-ڕەنگ لە گۆڤارە تایبەتمەندەكاندا | ٢٤٥ |
| *كۆمەڵە خاڵێكیتر لە لاپەڕەبەندیدا | ٢٥٤ |
| *پاشكۆ | ٢٥٧ |

## پێشەکی وەرگێڕ

گەشــەکردنی بــواری رۆژنامــەوانی لــە پیــشەیەکی دەگمــەنی دەســتەبژێرەکانەوە بــۆ کــارێکی گــرنگ کــە ئێــستا لەتــەك ســێ دەســەڵاتەکەیتردا بــە دەســەڵاتی چــوارەم نــاوزەد دەکرێــت، هــەر پەیوەندیـدار نییـە بـە بەرزبوونـەوەی ئاسـتی تەکنـەلۆژیای چاپو پەیوەندییـەوە، هێندەی پەیوەسـتە بەو ڕۆڵـە گرنگانـەی کە بـواری رۆژنامـەوانی لـە مـاوەی ئـەم نیـو سـەدەیەی دوایـی لەسەرتاسـەری جیهاندا گێڕای.

هەرچـەندە لـە سـەرەتاکانی پەیـدابوونی رۆژنامـەدا، سـەرجەم رۆژنامــەکان شــێوەیەکی گــشتیانەیان هــەبوو، واتــا بــۆ ئــەوەی زۆرترین خوێنەر بگرنەخۆ ناچاربوون لاپەڕەکانیان لێوانلێو بن لە بابــەتی جۆراوجــۆری سیاســی، کۆمەڵایــەتی، ئــابوری و وەرزشی و...هتد. دوای تێپـەڕبوونی ئـەم قۆناغـەش، جۆرێکیتر لە رۆژنامــەوانی کــە لــە قۆناغەکــەی پێــشوو پێــشکەوتووتر و ئـەکادیمیترە، هاتـە مەیدانـەوە کـە بـە رۆژنامـەوانی تایبەتمەنـد ناودەبرێت. هۆکاری پەیدابوونی رۆژنامەوانی تایبەتمەند بۆ ئەو هەقیقەتە دەگەڕێتەوە کە رۆژنامەو گۆڤار تا تایبەتتر بن بە بوارێك، ئەوا باشتر دەتوانن لێکۆڵینەوەو بابەتە رۆژنامەوانیەکانیان لەسەر ئەو بوارە چڕتر بکەنەوە، جۆرە خوێنەرێکیش پەیدابووە بەدوای قوڵبوونەوەی زیاتری ئەو بوارەی خۆیدا دەگەڕێت، لێرەدا هـەردوو





هاوکێــشەی رۆژنامــە- خوێنــەر هــاوڕابوون لەســەر پەیــدابوونی چەشنە بڵاوکراوەیەك یاخود رۆژنامەیەك کە تەنها تایبەت بن بە یــەك بــوار و لەمڕووەشــەوە لــە وڵاتــانی ئــەمریکاو ئــەوروپا کــە جێنزرگـەی پەیـدابوونی رۆژنامـەی تایبەتمەنـد بـوون، ئـەو جۆرە بڵاوکراوانە سەرکەوتنی بەرچاویان بەخۆوەبینی.

کوردستانی ئێمەش وەك بەشێکی دانەبڕاوی جیهان کە لەژێر کاریگـەریی و ڕەوتـی ڕۆژنامـەوانی وڵاتانیتردایە، ماوەی چەندین ساڵە بۆتـە خـاوەنی رۆژنامـەو گۆڤـاری تایبەتمەنـد بـێ ئـەوەی تائێــستاش خــاوەنی هــیچ جــۆرە پــەرتوك و لێکۆڵینەوەیــەکی تێروتەسەل بێن سەبارەت بەو مەسەلە گرنگە.

وەرگێڕانـی ئـەم پەرتوکـەی (د. حسێن قەنـدی) کە یەکێکە لـە ســەرقافڵەکانی بــواری رۆژنامــەوانی لــە ئێرانــدا، هەوڵێکــە بــۆ ئاشنابوونی تیۆریانەی رۆژنامەنوسی کورد بە بواری رۆژنامـەوانی تایبەتمەنـد، هەرچـەندە پەرتوکەکـە لـە گۆشـەنیگای ئێرانییەوەکـە نوسراوە بێ ئەوەی کاریگـەریی لەسەر ڕەوتی ئەکادیمی نوسین و ناوەرۆکەکــەی هــەبێت. لێرەشــدا ســەرنجی خوێنــەر بــۆ ئــەوە ڕادەکێــشم کــە نوســەر کورتەبەشێکیــشی تــەرخان کردبــوو بــۆ شیکردنەوەی وتارێکی فارسی کە بە پێویستم نەزانی وەریبگێڕمە ســەرزمانی کــوردی، چــونکە ســودێکی ئــەوتۆی بــە خوێنــەر نەدەگەیاند.. بەئومێدم وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە، تەواوکەری ئەو هەنگاوانە بێت کە لەو بوارەدا ئەنجام دراون.

**کارزان محەمەد ١/٤/٢٠٠٨**

# پێشەکی

ئەم پەرتوکەم بۆ گەیشتن بە دوو ئامانج گردکردۆتەوە:

١-بیرۆکەی فەراهەمکردنی پەرتوکێك دەربارەی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە نزیکەی (١٩)ساڵ لەمەوپێشەوە (١٩٧٧ز) زەینمی سەرقاڵ کردبوو. لە ساڵانی وانەوتنەوەی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە کۆلیژی کۆمەڵناسی زانکۆی (عەلامە تەباتەبایی) لەهەر کۆرسێکی خوێندندا باسگەلێکم بۆ ئەم وانەیە زیاد دەکردو کۆمەڵەخاڵێکیشم لای خۆم یادداشت دەکرد بە ئومێدی ئەمەی رۆژێ ئەم پەرتوکە فەراهەم بکەم.

تەنگانەی سەرەکی کە لەم وانەیەدا هەبوو، پەیوەندی بە شێوازی وانەوتنەوە یا تێگەیشتنی خوێندکارانەوە نەبوو، کەموکورییە سەرەکییەکە فێرکردنی ئەکادیمیانەی رۆژنامەوانی بووەو هەیە.

خوێندکاران لە دواکۆرسی خوێندنەکەیاندا دەبوایە ئەم یەکە وانە ناچارییە بخوێنن‌و بەرهەمی کارەکەشیان پێشکەش دەکرد کە ئامادەکردنی گۆڤارێکی تایبەتمەند بوو.

لەناو گۆڤارە پێشکەشکراوەکاندا هەرچەندە کۆمەڵەکارێکی پرۆفیشناڵی تیادا بوو، بەڵام زۆرینەی خوێندکاران نەیانتوانیبوو لەو بازنە تایبەتمەندەی کە هەڵیانبژاردبوو، گۆڤارێکی گونجاو





بەپێی هەڵبژاردنەکەشیان پێشکەش بکەن، چونکە لەو مەیدان‌و بوارە تایبەتمەندەی کە هەڵیاندەبژارد، تایبەتمەندیی هۆشیاریی‌و ئەزموونییان نەبوو. لە هاوینی (١٩٩٩) لە وتارێکدا کە پێشکەشی سیمیناری (شرۆڤەکردنی مەسەلەکانی چاپەمەنی ئێران)م کرد، دەربارەی هێزی مرۆیی تایبەتمەند لە چاپەمەنیداو زەروورەتی پەروەردەکردنی رۆژنامەنوسی تایبەتمەند پەیڤی بووم، لەبەرئەوەی بەتەواوەتی هەستم بەم کەموکورییە گەورەیە دەکرد.

نزیکەی دوو ساڵ لەمەوپێش کە وتنەوەی ئەم وانەیەم لە (ناوەندی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی میدیاکان)دا گرتەئەستۆ، هەستکردن بە سەرلەنوێ لابردنەوەی کەموکوڕی ئەم هێزە مرۆیی‌و تایبەتمەندییە لە مندا زیندوو بۆوە لەبەرئەوەی سەرلەنوێ هەمان کەموکورتیم لە کاتی وانەوتنەوە لەناو ئەو خوێندکارانەدا بینی کە بەپێچەوانەی خوێندکارەکانی زانکۆوە، زۆرینەیان سەرقاڵی کارو پیشەی رۆژنامەوانی بوون. ئەمجارە بەشێوەیەکی جدی‌و جەسورانەتر دەستم بە پرۆژەیەکی توێژینەوەو ئامادەکردن کرد تا بەم پەرتوکە گەیشت.

کۆمەڵە یادداشت‌و توێژینەوەکانی خۆم دەربارەی مێژووی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە جیهان‌و ئێراندا کە ساڵەهایە گردم کردبۆوە، پیایداچوومەوەو سەرچاوە بەردەستەکان لە وڵاتدا لە گۆڤاری (مێژووی شرۆڤەی چاپەمەنی)ی بەرهەمی هەمیشەزیندوو مامۆستا (موحیت تەباتەبایی) و هەروەها (مێژووی چاپەمەنی جیهان)ی (پێر ئەلبێر)ی فەرەنسی، (مێژووی رۆژنامەو

گۆڤارەکانی ئیران)ی بەرهەمی (محەمەد سەدرهاشمی)و بەرهەمە بەهادارەکانی هاوڕێی بەنرخم جەنابی بەڕێز (سەید فەرید قاسمی) وەك ڕێنمایەك بۆ چاپەمەنی ئیرانو سەرگوزەشتەی چاپەمەنی ئیران (سەردەمی محەمەد شا و ناسرەدیین شا) سودم لێوەرگرتن.

لە فەسڵی یەکەمدا باسی کورتەمێژووی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند لە جیهانو ئیرانم کردووە بۆ ئەمەی کە پەیدابوونی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند بە مەسەلەیەکی دێرین بناسێنم. لە ڕاستیدا سالانێکی کورت دوای پەیدابوونی چاپەمەنی گشتی، چاپەمەنی تایبەتمەندیش فۆرمەڵە بوو و لەدایك بوو، لە ئیرانیش ئەم ماوەیە کورت بووە. ماوەی نێوان (کاغذ اخبار)ی (میرزا ساڵح شیرازی) لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین بڵاوکراوەی مافناسیو دادوەریی نزیکەی (٣٠) سی ساڵ بووە.

فەسڵی دووەمی کتێبەکەم بۆ تایبەتمەندی ڕۆژنامەوانیو ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند تەرخان کردووە کە تەواوکەری یەکترنو جەختم لەسەر باسی پێداویستی پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند کردۆتەوە، لەبەرئەوەی بەبێ پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند، بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان ناتوانن گەشە بکەنو بمێننەوە.

لە فەسڵی سێیەمدا باسە سەرەکییەکە واتا پۆلێنبەندی ڕۆژنامەوانیم لە چوار ڕوانگەوە خستۆتە بەرباسو ئەو تێڕوانینە جۆراوجۆرانەی گردم کردبۆوە، لەگەڵ ئەم فەسڵەدا گونجاندوومەو





بەرهەمی ئەزموونەکانی خۆشم بۆ زیاد کردووە. دوابەشیش دەربارەی دیزاینو گرافیکی چاپەمەنی تایبەتمەندو توخمەکانی دیزاینە کە باسەکەم بۆ پانتایی بینراو- هونەریی ڕۆژنامەوانی ڕاکێش کردووەو جەختم لەسەر زەروورەتی ستاتیکای بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان کردۆتەوە.

٢- ئامانجی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە وڵاتی ئێمەدا. بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە ئیراندا کەمتر ماونەتەوەو بەردەوام بوون کە یەکێك لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم بڵاوکراوانە. لە (٣٤) سیوچوار ساڵ کاری ڕۆژنامەوانیدا کەمتر بینیومە ئەو کەسانەی کە مەبەستی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی تایبەتمەندیان هەیە، بەرلە هەنگاونان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکە، بەرنامەو پرۆژەداڕشتنیان دەربارەی کردبێت. چارەنوسی داسەپێنراوی هەموو ئەم بڵاوکراوانەش دوای بڵاوبوونەوەی چەند ژمارەیەك لەبەرهۆکاری ئابوریو قازانج نەکردنی، داخستنی هەمیشەییانە بووە.

هەوڵمداوە ئەم خاڵە گرنگە پەرە پێبدەم کە هیچ کارێکی کلتووریی ئەگەر بەکاربەرێکی ئابوریی نەبێت، نامێنێتەوە. ڕێگاکانی مانەوەشم باس کردووە تا ڕەنگە هەرکێیەك بیەوێ بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند یا بڵاوکراوەیەکیتر بڵاو بکاتەوە کە بەلایەنی کەمەوە بەرنامەداڕشتنێکی هەمیشەییو پرەنسیپانە بزانێتو پاشان دەست بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەك بکات.

بەدڵنیاییەوە ئەم توێژینەوەو ئامادەکردنە کۆمەڵە کەموکوڕییەکیشی هەیە، چاویشم بڕیوەتە دەستەبژێرانی رۆژنامەوانی و ئوستادانی ئەم بوارە گرنگەی مەیدانی پەیوەندی (کۆمیونیکەیشن).

بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتوکە بە بێ هاریکاریی جەنابی بەڕێز (شەعبان عەلی بەهرامپور)ی سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی میدیاکان و هاوکارەکانی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی چاپەمەنەییەکەیدا نەدەهاتەدی. سوپاس بۆ هەموویان.

**د.حسێن قەندی**

**پوشپەڕی ٢٠٠٦**





# کورتەمێژووی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە جیهان و ئێراندا

*کورتەمێژووی رۆژنامەوانی تایبەتمەند لە جیهاندا

مێژووی پەیدابوونی رۆژنامەوانی تایبەتمەند دەبێ لە دڵی پەیدابوونی بڵاوکراوەگشتییەکاندا بدۆزرێتەوە. مێژوونوسانی چاپەمەنی (مێژووی چاپەمەنی جیهان) لەوبڕوایەدان بە دژواری دەتوانرێ سنورێك بۆ مەسەلەی مێژووی چاپەمەنی پەیدا بکرێت. ئەوان دەڵێن، چاپەمەنی وەك بوارەکانیتری مێژووی گشتی هەروەك مێژووی ئەدەبیات، کاروباری ئابوری یا مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ وەرچەرخانی گشتی کۆمەڵگاکان پەی پێنابردرێت. ڕەنگە رۆژنامە لەمیانەی بابەتەکانی توێژینەوەی مێژووییدا لەڕیزی ئەو گوتەزایانەدا بێت کە چڕترین پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ئاستی کلتوریی ئەو کۆمەڵگاو چەرخ و سەردەمەوە هەبێت کە تیایدا ڕەنگ دەدەنەوە. سنوری مەیدانی چاپەمەنی خولەکی سەبارەت بە بەرهەمەکانیتری چاپ کە بەرلە دەستپێکی نیوەی دووەمی سەدەی (١٥)ی زایینی هاتەئارا، وەك پەرتوك، برۆشور[1] و رۆژنامەی تاکلاپەڕە، بە ئالۆزو نادیار

---

[1]–برۆشور (brochure) بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاری کە لە شێوەی نامیلکەیەکدایە، زانیاری دەربارەی کاڵا یا مەسەلەیەکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت. (و–ك).

ناوی هێنراوە.

مێژوونووسانی چاپەمەنی بڕوایان وایە: نە چەمکی خولەکی بۆ بەرهەمەکانی چاپ و نە چەمکی یاریدەدەری چاپەمەنی بۆ میدیاکانی هەواڵ وەك ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و سینەما لە کۆتایی سەدەی (١٩)و دەستپێکی سەدەی (٢٠)ی زایینی، ڕێگەنادات کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سروشتی نێوان ناواخنی ڕۆژنامەوانی نوسراو و ناواخنی ئەدەبیاتی هەواڵ یا هەواڵگەیاندنی زارەکی و وێنەدار (کە بەشێوەی فیلمی لێکراوە) سنوربەندی بکرێت.

جۆراوجۆریی ئۆرگانەکانی چاپەمەنیش لە کێشە باس کراوەکانیترە لەبەرئەوەی کە لە دەستپێکی سەدەی (١٧)ی زایینی، چاپەمەنی خولەکی چینێکی بەرفراوانی لە بڵاوکراوەی خولەکی لەخۆدەگرت و لە سەدەی دواتردا، جۆرەکان و گوتەزاکانیان بەچەشنێك دایە زیادی کە فرەچەشنی و زۆرێتی ناونیشانەکانیان، زۆرینەی یەکێتی گروپەکانی لەخۆدەگرت. لەولای خەسڵەتە هاوبەشەکانی سەرجەم بڵاوکراوەکانەوە، ڕەسەنایەتی ناواخن و تایبەتمەندی پەیاموەرگرەکانی هەر ناونیشانێك، بە لەمپەرێك لەسەر ڕێی خوێندنەوەی گشتیانەی چاپەمەنی دەژمێردرا.

مێژوونوسانی چاپەمەنی لە باوکانی ڕۆژنامەکانەوە تا شاعیرانی شیعرە یۆنانیەکان و گۆرانیبێژانی سەدەکانی ناوەڕاست و شاعیران و موزیکزانانی ئەفریقایی، دەزانن کە





تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەی کە چاپیان نەدەناسی بەجۆرە بەدواداگەڕانێکی گشتی بزوێندراون. لەم نێوانەدا ئەرکی بەرقەرارکردنی پەیوەندی (کۆمیونیکەیشن)و زۆربەی گەیاندنی هەواڵەکانیان لە چوارچێوە جێمەبەستەکاندا لە ئەستۆدا بوو، لەبەرئەوەی تۆمارکردنی ڕووداوە مەزنەکان یا وەسفکردنی دنیا نەناسراوەکانیان دەگێڕایەوە.

لە هۆمیرۆسەوە بگرە تا ڕووداونوسانی سەدەکانی ناوەڕاست و لە هیرۆدۆتەوە بگرە تا مارکۆ پۆلۆ، بوونەتەمایەی خوڵقاندنی کۆمەڵەبەرهەمێك کە لەگەڵ گۆڕانە ناچارییەکاندا بە ڕاپۆرتەکانی ئەمڕۆی ئێمەوە بەستراونەتەوە.

وڵاتە مەزن و بچوکە دێرینەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئیدارییەکانی خۆیان، تۆڕەکانی کۆکردنەوەو پەخشکردنی زانیاریان دروست کردبوو و پەیامگەیەنەران دەیانتوانی بە شێوەی زارەکی یا نوسراو هەواڵەکانیان دوای ماوەیەك لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە وەك جارچییەکانیان لەگەڵ بەیاننامەیەکی نوسراو یان دیواریی، بۆ ئاگاداربوون بخەنەبەردەم دانیشتوانێکی کەم تا زۆری بەرفراوانەوە.

ئەگەرچی دۆزینەوەکانی باوکانی ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەوانانی چەرخی ئێستا لە تەواوی کۆمەڵگا ئۆرگانیزەکراوەکان و لە هەموو شارستانییەتەکاندا ئاسان و شیاوی بەدیهاتنە، وەك ئەو چەشنە هەواڵنامەیەی کە لە ڕۆمای کۆن بەناوی (Acta Publica) دەربارەی

ئەنجومەنی سەنا بڵاودەکرایەوەو لەتەك ئەودا هەواڵنامەی ڕاستەقینە (Acta Diurna) هەبوو کە ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆما بوو و لەلایەن کارگە تایبەتەکانەوە فرە دەکران و لەناو چینە دەوڵەمەندەکاندا دابەش دەکرا. ئەم هەواڵنامەیە لەرێگەی کەسانێکەوە دەنوسرا کە دەتوانرێ ئەوانە بە هەواڵنێرە ڕاستەقینەکان بژمێردرێن. بەمجۆرە باسکردنی ڕابردووە زۆر دوورەکان و هاوشێوە زۆر نادیارەکانیان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی لەدایکبوونی چاپەمەنی خولەکی نەشیاو دەبێت.

لە دەستپێکی سەدەی (١٥)ی زایینی، لەدەرەنجامی زنجیرە فاکتەرێکی سیاسی، ئابوری و فکریی، تینوێتی بەدەستهێنانی هەواڵەکان لە خۆرئاوا بەچەشنێکی دیار زیادی کرد. ڕێنسانس (ژیانەوە) و ڕیفۆرم (چاکسازی کۆمەڵایەتی) بەدواداگەڕانی بەدەستهێنانی هەواڵەکانی پتر کرد. دۆزینەوە مەزنەکان، کلاوڕۆژنەی هزری ئەوروپییەکانی بەرفراوان کرد. پێشڤەچوونی ئاڵوگۆڕە بازرگانی و بانکییەکان بووەمایەی ئەوەی کە هاوتەریب لەگەڵ ئەودا، ئاڵوگۆڕەکانی هەواڵیش گەشە بکات. دەوڵەتە نوێیەکان بۆ کاروبارە هەنوکەییەکانی خۆیان پێویستیان بە دروستکردنی تۆڕی نوێی گواستنەوەی هەواڵ هەبوو.

فاکتەرەکانیتری وەك دروستکردنی ناوەندە پۆستەییە نوێیەکان[2] و بەنزیکەیی هاوکات لەگەڵ لەدایکبوونی پیشەسازی

---

[2]–یەکەمین خزمەتگوزاری پۆستی دەوڵەتی لە فەرەنسا لەسەردەمی حکومەتی لویسی یانزدەهەم لە ساڵی (١٤٦٤)و لە بەریتانیا لە سەردەمی





چاپ[3] (کە بەرفرەکردنی نوسراوەهەواڵییەکانی مەیسەر کرد) لە مەیدانەکانی زانیاریگەیاندندا هاتەئارا.

لە کۆتایی سەدەی پانزدەهەم چاپکەرەکان، کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکیان لەشێوەی نامیلکەی بچوکی چوار، هەشت یا شانزدە لاپەڕەیی بڵاودەکردەوە کە هەندێکجار بەهۆی کلێشە دارینەکانەوە بە وێنە ڕازێندرابوونەوە. ئەم لاپەڕە هەواڵییانە لە ڕووداوە گرنگەکانی وەك جەنگ، پرسە، ناشتنی تەرمی پادشایان و شازادەکان، جەژنەکان و...هتد بڵاودەکرانەوە یا دەقی هەندێ لە جاڕنامەکانیان بەرفرە دەکرد.

پاشان، چەشنێکی نوێی ڕۆژنامەی تاکلاپەڕەیی کە بە (کەناردەکان Canards) ناودەبران، بڵاودەکرانەوە تائەمەی کە یەکەمین بڵاوکراوەی خولەکی بەناوی (ئەڵماناکس) لە شاری (ماینتس)ی ئەڵمانیا لە ساڵی (١٤٤٨)ی زایینی لەدایك بوو. هەروەها لە ئەڵمانیا یەکەمین کرۆنۆلۆژیای ئۆرگانیزەکراو بەناوی

---

حکومەتی ئیدواردی چوارەم لە ساڵی (١٤٧٨ز) و لە ئیمپراتۆرییەتی نەمسا لە سەردەمی حکومەتی ماکسی میلیین لەساڵی (١٥٠٢ز)دا سەقامگیر کرا. (نوسەر)

[3]–گۆتەنبەرگ لەگەڵ دەستپێکی پیشەسازی چاپی سربی لە ساڵی (١٤٣٨ز) لە شاری شتراتسبۆرگ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٥) بەشێوەی تاڕادەیەك خێرا بڵاوبۆوە، بەرهەمهێنانەوەی خێرای نوسراوە هەواڵییەکانی فەراهەم کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، چاپەمەنی چاپکراو دوای سەدەو نیوێك، واتا دوای داهێنانی پیشەسازی چاپی پێشکەوتووتر، لەدایك بوو. (نوسەر).

(میسری لاشنین Messre Iationen)[4] لە ساڵی (٥٨٨) بڵاوکرایەوە کە ڕووداوە گرنگەکانی ساڵانە یا شەش مانگی سەرلەنوێ چاپ دەکردەوە.

## *گازێتەکان

ڕەوتی وەرچەرخانی چاپەمەنی گەیشتە بڵاوکردنەوەی گازێتەکان. لە شوباتی (١٥٩٧)ی زایینی، (سامۆیل دیلباوم) لە شاری (ئاوگسبۆرگ) بڵاوکراوەیەکی مانگانەی (بەشێوەی ناوبەناو) بڵاوکردەوەو ئەمە بووە بنەمای بڵاوکردنەوەی گازێتەکان. گازێتەکانیتر کە دوای ئەمە فۆرمەڵە بوون، بەم چەشنە بوو:

-ئەبراهام ۆرهۆۆ لە (١٧ی ئایاری ١٦٠٥ تا ١٦٠٧) بڵاوکراوەی (نیوتیجینگن)ی هەر (١٥) ڕۆژ جارێك بڵاوکردەوە.

-لەساڵی (١٦٠٩) دوو بڵاوکراوەی هەفتانە یەکێکیان لە شاری (ستراسبۆرگ)و ئەویتریان لە (وڵفن بوت) بڵاوکرایەوە.

- ساڵی (١٦١٠) لە بال، ساڵی (١٦١٥) لە فرانکفۆرت، ساڵی (١٦١٧) لە بەرلین"

---

4- (messre lationen) کۆمەڵێك نامیلکەی خولەکی بوون کە لەبارەی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ئەوسەردەمەوە بڵاودەکرانەوە، بەسەرەتای دروستبوونی گۆڤاری ئەم سەردەمە دادەنرێت نەك سەرەتای دروستبوونی ڕۆژنامە، چونکە یەکەمین ڕۆژنامە بە تێگەیشتنی ئەمڕۆمان، لەساڵی (١٦٠٥) لە شتراسبۆرگ لەچاپ درا. (و-ك).





-ساڵی (١٦١٨) لە هامبۆرگ، ساڵی (١٦١٨) لە شتوتگارت، ساڵی (١٦١٩) لە پراگ"

-ساڵی (١٦٢٠) لە کۆڵن، ساڵی (١٦٢٠) لە ئەمستردام، و کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکیش بەهەمان ڕێگاو بەشێوەی خولەکی بڵاودەکرانەوە.

لە درێژەی بڵاوبوونەوەی گازێتەکان، یەکەمین هەواڵنامە لە ساڵی (١٦٢٢) لە لەندەن خرایەڕوو و بەهەمانشێوە هەواڵە هەفتانەییەکانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، هەنگاریا، بۆهەمو پالاتینات و کۆمەڵە بڵاوکراوەیەك لە فەرەنساو وڵاتانی بەلجیکا، هۆڵەنداو لۆکسامبۆرگ بڵاوکرایەوە. بڵاوکراوەی (گازێتە) لە شاری مەدریدی ئیسپانیا لە ساڵی (١٦٦١) بڵاوکرایەوە.

لە شاری فلۆرەنسا لە ساڵی (١٦٣٦)و لە شاری ڕۆما لە ساڵی (١٦٤٠) یەکەمین گۆڤاری خولەکی فۆرمەڵە بوو، ڕووسیاش لە ساڵی (١٧٠٣) لە شاری (سان پترس بۆرگ) بووە خاوەنی یەکەمین ڕۆژنامە. لە فەرەنسا یەکەمین بڵاوکراوەی هەفتانە لە پاریس لە کانونی دووەمی ساڵی (١٦٣١) بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارە لە چوارلاپەڕەو بە ڕووبەری (١٥× ٢٣سم) و بە تیراژی (٣٠٠ تا ٨٠٠) دانە چاپ دەکراو تەنها هەواڵەکان و بەتایبەت هەواڵەکانی دەرەوەی بڵاودەکردەوە.

پێشڤەچوون و فرەچەشنی چاپەمەنی لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمی زایینی ئەگەرچی سست و لەژێرکاریگەری سنورداریێتییە سیاسییەکان و سانسۆردا سەرەتا گەشەیەکی

پێبەپێی هەبوو، بەڵام بەهەرحاڵ هەر لەو ساڵانەدا هاتەئارا. بڵاوکراوەکان سەرەتا بە "تایبەتمەندبوون" و هەروەها بەهۆی کاریگەری ململانێوە، زیادیان کردو سەرەنجام سەرەڕای بوونی سانسۆر، بۆ هێزێکی سیاسی گۆڕان.

بڵاوکراوە کاریگەرەکان لەماوەی ئەم سەردەمەدا لە بەریتانیا — کە لەلایەن (بۆرك)ی سیاسەتمەدارو فەیلەسوفی ئینگلیزەوە بە (کۆڵەکەی چوارەم) ناودێر کران– فرەیی ژمارەکانیانی زیاتر کرد. یەکەمین ڕۆژنامەی گەورە کە سەرکەوتووبوو لە درێژەدان بە کارەکەی خۆی، (لەندەن گازێتە) بوو کە لە ساڵی (١٦٦٥) لە (ئۆکسفۆرد) بڵاوکرایەوە. (دەیلی کوارنت) لە ساڵی (١٧٠٢) لەدایك بوو — کە بە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕاستەقینەی جیهان هەژمار دەکرێت– و تا ساڵی (١٧٣٥) بڵاوبوونەوەکەی درێژەی کێشا.

(دەیلی ئەدڤەرتایزەر) لە لاپەڕەیەکدا چاپ دەکرا کە لە ساڵی (١٧٣٠) بە شێوەی ڕۆژنامەی (ئاگادارییەکان) هاتەئارا بەڵام بەخێرایی گۆڕا بۆ مەزنترین ڕۆژنامەی لەندەن. (جەنتڵمان مەگەزین) گۆڤارێکی مانگانە بوو لە (٤٢) لاپەڕەدا بە ناوەرۆکێکی فرەچەشنی ئەدەبی و سیاسییەوە لە ساڵی (١٧٣١)ەوە بۆدواتر بڵاوکرایەوە. هەرچەندە بڵاوکراوەیتری کەم بایەخیش هاتنە مەیدانی تایبەتمەندێتییەوەو لەم سەردەمەدا خۆیان خستەڕوو. ڕۆژنامەی (باتلەر) بەشێوەی تەنزنوسی لە ساڵی (١٧٠٩ تا ١٧١١) بڵاودەکرایەوە. ڕۆژنامەی (سپیکنێتەر– بینەر) هەمان ئەو شێوازەی هەڵبژاردو تا ساڵی (١٧١٢) درێژەی بەکاری خۆی دا.





ڕۆژنامەی برایتۆنی باکور، بەشێوە و داخوازە ڕەخنەئامێزەکانی ناوی دەرکرد و تا ساڵی (١٧٦٢) بڵاودەکرایەوە. ڕۆژنامەی (دەیلی پۆست) یەکەمین پاشکۆی لە جیهاندا لە ساڵی (١٧١٩)دا بڵاودەکردەوە. داستانی (ڕۆبینسۆن کرۆزۆ) یەکەمین ڕۆمانی پاشکۆداری جیهان بوو کە لە بڵاوکراوەیەکدا چاپ دەکرا.

لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەژێر کاریگەری بڵاوکراوە ئەوروپییەکاندا، یەکەمین ڕۆژنامەی بەناوی (پەبلێك کوارنس) لە ساڵی (١٦٩٠) لە شاری بۆستن بڵاوبۆوە. دووەمین ڕۆژنامە ناوی (بۆستن نیوزلەیتەر) بوو کە لە ساڵی (١٧٠٤) بڵاوکرایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا یەکەمین ڕۆژنامە بە مانا ڕاستەقینەکەی وشەکە لە ساڵی (١٧٢٨) بەناوی (پەنسیلڤانیا گازێتە) لەلایەن (بنجامین فرانکلین) لە (فلادلفیا) هاتەئارا.

دوای ئەوە ڕۆژنامەیتر بەناوی (بۆستن گازێتە) و (پەنسیلڤانیا مەگەزین) فۆرمەڵە بوون و پاشان ڕۆژنامەکانی (پەنسیلڤانیا پاکت) و (ئەمریکان دەیلی دۆرتایزەر) بەشێوەی ڕۆژانە بڵاودەبوونەوە. لە ساڵی (١٧٧٥) لە ئەمریکا (٣٤) ناونیشان و لە ساڵی (١٧٨٢) لە هەمان وڵاتدا (٤٣) ناونیشانی بڵاوکراوە، بڵاودەکرانەوە.

ڕەوتی فۆرمەڵەبوونی بڵاوکراوەکان لە ئەوروپاو ئەمریکا لە جاڕنامەکانەوە تا گازێتەکان بەشێوەیەکی باو بڵاوکراوەی خولەکی بوون کە بەتایبەتی لە هەرای گازێتەکاندا، ئەم بڵاوکراوانە لە مانگانەوە پاشان بۆ هەفتانەو بەشێوەی دوو تا سێ جار لە هەفتەیەکدا بڵاودەکرانەوەو دواتر بوونە شێوەی ڕۆژانە.

بەهەمانشێوەی کە هەلومەرجی سیاسی و حکومی کاریگەریان لەسەر بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکان هەبوو، بڵاوکراوەکانیش کاریگەریان لەسەر حکومەتەکان و هەلومەرجی سیاسی هەبوو و کاریگەرییەکانی خۆیان لەسەر گەشەی ڕایگشتی و هۆشیاریی کۆمەڵگا جێدەهێشت.

پیشەسازیبوون و دیموکراتیزەبوونی چاپەمەنی لە دەستپێکی سەدەی (١٩)ی زایینی بەهۆی وەرچەرخانی گشتیانەی جیهانی خۆرئاوا، فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، فاکتەرە ئابوورییەکان، فاکتەرە تەکنیکییەکان (وەك وەرچەرخان لە ڕێبازەکانی پیشەسازی چاپ، کاغەزو مەرەکەب)، هەڵگرتن و گواستنەوەو دابەشکردنی چاپەمەنی و وەرچەرخان لە ڕێبازەکانی زانیاری، گەشەی بڵاوکراوەکان و ئاستەکانیشی گۆڕی.

لەدایکبوونی ئاژانسەکانیش ناکرێ لە ڕووی خێراکردنی ناردنی هەواڵەوە لەبەرچاو نەگیرێت، هەروەکچۆن کە بەرزبوونەوەی تیراژی بڵاوکراوەکان، داهاتی بڵاوکراوەکانیشی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامە پڕوپاگەندەییەکانەوە بەرز کردەوە.

لەهەمان سەردەمدا، لەتەك بڵاوکراوە بچوکە پڕ لە کورتەهەواڵەکان و کاریکاتۆردا، کۆمەڵە گۆڤارێکیش لە ئاستێکی بەرزدا بەشێوەی مانگنامەو دووهەفتەجارێك بەشێوەیەکی متمانەپێکراو جێی گوێپێدان بوو کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم (١٩١٤)، ژمارەو گرنگییەکەی لەبەرچاوان بوو. لەڕیزیاندا





گۆڤاری (ئەیلۆستراسیۆن) بوو کە لە ساڵی (١٨٤٣) دەستی بە بڵاوکردنەوە کردبوو و بۆ ماوەی یەك سەدە بە گۆڤاری وێنەداری سەرنجڕاکێشی فەرەنسییەکان هەژمار دەکرا.

چاپەمەنی تایبەتمەند لە جیهانیشدا هاوکات لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیا (پیتچنین و چاپ)دا فۆرمەڵە بوو، هەرچەندە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا کە بڵاوکراوە وێنەدارەکان، کاریکاتێرە تەنزئامێزەکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی پاشکۆدار لە بڵاوکراوەکانی پێشوودا هەبوون، بەڵام فۆرمەڵەبوونی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان بەلەبەرچاوگرتنی وەرگرەکان و مەسەلەی تایبەتمەندێتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی و دەستپێکی سەدەی بیستەمدا بوو کە ڕۆژنامەکان ببوونە بەرهەمگەلێکی بەکاربراو و بەربڵاو.

کاریگەرییەکانی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆژیای چاپەمەنی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و هەروەها فرەچەشنییەکی زۆروزەوەندانەی جۆرەها بڵاوکراوەی ڕۆژانەدا، بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی لە مەیدانی وەرزشی، ئابوری (دارایی)، ئەدەبی و.. لە تەك چاپەمەنیە خولەکییەکان، گۆڤارە جۆراوجۆرەکان، گۆڤارە هزرییەکان و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە ژنان کە لاپەڕەی منداڵانیشی لەخۆگرتبوو" فۆرمەڵە کرد.

لەهەمانکاتدا فەرەنسا بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی ڕۆژانەی وەرزشی (لە ١٨٩١تا ١٩٠٠) بووە سەرقافڵەی وڵاتانیترو بڵاوکراوەی کۆمۆدیا (١٩٠٧) کە ئەویش ڕۆژانە بڵاودەکرایەوە

تەنها تایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی وتارە ئەدەبی و شانۆییەکان. ڕۆژنامەیەکی (ڕۆژانە)ش بەناوی (ئەکسلسوار) لە ساڵی (١٩١٠) لەدایك بوو کە تەنها وێنەیی بوو.

لەدەستپێکی سەدەی بیستەمی زایینی تا نزیکەی دەیەی چوارەمی هەمان سەدە، گۆڕانێکی ناواخنیانەی چاپەمەنی (ڕۆژنامەکان)، کلاورۆژنەیەکی نوێی خستەبەردەم چاپەمەنی تایبەتمەند.

مانگنامەی (ریدرزدایجست) کە لە ساڵی (١٩١٣) لەلایەن (دوایت ڤالاس)ەوە بڵاوکرایەوە، سەرکەوتنێکی زۆری بەدەستهێنا. جۆرەها گۆڤاری هەواڵ هێندە بوونەخاوەنی نوێگەریی کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەسەرتاسەری خۆرئاوادا ناوبانگیان پەیدا کرد. گۆڤاری هەفتانەی (تایم) کە لە ساڵی (١٩٢٣) بڵاوکرایەوە، یەکەمینیان بوو و پاشان گۆڤارەکانی وەك (نیوزویك) و (یونایتدستیت نیوز) لەسەر میتۆدی (تایم) ڕۆیشتن. مانگنامەی ئابوری (فۆرچۆن)یش لە ساڵی (١٩٣٦)دا بەسودوەرگرتن لە مۆدیلی (تایم) بڵاوکرایەوە. گۆڤارەکانی (لایف، لۆك و نیویۆرکەر)یش لەهەمان ئەو ساڵانەدا فۆرمەڵە بوون. لەو بڵاوکراوانەیتر کە دەتوانرێ بخرێنە ڕیزی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانەوە بریتین لە:

*دەیلی هیراڵد، ئۆرگانی پارتی کرێکاران (بەریتانیا)

*لاکروا، ئۆرگانی کاسۆلیکەکان (فەرەنسا)

*لوب، ئۆرگانی دیموکراتی مەسیحی (فەرەنسا)





*لۆڤەر، ئۆرگانی ڕادیکاڵیزم، (فەرەنسا)

*لارپەبلیکا، حیزبی ڕادیکاڵ (فەرەنسا)

*هیومانیتە، حیزبی سۆسشیالیست، فەرەنسا (لە ساڵی (١٩٢٠) ئەم بڵاوکراوەیە چووە ژێردەستی پارتی کۆمۆنیستەوە).

*ماری کلێر، گۆڤاری خانمان (فەرەنسا)

*دی ڕۆتە ڤانە، ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیست (ئەڵمانیا)

*پراڤدا، ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیست (یەکێتی سۆڤییەت)

*لۆك، وێنەدار (ئەمریکایی)

*لایف، وێنەدار (ئەمریکا)

*مەك کالز، خانمان (ئەمریکا)

*لێدیس هۆم جۆرناڵ، خانمان (ئەمریکا)

لەهەمان مەیداندا، بڵاوکراوەکانی (کۆچبەران)[5] و بڵاوکراوە لۆکاڵییەکان و بڵاوکراوە ژێرزەمینییەکانیش[6] هەبوون و هەن کە بەلەبەرچاوگرتنی مەیدان و ناواخنی سیاسی، حیزبی و...هتد ئەو بڵاوکراوانە دەتوانرێ لە ڕیزی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا ناویان ببردرێت.

بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوتی پەیدابوونی چاپەمەنی و لەتەك ئەویشدا چاپەمەنی تایبەتمەند، ڕەنگە هێشتا نەتوانرێ

[5]–ئەو بڵاوکراوانە بوون کە لەجەنگی دووەمی جیهانی و لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە لە ناوچە داگیرنەکراوەکاندا بڵاودەکرانەوە. (نوسەر)

[6]–بڵاوکراوە نهێنییەکانە و بەشێوەیەکی سەرەکی سیاسییە. (نوسەر)

مێژوویەکی ورد بۆ فۆرمەڵەبوونی چاپەمەنی تایبەتمەند بخرێتەڕوو.

بازنەی تایبەتمەندێتی بڵاوکراوەکان بەو فاکتەرانەوە وابەستە کە لە لاپەڕەکانی دواتردا باس دەکرێت. ژێدەرە جۆراوجۆرەکان و توێژینەوە ئەنجام دراوەکان بۆ ڕۆشنکردنەوەی پەیدابوونی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان، هەندێکجار ئاماژە بۆ گۆڕانکارییەکی کەم لە بنەمای لەدایکبوونی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا دەکەن. یەکێك لەم توێژینەوانە (گوتارێ دەربارەی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند)بوو باس لەم خاڵە دەکات کە بەدروستی ڕوون نییە چاپەمەنی تایبەتمەند لە چ کاتێك و چۆن هاتوونەتەئارا، بەڵام پەیدابوونی یەکەمین ڕۆژنامەی جیهان دەدەنە پاڵ بەریتانیا.

لەم توێژینەوەیەی مێژووی چاپەمەنیدا، لە مەیدانی بڵاوکراوەکانی ژناندا، ناوی ڕۆژنامەی (لیدیز مێرکۆری)ی چاپی بەریتانیا کە لە مانگی شوباتی (١٦١٣)ی زایینی بڵاوکرایەوە وەك یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەت بە خانمان تۆمار کراوە. یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی فەرەنسیش ڕۆژنامەیەك بوو بە ناوی (پەیکی تازە- کور دو لانوو)، بەڵام یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی فەرەنسی کە دانەیەکی لەبەردەستدا هەیە ڕۆژنامەیەك بوو بەناوی (Le Journal desolavmes) کە لەماوەی ساڵانی (١٧٥٩-١٧٧٨) بڵاودەکرایەوە. لە وڵاتانیتری مەزنی ئەوروپا وەك ئەڵمانیاو نەمساو ئیتاڵیاش پەیدابوونی بڵاوکراوەی ژنانە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم واتا لە ساڵی (١٧٥٠)ەوە بەملاوە





هاتنەئارا.

پەیدابوونی یەکەمین ڕۆژنامەی وەرزشی جیهانیش لە بەریتانیا بووە. ئەم ڕۆژنامەیە بەناوی (Bells Life) لە ساڵی (١٨٣٨) بنیات نراو لەڕاستیدا بە یەکەمین ڕۆژنامەی وەرزشی چاپکراوی دنیا هەژمار دەکرێت. کۆنترین ڕۆژنامە، بڵاوکراوە گاڵتەوگەپ و تەنزئامێزەکان بوون کە لەدایکبوونیان لە دەستپێکی سەدەی (١٨)دا بووە.

لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، زەرورەتی بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی تایبەتمەند بەلەبەرچاوگرتنی ئەو وەرگرانەی کە هەموو ساڵێك ژمارەیان زیادی دەکرد، بەرجەستەتر بوو. لە گروپی بڵاوکراوە وێنەدارەکان کە پشتیان بە وێنە مەزنەکانی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان دەبەست، گۆڤارەکانی (لایڤ) و (پاری ماچ) لە دەیەی (١٩٥٠ تا ١٩٦٠) ڕەونەقێکی زۆریان هەبوو. هەروەها لە گروپی بڵاوکراوە زانیارییە گشتییەکاندا وەك (تایم)، (ئێکسپریس)، (دی زایتی)ی ئەڵمانیا وەرگرێکی بەرفراوانیان بەدەستهێنا. بڵاوکراوەکانی وەك (کانار ئەنشنە) و (مینۆت) لە فەرەنسا، (نیویۆرکەر) لە ئەمریکا، (کرۆکۆدیل) لە سۆڤییەت و (پانچ) لە بەریتانیا لەڕیزی ئەو بڵاوکراوە تەنزئامێزو گاڵتەوگەپانەدا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی خۆیان کرد. ناسراوترین گۆڤاری بڵاوکراوە سەرگەرمکەرەکان (ریدرزدایجست)ە کە لە ساڵی (١٩٢٢) بڵاوکرایەوەو لەڕیزی ئەو بڵاوکراوانەدایە کە تاهەنوکە بە سەرکەوتووانە بەردەوام بڵاودەبێتەوە.

## کورتەمێژووی چاپەمەنی تایبەتمەند لە ئێران

پەیدابوونی رۆژنامە لە ئێرانیشدا (هەروەك گشت جیهان) لە سەردەمە زۆر دوورو نزیکەکاندا داویانەتەپاڵ بەردەنوسەکان، جارچییەکانو قاسیدە تیژڕەوەکان، ڕاگەیاندنامەکان، ئاگادارکردنەوەکان، فەتحنامەکان، جاڕنامەکان، ڕووداوە گرنگەکان، رۆژژمێری رۆژانەو هاوشێوەکانیان کە بۆ ئاگادارکردنەوەی گشتی لە مزگەوتەکانو شوێنە گشتییەکان لەسەر دیوارەکاندا هەڵدەواسران.

لەدایکبوونی بڵاوکراوە فارسیزمانەکانیش بەرلەوەی کە لە ئێران بڵاوببێتەوە، لە وڵاتانیتر فۆرمەڵە بوو. بڵاوکراوە فارسیزمانەکان بەرلە ئێران، لە وڵاتانی هیندستان، تورکیا، میسر، عێراق، قەفقاز، تورکستانو ئەفغانستان بڵاودەکرایەوە. خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید محەمەدی تەباتەبایی (مێژووی شرۆڤەکاریی چاپەمەنی ئێران) دەربارەی یەکەمین بڵاوکراوەی فارسیزمانی چاپی هیندستان دەنوسێت: "...لەبەرئەوەی هێشتا خەمڵاندنێکی تەواوەتیانە بۆ رۆژنامە فارسییەکانی چاپی هیندستانو لە سەردەمی حکومەتی کۆمپانیای خۆرهەڵات نەکراوە، لە ماوەی سەردەمی (١٧٨٠) کە یەکەمین نمونەی چاپەمەنی هیندستان بە زمانی ئینگلیزی لە بەنگال بڵاوکرایەوە تا بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی (مرأت الاحوال)ی فارسی کە لە (١٨٢٠)





لەڕێگەی (راماموهان روی)ی ڕیفۆرمیستی مەزهەبی هیندستانو لە کەلەکتە بڵاوکرایەوە، پێدەچێ لە ئایندەدا بتوانرێ نمونەکانیتریش پەیدابکرێتو بدۆزرێتەوە"

رۆژنامەی (مرأت الاحوال) لە ساڵی (١٢٢٤ق) بڵاوکرایەوە کە نزیکەی (٣٠) ساڵ بەرلە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەی (میرزا ساڵح) بوو.

لە بڵاوکراوە فارسیزمانەکانیتر لە هیندستان، دەکرێ ناوی بڵاوکراوەی (معلم شفیق) کە سەروتارێکی فارسیزمانی هەبوو، رۆژنامەی (حبل المتین) لە (کەلەکتە) (١٣٠٩-١٢٧٢ق)، (مرأت الاخبار)، (سیدالاخبار)، (کوکب ناصری)، (مفرح القلوب)، (اخبار ایرانی)، (روزنامە هندوستانی)، (جام جهان نما) و...هتد بهێنرێت. لە میسریش بڵاوکراوەکانی (حیکمت)، (ثریا)، (پرورش)، (چهرەنما)و لە تورکیا بڵاوکراوەی (اختر) بە زمانی فارسی بڵاودەکرانەوە.

بەهەرحاڵ یەکەمین رۆژنامە کە بە زمانی فارسی لە ئێران بڵاوکرایەوە، رۆژنامەیەکە کە لە نزیکەی ساڵی (١٢٥٣ق-١٢١٥ش) بە سەرپەرشتی (میرزا ساڵح شیرازی) کلاورۆژنەکەی بڵاوکرایەوە. (تاریخ جراید و مجلات ایران)

خاڵێکی ڕوون لە کورتەمێژووی چاپەمەنی تایبەتمەند لە ئێراندا، ئەمەیە کە مەودای بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە خولەکییەکانو رۆژانەییەکان لەگەڵ بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا هێندە زۆر نییە. هەروەکچۆن لە (١٧ی زیحوججەی١٢٨٧ق) یەکەمین ژمارەی

بڵاوکراوەی یاسایی، دادوەریی و هەواڵی بەناوی رۆژنامەی (وقایع عدلیە) بەهیمەتی (میرزا حسێن خان موشیرولدەولە قەزوینی)ی (سوپاسالار)ەوە بڵاوکرایەوە (راهنمای مطبوعات ایران). لە ساڵی (١٢٩٣ق)یش سێ بڵاوکراوەی نوێ لە تاران بڵاوکرایەوە کە بریتی بوون لە (لاپاتری، رۆژنامەی نظامی علمیەو ادبیە، رۆژنامەی علمی.)

مۆڵەتی بڵاوکراوەی (لاپاتری) بە (بارون دۆنۆرمن)ی بەلجیکی سپێردرا...هتد بڵاوکراوەیەکیتر، رۆژنامەی (نظامی علمیەو ادبیە) بوو کە بە هەوڵی (حەسەن سوپاسالار)و (عەباس موهەندیس) بڵاوکرایەوە کە گوایا لەم بڵاوکراوە زانستی، ئەدەبی و هەواڵییە (١٩) ژمارەی لێ چاپ کراوە. سێیەمین رۆژنامە، بڵاوکراوەیەکی دووهەفتەیی بەڵام نائۆرگانیزەکراوە بەناوی رۆژنامەی (علمی) کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی چاپەمەنی لەژێرچاودێری (محەمەد حەسەن سەنیعولدەولە) لە (٢٢ ذیحجە ١٢٩٣ق) بڵاوکرایەوە (هەمان سەرچاوە.)

هەروەها ئوستاد (موحیت تەباتەبایی) ناوی رۆژنامەی (علمیە دولت علیە ایران)ی هێناوە کە لە ساڵی (١٢٨٠ تا ١٢٨٧ق) (٥٣) ژمارەی بە درێژایی ماوەی (٧) حەوت ساڵ بڵاوبۆتەوە، بەڵام باسی ناواخنەکەی نەکردووە. لەگەڵ ئەمەشدا لە شرۆڤەکردنی رووپەڕی لاپەڕە یەکەمی کە "وێنەیەکی بەرەی باکوری بینای دارلفنونی پێشووی بە کاتژمێرە تایبەتییەکەیەوە نەخشاندووە" واپێدەچێ کە ناوەرۆکەکەشی زانستی و تایبەتمەند بووە.





هەندێ لەو بڵاوکراوانەی دوای سەرهەڵدانی مەشروتە لەدایک بوون یا گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەو ناوەرۆکەکەی دەتوانرێ تاڕادەیەك لە زومرەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا هەژمار بکرێن:

*رۆژنامەی (مجلس) ژمارەی یەکەمی لە (شەوالی ١٣٢٤ی قەمەری).

*رۆژنامەی (المعارف) کە مێژووی بڵاوبوونەوەکەی (شەوالی ١٣٢٤ی قەمەری) بوو، لەژێرچاودێری وەزارەتی زانستی و رۆشنبیریی بڵاوبۆوەو باسی لە هەواڵەکانی ئەنجومەنی زانستی و خوێندنگاکان و هاوشێوەکانیان دەکرد.

*رۆژنامەی (مجلس ملی تبریز) کە یەك مانگ دوای بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی (مجلس) لە تاران بڵاودەبۆوەو دواتر ناوی بووە رۆژنامەی (مجلس).

*رۆژنامەکانی (اخوت) و (اسلامیە) لە ساڵی (١٣٢٤ی قەمەری).

*(تدین) بڵاوکراوەیەکی هەفتانە بوو کە لە (رەجەبی ١٢٥ی قەمەری تا جەمادی دووەمی ١٣٢٦ی قەمەری) بەهەمووی (٤٨) ژمارەی بڵاوبۆوەو بڵاوکراوەیەکی ئایینی بوو.

*(کشکول) رۆژنامەیەکی وێنەدار بوو کە لە (٦-١٣٢٥ی قەمەری) وەك پاشکۆی رۆژنامەی (ندای وطن) بە چاپ دەگەیەندرا، وێنە سەرەکییەکانی (کشکول) کاریکاتێر (کارتۆن) بوو.

*بڵاوکراوەی (محاکمات) کە (هەشتی جەمادی یەکەمی ١٣٢٥ی قەمەری) بڵاوبۆوەو دادگاییەکانی دادوەرانی وەزارەتی دادو ئەوقاف و بازرگانی و دەرەوەی دەگوێزایەوەو چاپی دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵە بابەتێکی زۆری سەبارەت بە پرۆسەی ڕووداوەکانی تەزویرو کوشتن کە لەلایەن لایەنگرانی تۆتالیتارییەتەوە ئەنجام دەدرا، تیایدا بەچاپ دەگەیەندرا کە دەکرێ ئەم بڵاوکراوەیە وەك یەکەمین بڵاوکراوەی (ڕووداوەکان) ناو ببردرێت.

*(تجدد) لە (١٣٣٥تا ١٣٣٨ی قەمەری) بڵاودەکرایەوەو بڵاوکراوەیەکی ئایدۆلۆژی و حیزبی بوو کە لە تەورێز بڵاودەبۆوە.

*(شفق) لە (١٣٢٨ تا ١٣٢٩ی قەمەری) لە تەورێز بڵاودەبۆوەو بڵاوکراوەیەکی حیزبی بوو.

*گۆڤاری (أزادیستان) کە هەر مانگەی دووجار بڵاودەبۆوەو بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی بوو.

## *ڕۆژنامەکانی ژنان

لەناو بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی ئەو ڕۆژگارانەدا، بڵاوکراوەکانی ژنانیش جێگەی خۆیان کردبۆوە. بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە خانمان لەو ساڵانەدا دەکرێ بوترێ بۆ کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی ئێران بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو، هەندێکجاریش پێشڕەو و تازەو نوێگەرانە بووە چونکە خانمان ئەم بڵاوکراوانەیان دامەزراندووەو بەڕێوەیان دەبردن.





١-یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەتمەندی ژنان، بڵاوکراوەی هەفتانەی (دانش) بوو کە لە (دەیەمی ڕەمەزانی ١٣٢٨ تا ٢٧ی ڕەجەبی ١٣٢٩ ی قەمەری) لە (٣٠) ژمارەی کاغەزی نیو لاپەڕەیی و هەر ژمارەیەکی لە هەشت لاپەڕەدا بە سەرپەرشتی و خاوەن ئیمتیازی خاتوو د. کەحال (کچی یەعقوب جەدیدولئیسلامی هەمەدانی) بڵاوکرایەوە.

(دانش) یەکەمین ڕۆژنامەی فارسیزمانە کە تایبەت بوو بە خانمان. میتۆدی ڕۆژنامەکە، پەروەردەکردنی ژنان و کچان و پاکژکردنەوەی ڕەوشتیان بوو و لە دەستپێکیدا نوسرابوو کە "ڕۆژنامەیەکی ڕەوشتی، منداڵداری و ماڵدارییە). ئەو بابەتانەی کە لە (٣٠) ژمارەی (دانش)دا بڵاوبۆوە لە میتۆدی دیاریکراوی ڕۆژنامەکە نەچووبووە دەرەوە، بەڵکو بابەتگەلێکی وەك تەندروستی و سەلامەتی بۆ زیاد کرابوو.

٢-بڵاوکراوەی (شکوفە) دوای ڕاوەستانی ناچارییانەی ڕۆژنامەی (دانش) -کە داهاتەکەی پێداویستییەکانی پڕ نەدەکردەوە – خاتوو (مەزین ئەلسولتەنە)ی کچی (میرزا سەید ڕەزاخانی د. تەباتەبایی سیمنانی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری خوێندنگەی مەزینیە) لە (زیحوجەی ساڵی ١٣٣٠ی قەمەری) یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی وێنەداری (شکۆفە)ی لە چوارلاپەڕەدا بە خەتی نوسخ و بەچاپی بەردین بڵاوکردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم بڵاوکراوەیە هەر پانزدەڕۆژ جارێك بوو.

لەسەروو لاپەڕەی یەکەمەوە نوسرابوو:"ڕۆژنامەیەکی

ڕەوشتی، پاراستنی تەندروستی منداڵ، ماڵداری و منداڵدارییە. ڕێبازە ڕاستەوخۆکەی پەروەردەی کچان و پاکژکردنی ڕەوشتی ژنانە و سەربە خوێندنگای خانمانە. ئەو وتارانەی کە لەگەڵ ڕێبازی ڕۆژنامەکە تەبا بێت پەسەند دەکرێت."

لاپەڕەی چوارەمی (شکۆفە) وێنەدار بوو. لە ژمارەی یەکەمدا بە وێنەیەك، فاڵگرتنەوەو جام گرتنەوە بە خراپ ناودەبات. لە ژمارە (٥)ەوە خەتی ڕۆژنامەکە بۆتە نەستەعلیق و لە ساڵی دووەمەوە بە پیتی سربی بەچاپ گەیەندراوە، بەڵام لاپەڕە وێنەدارەکەی بەهەمانشێوەی پێشوو لەسەر بەرد چاپ کراوە. بڵاوبوونەوەی ئەم بڵاوکراوەیە بەهۆی ئەو دەرەنجامانەی لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەرچاوەی گرتبوو ناڕێك وپێك ببوو، هەروەکچۆن کە لە ژمارە (١١) لە (زیقەعدەی ١٣٣٤ی قەمەری)دا بەچاپ گەیەندرابوو.

٣-بڵاوکراوەی (زبان زنان)ی خاتوو (سەدیقە دەوڵەتئابادی)ی خوشکی (حاجی میرزاعەلی محەمەد دەوڵەتئابادی) لە ساڵی (١٣٣٧ی قەمەری) سێ ساڵ دوای ڕاوەستانی بڵاوکراوەی (شکۆفە) لە ئیسفەهان بڵاوی کردەوە. شێوازی بڵاوبوونەوەکەی هەرپانزدە ڕۆژ جارێك بوو. ئەم بڵاوکراوەیە لە میتۆدە بڕیارلەسەردراوەکەی خۆی کە باسوخواس بوو دەربارەی کاروباری پەیوەندیدار بە ژنان و کچان، وردە وردە چووە دەرەوەو باسی لە بابەتگەلێکیتر دەکرد کە سەرەنجام بووە بڵاوکراوەیەکی وروژێنەر. ئەم بڵاوکراوەیە بە مشتومڕی پێنوس لەگەڵ پیاواندا





دەدواو مەسەلەی ئازادی و تاکڕەویی پتر لە ژن و پیاو و مەسەلە تایبەتەکان بە ژن، دەکردە ئامانجی باسەکانی.

ساڵی دووەمی بڵاوکراوەی (زبان زنان) بەهاتنەئارای کودەتای (ئوسفەندی ١٢٩٩ش) بووەمایەی ڕاوەستانی بڵاوکراوەکە لە ئەسفەهان و پاشان هەمان بڵاوکراوە لە ساڵی (١٣٠٠ش) بۆ تاران گوێزرایەوە.

٤-بڵاوکراوەی (نامە بانوان) کچی (میرزا حەسەن ڕەشدیە)و هاوسەری (میرزائەبولقاسم ئازاد مەراغەیی) کە ناوی خۆی گۆڕی بوو بۆ (شەهباز ئازاد)، لە ساڵی (١٣٣٨ق) لە تاران دایمەزراند. ناوبراو کاری ڕۆژنامەوانی لە باوك و دایکییەوە فێرببوو. (نامە بانوان)یش تەنها باسی لە مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ژنان نەدەکردو هەروەك (زبان زنان) نوسینەکانی خۆی بەرفراوان کردبوو.

## بڵاوکراوە کاریکاتێرو گاڵتەجاڕییەکان

*دوای رۆژنامەی (کشکول) کە ئامـاژەی بـۆ کـرا، رۆژنامـەی (أذربایجـان) لـە سـاڵی (١٣٢٤ق) بڵاوکرایـەوە. ئـەم بڵاوکراوەیـە بەشێوەی هەفتانە بڵاودەبۆوەو تا ساڵی (١٣٢٥ق) بیست ژمارەی لێ چاپ کرا. رۆژنامەی (أذربایجان) ئاوێتەیەك بوو لە بابەتگەلە جددی، تـەنزو کاریکاتێرییـەکان‌و سودی لـە ڕێبـازی بڵاوکـراوەی (ملانصرالدین) وەردەگرت کە لە باکۆ بڵاودەبۆوە.

*رۆژنامەی (حشرات الارض) لە (٢٥ی سەفەری ١٣٢٦ق) بـووە جێگـرەوەی رۆژنامـەی (أذربایجـان) و تـا سـاڵی (١٣٢٩) بـەردەوام بوو. ئەم بڵاوکراوەیەش کاریکاتێرو بابەتە تەنزو گاڵتەجاڕییەکانی بڵاودەکردەوە.

*بڵاوکـــراوەی (طلـــوع مـــصور) بـــە یەکـــەمین ڕۆژنامـــەی گاڵتـەجاڕیی وێنـەدار دەزانرێت کە لـە شاری (بوشـەهر) لە ساڵی (١٣١٨ق) لەلایەن (عبدولحەمید خان سەقفی مەتینولسولتەنە)وە بڵاوبـۆوەو زانیـاری لـەبارەی ژمـارەکانییـەوە لەبەردەسـتدا نییە.

*بڵاوکراوەی (ادب) لـە سـاڵی (١٣٢٣ق) بڵاوبۆوە کە لە ساڵی چـوارەمی ئـەم بڵاوکراوەیـەوە لـە تـاران بـە خـاوەن ئیمتیـازێتی (ئەدیب‌ولمـەمالیك فـەراهانی)و بـە سەرپەرشـتی (مەجدولئیـسلام کرمانی) بەچاپ دەگەیەندرا، لاپەڕەی پشت بەرگی هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە کە دەقەکەی بە پیتی سربی بەچاپ دەگەیەندرا، کۆمەڵە وێنەیـەکی پیاوەگـەورەکان‌و جاربـەجاریش کاریکاتێریـان بەچاپی بەردین بەچاپ دەگەیاند.

(ئەدیب‌ولمـەمالیك فـەراهانی) سـەرەتا ڕۆژنامـەی (ادب)ی لـە ساڵی (١٣١٦ق) لە تـەورێز دامەزراندو دوای بڵاوبوونـەوەی (١٧) ژمارە لە ساڵی (١٣١٧ق) لە تـەورێزەوە چووە مەشهەدو ماوەی سێ ساڵ لەوشارەدا ڕۆژنامەی (ادب)ی بڵاوکردەوە.

لـە سـاڵی (١٣١٩ق) ڕۆژنامەکـەی هێنایـە تـاران‌و سـپاردییە (مەجدولئیسلام) و خـۆی چووە قـەفقاز تـا بەرپرسـیارێتی بەشـی فارسـی ڕۆژنامـەی (ارشـاد بادکوبـە)ی تـورکی لەئەسـتۆ بگرێـت. (مەجدولئیـسلام) بەشـی وێنـەو گاڵتـەجاڕیی بـۆ ڕۆژنامـەی (ادب) زیاد کرد.

*بڵاوکـراوەی (تنبیـە) بـە سەرپەرشـتی (میرزا ئیـبراهیم خـان موعتەزدولئـەتیبا)، کـۆنترین ڕۆژنامـەی ڕەخنـەگرو تـەنزئامێزی پایتـەخت بـوو کـە لـە سـاڵی (١٣٢٥ق) بڵاوکردنەوەکـەی دەسـتی پێکــردو تــا ســاڵی (١٣٣٦ق) هەرســاڵەی (٤٠) ژمــارەی لــێ بڵاودەبۆوە.

لە بڵاوکراوە تەنز، گاڵتەجاڕیی‌و کاریکاتێرییەکانیتر ئاماژە بۆ چـەند نمونەیـەکیتر دەکـەین. لـەناو ئـەم بڵاوکراوانـەدا دەتـوانرێ ئامـاژە بـۆ ئـەم بڵاوکـراوە گاڵتەجاڕییانـە بکـەین (چـنتە پابرهنـە، ســـاڵی بڵاوبوونـــەوە دوادواکـــانی ١٣٢٨ق)، (بهلـــول، ســـاڵی

بڵاوبوونەوە ١٣٢٩ق)، (جنگل مولا، ساڵی بڵاوبوونەوە دوادواکانی مانگی ڕەجەبی ١٣٢٩ق).

## *گۆڤارە تایبەتمەندەکان

لەناو ئەو بڵاوکراوانەی کە باسیان لێوەکراو بوارە تایبەتمەندێتییەکەیان باس کرا، ڕەنگە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی گۆڤاریان هەبێت بەڵام ئەو پێناسەی کە بۆ ناوی (گۆڤار) دەکرێت بۆ ئەوان ڕاست نیە. بەهەر شێوەیەك بێ، (ئیبراهیم یازەچی)ی ئەدیب و زمانوانی ناسراوی لوبنانی بۆیەکەمینجار ئەم زاراوەیە (گۆڤار-المجلە)ی لەڕووی تایبەتمەندی زاراوەییەکەیەوە کە (صحیفە حکمت) بێت وەریگرت و لەهەمبەر چاپەمەنی خولەکی و کاتدار بەکاریهێناو گۆڤاری (الطب)ی بەیروت لە ساڵی (١٨٨٤ز) بەم ناوە بڵاوی کردەوە.

لەکاتێکدا کە گۆڤاری (الجنان) و گۆڤاری (النحلە) و گۆڤاری (المقتطف) چەندین ساڵ بەرلەم مێژووە خولی بڵاوبوونەوەی خۆی دەستپێکردبوو، بەڵام وشەی (گۆڤار)یان لە ساڵی (١٨٨٤ز)دا بۆ ناساندنی فۆرمی بڵاوبوونەوەی خۆیان بەکارهێنا.

بەشێوەیەکی گشتی دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە وشەی (گۆڤار-المجلە) لە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەگشتی لەهەمبەر زاراوەی (ریڤیو Revue)[7]ی فەرەنسیدا بەکارهاتووە.

---

7- زاراوەی (ریڤیو Revue) بە مانای کتێبش هاتووەو وشەی (magazine)یش بەمانای گۆڤارو بڵاوکراوە دێت. (نوسەر)





(هەمان سەرچاوە)

هەرچەندە هەندێ لە سەرچاوەو توێژینەوەکان، بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (بهار) بە یەکەمین گۆڤارو دەستپێکی کاری گۆڤارنوسین لە ئێراندا دەزانن و گۆڤاری (دانشکدە) بە دووەمین گۆڤار ناودەبەن، بەڵام بەرلەوە بڵاوکراوەی (فلاحت مظفری) کە لە ساڵی (١٣١٨ق) لە چوارچێوەی گۆڤاردا بڵاودەبۆوە، بە گۆڤاریش ناودەبرا. هەروەها گۆڤاری (حفظ الصحە) بە خاوەن ئیمتیازێتی (عەلی ئەسغەر)ی ناسراو بە (موئەدیب ولدەولە)ی کوڕی (نازم ولئەتیبا) کە لە ساڵی (١٣٢٤ق) لە تاران بڵاودەبۆوە، پێیاندەوت گۆڤار.

ئەو بڵاوکراوانەی بە میتۆدو چوارچێوەی گۆڤارو ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە بڵاودەبوونەوەو دەتوانرێ لە ڕیزی بڵاوکراوە یا گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا دابنرێن، لەهەمان ئەو ساڵانەدا لە ئێراندا فۆرمەڵە بوون کە ئاماژەیان بۆ کرا.

١-گۆڤاری (بهار) لە (مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٣٢٨ق) لە تاران بڵاوبۆوە. خاوەن ئیمتیاز، بەڕێوەبەرو نوسەری گۆڤارەکە (میرزا یوسف خان ئەشتیانی ئەمین بقایا)ی ناسراو بە (ئەعتسام ولمولك مستەوفیان دیوانی) بوو. ئەم گۆڤارە لە دووتوێی (٦٤) لاپەڕەدا بەشێوەی مانگانە بڵاودەبۆوەو بابەتگەلی ئەدەبی و زانستی لەخۆگرتبوو. وەرگێڕانی بەرهەمە ناسراوە تورکی و عەرەبییەکان کە ئەوانیش لە زمانە ئەوروپییەکانەوە وەرگێڕدرابوون، ئاستی گۆڤارەکەی زیاتر کردبوو. قەوارەی گۆڤارەکە کاغەزی پۆستەی بچوك بوو بە پیتی سربی چاپ دەکرا.

٢-گۆڤاری (أفتاب) لە ناوەراستی ساڵی (١٣٢٩ق) کە گۆڤاری (بهار) لە تاران بڵاودەبۆوە، لە ئیسفەهان چاپ کرا. دامەزرێنەری (أفتاب) (شێخ محەمەد باقرلفت)ی کوڕەگچکەی (شێخ محەمەد تەقی)ی ناسراو بە (ئاغا نەجەفی) ی فەقیهی ناسراوی ئیسفەهان بوو. ناوبراو بۆ بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانی بەرهەمە هەڵبژاردەکانی زمانە بێگانەکان بۆسەر زمانی فارسی، گۆڤاری (بهار)ی کردە سەرمەشق. ئەم گۆڤارە بەئەندازەی گۆڤاری (بهار) و بە (٦٤) لاپەڕە بڵاودەبۆوە.

٣-گۆڤاری (علمی) لە ساڵی (١٣٣٣ق) لەلایەن کۆمەڵێك لە نوسەرانی لاوەوە کە پەروەردەی خوێندنگە نوێیەکان بوون، دامەزرا. ڕووبەری گۆڤارەکە (٤/١)ی لاپەڕەی گەورە یا خشتی بوو. بە پیتی سربی بەچاپ دەگەیەندرا. ناوەڕۆکی گۆڤاری (علمی) بابەتە مێژوویی، سیاسی، ئابوری، دادوەریی، دارایی، پیشەسازییەکانو.. بوو.

٤-گۆڤاری (دانشکده) لە ساڵی (١٣٣٧ق) (محەمەد تەقی بەهار- مەلیك‌ولشوعەرا) بە هاریکاریی دارایی دەوڵەت دایمەزراند. (میرزا عەباس خان ئیقبال، میرزا سەعیدخان نەفیسی، ڕەشیدولسوڵتان یاسەمی، سەید ڕەزا هونەریو سەردار موعەزەم خۆراسانی) سەرپەرشتیو نوسینی گۆڤاری (دانشکده)یان لەئەستۆدا بوو. بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو و بەردەوام بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مێژووی ئەدەبیاتی ئێرانو ئەدەبیاتی فەرەنسایان دەنوسی. ڕۆمانی پاشکۆداریش لە بابەتەکانیتری ئەم





گۆڤارە بوو کە (١٢) ژمارەی لە ساڵێکدا بەچاپ دەگەیەندرا.

٥-گۆڤاری (پارس) لە ساڵی (١٣٣٩ق) بە سەرپەرشتی (جەلال ئەنسی)ی پسپۆڕی فارسیزانی تورك بەهەردوو زمانی فارسیو فەرەنسی لە ئیسلامبول بڵاودەبۆوە. ئەم گۆڤارە بە ناوەرۆکێکی ئەدەبییەوە بەتایبەتی شیعر بڵاوبۆوە.

لەو بڵاوکراوانەیتر کە ناوی گۆڤاریان بەخۆوەگرتبوو، دەکرێ ناوی گۆڤاری (طبی) لە ساڵی (١٣٢٤ق)، گۆڤاری (پروین) لە ساڵی (١٩١٥)، گۆڤاری (ایرانشهر)، گۆڤاری (الادب) لە ساڵی (١٣٣٦ق)، گۆڤاری (فردوسی) لە ساڵی (١٣٠٠خۆری)، گۆڤاری (بیطاری) لە ساڵی (١٣٣٤ق)، گۆڤاری (اصول تعلیمات و اصول تعلیم) لە ساڵی (١٣٣٨ق)، گۆڤاری (اختر دانش) لە ساڵی (١٣٣٧ق)، گۆڤاری (فلاحتو تجارت) لە ساڵی (١٢٩٧ی خۆری)، گۆڤاری (ادبی) لە ساڵی (١٣٣٧ق)و...هتد بهێنرێت.

لە بەشی کورتەمێژووی چاپەمەنی تایبەتمەند لە جیهاندا، ئاماژە بۆ بڵاوکراوەی کۆچبەران کرا کە لە ناوچەکانی دەرەوەی داگیرکاریی فەرەنسا لەساتی جەنگدا بڵاودەبۆوە. ئێرانییەکانیش لە ساڵی (١٩١٦ز) ڕۆژنامەی (کاوە)یان بە زمانی فارسی لە بەرلین (ئەڵمانیا) بڵاوکردەوە.

لە کتێبی (راهنمای مطبوعات ایران) ناوی ئەو بڵاوکراوانەی تیادا هاتووە کە دەتوانرێ لەو ساڵانەدا بە تایبەتمەند ناوببردرێن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە تەنها یەك بابەت لە ڕێبازی بڵاوکراوەکەدا باس دەکرا، لە خوارەوەدا بە کورتی ناویان

دەهێنرێت کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەیان بۆ نەکراوە.

*اذر، کۆمەڵایەتی، ١٩٢٣ز.

*اتحاد، ئەدەبی، ١٩١٠ز.

*اتفاق کارگران، سیاسی ١٩١٠ز.

*احصائیه گمرگ ایران، ئابوری، ١٩٠٢.

*اخبار امری، سیاسی، ١٩٢٢ز.

*اخلاق، ڕۆشنبیری، ١٩٢١ز.

*اخوت، سیاسی، ١٩٠٦ز.

*الاسلام، ئایینی، ١٩٠٢.

*افلاطون، گاڵتەجاڕی، ١٩١٠ز.

*اقیانوس، سیاسی، ١٩٠٨ز.

*ایران سرخ، سیاسی ١٩٢٠ز.

*برجیس، گاڵتەجاڕی، ١٩٢٠.

*پرتو، ئەدەبی، ١٩٢٣ز.

*پستوتلگراف، تایبەت بە زانست، ١٩٢٦ز.

*پهلوی، سەربازیی و زانستی، ١٩٢٤ز.

*پیکار، سیاسی، ١٩١١ز.

*تجارت، ئابوری، ١٩٢٤ز.

*تعلیم و تربیت، ڕۆشنبیری، ١٩٢٦ز.

*توفیق، گاڵتەجاڕی، ١٩٢٤ز.

*تیاتر، هونەری، ١٩٠٨ز.

*جاسوس، سیاسی، ١٩١٤ز.





*جارچی اسرار، سیاسی، ١٩١١ز.

*جریده دبستان، ڕۆشنبیری، ١٩٠٦ز.

*جهان زنان، تایبەت بە خانمان، ١٩٢١ز.

*خنده، گاڵتەجاڕی، ١٩٢٣ز.

*رهنما، زانستی ئەدەبی، ١٩١٩ز.

*رهنمای دهقان، کشتوکاڵی، ١٩٢٤ز.

*زنان ایران، کۆمەڵایەتی، ١٩٢١.

*ستار اسلام، ئایینی، ١٩٢٦ز.

*سروش ایران، ئەدەبی،١٩١٧ز.

*شکوفه، تایبەت بە خانمان، ١٩١٢ ز.

*صحت، تەندروستی پزیشکی، ١٩٠٧.

*صورت، گاڵتەجاڕی، ١٩٢٥.

*طب، تەندروستی پزیشکی، ١٩٢٣ز.

*طبابت، زانستی پزیشکی، ١٩٠٨.

*طب کنونی، زانستی پزیشکی، ١٩٢١ز.

*طب مصور، پزیشکی تەندروستی، ١٩١٧ز.

*طب جدید، پزیشکی تەندروستی، ١٩٢٤ز.

*طبی، گۆڤاری پزیشکی، ١٩٢٠ز.

*عالم نسوان، تایبەت بە خانمان، ١٩٢٠ز.

*عالم و تربیت، تایبەت بە کچان و کوڕان، ١٩٢١ز.

*عالم أموز، ڕۆشنبیری، ١٩٠٧ز.

*علوم مالیه و اقتصاد، ئابوری، ١٩٢٤ز.

*عنکبوت، گاڵتەجاڕی، ١٩٢٦ز.

*فرهنگ، ئەدەبی، ١٩٢٠ز.

*فکر ازاد، ئەدەبی، ١٩٢٠ز.

*فلاحت مظفری، کشتوکاڵی، ١٩٠٠ز.

*فلاحتو تجارت، کشتوکاڵی، ١٩١٩ز.

*فنی، زانستی، ١٩١٩ز.

*قشون، تایبەت بە سەربازان، ١٩٢٢ز.

*قضایی، گۆڤاری مافناسی، ١٩٢٥ز.

*کشاورز، کشتوکاڵی، ١٩٢٣ز.

*کلید سیاسی، سیاسی، ١٩٠٧ز.

*گلزار، گۆڤاری ئەدەبی، ١٩٢٣ز.

*گۆڤاری علمی، زانستی لێکۆڵینەوەیی، ١٩١٥ز.

*مریخ، سەربازی، ١٨٧٨ز.

*مهدی حمال، گاڵتەجاڕی، ١٩١٠ز.

*مانگنامەی ارتش، تایبەت بە سەربازان، ١٩٢٢ز.

*نامەی خردپژوهان، ئەدەبی، ١٩٢٤.

*نسوان وگنخواه، تایبەت بە خانمان، ١٩٢٤ز،

*نظمیه، تایبەت بە هێزی سەربازی، ١٩٠٨ز.

*یغما، گۆڤاری ئەدەبی، ١٩٢٣ز.

هەروەها پێڕستو ڕێنمای چاپەمەنی ئێران لە ساڵی (١٩٥٣-١٩٣٩) لە کتێبێکدا بەهەمان ناوەوە باس کراون کە ناوهێنانی هەموویان لەم بەشەدا دەبێتەمایەی درێژدادڕی.





## تایبەتمەندێتی ڕۆژنامەوانیو ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند

ڕۆژنامەوانی خۆی پسپۆڕییەو ئەو کەسانەی ئینتیما بۆ ئەم پیشەیە نیشان دەدەنو دەیانەوێ بچنە ئەم مەیدانەوە، بەسروشتیانە دەبێ فێربوونی ڕۆژنامەوانیان تەی کردبێتو ئاشنای بنەمای پیشەی ڕۆژنامەوانیو لقە لاوەکییەکانی بووبنو فێربووبێتن. ڕۆژنامەوانی وەك هەر بوارێکی زانستیتر پسپۆڕییەو بەڵام تەنها فێربوونە تیۆرییەکەی بەس نییە. ئەو کەسانەی دەیانەوێ کاری هەواڵنێریو لە ئاستێکی باڵاتردا ڕۆژنامەوانی بکەن، بەدڵنیاییەوە دەبێ بنەماو بناغەی ئەم کارە واتە هەواڵنوسین، ڕاپۆرتنوسین، هەڤپەیڤین، وتارنوسین فێربنو دوای چوونەناو هەریەك لەم بناغانەوە ئاشنای لقەکانیتری بن. لەوانەیە ئەم پرسیارە فۆرمەڵە ببێت کە بۆ نمونە هەواڵنوسین چ لقگەلێکی هەیە کە هەواڵنێر دەبێ فێریان بووبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئەو کەسانەی کە دوای تەی کردنی خولێکی فێربوون، چەندین ساڵە لەم پیشەدا سەرقاڵی کارن، ئاسانەو هەمووان یەکڕان کە هەواڵنوسین لە ڕوانگەی میتۆدەکانی نوسینەوە کۆمەڵە لقێکی لاوەکی هەیەو گۆشەنیگای هەواڵنێر بۆ ڕووداوەکە، میتۆدی هەواڵەکەی بۆ دەستنیشان دەکات. هەواڵێکی سیاسیو هەواڵێکی ڕووداو دەکرێ بە میتۆدی

(بۆنمونە هەڕەمی هەڵگەڕاوە[8]) بنوسرێت بەڵام هەواڵنێرێکی چاپوك دەزانێ بەلەبەرچاوگرتنی چەشنی ڕووداوەکە بۆ نمونە بۆ هەواڵی ڕووداویی سود لە میتۆدی گێڕانەو[9]ەو بۆ هەواڵی سیاسی سود لە هەڕەمی هەڵگەڕاوە یا شرۆڤەیی-هەواڵی وەربگرێت. ئەم

---

8- میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە: لەم میتۆدەی نوسینی هەواڵدا، ژێری هەڕەمەکە بریتییە لەسەرنجڕاکێشترین بەشی هەواڵەکە، لەزۆربەی ڕووداوەکاندا گرنگترین بەشی هەواڵەکە پێکدەهێنێ. هەروەها کەم بەهاترین زانیاریش کە بریتییە لە بێنرخترین بەشی ڕووداوەکە، لەلوتکەی هەڕەمەکەدا دادەنرێت.

لەمیتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوەدا، زانیارییەکان بەڕەچاوکردنی ڕێژەی گرنگیان، لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕێك دەخرێن.

لەدنیای ڕۆژنامەنوسیدا چیرۆکێك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە میتۆدە هەیە، بەپێی ئەم چیرۆکە، دوای دۆزینەوەی تەلەگراف، ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکایی بەتایبەت" لەئان وساتی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکاو لەکاتی وەرگرتنی هەواڵدا لەترسی پچڕانی پەیوەندییە تەلەگرافییەکە، سەرەتا بەشی سەرەکی هەواڵەکەیان وەردەگرت و دواتر ئەگەر پەیوەندییەکە نەبڕایە، بەشەکانیتری هەواڵەکەیان وەردەگرت. بۆ بەئاسانی سوودوەرگرتن لەم میتۆدە، واباشترە تۆ پێتوابێ لەهەلومەرجی جەنگ دایت و ناچاریت لەسەرەتادا بەشی سەرەکی هەواڵەکە بخەیتەڕوو. بنۆڕە (ڕەزای حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنوسی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، فەسڵی سێیەم. (وەرگێڕ)

9- لەم میتۆدەدا ڕێکخستنی هەواڵ لەپێچەوانەی هەڕەمی هەڵگەڕاوە، بەڕەچاوکردنی بەهاکەیان نانوسرێت، بەڵکو بەوشێوەیە دەنوسرێت کە لەڕووی کاتەوە لەچوارچێوەی هەواڵەکەدا بەدەستهاتووە. (وەرگێڕ)





مەسەلەیە دەربارەی هەڤپەیڤین، ڕاپۆرت و وتاریش هەڕاستەو هەواڵنێر دەزانێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەواڵێك یا ژێدەری هەواڵێکدا، چ میتۆدگەلێك بۆ ڕاپۆرت یا هەڤپەیڤین و وتارەکە بەکاربهێنێت.

هەواڵنێرانی میدیا جۆراوجۆرەکانی وەك چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئاژانسەکان و هەروەها سایتەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەوانی سایبر[10]یش دەزانن کە بۆ هەریەك لە گوتەزاکانی ڕۆژنامەوانی (هەواڵ، ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین، وتار) کام میتۆد بۆ نوسین و زانیاریگەیاندن هەڵبژێرن. لەهەندێ لە میدیاکاندا وردەکارییەکانی هەواڵ گرنگترە لە خێرایی هەواڵ (چاپەمەنیش بەهۆی کاتی بڵاوبوونەوەیەوە). لە میدیاکانیتردا هەواڵ شوێنکەوتەی خێراییە (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئاژانسەکان). ئەو هەواڵنێرانەی کە فێری میتۆدە جۆراوجۆرەکان بوون و لە قۆناغی دواتردا کارەکەیان ئەزموون کردووە، بەدڵنیاییەوە ڕۆژنامەنوسێکی سەرکەوتوو دەبن، لەبەرئەوەی هێزی لێکدانەوەو ئەنالیزەکردنی ڕووداوەکانی لەخۆیدا بەهێز کردووە. لەگەڵ ئەم وەسفەدا، تایبەتمەندیتی ڕۆژنامەوانی یاریدەی ئەو هەواڵنێرانە دەدات کە دەچنە خانەی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەندەوە.

---

10- ڕۆژنامەوانی سایبر (Cyber journalism) بەشێکە لە ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کە ئینتەرنێت وەك کەناڵ بەکاردەهێنێت تا پەیامی خۆی بگەیەنێتە وەرگر (وەرگێڕ).

***فێربوونی رۆژنامەوانی (هێزی مرۆیی تایبەتمەند لە چاپەمەنیدا)**[11]

دوای تێپەڕبوونی پتر لە یەك سەدە بەسەر دامەزراندنی یەکەمین خولەکانی فێربوونی رۆژنامەوانی لە جیهاندا، چیتر گومان لەوەدانییە کە فێربوونی ئەکادیمیانەی رۆژنامەوانی بنەچەیەکە لەپێناو گەشەدانو بەرفرەکردنی رۆژنامەوانی لە بواری زانستی پەیوەندی کۆمەڵایەتیداو ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند لە ژینگەی فێربووندا بە ئاستێکی باڵاتر پەروەردە دەبێت. پێشینەی فێربوونی زانستیو پراکتیکی رۆژنامەوانی لەچوارچێوەی ئەکادیمی لە قارەی ئەمریکا بۆ بەرلە سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەم دیاردەیە لە ئەوروپا دوای جەنگی جیهانی یەکەم فۆرمەڵە بووە. هەرچەندە فێربوونی رۆژنامەوانی دەکرێ لە سەدەی حەڤدەهەمی زایینیش لە ئەڵمانیا بەشێوەی بەراییانە ببینرێت، بەڵام لە ڕاستیدا گەشەی پیشەییانەی فێربوونو توێژینەوە لە زانستی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا دەبێ لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەژمار دەکرێت. هەمان دیاردەو گەشەکردنەکەی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیشدا بۆ ساڵانی (١٩٥٠)ی زایینی دەگەڕێتەوە.

زەرورەتی ئاگاداربوون لە چەندایەتیو چۆنایەتی زانستی

[11]–نیروی انسانی متخصص در مطبوعات، حسین قندی، مقاله ارائه شد به دومین سیمینار بررسی مسائل مطبوعات ایران، تابستان ۱۳۷۷ (با تخلیص و تغییر برخی قسمت ها)





پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆی بووەمایەی گەشەی ئەم زانستە، بەرزبوونەوەی ئینتیمای توێژینەوە دەربارەیو لە ئەنجامیشدا بووەمایەی بەدەستهێنانی زانیارییو داتای زۆر کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوریو سیاسی سودی لێوەرگیرا.

ساڵە بەراییەکانی سەدەی بیستەم، ساڵانی بایەخدان بە دیاردەی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو. لە ئەوروپادا، ئەڵمانیا یەکەمین وڵات بوو کە سیستەمی ئەکادیمی بۆ فێربوونی چاپەمەنی هێنایەئارا. بەڵام خوێندن لە زانکۆکاندا وابستەی بەدەستهێنانی فێربوونی پیشەی چاپەمەنی نەبوو و وانە پێشکەشکراوەکان پتر بەدەوری مێژوو، سیاسەت، ئابوریو مافەکان دەسوڕایەوە. ناسینی میتۆدە جۆرنالیستییەکان دوای جەنگی جیهانی یەکەم بایەخی پێدراو یەکەمین زانکۆ کە بایەخی بەم کارە دا، زانکۆی لایپزیگ (ئەڵمانیا) بوو لە ساڵی (١٩١٦)ی زایینیدا.

لە نەمساش رۆژنامەوانی سیستەماتیکی ئەڵمانیای تێداجێگیر بوو و لە ساڵی (١٩٣٨)ی زایینی ئەنیستیتۆی زانستە رۆژنامەوانییەکان لە زانکۆی ڤییەننا دەستی بەکارەکانی کردو پاشان لە (١٩٤٢) تا ساڵی (١٩٦٨) ئەنستیتۆی زانستە رۆژنامەوانییەکان بەمەبەستی سەرتاپاگیرکردنی زانستی پەیوەندییەکان لە زانکۆی سالزبۆرگ دامەزرا.

بەلجیکا لە ساڵی (١٩٤٥) فێربوونی پیشەی رۆژنامەوانی لە

زانکۆی ئازادی برۆکسل تاقی کردەوە. ئەم زانکۆیە پاشان تا قۆناغی ماجستێرو دکتۆرای سۆسیۆلۆجیای پەیوەندییەکان چووەپێش.

فێربوونو توێژینەوەکان لەمەیدانی ماس میدیا و زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆکانی دانیمارك بەو زەمینە بەراییەی کە لە ساڵی (١٩٦٠)دا هەبوو، لە ساڵی (١٩٧٠) بووە ڕەسمی. پێشینەی یەکەمین خوێندنگای ڕۆژنامەوانی لەم وڵاتەدا بۆ ساڵی (١٩٤٦) دەگەڕێتەوە کە ئەنجومەنی چاپەمەنی لە زانکۆی (Arabas) دایمەزراند. ئەم خوێندنگایە لەماوەی خولە سێ مانگییەکاندا، فێرکاریی پێشکەش دەکرد.

لە فنلەندا کە پێشینەیەکی درێژخایەنی لە فێرکردنی بواری ڕۆژنامەوانی لە ئەسکەندەناڤیادا هەیە، لە ساڵانی (١٩٢٠) خولە کورتماوەکانی لەلایەن ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسانی فنلەندی (Finnish Association of Journalists) ڕێك خرا. پاشان لە ساڵی (١٩٤٥) ئەنجومەنی سەرنوسەرانی گۆڤارەکان، خولیکیتریان پێکهێنا. خولە فێرکارییە ڕۆژنامەوانییەکان (١٩٢٥) لە خوێندنگای توێژینەوە سۆسیۆلۆجییەکان لە هلسینکی (پایتەختی فنلەندا)ش یاریدەیەکی زۆری بنەڕەتو بناغەدانانی فێربوونی ئەکادیمی ڕۆژنامەوانی دا. لە دەیەی (١٩٧٠) زانکۆی تامپەر (Tamper University) بە ناوەندی سەرەکی فێربوونی ڕۆژنامەوانی لەم وڵاتەدا هەژمار دەکرا.

زانستی پەیوەندییەکان لە فەرەنسا بە فیلم دەستی پێکرد.





لەگەڵ ئەم هەلومەرجەشدا دێرینترین خوێندنگای ڕۆژنامەوانی (The Ecole Superieure de Journalisme) لە شاری (لیل) لە ساڵی (١٩٢٤) دامەزرا. دوای جەنگی دووەمی جیهانی ڕۆژنامەوانی پیشەیی هەستی بە پێداویستی گەشەکردن کردو لە ساڵی (١٩٤٦) (The Center Formation des Journalists-CFJ) هاتەئارا.

فێربوونی ڕۆژنامەوانی لە ئەڵمانیا دەدەنەپاڵ سەدەی هەڤدەهەم. لە ساڵی (١٦٧٢) یەکەمینجار وانەی ڕۆژنامەوانی پێشکەش کراو هەمان ڕووداو بووە بنیاتنەری زانکۆی لایپزیگ کە لە ساڵی (١٩١٦) فۆمەڵە بوو.

هەروەها لە زانکۆی مۆنستەر لە ساڵی (١٩١٩)ی زایینی، پیاوە یەکەمینەکانی ڕۆژنامەوانی وانەیان وتەوە. ڕۆژنامەوانی لە مەجارستان بۆ ساڵی (١٩٤٩) دەگەڕێتەوە، لە ئیرلەندا ساڵانی (١٩٦٦–١٩٦٧) کۆلیژی (Mas Media) دامەزراو لە ساڵی (١٩٧١) کۆلیژی (ST Patick) لەم وڵاتەدا کرایەوە، لە ئیتاڵیا لە ساڵی (١٩٤٩) لەگەڵ دامەزراندنی ئەنیستیتۆی ڕۆژنامەوانیو بەرلەوەش لە ساڵی (١٩٢٨) لە زانکۆکانی ناپولی، تۆرینو پرۆجا یەکەی وانە ڕۆژنامەوانییەکان لە کۆلیژی زانستەسیاسییەکاندا دەوترایەوە. لە ئیسپانیا ساڵی (١٩٤١) لە خوێندنگای ڕۆژنامەوانی مەدریدو لە سوید تا ساڵی (١٩٤٥) و تەنها لە کۆلیژی ستۆکهۆڵم وانەکانی ڕۆژنامەوانی پێشکەش دەکرا.

خولە ڕۆژنامەوانییەکان لە سویسرا کە یەکەمین خولی ڕۆژنامەوانییە لە ئەوروپا، لە زانکۆی بازل لە ساڵی (١٨٨٤)و لە

**زانکۆی بۆرن و زانکۆی زوریخ ساڵی (١٩٠٣) پێکهێنران. بەڵام لە بەریتانیا تا (١٩٧٠) هیچ جۆرە خولێك لە بواری ڕۆژنامەوانی لە هیچکام لە زانکۆکانی ئەم وڵاتە ڕێکنەخراوە. لەهەمان ساڵدا (١٩٧٠) یەکەمین خولی ڕۆژنامەوانی لە وێلز (کاردیف)** ( University College Cardiff) **دامەزرا.**





## *فێربوونی ڕۆژنامەوانی لە ئاسیاو ئەفریقا

**لە ئاسیا، وڵاتی چین دێرینترین ئەزموونی لە فێربوونی ڕۆژنامەوانیدا هەیە، لە ساڵی (١٩١٨) یەکەمین خولی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی نێودەوڵەتی پەکین دەستی بەکار کردو پاشان یەکەمین بەشی ڕۆژنامەوانی لە ساڵی (١٩٢٠) لە زانکۆی شانگهای** (shanghai ST Johns University) **دامەزرا.**

**میسر یەکەمین وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە فێربوونی ڕۆژنامەوانی ئەزموون کرد. یەکەمین خولی ڕۆژنامەوانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکایی قاهیرە لە ساڵی (١٩٣٧) دامەزرا. لە جەزائیر، ئەنیستیتۆی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی جەزائیر لە ساڵی (١٩٤٦) دامەزرا. لە ئەندۆنۆسیا ساڵی (١٩٥٠)، لە هیندستان ساڵی (١٩٤١)، لە عیراق لە ساڵی (١٩٤٦)، لە پاکستان لەساڵی (١٩٤١)و لە یابان بەشێوەی ڕەسمی لە ساڵی (١٩٣٢) فێربوونی ئەکادیمیانەی ڕۆژنامەوانی دەستی پێکرد.**

**وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش یەکێك لە کۆنترین ئەزموونەکانی لە مەیدانی فێربوونی ئەکادیمیانەی ڕۆژنامەوانیدا هەیە. یەکەمینجار لە ساڵی (١٨٦٩) لەلایەن (ڕۆبەرت.ئای.لی) لە کۆلیژی واشنتۆن لە ڤێرجینیا، خولی فێربوونی ڕۆژنامەوانی**

دامەزرا کە هەنوکە بە (Washington and Lee University) ناودەبرێت.

کورتەمێژووی دامەزراندنی خوێندنگاکان، ناوەندەکان و زانکۆکانی فێربوونی رۆژنامەوانی لەسەر ئاستی جیهان نیشانی دەدات کە بزووتنەوەی سەرەکی لە پرۆسیسی گەشەی فێربوونی رۆژنامەوانی و زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی لەدەستپێکی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا بووە. کاتێك کە زەروورەتی گەشەی زانستی پەیوەندییەکان و هەروەها رۆژنامەوانی وەك لقێکی پتەوی ئەم زانستە لە جیهاندا هەستی پێکرا، تەنانەت لە بەریتانیا کە بەرگریی لەسەر نائەکادیمیبوونی ئەم بوارە لە زانستدا، تیایدا زۆر بە پتەو دەهاتەبەرچاو، سەرەنجام لە ساڵی (١٩٧١) بە دامەزراندنی زانکۆیەك، شکێنراو ئەوانیش لەوە گەیشتن کە فێربوونی ئەکادیمیانەی رۆژنامەوانی وەك هەر بوارێکی زانستیانەیتر، یاریدەی بەرفراوانبوونی دەدات.





## فێربوونی رۆژنامەوانی لە ئێران

خوالێخۆشبوو مامۆستا (موحیت تەباتەبایی) لە بواری پەروەردەکردنی رۆژنامەنوس لە ئێراندا دەڵێت:"ئەو خاڵەی کە ناتوانرێ خۆی لێ بێئاگا بکەیت ئەمەیە کە لە دەستپێکی دامەزراندنی رۆژنامە لە ئێران تا ڕاپەرینی مەشروتە، بەدەگمەن لەونێوانەدا رۆژنامەنوسێك سەرگەرمی کاری رۆژنامەوانی بووە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە زانستوپەروەردەی تایبەتی هەبووبێت. لە (جەرجیس ساحیبی)یەوە کە لە سەردەمی (عەباس میرزا) بۆ خزمەتی تەکنیکی لە سیستەمی نوێدا هاتبووە ئێران و دواتریش لە ئێراندا خەریکی بازرگانی هاوردەنی بوو و شتومەکی بەریتانی دەفرۆشت و پاشان بەشداری لە بڵاوکردنەوەی (وقایع اتفاقیە)دا کرد، تا بەڕێوەبەری (روح القدس) لە سەردەمی مەشروتەدا کە خوێندکارێکی خۆراسانی بوو، لەبیرم نییە کە لەم ماوە دوورودرێژەدا کەسێکمان دەستبکەوێت خۆی لە دەرەوە بۆ ئەرکی خزمەتکردنی چاپەمەنی لەڕووی زانست و کارەوە ئامادە کردبێت، لەناو دەیان کەسدا کە لەم ڕێگەیەدا ناوبانگیان پەیدا کردووە: (محەمەد حەسەن خان سەنیع ولدەولە، میرزا ملکم خان، حسێن خان مشیرولدولە، نەجەف قولی خان خویی، میرزا محەمەد حسێن فەروغی، میرزا عەلی محەمەد خان شیبانی، میرزا مەهدی ئەختەر،

سەید جەماڵەدین، موئەیدولسەلام و...هتد ) هەموویان کەسانی بەتوانا بوون کە لەڕێگەی بایەخدان بە حەزوئارەزووە خودییەکانو شرۆڤەکردنی نمونە چاپکراوە بەردەستەکان، خۆیان بە ڕۆژنامەوانی ئاشنا کردووەو کاریان تێدا کردووە.

د.کازمی موعتەمەد نەژاد مامۆستای بەرجەستەی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نوسینی مێژووی فێربونی ئەکادیمیانەی ڕۆژنامەوانی لە ئێراندا، یەکەمین ئەزموونی فێربوونی پەیوەندییەکان (کۆمیونیکەیشن)ی لە ساڵی (١٩٤١)دا تۆمار کردووە. بەچاوپۆشین لە بەرنامە فێرکارییە تەکنیکییەکانی خوێندنگەی پۆستەو تەلەگراف کە لە ساڵی (١٩٢٩) دامەزرا، لەم ساڵەدا (١٩٤١) بە هاریکاریی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکردنی بیروڕاو زانکۆی تاران، خولێکی ڕۆژنامەوانی لە کۆلێژی ماف لەم زانکۆیەدا ڕێکخرا کە هەندێ لە مامۆستاکانو نوسەرە ناسراوەکانی ئەو کاتە وەك (جەلال هۆمایی، سەعید نەفیسیو محەمەد حیجازی) وانەیان تیایدا دەوتەوە.

چالاکییەکانی ئەم خولە لە چەند مانگێك زیاتر نەبوو و لەگەڵ ڕووداوەکانی(ئەیلولی١٩٤٢) یەکەمین ئەزموونی فێرکاریی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتدا ڕاوەستا. پانزدە ساڵ دوای ئەوە، بەهاریکاریی بەڕێوەبەرانی چاپەمەنیو زانکۆی تاران، هەوڵە نوێیەکان لەمەڕ فێربوونی ڕۆژنامەوانی دەستی پێکرد.

لە ساڵی (١٩٥٦) دکتۆر (مستەفا مسباح زادە) خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ئەوکاتەی ڕۆژنامەی (کیهان)و مامۆستای





کۆلیژی مافی زانکۆی تاران بەلەبەرچاوگرتنی پێویستی چاپەمەنی بە پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنوسانی تایبەتمەند، پێشنیازی دامەزراندنی کۆلیژی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی تارانی بۆ ئەنجومەنی ئەم زانکۆیە کرد. ئەنجومەنی زانکۆی تارانیش لە ساڵی (١٩٥٧) ئەم پێشنیازەی قبوڵ کردو دوای دانانی دەستورو بەرنامەی فێرکاریی کۆلیژی ڕۆژنامەوانی، سەرۆکایەتییەکەشی بە دکتۆر (مسباح زادە) سپاردو ئەو ئەرکەیان خستەسەرشانی ناوبراو تا بە بانگهێشتی چەند مامۆستایەکی دەرەکیو ئامادەکردنی ئامرازە تەکنیکییە پێویستەکان، بەراییەکانی دامەزراندنی کۆلیژەکە فەراهەم بکات.

بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (کیهان) دوای قبوڵ کردنی سەرۆکایەتی کۆلیژی ڕۆژنامەوانی زانکۆی تاران، گەشتی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردو لە سەردانی کۆلیژەکانو دامەزراوە ڕۆژنامەوانییە بەناوبانگەکانی ئەم وڵاتە، چەند کەسێکی لە مامۆستا ناسراوە ئەمریکییەکانی بۆ هاریکاری بانگهێشتی کردن بۆ ئێرانو هەنگاوی دەربارەی دروستکردنی لابراتۆرێکی پێشکەوتووی وێنەگری بۆ خوێندکارانی ڕۆژنامەوانیش هەڵێنا.

چەند مانگێك دوای ئەوە، لەگەڵ هاتنی پرۆفیسۆر (هارۆڵد ویڵسۆن) مامۆستای زانکۆی (مینەسوتا) بۆ تاران، هێشتا بەهۆی کێشە داراییەکانی زانکۆی تارانەوە، بەراییە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی کۆلیژی ڕۆژنامەوانی فەراهەم نەببوو، لەمڕووەوە کردنەوەی پۆلە ئازادەکانی فێرکردنی ڕۆژنامەوانی لە کۆلیژی

ماف بەس بوو. لەم پۆلانەدا، هەندێ لە نوسەران و هەواڵنێرانی چاپەمەنی بەشداریان دەکردو سودیان لەو وانانە وەردەگرت کە بەزمانی ئینگلیزی و بە دژواریی پێشکەش دەکران.

سەرنەکەوتنی دووەمین ئەزموونی زانکۆی تاران لە بواری فێرکردنی رۆژنامەوانی کە تەنگوچەڵەمە دارایی و کێشە زانستییەکانی مامۆستا دەرەکییەکان و نەبوونی مامۆستای تایبەتمەندی ئێرانی بووە هۆکارەکەی، وای لە بەڕێوەبەری رۆژنامەی (کیهان) کرد تا بەسودوەرگرتن لە توانستە داراییەکانی ئەم رۆژنامەیە، کۆمەڵێك لە هاوکارەکانی خۆی بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالا لە مەیدانی رۆژنامەوانی و مەیدانە هاوشێوەکانیدا بۆ زانکۆکانی ئەوروپاو ئەمریکا بنێرێت و دوای گەڕانەوەی ئەوان بیرۆکەی دامەزراندنی کۆلیژە جێمەبەستەکەی بخاتە قۆناغی کارەوەو جێبەجێی بکات.

دوای سەردانی چەندین کەس لە رۆژنامەنوسە نێردراوەکانی (کیهان) لە ساڵی (١٩٦٥) کە خوێندنی بالای تایبەتمەندی خۆیان لە زانکۆ خۆرئاواییەکان تەواوکردبوو، دامەزراوەی (کیهان) بەمەبەستی بەهێزکردنی ستافی نوسینی بلاوکراوەکانی خۆی و وەك هەنگاوێکی تاقیکردنەوەی خۆلاتیانە، خولێکی دوو ساڵەی فێرکردنی رۆژنامەوانی بنیاتناو گروپێکی (٣٠) کەسی کە بە تاقیکردنەوەیەکی لێهاتوویی لەناو (٦٠٠) کەسی داخوازدا بە بڕوانامەی دیبلۆم و بەکالیۆرۆسەوە هەڵبژێردرابوون، بۆ بینینی ئەم خولە پەسەند کرابوون. سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە نوێیە، وای





لە بەڕێوەبەری (کیهان) کرد کە بۆ دامەزراندنی کۆلیژی رۆژنامەوانی و پەروەردەکردنی هێزیی مرۆیی ماس میدیا لەسەر ئاستی ولاتەکە، ئیمتیازی دامەزراندنی کۆلیژەکە لە ئەنجومەنی ناوەندی زانکۆکان وەربگرێت. ئەنجومەنی ناوەندی زانکۆکان دوای چەندین مانگ مشتومڕو توێژینەوە، سەرەنجام لە (بەفرانباری ١٩٦٧) ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بەخشینی ئیمتیازی دامەزراندنی (دامەزراوەی بالای چاپەمەنی و پەیوەندییە گشتییەکان) بە رۆژنامەی (کیهان) و ئەم دامەزراوەیە لە پاییزی ساڵی (١٩٦٨) بە وەرگرتنی خوێندکار بۆ خولی پسپۆڕی کۆلیژی رۆژنامەوانی، پەیوەندییە گشتییەکان و پڕوپاگەندەی بازرگانی، وێنەگرتن و وێنەگریی و وەرگێڕان چالاکییەکانی خۆی دەستپێکرد.

ئەم دامەزراوەیە چوار ساڵ دواتر واتا لە (خوردادی ١٩٧٢) هاوکات لەگەڵ کۆتایی یەکەمین خولی خوێندنی خوێندکاران ناوی (کۆلیژی زانستی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان) بەخۆوەگرت.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٩)و لەکاتی ڕووداوێکدا بەناوی شۆڕشی کلتوریی لە ساڵی (١٩٨١)و داخستنی زانکۆکان لە ولاتدا، بەرنامەی فێرکاری کۆلیژی زانستی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانیش ڕاوەستا. لەساڵی (١٩٨٣) لەکاتی داڕشتنی بەرنامە نوێیەکان لەپێناو کردنەوەی زانکۆکان لەلایەن ستادی شۆڕشی کلتووریی، کۆلیژی زانستی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانیش بەکردەوە ڕاوەستێنراو و هەڵوەشێندرایەوە. سەرەنجام لەکاتی ئامادەکردنو داڕشتنی بەرنامەی سەرلەنوێ کردنەوەی خولە پسپۆڕییەکانی زانکۆکانی وڵات لە زستانی (١٩٨٣)، بڕیار درا کە تەنها نزیکەی (٤٠) یەکەی کورسی بۆ بایەخدان بە پەیوەندییەکان (لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا) بۆ ڕۆژنامەوانی تەرخان بکرێت. بەمشێوەیە لە (میهرماهی ١٩٨٤) کە بەرنامە فێرکارییەکانی زانکۆکان دوای (٣) سێ ساڵ وەستان دەستی پێکردەوە، لەبری وانەکان خولە پسپۆڕییەکانی (ڕۆژنامەوانی) و (پەیوەندییە گشتییەکان) و فێرکردنی وانەکانی ئینتیمای (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) لە شوێنی کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی عەلامە تەباتەبایی و شوێنی کۆنی کۆلیژی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەستی پێکرد.

دوای ئەوە، هەوڵی (د. کازمی موعتەمەد نەژاد)و (د.نەعیم بەدیعی) لە گروپی فێرکاریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلیژی زانست کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی عەلامەتەباتەبایی بۆ چاوخشاندنەوە بە بەرنامەی فێرکاریی ئینتیمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو سەرلەنوێ جیاکردنەوەی کۆلیژی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەم ئەنجامە گەیشتو سەرەنجام لە ساڵی (١٩٩٠) بەرنامەی فێرکاریی پێشنیازکرا و بۆ دامەزراندنی خولی پسپۆڕی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای بەرنامەداڕشتنی وەزارەتی فەرهەنگو فێرکردنی





باڵای ئەوکاتەوە بڕیار لەسەر دوو لق (ڕۆژنامەوانی)و (پەیوەندییە گشتییەکان) درا. هاوکات بەرنامەی فێرکاریی خولی ماجستێرو دواتر بەرنامەی فێرکاریی خولی دکتۆرای زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای بەرنامەداڕشتنەوە بڕیاری لەسەردراو لەگەڵ قبوڵکردنی خوێندکاران بەشێوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ بۆ خولەکانی بەکالیۆرۆس، ماجستێرو دکتۆرای زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەنگاوێکی نوێ لە ڕێگەی کردنەوەی ئەم کۆلیژەدا هەڵێنراو مژدەی دوورنمایەکی ڕوونی بەخشی.

## *فێربوونی وانەکانی تایبەتمەندی رۆژنامەوانی

ئەوەی لە ڕابردووە دوورو نزیکەکاندا لە فێربوونی رۆژنامەوانی و پەروەردەکردنی هەواڵنێران و رۆژنامەوانانда ڕوویداوە بەجێگەی خۆی، بەڵام لە سێ چوار دەیەی ئەم دواییەدا فێربوونی ئەکادیمیانەی خۆرئاوا بێگومان کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر فێربوونی رۆژنامەوانی لە زانکۆکانی ئێراندا هەبووە. هەرچەندە خەسڵەتی فێربوونی رۆژنامەوانی بەچەشنێك بووە کە داب ونەریت، کلتورو هونەری خۆڵاتیانەی لەگەڵدا ئاوێتە بووە، بەڵام کاریگەریی حکومەتەکانیش لە فۆرمەڵەبوونی رۆژنامەوانی میللیدا جێگەی گومان نییە.

لەگەڵ ئەمەشدا، خاڵی بایەخدارو تێڕامان، چۆنییەتی خستنەڕووی ئەو فێرکاریی و میکانیزمی کارکردنەیە کە وانەکانی رۆژنامەوانی لە ناوەندە فێرکارییەکان بەتایبەتی ناوەندە زانکۆییەکاندا هەیەتی کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی خستنەڕووی وانەکانەوە یەکن، بەڵام لەڕووی چۆنییەتی وانەوتنەوەو فێرکردنەوە جیاوازیی سەرەکیان هەبووە. کردنەوەی کۆلیژی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی (٢٠٠٥) دوای (٢٤) ساڵ وەستان، بە هیممەت و پشتیوانی و ماندووبوونی تاقەتپڕوکێنی مامۆستا باڵاکانی رۆژنامەوانی لە ئێراندا واتا (د. کازمی موعتەمەد نەژاد) و (د. نەعیم بەدیعی) خاڵێکی





وەرچەرخانە لە مێژووی رۆژنامەوانی و فێربوونەکەیدا، بەڵام وتنەوەی وانە تایبەتمەندەکانی رۆژنامەوانی هێشتا ڕووبەڕووی کەموکورتی بۆتەوە. بەشێوەیەکی گشتی کەموکورتییەکانی فێربوونی رۆژنامەوانی لە ناوەندە زانکۆییەکاندا دەکرێ بەم چەشنە هەژمار بکرێت:

—نەبوونی پێوەرو خاوەنداریێتی ڕاست‌ودروست لە هەڵبژاردنی خوێندکار بەشێوەیەکی تایبەتی لە کۆلیژی رۆژنامەوانیدا.

—سەلیقەوانی چۆنییەتی وانەوتنەوەی وانەکانی تایبەتمەندێتی رۆژنامەوانی.

—کەمبوون و لە هەندێ لە زانکۆکاندا نەبوونی ئەو وانەبێژو مامۆستایانەی کە خۆیان لە مەیدانی رۆژنامەوانی پیشەییدا خاوەنی ئەزموون و پێشینەی کارەکە بن.

—نەبوونی ناوەندە فێرکارییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی ئەزموونی زانستی لە پیشەی رۆژنامەوانیدا.

—نەبوونی فەزای گونجاو و تەواو لە ناوەندە فێرکارییە ئەکادیمییەکاندا بەمەبەستی دامەزراندنی ناوەندە فێرکارییەکان.

—هەژاری تەکنەلۆژیای فێرکاریی لەکاتی بوونی ئامرازەکاندا لە ناوەندەکانی فێرکاریی رۆژنامەوانی.

—نەبوونی چانس بۆ خوێندکاران لەپێناو بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە زانکۆییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون و ئەزموونی پراکتیکی.

توێژینەوەو بەدواداچوون و هەروەها بینینی ئەزموونە

فێرکارییە ئەکادیمییەکانی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا نیشانی دەدات کە ئەم وڵاتانە بایەخێکی تایبەت بە دوو خاڵی بنەڕەتی دەدەن. یەکەمیان هەلومەرجی ئەکادیمیانەی ڕۆژنامەوانی بەچەشنێکە کە تەنها ئەو کەسانەی لەڕووی فکریی و هەروەها فیزیکییەوە توانای خوێندن و پاشان هەڵسوڕانیان لە ماس میدیادا هەیە، بۆ ئەم ناوەندانە کێش دەکرێن. دووەم ئەوەیە کە لەهەموو ئەم زانکۆیانەدا چەند یاخود بەلایەنی کەمەوە بڵاوکراوەیەك لەلایەن خوێندکارانی ڕۆژنامەوانییەوە بڵاودەکرێتەوە.

## *ڕێگەی گەیشتن لە تایبەتمەندێتی ڕۆژنامەوانییەوە بە ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند

هەواڵنێرێك دەبێ بزانێ کاتێك خولی تایبەتمەندێتی ڕۆژنامەوانی بینی، چۆن بەرەو ڕۆژنامەوانییەکی تایبەتمەند هەنگاو دەنێت. قوتابخانەو زانکۆکانی ڕۆژنامەوانی لەو وڵاتانەی کە ئەزموونێکی دووروودرێژیان لە مەیدانی ماس میدیادا هەیە، ڕێگەی ئەم قۆناغە فێری خوێندکاران دەکەن. لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند بەبێ هەواڵنێران و ڕۆژنامەنوسانی تایبەتمەند فۆرمەڵە نەبووە.

خوێندکارانی کۆلیژی ڕۆژنامەوانی لە قۆناغی فێربوونی تایبەتمەندێتیدا واتا فێربوونی میتۆدەکانی هەواڵنوسین، ڕاپۆرتنوسین، هەڤپەیڤین، وتارنوسین و لەکاتی کارکردن لە





بڵاوکراوەی زانکۆدا توانستی خۆی لە مەیدانە جۆراوجۆرە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوریی، پزیشکی و...هتد تاقی دەکەنەوەو لەم نێوانەدا وانەبێژان و مامۆستایانیش بە دەستنیشانکردنی چێژو توانستەکانی خوێندکاران لەهەریەك لە بابەتە ناوبراوەکاندا، خوێندکاران بۆ چوونە مەیدانی تایبەتمەندێتی ئامادە دەکەن. لەم قۆناغەدایە کە بەسودوەرگرتن لە مامۆستا تایبەتمەندەکان، لە کاتی فێرکردن و بەدەستهێنانی ئەزموون لە بڵاوکراوەکاندا وانەکان و خولەکان فەراهەم دەکرێن. بەمشێوەیە هەموو خوێندکاران ناچار نین لە وانە فێرکارییە جۆراوجۆرەکاندا بەشداری بکەن و تەنها لەو خولانەدا بەشداری دەکەن کە حەزیان لێیەتی و توانستی خۆیان بۆ فێربوونی تاقی کردۆتەوە.

وادابنێ هەواڵنێرێك کە خولەکانی هەواڵنوسین، ڕاپۆرتنوسین و...هتد تەی کردووەو بۆنمونە توانستی خۆی لە بواری ئابوریدا دۆزیوەتەوە، دەتوانێ لە وانەکانی پەیوەندیدار بە زانستی ئابوری بەشداریی بکات و لێهاتوویی پێویست لەم مەیدانەدا بەدەست بهێنێت و بە توێژینەوەی زیاتر لە دەرەوەی وانەکاندا، لەکۆتایی خولی زانکۆدا بۆ کارکردنی ڕۆژنامەوانی لە مەیدانی ئابوریدا ئامادەباش ببێت.

لە مەسەکانیتردا وەك هونەر (سینەما، شانۆ، موزیك، هونەرە شێوەکارییەکان، وێنەکێشان...هتد) پزیشکی، سیاسەت، زانستە کۆمەڵایەتییەکان و...هتد لەبنەڕەتدا زانکۆ پێویستە کۆمەڵە خول و

وانەیەك بۆ خوێندكارانی رۆژنامەوانی بەڕێوەببات تا هەریەك لە خوێندكاران هاوكات لەگەڵ ئامادەباشیان لە مەیدانی پیشەی رۆژنامەوانیدا، پیشەیەكی تایبەتیشیان دۆزیبێتەوەو دەستەبەریان كردبێت. فێربوونی خولە تایبەتەكان لەكاتی فێربوونی رۆژنامەوانیدا، هەواڵنێرانو رۆژنامەنوسانی تایبەتمەند بەرهەم دەهێنێتو ئەمە هەنگاوی یەكەمە لەپێناو فۆرمەڵەبوونی رۆژنامەوانییەكی تایبەتمەند.





## رۆژنامەوانی تایبەتمەند

*سنور، ڕۆڵو بەهای پەیام

لە تایبەتمەندێتی چاپەمەنیدا رۆژنامەنوسێك لەبەرئەوەی كە لە رۆژنامەیەكی گشتیدا كار دەكات، سنورو پانتایی پەیامەكەی بەپێی سنورو پەیامێك دەگونجێنێت كە وەرگرە بەرفراوانەكانی ئەو بڵاوكراوەیە ڕاكێش بكات، بەڵام لەوساتەوە كە رۆژنامەنوس پێ دەنێتەناو دنیای چاپەمەنی تایبەتمەندەوە، ئەم پرەنسیپانە دەگۆڕێت چونكە بنەچەو بنەڕەتی چاپەمەنی تایبەتمەند (رۆژنامە، گۆڤار، رۆژمێر) لەسەر پەیامو بەهاكەی ڕاوەستاوە. چاپەمەنی تایبەتمەند لەسەربنەمای پێداویستی چینێكی تایبەتو بە زانینو هەبوونی زانیاریەكی زیاتر لە مەیدانی زانستە جێحەزەكانی ئەو چینەدا دێتەئارا.

*وەرگرناسی لە چاپەمەنی تایبەتمەنددا

بەهەمانشێوەی كە وترا، چاپەمەنی تایبەتمەند پێداویستی كەسانێكی تایبەت بۆ دابینكردنی زانیاری دەربارەی مەسەلەیەكی تایبەت دەهێنێتەدی، لەئەنجامدا بەرلە بڵاوبوونەوەی بڵاوكراوەیەك دەبێ وەرگرەكانی بناسرێت.

لە قۆناغی یەكەمدا دەتوانرێ لە چوار لایەنەوە هەڵبسەنگێندرێت:

١-تەمەنی وەرگر:

كاتێ هەنگاو بۆ بەرنامەڕێژی لەپێناو بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوەیەكی تایبەتمەند دەنرێت، دەبێ بزانرێ چ كەسانێك و لە چ تەمەنێكدا دەبنە وەرگری بڵاوكراوەكە. هەندێ لە بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان وەك بڵاوكراوەكانی منداڵان یا نەوجەوانان و لاوان، بڵاوكراوە وەرزشییەكان، بڵاوكراوە ڕووداوییەكان...هتد لەسەربنەمای تەمەنی وەرگر دادەڕێژرێن. دەكرێ تەمەنەكان لەسەر ئەم بنەمایە پۆلێنبەندی بكرێت:

تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵ، (٧ تا ١٣ ساڵ)، (١٤ تا ١٨) ساڵ و بەهەمانشێوە بەپێی ئەو ئاستەی كە ڕەچاو دەكرێت تەنانەت بۆ وەنێوكەوتووانی (٤٠ تا ٥٠) ساڵ و سەرووتریش لەبەرچاو دەگیرێت.

٢- ڕەگەزی وەرگر:

دەربارەی ڕەگەزی وەرگریش دەبێ بایەخ بەم خاڵە بدرێت كە بڵاوكراوە بۆ كام لە ڕەگەز (ژن یا پیاو) بڵاودەكەینەوە. سروشتییە بڵاوكراوەی ژنان بەلەبەرچاوگرتنی ڕەگەزی وەرگرەكەی بڵاودەكرێتەوەو بڵاوكراوەیەكی وەك بڵاوكراوەی (بیناسازی) پتر پیاوان بۆلای خۆی ڕاكێش دەكات.

٣-خوێندەواریی وەرگر:

بەگشتی گروپە كۆمەڵایەتییەكان لە هەر وڵاتێكدا دەكرێ بەلەبەرچاوگرتنی ڕێژەی خوێندەواریی و كلتورەكەشی پۆلێنبەندی بكرێت. منداڵانی بەرلە تەمەنی چوونە خوێندنگا (بە نەخوێندەوار)، قۆناغی سەرەتایی (كەم خوێندەوار)، لە قۆناغی





ناوەندی بۆ سەرووتر بە(خوێندەوار) و لەوەش زیاتر بە (خوێندەواریی زۆر) لەبەرچاودەگیردرێن. ئەگەرچی ڕێژەی زانیارییەكان و خوێندن لە هەندێ لە كۆمەڵگاكاندا، بە بڕوانامەی خوێندنەوە وابەست نییە بەڵام بەشێوەیەكی كلاسیكی دەكرێ سود لەم پۆلێنبەندییەش وەربگیرێت.

٤-چینی كۆمەڵایەتی وەرگر:

هەڵسەنگاندنی وەرگر لەڕووی پێگە یاخود چینی كۆمەڵایەتییەوە، یارمەتی بەڕێوەبەرانی بڵاوكراوەیەك دەدات تا بڕیاری دروست بۆ ڕاكێشكردنی وەرگرەكانی بگرنەبەر. چینە كۆمەڵایەتییەكان دەكرێ لە ڕوانگەی كاریشەوە لەبەرچاوبگیرێت، وەك: چینی كرێكاران، كارمەندان، ئەندازیاران، پزیشكان، خانمە ماڵدارەكان، خوێندكاران و...هتد

بەرەچاوكردنی مەسەلە چواركوچكەییەكانی دەستنیشانكردنی وەرگرو زەمینەی تایبەتمەندێتی بڵاوكراوەكە، دەتوانرێ هەندێ لەوانە لەتەك یەكتریشدا دابنرێن. وەك بڵاوكراوەی منداڵان (نەخوێندەوار، ٢ تا ٦ ساڵ) یا كرێكاران (خوێندەوار یا كەم خوێندەوار، تەمەنی ١٨ تا ٣٠ و ٣٠ تا ٥٠ و ٥٠ تا ٦٠) و بەهەمانشێوەش كابانە ماڵدارەكان یا گروپە كۆمەڵایەتییەكانیتر. دەرەنجامەكەشە ئەوەیە كە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی بڵاوكراوەیەكی تایبەتمەند دەبێ بزانن گرنگی بڵاوكراوەیەكی تایبەتمەند لەڕوانگەی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە لەوەدایە كە:

١-بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەکە، پێشتر ئەو چینەیان ناسی بێت کە بڵاوکراوەکەی لەپێناودا بڵاودەکەنەوەو بزانن کە بۆ چ گروپێك و بۆ چ تەمەنێك و بۆ چ ئاستێکی خوێندەواریی و ڕەگەزێك بڵاوی دەکەنەوە.

٢-ئەو پەیامەی کە بۆ وەرگرەکان دەنێردرێت، بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکان و پێویستییەکانی گروپە ڕەچاوکراوەکە بێت تا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی تەواوی هەبێت.

***بەرنامەڕێژی بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند**

ئەو باسەی لەم ساڵانەی دواییدا لە کۆڕە چاپەمەنییەکاندا لەئارادایە، سەرنەکەوتن و نەبوونی پێشوازییە لەهەمبەر بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا کە وەرگرێکی کەم و سەرەنجام بە تیراژێکی کەمەوە تەمەنێکی کورتیان هەیەو ئەوانەی درێژە بە تەمەنی خۆیان دەدەن ئەو پشتیوانی و پشتگیرییەکی دارایی تایبەتیان نەبێت ئەوا جیاوکن.

لاوازی سەرەکی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لەمەدایە کە سەرەتا بڵاودەکرێتەوەو پاشان بەدوای وەرگردا دەگەڕێت و بەبێ بەرنامەڕێژی لەڕووە جۆراوجۆرەکانییەوە، ڕەوانەی بازاڕ دەکرێت. خاڵی بنەڕەتی لە هەر کارێکی ڕووناکبیریدا، بڕەوە ئابورییەکەیەتی و هەر کارێکی ڕووناکبیری ئەگەر بڕەوێکی ئابوری نەبێت، ئەوا دەچێتە ئاوابوونەوەو گەشە ناکات.





***بەرنامەڕێژیی بەرایی بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند**

بەرنامەڕێژی بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند دوای هەڵبژاردنی بابەتی بڵاوکراوەکە، دەبێ لە چوار ڕوانگەوە ئەنجام بدرێت:

١- دەستنیشانکردنی وەرگرو وەرگرتنی پێداویستییەکانی (ئامادەکردن و دابەشکردنی پرسیارنامەکان).

٢-بەرنامەڕێژیی ناوەڕۆك بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجی بڵاوکراوەکە.

٣-دەستنیشانکردنی نمونەی ستراکتورەکەی و ژمارەی هاوکاران (ستافی نوسین، دارایی، بازرگانی و...هتد )

٤-بەرنامەڕێژیی دارایی (بودجەکان و داهاتەکان)

***ڕۆڵی هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی لە کاریگەریدانان و سەرخستنی ڕۆژنامە تایبەتمەندەکاندا**

زۆر لەو قۆناغە دوورکەوتووینەتەوە کە ڕۆژنامەنوسان بە شایستەیی، سەلیقەو توانستی خودییەوەو بەپێی ئەو هۆشیارییانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەبارەی سەلیقەو ئینتیماکانی خەڵکەوە هەیانەو دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند دەکەن. گریمان ئەگەر گروپێك بیانەوێ

بڵاوکراوەیەك بۆ جوتیاران بڵاوبکەنەوە، دوو فاکتەر ئەوانی بۆ ئەم کارە هان داوە، یەکێکیان ئەوەیە کە خۆیان لە ئارەزوومەندانی چالاکییە کشتوکاڵییەکان بوون، دووەم ئەوەیە هەست بە ئاماژەیەك دەکەن کە بۆ نمونە چینی جوتیار پێویستیان بەبوونی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەندە. دەرەنجامی ئەم چەشنە دادوەرییە ئەوەیە کە زۆرینەی رۆژنامە تایبەتمەندەکان دوای ماوەیەك بەهۆی ئەوەی کە چینی وەرگری پەیامەکەیان بە دروستی نەناسی بوو و یاخود لەبەرئەوەی پەیامەکەی خۆیان بە دروستی پێشکەش نەکردبوو، دەکەوتنە ڕاوەستان. بەڵام دێرزەمانێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، مەسەلەی خستنەڕووی بڵاوکراوەیەکی تازە چ لە زەمینەی چاپەمەنی تایبەتمەندو چ لە زەمینەی چاپەمەنی گشتیدا لەڕێگەی زانستییەوە شرۆڤەی دەکەنو لەڕاستیدا رۆژنامەی تایبەتمەند هەروەك کاڵایەکی بەکاربراو کە لەڕوانگەی ئابورییەوە دەبێ بازاڕێکی فرۆشتنی متمانەپێکراوی هەبێت، دەخەنە ژێر هەڵسەنگاندنەوە.

لەگەڵ ئەم دۆخەشدا ئەگەر هەنوکە لەمەڕ بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەیەکی گشتی بتوانرێ پشت بە ڕێساگەلێکی تائەندازەیەك نازانستی ببەسترێت (وەك ڕووداوە لەناکاوە سیاسییەکان یا گۆڕانە بەرفراوانەکانی تەکنیکی چاپو نمونەکانی) ئەوا بۆ بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان پشتبەستن بە کارێکی زانستی پتەو، لە ئەرکەکانی سەرکەوتنی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەندە.

بۆ ئەم مەبەستە لە جیهانی ئەمڕۆدا، هەرکاتێك گروپێك یا





کەسانێك بیانەوێ لەپێناو چینێکدا بڵاوکراوەیەك بڵاوبکەنەوە، سەردانی ڕێکخراوەکانی خەمڵاندنو هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی دەکەن، ئامانجی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەدا دەخەنەبەرباس.

چینی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، خوێندنو تەمەنی کۆمەڵایەتی کە لەبەرچاو گیراون، دەیناسێننو ئەو پەیامە شرۆڤە دەکەن کە دەیانەوێ پێشکەشی بکەن. ئەوکاتە ڕێکخراوە ناوبراوەکان دەست بە کاری دابەشکردنی ئەو پرسیارنامانە دەکەن کە تیایدا بەوردییەوە پرسیار لە تێڕوانینی چینە هەڵبژێردراوەکە دەکرێت. ئەم ڕێکخراوانە تەنانەت مەسەلەی پانتایی و ئەندازە، نرخ، ژمارەی لاپەڕەکانو مەسەلە جێمەبەستەکان لەگەڵ خوێنەرە پێشبینی کراوەکاندا دەخەنەبەرباسو دوای توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی وەڵامە گەیشتووەکان، دواتێڕوانین دەخەنەڕوو و دامەزراوەکانی بڵاوکراوەکە دەخەنەبەردەم پرۆسیسی خواستەکانی چینە جێمەبەستەکانەوە.

تەنها لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕایگشتییەوەیە کە بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند دەتوانێ لە سەرکەوتنی ڕێژەییانەی خۆی دڵنیا بێتو لە مەترسی بێمتمانەیی و جیاوازنەبوون بەپارێزراو بمێننەوە.

دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی لەم ڕێگەیەوە تا ئەو ئاستە سودمەند بوون کە بڵاوکراوە سەرکەوتووە تایبەتمەندەکانیش، بە هەرچەندکاتێك جارێك بۆ جێگیرکردنی بارودۆخی خۆیان یا باشترکردنی ناواخنی خۆی داوا لە ئەوان

دەکەن کە کۆمەڵە پرسیارنامەیەك چاپ بکەن و لەناو وەرگرەکانی بڵاوکراوەکەدا دابەشی بکەن تا بەرپرسانی بڵاوکراوەکان لە خواستە تازەکانی وەرگرەکانی خۆیان ئاگادار بن.

بەمجۆرە بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند کاتێ دەتوانن بانگەشەی ئەم ناونیشانە بکات کە پێشتر وەرگرەکانی خۆیان بناسن و بزانن کە ئەم بڵاوکراوەیە بۆ چ کەسانێك؟ بۆ چ مەبەستێك؟ بڵاودەکرێتەوە. سەرکەوتنی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند کاتێ ڕوون دەبێتەوە کە چینی وەرگرەکانی لەو پەیامە ڕەزامەندو ڕازی بووبێت کە لەلایەن بڵاوکراوەکەوە وەریانگرتووە.

١-دەستنیشانکردنی وەرگرو وەرگرتنی پێداویستییەکانیان:

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی وردی وەرگرەکانی بڵاوکراوەیەك، داڕشتنی پرسیارنامە سەرەتاییەکان پێویستە. ئەم پرسیارنامەیە بەچەشنێك دەبێ ڕێکبخرێت تا دامەزرێنەر یا دامەزرێنەرانی بڵاوکراوەیەك ڕواڵەتی گشتیانەی وەرگرەکان و پێداویستییەکانی وەرگرەکان بەدەست بهێنن.

دیاریکردنی تەمەن، ڕەگەز، ڕێژەی خوێندەواری، گروپی کۆمەڵایەتی دەبێ لە پرسیارە یەکەمینەکاندا بێت. پاشان دەتوانرێ لە ڕێژەی خوێندنەوەی وەرگرەکان، کاتی خوێندنەوە، چۆنییەتی خوێندنەوەیان و هەروەها ئینتیماکانیان بۆ کاتی بڵاوبوونەوە (هەفتانە، دوو هەفتە جارێك، مانگنامەو وەرزنامە) بپرسرێت. نرخی بڵاوکراوە، ژمارەی لاپەڕەکانیش دەتوانرێ لە پرسیارەکانی دواتردا هەبێت.





پرسیارنامەی یەکەم لەبەرئەوەی هەنگاوی یەکەمە لەپێناو ناسینی گشتیانەی وەرگرەکاندا، نابێ لە (١٠) دە پرسیار زیاتر بێت، لە پرسیارنامەی دووەمدا بەلەبەرچاوگرتنی بەدەستهێنانی زانیارییە سەرەتاییەکان لە وەرگرەکان، دەتوانرێ ئەم پرسیارانەی خوارەوە بخرێتەڕوو.

*پرسیار دەربارەی ناوی بڵاوکراوەکە، بۆ ئەم مەبەستە چەند ناوێك کە جێی بایەخی بەڕێوەبەرەکانە ڕادەگەیەندرێت و جێگەی یەك ناو یا دوو ناو دەهێڵدرێتەوەو داوا لە وەرگرەکان دەکرێت ناوە جێحەزەکەی خۆیان بنوسن.

*پرسیار دەربارەی ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکە: شەممان، کۆتایی هەفتە، هەفتە، ناوەندی هەفتە (بەلەبەرچاوگرتنی مەوداکانی بڵاوبوونەوەکە)

*بەلەبەرچاوگرتنی بەرنامەداڕشتنی ناوەڕۆك کە پێشتر ئەنجام دراوە، دەتوانرێ پرسیار دەربارەی ئەوانە لە وەرگر بکرێت تا بزانرێ وەرگرەکان ئینتیمای زیاتر بۆ کام بەشی مەسەلەکان نیشان دەدات. لەم قۆناغەدا نابێ پرسیار لە قاڵبەکان بکرێت (هەواڵ، ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین و...هتد) بەڵکو مەسەلەکان و فرەچەشنییەکانیان گرنگترەو دەبێ لەبارەیەوە پرسیار بکرێت. بەڕێوەبەرەکان قاڵبەکان دەستنیشان دەکەن.

*پرسیار دەربارەی ڕێژەی وێنەداربوونی بڵاوکراوەکە (بەلەبەرچاوگرتنی بابەتی بڵاوکراوەکە): بەراوردی ڕێژەی دەق لەگەڵ ڕێژەی وێنەدا (وێنە، نەخشە، کاریکاتێر).

لە پرسیارنامەی دووەمدا دەتوانرێ چۆنییەتی پەیوەندی وەرگرەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەکەدا ڕابگەیەندرێت و لە ڕێگەی تەلەفۆن، نامەو پۆستی ئەلیکترۆنیشەوە زانیارییەکی زیاتر لەبارەی پێداویستییەکانی وەرگر بەدەستبهێنرێت.

پرسیارنامەی یەکەم و دووەم دەبێ تا نزیکەی (٥٠٪) یاریدەی ناسین و پێداویستییەکانی وەرگر بە بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەکە بدات و ئەوان دڵنیابکاتەوە لە خستنەڕووی پرسیارنامەی سێیەم و کۆتایی.

لەکاتی خستنەڕووی پرسیارنامەی سێیەمدا، لەبەرئەوەی دەستڕاگەیشتن بە بەشێك زانیاریی زیاتر لەبارەی وەرگر لەهەردوو پرسیارنامەکەدا ئەنجام دراوە، دەتوانرێ پرسیارگەلێکی قوڵترو وردەکارتر لەخۆبگرێت.

*خستنەڕووی چەند پێشنیازێك بۆ ناوی بڵاوکراوەکە (Flag).

*پانتایی و ئەندازەی بڵاوکراوەکە.

*وردەکارییەکی زیاتر لەبارەی ناواخنی بڵاوکراوەکە.

* چۆنیەتی ئامادەکردنی بڵاوکراوەکە (کڕین لە دووکانی سەرشەقام، ناردن لەڕێگەی پۆستەوە).

* چۆنیەتی بەشداربوونی وەرگر لە بڵاوکراوەکەدا (ناردنی بابەت و...هتد ).

* چۆنیەتی دیزاین و گرافیکی گۆڤارو ڕەنگاوڕەنگبوونی گۆڤارەکە.





* چۆنیەتی خستنەڕووی زانیاری.

* چۆنیەتی هاوبەشی لە گۆڤارەکەدا.

لە پرسیارنامەی سێیەمدا تەنانەت دەتوانرێ دووبارە سود لە پرسیارەکانی هەردوو پرسیارنامەکانی پێشتر وەربگیرێت کە وەڵامەکانیان یان کامڵ نییە یان ڕووبەڕووی ئاڵۆزێتی بۆتەوە. دەبێ سەرنج لەوە بدرێت کە لە شێوازی ڕێکخستنی پرسیارنامەکاندا بەرلە ڕێکخستن و خستنەڕووی بۆ وەرگرەکان، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵە گریمانەیەك هەیە کە پرسیارنامەی یەکەم و دووەم لەسەربنەمای ئەوە ڕێکدەخرێت. بۆنمونە ئەگەر وابڕیاربێ بڵاوکراوەیەکی وەرزشی بڵاوبکرێتەوە، گریمانەکانی بەڕێوەبەرەکانی لەبارەی وەرگرەوە بەرەچاوکردنی (تەمەن، خوێندەواری و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ڕەگەزەکەی) تا ئەندازەیەك دیارە. تەنانەت پانتایی و ئەندازەو نرخەکە دەتوانرێ تا ئەندازەیەك بەرلە بڵاوبوونەوەی دیاری بکرێت. (سێ پرسیارنامە بەشێوەی نمونەی گریمانەیەك لە کۆتایی ئەم فەسڵەدا هاتووە).

٢-بەرنامەڕێژیی ناوەرۆک بەرەچاوکردنی ئامانجی بڵاوکراوەکە:

بەرنامەڕێژیی ناوەرۆکی بڵاوکراوەکە لەسەربنەمای دوو ئامانج (کورتمەوداو درێژمەودا) ئەنجام دەدرێت. ئامانجی کورتمەودا بەگشتی یەك ساڵەو ئامانجی درێژمەودا واتا مانەوەی بڵاوکراوەکە لە پێنج ساڵەوە بۆ زیاتر لەبەرچاودەگیرێت. لە ئامانجی کورتمەودادا بەڕەزامەند هێشتنەوەی وەرگر لایەنی کەم لەماوەی

یەك ساڵی بڵاوكراوەكەدا جێی بایەخپێدانەو لە ئامانجی درێژمەودادا، بەردەوامبوون لە بڵاوكردنەوە، پاراستنی وەرگر یا بەئەلتەرناتیڤكردنی وەرگرە نوێیەكانو زیاتریش، دروستكردنی فرەچەشنی لە ناوەرۆكو فۆرمی بڵاوكراوەكەو بوونەرۆژانەی بڵاوكراوەكە لەهەر خولێكی بڵاوبوونەوەدا لەبەرچاودەگیرێت. سەرەنجام بەرلە بڵاوبوونەوەی، دەبێ ئەم بابەتانە دەستنیشان كرابێت:

١-ناوی بڵاوكراوەكەو دیزاینەكەی.

٢-زەمینەی چالاكی (بابەتی بڵاوكراوەكە) سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتیو مەسەلە وردەترو تایبەتمەندەكان بۆنمونە: زەمینەی ئابوری لەگەڵ مەسەلەی بانكداری یا بۆرسە یا پیشەسازیو...هتد

٣-پانتایی بڵاوبوونەوە (وڵاتی، پارێزگایی، ناوچەیی، شاریی، گوندیی، گەڕەكی).

٤-ڕێكخستنی بڵاوبوونەوە (رۆژانە، هەفتانە، دووجار لە هەفتەیەكدا، پانزە رۆژ جارێك، مانگنامە، وەرزنامە).

٥-پانتاییو ئەندازە (رۆژنامە: پانتایی گەورە، پانتایی تابلۆید tabloid، پانتایی گۆڤار، وەزیری، روقعی، ئەتڵەسی، A3،A4،A5 یا ...هتد ).

٦-وەرگر (تەمەن، ڕەگەز، خوێندەواری، گروپی كۆمەڵایەتی).

٧-ژمارەی لاپەڕەكان.

٨-دیاریكردنی جۆری دیزاینو گرافیكی لاپەڕەكان، قەوارەی وێنەكان.





٩-ڕەنگاوڕەنگ یا ڕەش‌وسپی.

١٠-فۆرمی بەرگ.

١١-ستونبەندی لاپەڕەكان.

١٢-قەوارەی ڕیكلامەكان.

١٣-تیراژ.

١٤-نرخی بڵاوكراوەكە.

١٥-ناوەرۆكی ژمارەی یەكەم لەگەڵ بابەتە دیاریكراوەكان:

-سەروتار: بابەتە دیاریكراوەكەی.

-هەواڵەكان: بابەت دیاریكراوەكەی.

-ڕاپۆرتەكان: بابەتە دیاریكراوەكەكانی.

-وێنە..و بابەتە پەیوەندیدارەكانیتر بە زەمینەی تایبەتمەندێتی گۆڤارەكەوە.

بەپێی ڕێسا دەبێ ناوەرۆكی پێنج ژمارە تا بەرلە چاپی ژمارەی یەكەم، دەستنیشان كرابێتو ئەگەری گۆڕانكارییەكان لەڕووی تایبەتمەندێتییەوە لە بڵاوبوونەوەی هەر ژمارەیەكدا ڕەچاو بكرێت.

٣-پێكهاتەی ستافی نوسین:

بڵاوكراوەی تایبەتمەندیش هەروەك بڵاوكراوە گشتییەكان پێویستیان بە پێكهاتەبەندی لە ستافی نوسینو هاوكات لە سەرجەم بەشەكانیتری دارایی، بەڕێوەبردن، بازرگانیو...هتد هەیەو قەوارەو فرەچەشنی ئەم پێكهاتەبەندییەش بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەی تایبەتمەندێتی بڵاوكراوەكە فۆرمەڵە

دەبێت. لەبڵاوکراوەیەکی وەرزشیدا کە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو وەرزشەکان (تۆپی پێ،زۆرانبازی، گۆڕەپانو مەیدان، تێنس، سەبەتە، باسکەو...هتد ) بڵاودەکرێتەوە بەپێی ڕێسا لە بڵاوکراوەیەکدا کە بە ڕەهەندێکی تایبەتمەندتر بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی وەرزشەکان تەرخان کراوە، پێکهاتەیەکی سنوردارتری هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا لێرەدا پێکهاتەی ستافی نوسینو بەشەکانیتری بڵاوکراوەیەکی وەرزشی فرەچەشنو پاشان بڵاوکراوەیەکی وەرزشی تایبەتمەندتر وێنا دەکرێت:








★پێکهاتەی ستافی نوسینی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند (وەرزشی)




★پێکهاتـەی سـتافی نوسـینی بڵاوكراوەیـەكی تایبەتمەنـد (تۆپی پێ)





بەشـێوەیەكی سروشـتی، بـەربڵاوی یـا سـنورداركردنی پێكهاتـەی سـتافەكە بـەپێی بڕیـاردەرانی بڵاوكـراوەی تایبەتمەندەكەیـە كـە بـە سـەرنجدان لـە ڕاسـتییەكانی وەك توانستەكانی ستافی نوسین و تواناكانیتر بڕیار دەربارەی دەدەن و هەردوو پێكهاتە پێشكەش كراوەكە تەنها وەك نمونە خراوەتەڕوو.

٤- بودجەكان و داهاتەكان:

بەهەمانشێوەی كە وترا هەر كارێكی كلتوریی و چالاكییەكی پەیوەندیـدار بـە ئـەوەوە، وەك بڵاوكردنـەوەی بڵاوكراوەیـەك دەبێ داهـات بەرهـەم بهێنێتـەوەو لایـەنی ئـابوری هـەبێت، بەدەرلەمـە توانـای درێـژەدان بـە ژیـانی نییـە. لەمـەڕ بڵاوكراوەیـەكی تایبەتمەنـدیش ئـەم مەسـەلەیە ڕاسـتە. هەرچـەندە لـەم نوسـینەدا نـاتوانرێ نـاوی ژمارەیـەكی وردەكارانـەی بودجـەكان و داهاتـەكان بهێنرێت، تەنها باس لە لیستەكانیان دەكرێت تا ئەو كەسانەی كە حـەز بـە بڵاوكردنـەوەی بڵاوكراوەیـەك دەكـەن، ئـەم لیـستە لەبەرچـاوبگرێت. لێـرەدا تـەنها لیـستی ژمـارەی یەكـەمی بڵاوكراوەیەك لەڕوانگەی بودجەكانەوە باس دەكرێت و سروشتییە كە بەڕێوەبـەرانی بڵاوكراوەیـەك بـە پێشبینی كردن بۆ پێنج تا دە ژمـارەی بڵاوكراوەیـەك لـە ڕوانگـەی داهـات و بودجەكەیـەوە لەبەرچـاودەگرن. هەرچـەندە لـەكاتی كـاردا لەوانەیـە هەنـدێ لـە ژمارەكـانی لـە نرخـی كاغـەز، چـاپ و هاوشـێوەكانیدا كـەمێ بگـۆڕدرێن. هـەمان ئـەو پێـشبینیانە دەبێتەمایـەی ئـەوەی كـە بڵاوكراوەكە لە شەقامی بەختەوەریدا هەنگاو بنێت.

***بودجەکان**

**–پاداشتی نوسین و مافەکانی هەواڵنێران و ڕۆژنامەنوسان لە مانگێکدا.**

**– پاداشتەکان و موچەی کارمەندانی بەشە هونەرییەکان (لە پیتچنینەوە تا چاپ و دابەشکردن) لە مانگێکدا.**

**–بودجە سەرەتایی و بەراییەکانی بەشی دیزاین، گرافیک و ئامادەکردنی ناونیشان (flag)ی گۆڤارەکە.**

**–بودجەی بەشی وێنەگرتن و موچەی وێنەگران (کڕینی وێنە) کە مانگانەیە.**

**–موچەو پاداشتی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاپرسی کە مانگانەیە.**

**–بودجەی پۆستە، ئابونە کە مانگانەیە.**

**–بودجەی بەشی بازرگانی و ڕیکلامەکان (دیزاینی ڕیکلامەکان و...هتد )**

**–بودجەی کاغەز لەسەربنەمای تیراژ (بۆ ژمارەی یەکەم).**

**–بودجەی ئامادەکردنی فیلم، زینەك لەسەربنەمای ژمارەی لاپەڕەکان (ژمارەی یەکەم).**

**–بودجەی جزوبەند.**

**–بودجەی هەڵگرتن و گواستنەوەی یەك مانگ.**

**–بودجەی بەکرێگرتن یا ڕەهن یا کڕینی شوێنی کار.**

**–بودجەی ئاو، کارەبا، تەلەفۆن و خزمەتگوزارییەکانیتر**





**(فاکس، ئینتەرنێت).**

**–بودجەی بودجەی پێداویستییە بەکاربراوەکان (کاغەز، قەڵەم، ڕاستەو...هتد )ی ستافی نوسین و بەشی هونەری.**

**–بودجەی کافتریا (ڕەنگە چێشتخواردن یا خواردنی کارمەندان).**

**–بودجە نابەکاربەرو نەگۆڕەکان: (مێزو کورسی، ئامێری تەلەفۆن و فاکس، ئامێری فۆتۆکۆپی، ئامێری کۆمپیوتەر (ستافی نوسەران و پیتچنین و دیزاین)، ئامێری پرەنتەر، ئامێری سکانەر، ئامێری کامێرا، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ، ئامێری فایل، دەزگای کتێبخانە، ئامێری تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، ڕادیۆ، سەتەلایت.**

***داهاتەکان**

**–داهاتی تاکفرۆشتنی بڵاوکراوەکە.**

**– داهاتی هاوبەشێتی (ئابونەی بڵاوکراوەکە).**

**–داهاتی ڕیکلام (ڕیکلامە ڕەنگاوڕەنگەکان یان ڕەش‌وسپی).**

**هەرچەندە ژمارەی سەرچاوەکانی داهات سنورداره بەڵام بڕەکەی سنوردار نییە.**

**سەرکەوتوویی بڵاوکراوەیەك و بەرهەمهێنانی داهاتەکەی پابەندی بە ستافی نوسەران لەگەڵ هەواڵنێران و ڕۆژنامەنوسە تایبەتمەدەکانەوە هەیە، بەشی بازرگانی و ڕیکلامەکان کاتێ دەتوانن بەرهەمهێنەری داهات و سەرکەوتوو بێت کە ستافە نوسینە کاراکەی هەنگاویان بۆ ڕاکێشکردنی وەرگرەکان نابێت.**

واتا داهاتەکان بتوانن بودجەکان پڕبکەنەوەو کۆمەڵەبڕێکیش وەك پاشەکەوت بهێڵێتەوە، ئەوکاتە دەتوانرێ دەست بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند ببردرێت. هەروەك ئەم خشتەیەی خوارەوە تۆمار کرابێت




*پاشکۆ

**خستنەڕووی پرسیارنامە**

لەکاتی دابەش کردنی پرسیارنامەدا، لەگەڵ ئەوانەدا دەبێ دەربارەی ئەو بڵاوکراوەیەی کە دەتەوێ بڵاوی بکەیتەوە، ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆشن بکەیتە پاشکۆ تا وەرگرەکان بزانن لەپێناو چیدا دەبێ ئەم پرسیارنامەیە پڕ بکەنەوە.





## پرسیارنامەی یەکەم

١-ڕەگەز:

ژن (  )، پیاو(  ).

٢-تەمەن: (  ) ساڵ.

٣-ئاستی خوێندن:

ئامادەیی(  )، دیبلۆم(  )، خوێندکاری زانکۆ یا بەکالیۆرۆس(  )، ماجستێر(  )، دکتۆرا(  )، خوێندن بەدەوامەوە (  ).

٤-بواری ئەکادیمی:

٥-کار:

خوێندکار(  )، خوێندکاری زانکۆ(  )، ماڵدار (  )، کارمەند (حکومی) (  )، کارمەند (تایبەتی) (  )، کرێکار(  )، ئەندازیار(  )، پزیشك(  )، مامۆستای زانکۆ(  )، کاری ئازاد(  )، خانەنشین(  )، بێکار(  )، سەربازیی(  )، کاریتر(  ).

٦-ئایا جەماوەری خوێندنەوەی بڵاوکراوەیت؟

بەڵێ (  )، نەخێر(  ).

٧-ئەگەر بەڵێیە، چ بڵاوکراوەیەك دەخوێنیتەوە؟ ناوی بڵاوکراوەکە...هتد

ڕۆژنامە(  )، هەفتەنامە(  )، مانگنامە(  )، وەرزنامە(  ).

٨-لە رۆژێکدا چەند خولەك دەخوێنیتەوە؟

نزیکەی ١٠ خولەك(  )، ٢٠ خولەك(  )، ٣٠ خولەك(  )، یەك کاتژمێر(  )، زیاتر(  ).

٩-چ کاتژمێرێك لە شەورۆژدا بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەیت؟

بەیانیان (  )، نیوەڕۆیان(  )، عەسران(  )، شەوان(  ).

١٠- ئەو بڵاوکراوەیەی کە دەیخوێنیتەوە چەند لاپەڕەیە؟

٤٨لاپەڕە (  )، ٦٤لاپەڕە(  )، ٨٤لاپەڕە(  )، پتر لە ١٠٠لاپەڕە(  ).

١١-چ بڕە پارەیەك بە بڵاوکراوە دەدەیت؟

١ دینار (  )، ٢دینار(  )،٤ دینار(  )، ١٠ دینار(  )، زیاتر(  ).

## پرسیارنامەی دووەم

١- بۆ بڵاوکراوەیەك بە بابەتی تایبەتمەندەوە...هتد چ ناوێك پەسەند دەکەیت؟

(  )، (  )، (  )، (  ).

٢-تۆ چ ناوێك هەڵدەبژێریت؟ بەپێی ڕیزبەندی گرنگییەکەی بینوسە؟

(  )، (  )، (  ).

٣- حەز دەکەیت بڵاوکراوە جێمەبەستەکەی تۆ لە چ ماوەگەلێکدا بڵاوبکرێتەوە؟

هەفتانە(  )، دوو هەفتەجارێك(  )، مانگنامە(  )،





وەرزنامە(  ).

٤- لە بڵاوکراوەیەکدا کە بابەتی ... بڵاودەکاتەوە، حەز دەکەیت پتر چ ناونیشانگەلێك بخوێنیتەوە؟

(  )، (  )، (  )، (  ).

٥-وێنەداربوونی بڵاوکراوە تا چ ئەندازەیەك گرنگە؟

کەم(  )، مامناوەند(  )، زۆر(  )، زۆر زۆر(  ).

٦-لەکام ڕێگەوە حەز دەکەیت پەیوەندی بەم بڵاوکراوەیەوە بکەیت لەپێناو خستنەڕووی تێڕوانینەکانی خۆت؟

تەلەفۆنی(  )، پۆستە(  )، پۆستی ئەلیکترۆنی(  ).

*ژمارەی تەلەفۆنی بڵاوکراوەکە:

*ناونیشانی پۆستەی بڵاوکراوەکە:

*ناونیشان:

*پۆستی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەکە:

## پرسیارنامەی سێیەم

١- بۆ بڵاوکراوەیەك بە بابەتی (.....)یەوە چ ناوێك پەسەند دەکەیت؟

(  )، (  )، (  )، (  ).

٢-کام دیزاین یان خۆشنوس بۆ ناونیشانی گۆڤارەکە هەڵدەبژێریت؟

خۆشنوس یا دیزاین١(  )، دیزاین یا خۆشنوسی٢(  )،

ئاوێتەکردنی خۆشنوسی یا دیزاین٣(   )،

٣-چ ڕووبەرو ئەندازەیەك بۆ بڵاوکراوەکە پەسەند دەکەیت (دەبێ ڕۆژنامە یا گۆڤاربوونەکە پێشتر دیاری کرابێت)

ڕووبەری گەورەی ڕۆژنامە(   )، ڕووبەری بچوکی ڕۆژنامەی تابلۆید (tabloid) (   )، ڕووبەری A3(   )، ڕووبەری A5(   )، ڕووبەری A٤ (   )، ڕووبەری ڕوقعی (   )، ڕووبەری وەزیری(   )، ڕووبەری ئەتڵەسی (پاڵتۆیی) (   ).

٤-حەز دەکەیت بڵاوکراوەکە بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەی تایبەتمەندێتییەکەی خۆی، باس لە کام کۆمەڵەبابەت بکات؟ (سنوردار نییە)

بابەتی أ(   )، بابەتی ب(   )، بابەتی ج(   )، بابەتی د(   )، بابەتی هـ(   )، بابەتی و(  )

٥-حەز دەکەیت بڵاوکراوەکە لە چ ڕێگەیەکەوە بکڕیت؟

دەستفرۆشی ڕۆژنامەکان(   )، لەڕێگەی پۆستەوە بنێردرێت(   ).

٦-ئەگەر حەز دەکەیت بڵاوکراوەکە لەڕێگەی پۆستەوە بەدەست تۆ بگات، شوێنە مەبەستەکەت دیاری بکە؟

شوێنی کار(   )، ماڵ(   )، شوێنیتر(   ).

ناونیشانەکەی:

٧- ئایا حەز دەکەیت ببیتە هاوبەش (ئیشتراك)ی ڕۆژنامەکە؟

بەڵێ(   )، نەخێر(   ).

٨-ئەگەر حەز دەکەیت ببیتە هاوبەش (ئیشتراك)ی ڕۆژنامەکە،





بۆ چ ماوەیەك هاوبەشی (ئیشتراك)ت دەوێت؟

سێ مانگ(   )، شەش مانگ(   )، یەك ساڵ(   ).

لەکاتێکدا کە حەز بە هاوبەش (ئیشتراك)ی بڵاوکراوەی (.......)دەکەیت، تکایە دوای دانی بودجەی هاوبەش (ئیشتراك) بە (...............) پسوڵەکە لەگەڵ ناونیشانو ژمارەی تەلەفۆن بۆ (...........) بنێرەو یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەکە (لەکاتی وەرگرتن)ەوە لە (...........)وەربگرە.

٣

# پۆڵێنبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان

سەرچاوەو ژێدەرە جۆراوجۆرەکان، کۆمەڵە پۆڵێنبەندییەکی جۆراوجۆریان لەمەڕ بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانەوە ئەنجام داوە. تێڕوانینی زانستی (ئەکادیمی) بۆ بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان، ماوەکانی بڵاوبوونەوەو پۆڵێنبەندی بابەتیانە لەڕیزی ئەم فرەچەشنییەی پۆڵێنبەندییەکاندایە. سەرەنجام تەنها پۆڵێنبەندییەکی زانستیانە یاخود ماوەکانی بڵاوبوونەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبێتەمایەی ڕەتکردنەوەی پۆڵێنبەندی چاپەمەنییەکان، چونکە فاکتەرەکانیتر بەتایبەتی وەرگرەکان لە پرۆسەی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا لەبەرچاو ناگیرێن، دەبێ پۆڵێنبەندی بابەتیانە بە بابەتیترین پۆڵێنبەندی لەمەڕ بڵاوکراوەتایبەتمەندەکان دابندرێت کە لە تەك فاکتەرەکانیتری وەك ماوەکانی بڵاوبوونەوە، ئاستی زانستی بڵاوکراوەکانو هەروەها لەبەرچاوگرتنی وەرگرەکان، ڕاستەقینەترین پۆڵێنبەندییە. لەگەڵ ئەم دۆخەشدا لەم فەسڵەدا باس لە هەموو پۆڵێنبەندییەکان دەکرێتو سەرەنجام پۆڵێنبەندیی جێمەبەستیش دەخرێتەڕوو.





***گێڕانەوەی یەکەم**

یاریدەدەرایەتی کاروباری چاپەمەنی وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی[12]، بڵاوکراوەکان بۆ دوو گروپی (تایبەتمەند- زانستی)و (ناتایبەتمەند) بەم جۆرە پۆڵێنبەندی کردووە:

ا: بڵاوکراوە تایبەتمەندە- زانستییەکان (ئەکادیمی)

زانستە بنچینەییەکان (ماتماتیك، فیزیا، کیمیا، بایۆلۆجی، ئەستێرەناسی، جیۆلۆجی، کەشناسی، جیۆفیزیا، ئامار، زانستە دەریاییەکانو...هتد ) زانستە مرۆییەکان (سۆسیۆلۆجی، ئەنترۆپۆلۆژی، پەیوەندییەکان، مافناسی، زانستە سیاسییەکان، سایکۆلۆژی، زانستە ئابورییەکان، زانستە پەروەردەییەکان، تیۆلۆجی، فەلسەفە، زمانو ئەدەبیات، مێژوو، جیۆگرافیا، بەڕێوەبردنی زانستەکان، کتێبخانەو زانیاری گەیاندن، ژمێریاری، پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان، دیمۆگرافی، زانستی پەیوەندییەکان، کۆمەڵایەتی، زانستو هونەرە سەربازییەکان...هتد ) پزیشکیو پەرستاریی پزیشکی، تەکنیکی- ئەندازیاریی، کشتوکاڵ، هونەر (سینەما، شانۆ، وێنەگریی، گرافیك، هونەرە شێوەکارییەکان، مۆزیك، ئەکتەریی و دەرهێنان، ئەنیمەیشن، وێنەکێشان، وێنەکێشیو دیزاینی

---

[12]-یاریدەدەرایەتی کاروباری چاپەمەنی وەزارەتی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی، پۆڵێنبەندی بڵاوکراوەکان لە فۆرمی داخوازی وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوکراوەدا پێشکەش بە داواکاران دەکات. (نوسەر)

پیشەیی، نۆژەنکردنەوەی کەلوپەلی کلتوریی و بینا مێژووییەکان، توێژینەوەی هونەریی و...هتد )ی گشت زانستەکان.

لەم پۆلێنبەندییەدا بەم چەشنە دێتەبەرچاو کە لەڕووی بەکارهێنانی زمانی (ئەکادیمی) لە تەك بڵاوکراوە (تایبەتمەندە-زانستییەکان) مەبەست لە کتێبەکان، بڵاوکراوەکان و وانە زانکۆییەکان بێت کە لەسەرەتای پێڕستەکەدا هاتووەو ئەمەش پۆلێنبەندییەکی تەواو ئەکادیمیانەیە. لە درێژەی هەمان پۆلێنبەندی بڵاوکراوە ناتایبەتمەندەکاندا لە هەردوو گروپەکەدا بە (١٦) ناونیشان ناویان هێنراوە.

ب-بڵاوکراوە ناتایبەتمەندەکان

١- (کۆمەڵایەتی) بریتییە لە:

(ڕووناکبیری، ئابوری، سیاسی، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، تەنزو سەرگەرمی تەواو، وەرزشی، زانیاری گشتی).

٢-(هونەری) بریتییە لە:

سینەما (ئەکتەریی و دەرهێنان، وێنەی جوڵاو)، شانۆ (ئەدەبیاتی نمایش)، وێنەگریی،گرافیك (وێنەکێشان و خۆشنوسین)، کاریکاتێر، هونەرە شێوەکارییەکان، ئەدەبیاتی داستان، شیعر، هونەرە دەستییەکان.

***گێڕانەوەی دووەم**

(پیر ئەلبێر)ی مێژوونوس و توێژەری چاپەمەنی، ڕیزبەندی جۆراوجۆر دەخاتەڕوو تا دەگاتە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان.





ناوبراو خەسڵەتی جۆرە دووسەرەییەك بە سروشتی چاپەمەنی دادەنێت، بەومانایەی لەهەمانکاتدا کە بەرهەم و دەستهاتێکی پیشەییە داهێنراوێکی فکریشە. ڕیزبەندی بەراییانەی (پیر ئەلبێر) بەم چەشنەیە:

**١-سنورو قەڵەمڕەوی چاپەمەنی**

١-سەربەخۆیی چاپەمەنی:

دەستنیشانکردنی سنوری چالاکی چاپەمەنی بە ئاسان دێتەبەرچاو، چونکە ستراکتورە سەرەکییەکەی بەڕێژەیەکی بەرچاو خاوەنی سەربەخۆییە...هتد لە زۆربەی وڵاتاندا، دامەزراوە چاپەمەنییەکان، ئەو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەنوسانەی کە بابەتەکانی بڵاوکراوەکان ئامادە دەکەن و ئەو بەرپرسانەی کە بەڕێوەیان دەبەن بارودۆخێکی کەم تازۆر دیاریکراویان هەیە...هتد، لە سێ سەدە مێژووی خۆیدا دنیای چاپەمەنی کۆمەڵە نەریتێکی بە میرات بۆ ماوەتەوە کە لە گشت بوارەکانی ڕۆژنامەوانیدا، بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و بەپتەوهێشتنەوەی هەمیشەییانەی خۆی بۆیان وەفادار بووە.

لەگەڵ ئەم هەمووەشدا سەربەخۆیی چاپەمەنی، هێندەش کامڵ نییە. یەکەم لەبەرئەمەی کە هەر چەشنە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بمانەوێ و نەمانەوێ وابەستییەك بە گشت پێکهاتەی کۆمەڵەوە پەیدا دەکات و ئەمەش خۆی لەمپەری سەربەخۆبوونێکی تەواوەتیانەیە.

بەدەرلەمە، چاپەمەنی بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر ڕایگشتی دایدەنێت ناچارە سەرنجی کۆمەڵەلایەنێك بەرەولای خۆیان کێش بکەن‌و ئەم لایەنانەش بۆ سودوەرگرتن لە هێزەکەی خۆیان، هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵ‌و سەرپەرشتیاریێتیان بەسەر چاپەمەنیدا هەبێت. لەم دیدگایەوە، بەرژەوەندییە سیاسییەکانی گروپێك یا بەرژەوەندییەکانی گروپەکانی فشار بەهەمانشێوەی کە کاریگەریان لەسەر بوارەکانیتری ئابوری هەیە کەم تازۆر کاریگەرییەکی چارەنوسسازیان لەسەر چالاکییەکانی چاپەمەنیش هەیە. بەمپێیە لەمەڕ هەر کۆمەڵێك چاپەمەنی، وەك هەر ڕێکخراوێکی تایبەتیانەیتر، هەڵسەنگاندنی وردی گرنگێتی ئەم وابەستەبوون‌و فشارانەی هەیەتی دژوارە، لەوانەیە هەندێکجار ببێتەمایەی لادان لە ڕەوتی بەڕێوەبردن یا گۆڕینی شێوەو ناوەرۆکی بڵاوکراوەکە.

٢-چاپەمەنی‌و ڕادیۆو تەلەفزیۆن:

جیاوازییە تەکنیکییە بنچینەییەکانی نێوان چاپەمەنی‌و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، دەستنیشان کردنی سنوری دیاریکراوی چالاکییەکانیان ڕووبەڕووی کۆمەڵە دژوارییەك دەکاتەوە. هەردووکیان بەشێوەیەکی گشتی، کۆمەڵە چالاکییەکی هاوشێوەیان هەیە.

ڕاستە کە ناواخنی چاپەمەنی لە زۆربەی بوارەکاندا تایبەتە بەخودی خۆیانەوە بەڵام لەکۆی بابەتەکانیاندا، کەم تا زۆر





بەرنامەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن شیاوی هەڵسەنگاندن‌و بەراوردکردنە. ئامانجی هەردووکیان کۆمەڵگایە بەڵام بەکاربردن‌و بەکارهێنانی ڕۆژنامە کارێکی تاکەکەسی‌و سەرگەمکەرە، بەڵام سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەزۆرینەی کاتەکاندا کارێکی بەکۆمەڵە کە دەبێتە لەمپەری هەر چالاکییەکیترو بینەر بەشێوەیەکی هەڵچووانەو بەبێ ئەوەی کە فرسەت‌و توانستی خێرای بۆ هەڵبژاردن یا بیرکردنەوە هەبێت، هەرشتێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن ڕۆڵ دەگێڕێت، وەریدەگرێت‌و قبوڵی دەکات. دەکرێ بوترێ کە ئەم سێ ئامرازە مەزنەی وەرگرتنی زانیاری‌و هەواڵەکان لەهەمانکاتدا کە ململانێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن، یەکتریش کامڵ دەکەن‌و کاریگەریش لەهەمبەر یەکتر دادەنێن.

٣-چاپەمەنی خولەکی‌و کتێب:

سنورەکانی نێوان ئەم دوو چەشنە نوسراوە، هێندەی کە دێتەبەرچاو دیار نییە. دیارە پرەنسیپی خولەکیبوون دەبێ بۆ دیاریکردن‌و دەستنیشانکردنی چاپەمەنی، لێبڕاوانەو دەستنیشانکەر بێت لەکاتێکدا کە کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکیش هەن کۆمەڵەبابەتێکی تایبەت بڵاودەکەنەوە، وەك ئەو چاپەمەنیانەی بڵاوکراوەی ساڵانەن کە بەناوی ساڵنامەوە بڵاودەکرێنەوە یا ئەو گۆڤارانەی کە هەر دوو یا سێ مانگ یا شەش مانگ جارێك بڵاودەکرێنەوە.

لەبارەی کتێبیشەوە، ئەو بەرهەمانەی کە بەشێوەی کۆمەڵە

وتار یا کەشکۆڵەوە بۆ فرۆشتن دەخرێتەڕوو یا بۆ خوازیارەکانی دەنێردرێت. لەهەمبەردا ژمارەی گۆڤارە لۆکسەکان[13] بە لاپەڕەی فراوان و کۆمەڵە وێنەیەکی سەرسوڕهێنەری سەرنجڕاکێشەوە بەرەو زیادبوون دەچن کە بەگشتی کەسانێکی زۆر بەرەو خۆیان ڕاکێش دەکەن و ئەوانیش ئەم گۆڤارانە بەشێوەیەکی گرانبەها دەپارێزن.

هەروەها ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوە زانستی و هونەرییەکان کە بەمەبەستی کۆکردنەوەو پۆلێنبەندی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، پتر لە ڕابردوو سنورە نەریتییەکانی نێوان قەڵەمڕەوی کتێب و چاپەمەنی دەلەرزێنن و لەناویدەبەن.

٤-چاپەمەنی پەراوێزدار:

کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکی خولەکیانەیتریش هەیە کە لەگەڵ بوونی هەندێ لێکچوونی ڕواڵەتیانەدا، بەهۆی ئەو جیاوازییانەی کە لەڕوانگەی ناوەڕۆک و چۆنییەتی ڕێکخستنی بابەتەکانەوە یا شێوازی دابەشکردنەوە لەگەڵ چاپەمەنی ڕۆژانە یا هەفتانە هەیانە، بەدژواری دەتوانرێ لە خانەی چاپەمەنیدا هەژماریان بکەین. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانیان لەمەدایە کە بەگشتی بەشێوەی خێرایی دەخرێتە خزمەت ئارەزوومەندانەوە یا بۆیان

---

13-گۆڤارە لۆکسەکان بریتین لەو گۆڤارانەی کە پتر جوانکاری و ڕیکلام بەکاردەهێنرێن و لاپەڕەکانیشیان لەڕووی دیزاینەوە سەرنجڕاکێش و لەڕووی ڕەنگەوە ڕەنگاوڕەنگن. (وەرگێڕی کوردی)





دەنێردرێت. ئەم بڵاوکراوانە بە پلەی یەکەم ئامانجێکی پڕوپاگەندەییانەیان هەیەو بەشێوەی کەتەلۆگ یا چەشنە پێناساندنێکی شتومەکەکانی فرۆشگایەك یا یەکەیەکی پیشەسازی و بازرگانی، بەشێوەی ساڵانە یا هەرچەند مانگ جارێك لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکەوە ئامادە دەکرێت و دەخرێتە خزمەت کڕیارەکانەوەو هەندێکیشیان تەنها بۆ ئاگادارکردنەوەو سودی کارمەندانی یەکەی پیشەسازی یا بازرگانییە پەیوەندیدارەکە ئامادە دەکرێت.

کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکی جۆراوجۆریتریش دەکرێ باس بکرێت کە پتر شێوازی پەخشنامەی هەیەو تەنها بۆ کارمەندانی دەزگایەك یا گروپێکی تایبەتمەندی دیاریکراو دەنێردرێت. ژمارەی ئەم بڵاوکراوانە کە دەتوانرێ بە چەشنە بۆڵتنێکی هەواڵیانە دابنرێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە هەزاران پترە.

ب-چینەکانی چاپەمەنی

لەو سنورەی کە دەستنیشان کرا خێزانێکی گەورەی تێدایە، بەڵام ئەم یەکەیە لە هەناویدا پێکهاتووە لە کۆمەڵە چین و ناوێکی جۆراوجۆر کە کۆمەڵەیەکی ناهاوچەشن پێکدەهێن کە پێکهێنەرەکانیشی هەمیشە لە ئاڵوگۆڕدان و خەسڵەتە ناکۆکەکانیان لەهەمانکاتدا کە گوزارشتە لە ناکۆکییەکانی گروپە وەربەرهێنەرەکان، نیشاندەری ناکۆکی سەلیقەو پێداویستییەکانی وەرگرەکانیشە.

١-پۆلێنبەندی چاپەمەنی:

بەدڵنیاییەوە پرەنسیپەکانی پۆلێنبەندی جۆراوجۆرن. یەکەمیان ئەوەیە کە بڵاوکراوەکان بەپێی کاتی بڵاوبوونەوە (ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانەو...هتد ) پۆلێنبەندی بکرێت. ڕێگایەکیتر بە بنەمادانانی شێوەی ڕواڵەتە (ڕووبەرو ئەندازەو شێوەی چاپ، دیزاین، ژمارەی لاپەڕەکان، نرخو چۆنییەتی خستنەڕووی بابەتەکان)و سەرەنجام پۆلێنبەندی بەپێی چەشنو ئاستی ناوەڕۆك یا گروپی خوێنەرانە کە پتر باوە، بەڵام هەریەك لەمانەش بەتەواوەتی کاریگەرو وەڵامدەر نییە.

٢-ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانو چاپەمەنی خولەکی:

ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەپێی نەریت، بە ڕەسەنترین چەشنی ڕۆژنامەوانی دەزانرێت، بەڵام بەخشینی ئەم ڕەسەنایەتیو لەپێشتربوونە زۆربەیجار دەبێتەمایەی ئەوەی کە گرنگی چاپەمەنی خولەکی کە بازاڕێکی بەرەونەقی هەیە، لەبەرچاو نەگیرێت. جیاوازی ئەم دوو گروپە بەئەندازەی ئەو ململانێیەی کە لەنێوانیاندا هەیە، ئاشکرایە.

لەڕووی ستراکتوری هونەریو ئابوورییو ئامادەو ڕێکخستنی بابەتەکانو چەشنی وەرگرەکانەوە، ڕۆژنامەی (ڕۆژانە) لەگەڵ گۆڤارە هەفتانەییەکان یا پانزدەڕۆژییو مانگانەدا جیاوازیی هەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا، هەردوو گروپەکە خزمەتگوزارییەکی لەیەکچوو بۆ خوێنەرەکانی خۆیان دەخەنەڕوو. ڕێکخستنی





بابەتەکانی ڕۆژنامەکان، بەنزیکەیی لەهەموو شوێنێکدا کەم تا زۆر یەکسانە. لە مەیدانی هەواڵە ئاساییەکاندا، هەواڵەکانی ڕووداوەکانی تاوان، پێکدادانەکانو بەسەرهاتە خۆشەویستییەکانو هەواڵە لۆکاڵییەکان کە هەڵبەتە دەبێ ڕۆژ بەڕۆژ بگوێزرێتەوە، پلەی یەکەمی هەیەو سروشتییە کە ئەم بەسەرهاتانە دەبێ بەچەشنێکی پڕ لە کێشمەکێشترو بەتازەیی بگوێزرێتەوەو بە پەلە بە دەست خوێنەر بگاتو بەدواداچوون بۆ مەیدانی بابەتەکانی سبەیو دووسبەیش بکرێت. تەنها ڕۆژنامە دەتوانێ وەڵامی بەدواداگەڕانەکانی وەرگرەکان بداتەوەو لەم قۆناغەدایە کە ڕۆژنامە دەتوانێ بەبێ ترس لە ململانێی گۆڤارە هەفتانەییەکان یا ڕادیۆو تەلەفزیۆن، درێژە بە کاری خۆی بدات. بەڵام لە مەیدانی (هەواڵە گرنگە) میللی یا نێودەوڵەتییەکان بارودۆخەکە بەچەشنێکیترە.

بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی (هەواڵە گرنگەکان)ی ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانەوە، ئیمتیازە پاوانخوازییەکەی خۆیان بە قازانجی ڕادیۆ لەدەست داوە چونکە ڕۆژنامەیەك هەرچەندە خێراش بێتو هەوڵ بۆ فەراهەمهێنانی نوێترین هەواڵ بدات، چەند کاتژمێرێك هەر درێژە دەکێشێت تا بتوانێ لە لاپەڕەکانی خۆیدا چاپی بکات، لەکاتێکدا کە پەخشی خێراو بەپەلەی هەواڵەکان بۆ ڕادیۆ کارێکی زۆر سادەیە. بەمشێوەیە ڕۆژنامەی ڕۆژانە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی خۆیان لەهەمبەر گۆڤارەکاندا لەدەست داوە.

گۆڤارەکان هەوڵیان داوە فرەچەشنی بابەتەکانی خۆیان زیاد

بکەن تا بچێتە هەر خێزانێکەوە، کۆمەڵە خاڵێکی فێرکاریی یا سەرگەرمکردن بۆ هەموو تاکەکانی خێزانەکە هەبێت. فاکتەرە تەکنیکییەکانی وەك: چاپ، کاغەزی باشو لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگیش ڕووخسارێکی سەرنجڕاکێشانەتری بە گۆڤارەکان داوە.

٣-جۆرەکانی ڕۆژنامەکان

*ڕۆژنامەکانی بەیانیانو ڕۆژنامەکانی عەسران.

*ڕۆژنامە زەردەکانو ڕۆژنامە بەهادارەکان: ڕۆژنامە زەردەکان لە دوادوای سەدەی نۆزدەهەم لەلایەن پۆلێتزەر (Pulitzer) و هێرست (Hearst) لەئەمریکا هەنگاوی نایە مەیدانی چاپەمەنییەوەو بەزوویی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. ئەم ڕۆژنامانە بەگشتی ڕووبەرێکی بچوکیان هەیە (نیوەی ڕووبەری ڕۆژنامە ئاساییەکان). لاپەڕەکانی لێوانلێوە لە وێنەو مانشێتگەلێکی گەورەو وروژێنەرو بابەتەکانی کورتو چڕە.

*ڕۆژنامە میللییەکانو ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان: ڕۆژنامە میللییەکان بەگشتی لە پایتەخت بڵاودەکرێتەوەو لە سەرتاسەری وڵاتدا دابەش دەکرێت. ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان بەو بڵاوکراوانە دەوترێ کە قەڵەمڕەوی بڵاوبوونەوەی لە نزیکەی یەك شار یا شارۆچکەیەکداو بەلایەنی زۆرەوە لە پارێزگایەك تێپەڕ ناکات.

*ڕۆژنامە تایبەتمەندەکان: ئەو ڕۆژنامانەی کە تەنها بایەخ بە گواستنەوەو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کۆمەڵەبوارێکی تایبەتی دەدەن. لە گرنگترین چەشنەکانی ئەم ڕۆژنامانە دەتوانرێ ناوی





ڕۆژنامە ڕۆژانە وەرزشییەکان یا ڕۆژنامە ئابورییەکان بهێنرێت.

٤-چاپەمەنی خولەکی:

لەمبارەیەوە هەموو چەشنە پۆلێنبەندییەك، ڕێککەوتنو دروستکراوەو ئەو پرەنسیپانەی کە دەتوانرێ لەو ڕووەوە بەکاربهێنرێت زۆر فرەچەشنەیە. یەکێك لە لۆژیکیترین ئەم پرەنسیپانە کە لەگەڵ سروشتی چاپەمەنیشدا سازگارترە، پەیوەندی بابەتەکانی گۆڤارەکەیە لەگەڵ هەواڵەکانی ڕووداوە ڕۆژانەییەکاندا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم پرەنسیپە دەتوانرێ بڵاوکراوە خولەکییەکان بەشێوەیەکی دەستکرد بۆ سێ چینی باو دابەش بکرێت:

*یەکەم: گۆڤارەکانی زانیارییە گشتییەکان (کە خۆی چەند بەشێکە)

١-چاپەمەنی خولەکی لۆکاڵی: بەشێوەی هەفتانە، دوو هەفتەییو هەندێکجار مانگانە بڵاودەکرێتەوەو لەڕاستیدا تەواوکەری ڕۆژنامە ڕۆژانە لۆکاڵییەکانە.

٢-ڕۆژنامەکانی یەکشەممە: لە ڕاستیدا هەمان ڕۆژنامەی ڕۆژانەییە بە هەمان ستراکتور، سەرەنجام ژمارەی لاپەڕەکانی زیاترو بابەتەکانی سەرگەرمکەرن.

٣-گۆڤارە وێنەدارەکانو زانیارییە گشتییەکان: ئەم جۆرە گۆڤارانەش دەتوانرێ بۆ دوو گروپ دابەش بکرێت: ئەو گروپەی کە بە پشتبەستن بە وێنە گەورەکانی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان بڵاودەکرێنەوەو ئەو گروپەی کە پتر بایەخ بە چۆنایەتی، تازەییو فرەچەشنی بابەتەکان دەدەن.

٤-گۆڤارە تیۆریی- فکرییەکان: شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی هزرە سیاسییەکان ئامانجی بنچینەیی ئەم گۆڤارانە پێکدەهێنێت. بەزۆریی ئۆرگانی حیزب یا گروپە سیاسییەکانن.

٥-گۆڤارە تەنزئامێزەکان: بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانە بە چەندایەتییەکی تەواو جیاوازەوە بڵاودەکرێتەوە کە نە بەتەنها تەنزەو نە بە تەنها هەجووە بەڵکو هەندێکجار شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو وروژێنەریشی هەیە.

٦-گۆڤارە بۆنەییەکان: بڵاوکراوەیەکی ناپیشەییو نابەردەوامن کە لاوانی پڕجۆشو خرۆشو تازەوەرگر داوای دەکەن. تەمەنی ئەم چاپەمەنییە هێندە درێژ نییەو پتر وەرزییانەنو بەگشتی بێبەرامبەر پەخش دەکرێت.

*دووەم: گۆڤارە زانیارییە تایبەتمەندەکان

١-گۆڤارە ژنانەییەکان: ئەم بڵاوکراوانە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیو کاریگەریدانانەوە لەسەر ڕەفتارەکانی گروپی وەرگرەکان کە زۆربەی لە ژنان پێکدێن، وەك دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژیستی لەناو چاپەمەنی خولەکیدا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە.

٢- هەفتەنامەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن: ئامانجی سەرەکی ئەم بڵاوکراوانە ناساندنی بەرنامەکانی هەفتەی ئایندەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە کە کۆمەڵەبابەتێکی لاوەکیش، سەرنجڕاکێشبوونیان پتر دەکات.

٣-گۆڤارە کلتورییەکان: وتارەکانی پەیوەندیدار بە ئەدەبیات،





وێنەکێشان، شانۆو سینەما زۆرینەی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارانە بۆ خۆی تەرخان دەکات.

٤-گۆڤارەکانی کاتبەسەربردن: بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانە هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە تۆڕەکانی گەشت کردنو یاخود ڕێنمایی دەربارەی شوێنو چۆنییەتی بەسەربردنی پشووەکانی کۆتایی هەفتەو سودوەرگرتن لە کاتەکانی دەستبەتاڵیو زانیاریی لەم چەشنە پێکهاتووە.

٥-گۆڤارە ئابوریو گۆڤارە وەرزشییەکان: ئەم بڵاوکراوانەش هەواڵو زانیارییەکانی مەیدانی مەسەلە ئابوری یا وەرزشییەکانی لەخۆگرتووە.

*سێیەم: گۆڤارە سەرگەرمکەرەکان

تایبەتمەندی سەرەکی ئەم گۆڤارانە، نەبوونی پەیوەندییەکی گشتیانەی بابەتەکانیانە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژداو ئامانجی سەرەکیان تەنها سەرگەرمکردنی خوێنەرە.

١-گۆڤارە تەنزەکان، لە گرنگترینیاندا دەبێ ناوی بڵاوکراوە گاڵتەجاڕییە کاریکاتێردارەکان بهێنرێت لەگەڵ ئەو گۆڤارانەش کە لاپەڕەکانیان لێوانلێوە لە بەسەرهاتە خۆشەویستییەکانو چیرۆکە ڕۆمانتیکییەکان. بڵاوکراوەکانی خشتەی یەکتربڕو هەندێ لە گۆڤارەکانی کاتبەسەربردن لە ڕیزی ئەم گۆڤارانەدان.

٢-گۆڤارەکانی لاوان: تیراژی ئەم بڵاوکراوانە بەهۆی نوێبوونەوەی نەوەکانەوە هەمیشە زۆرە. ئاهەنگە ڕۆژانەییەکانو خوێنەرە نوێیەکان، لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە پڕ دەکەنەوە.

٣-گۆڤاره سەرگەرمکەرەکان: ئەم بڵاوکراوانە وەڵامدەری بەدواداگەڕانەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانە لە مەیدانی ڕووداوە مێژووییەکان، گەشتنامەکان و شێوازەکانی ژیانی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکان.

* چوارەم: بڵاوکراوە دیکۆمێنتدارەکان

بەگشتی ئەم گۆڤارانە خوێنەرانێکی سنوردارو تایبەتیان هەیە، چونکە بەپێی سروشتی خۆی، تەنها ژمارەیەکی کەمی ئارەزوومەندی هونەر کە پێویستیان بە بەدەستهێنانی زانیاری نوێ لە بواری هونەرو زانست و چالاکییە کۆمەڵایەتی و کلتوریی یا سیاسییەکانی خۆیاندا هەیە، سود لە بابەتەکانی وەردەگرن. لەگەڵ بوونی ئەمەشدا، دەتوانرێ بوترێ کە ئەم گۆڤارانە بە فرەچەشنیە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی، تەنانەت پتر لە کتێبە پرۆفیشناڵەکانیش کاریگەریان لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی زانستدا هەیە.

کۆمەڵە گۆڤارێکیتریش هەن کە بە بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی گروپە لێکۆڵینەوەیی، فەلسەفی یا ئەدەبی یا ئۆرگانی گروپە سیاسییەکان هەژمار دەکرێن.

جۆرێکیتر لە بڵاوکراوە دیکۆمێنتدارەکانیش هەیە کە لەلایەن ڕێکخراوە ڕەسمییەکانەوە بڵاودەکرێنەوەو لەخۆگری بیرو تێڕوانینە دادوەریی، ئامارەکان و ئەنجامی توێژینەوە دیکۆمێنتدارە جۆراوجۆرەکانە.





***گێڕانەوەی سێیەم**

ئەگەرچی لە پۆلێنبەندی چاپەمەنی (پیر ئەلبێر)دا جیاکردنەوەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە بڵاوکراوە گشتییەکان سنوربەندییەکی دیاریکراوی نییەو بەم چەشنە دێتەبەرچاو کە ناوبراو بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی لە ڕیزی بڵاوکراوە خولەکییەکاندا داناوە، بەڵام بەهەرحاڵ دەتوانرێ لە پەراوێزی ئەودا بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانیش بدۆزرێتەوەو بوارە بابەتییەکان بە خاوەندارو تەوەرەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان دابنرێت.

(سەدرەدین ئیلاهی)[١٤]ی ڕۆژنامەنوس و توێژەری چاپەمەنی لە پۆلێنبەندی بڵاوکراوە تایبەمەندەکاندا، (بابەت)ی بڵاوکراوەکانی کردۆتە بنەمای پۆلێنبەندییەکەی و لەوبڕوایەدایە مەودای بڵاوبوونەوە ناکرێ بە بنەمای پۆلێنبەندی دابنرێت، چونکە ڕۆژنامەیەکی وەرزیش هەروەك گۆڤارێکی وەرزشی (هەفتانە یان مانگانە) لە ڕیزی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندایە لەبەرئەوەی کە باس لە یەك بابەت دەکات و لە لایەنە گشتییەکەی هێناویەتەدەرەوەو بەم چەشنە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی پۆلێنبەندی کردووە.

14-د. سەدرەدین ئیلاهی لە ساڵانی (١٩٦٧ تا ١٩٧٧)دا مامۆستای ڕۆژنامەوانیو سەرۆکی گروپی ڕۆژنامەوانی کۆلیژی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو. (نوسەر)

**ا) چاپەمەنی ژنانە:**

١-گۆڤارە ژنانە گشتییەکان.

٢-گۆڤارەکانی بەرگدروویی و دوورمان.

٣-گۆڤارەکانی چنین و کاری دەستی.

٤-گۆڤارەکانی خۆراکسازی.

٥-گۆڤارەکانی لۆکس و مۆدیلە بەرزەکان.

**ب) چاپەمەنییە سەرگەرمکەرەکان:**

١-چاپەمەنی چیرۆکستان.

٢-چاپەمەنی تەنزی ڕەخنەیی.

٣-چاپەمەنی شێوازی پشودان.

٤-چاپەمەنی زەرد.

**پ) چاپەمەنی لاوان و وەرزشی:**

١-چاپەمەنی منداڵان.

٢-چاپەمەنی لاوان و تازەپێگەیشتووان.

٣-چاپەمەنی وەرزشی.

ت: چاپەمەنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن

**ج)چاپەمەنی فێرکاریی و ئاگاداری و زانستی:**

١-بڵاوکراوە میتۆد مێژووییەکان.

٢-بڵاوکراوە زانیارییە گشتییەکان.

٣-بڵاوکراوە ئەدەبی و هونەرییەکان.

٤-بڵاوکراوە پزیشکییەکان.

**ح) بڵاوکراوە ئابورییەکان:**





١-بڵاوکراوە کشتوکاڵییەکان.

٢- بڵاوکراوە پیشەییەکان.

٣-بڵاوکراوە بانکی و بۆرسەییەکان.

***گێڕانەوەی چوارەم**

فرەبوونی ماس میدیا، گەشەی ڕۆژانەی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و خێرایی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و بڵاوبوونەوەی لەلایەکەوەو لەدایکبوون و زۆربوونی سات بەساتی زانستەکان و دوای ئەوەش پێداویستی وەرگرەکان بۆ زانینی وردەکاری ڕووداوە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکیترەوە، پۆلێنبەندییەکی بەرفراوانی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی وەك چاپەمەنیدا هێناوەتەئاراوە، لەبەرئەم هۆیە وەرگرەکان تەوەرەی سەرەکین.

تەوەرەیەکیتر ئازادی چاپەمەنییە کە وەرگرەکان بۆ چاپەمەنی ئازاد ڕاکێش دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاستی کلتوریی کۆمەڵگاکانیش بەرز بۆتەوەو پێداویستی بۆ زانینی وردەکاری زانیارییەکان و هەواڵەکانی زۆرتر کردووە.

بەهەمانشێوەی کە پێشتر وترا، وادێتەبەرچاو کە لە ئێران ڕۆژنامەی (مریخ)[15] کە بڵاوکراوەیەکی سەربازیی بوو، بەشێکە لە بڵاوکراوە تایبەتمەندە یەکەمینەکان کە لەسەردەمی (ناسرەدین شای قاجار)دا لەدایك بوو. لەهەمان چۆنییەتی پەیدابوونییەوە،

---

[15]-ڕۆژنامەی مریخ: پێدەچێ لە ناوی ڕۆژنامەی (میرکۆر دیفرانس Mercure De France)ی ڕۆژنامەی بەناوبانگی فەرەنساوە وەرگیرا بێت. (نوسەر).

دەکرێ دوو لقی زاڵ بەسەر چاپەمەنی تایبەتمەندا بناسرێت:

١-بڵاوکراوە تایبەتمەندە دەوڵەتییەکان:

ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بەگشتی دامودەزگا دەوڵەتییەکان لەژێر کۆمەڵە ناوێکی وەك بڵاوکراوەی هونەریی وەزارەتەکان یان ڕێکخراوەکانی سەر بەئەوان، چاپو پەخشیان دەکەن.

ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانجە. یەکەمیان ئەنجامدانی کاری پەیوەندییە گشتییەکانە بە مەبەستی ئاشناکردنی خەڵك بەو کارانەی کە لەلایەن دامودەزگاکانەوە ئەنجام دراوەو دووەمیان خستنەکاری کۆمەڵە کەسانێکە وەك بەڕێوەبەرانی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە.

٢-بڵاوکراوە تایبەتمەندە نادەوڵەتییەکان:

ئەم جۆرە بڵاوکراوانە لەسەربنەمای پێداویستییە هەمەچەشنەکانی چین و توێژە جۆربەجۆرەکان، لە کاتە جۆراوجۆرەکاندا لەدایك بوون و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگا توانیویانە بەردەوام بن. لەهەمانکاتدا هەندێ لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لەدۆخی نێوان بڵاوکراوەی دەوڵەتی و نادەوڵەتیدان. بەم مانایەی کە هاوکارییەك لە یەکێك لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان وەردەگرن و دەربارەی بابەتە جێ بایەخەکانی دەزگا یارمەتیدەرەکە، بابەت ئامادە دەکەن.

بەهەرحاڵ چ بڵاوکراوە تایبەتمەندە دەوڵەتییەکان بن یا نادەوڵەتی، خاوەنی ئەم پۆلێنبەندییەن:

١-بڵاوکراوە وڵاتییەکان:





بڵاوکراوە وڵاتییەکان، ئەو بڵاوکراوانەن کە بەگشتی لە پایتەختەکاندا بڵاودەکرێنەوە بەڵام دابەشکردنێکی سەرتاسەریانەیان هەیە. مەوداکانی بڵاوبوونەوەیان جۆراوجۆرەو لە ڕۆژانەوە تا هەفتانە، مانگانەو وەرزنامە لەخۆدەگرێت.

٢-بڵاوکراوە وڵاتی- نێودەوڵەتییەکان[١٦]:

ئەم بڵاوکراوانە سەرەڕای دابەشکردنێکی سەرتاسەری لە وڵاتدا، لە وڵاتانیتریشدا (وابەستە بە پێشوازی گشتی و زمانی بڵاوکراوەکەوە) دابەش دەکرێت. هەندێ لەم بڵاوکراوانە[١٧] بابەتەکانیشان لە نێوان دابەشکردنی ناوخۆیی (وڵات) و دەرەوەی وڵات کۆمەڵە جیاوازییەکیان هەیە. هەروەها هەندێ لەم بڵاوکراوانە بە زمانی میللی و هەندێکیان بە زمانە نێودەوڵەتییەکان بڵاودەکرێنەوەو دابەش دەکرێن.

***پۆلێنبەندی بڵاوکراوە وڵاتییەکان**

ئەو بڵاوکراوانەی کە لە وڵاتدا بڵاودەبنەوە، وابەستە بە

[16]-لە ئێران هەفتەنامەیەك بەناوی (کیهان هوایی) کە یەکێك بوو لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی (کیهان)، پێش و دوای ساڵی (١٩٧٩) لە ئەوروپاو ئەمریکا دابەش کرا. وەرگرەکانی ئەم بڵاوکراوەیە ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوە بوو. ئەم بڵاوکراوەیە لە ساڵی (١٩٥١)دا لەدایك بوو. بەڵام لە ئێران دابەش نەدەکرا. (کیهان هوایی) لە نیسانی (٢٠٠٣)دا بڵاوکردنەوەکەی ڕاوەستا. (نوسەر).

[17]– یەکێك لەم بڵاوکراوانە وەك تایم (Time) لە ئەمریکا، ئەوروپاو ئاسیا لەڕوانگەی هەندێ بابەتەوە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن.

بازنەکەیەوەو پانتایی بڵاوبوونەوەشیان پۆلێنبەندی کراون:

-بڵاوکراوە پارێزگاییەکان: ئەو بڵاوکراوانەن کە لە چوارچێوەی پارێزگاکاندا دابەش و بڵاودەکرێنەوە.

-بڵاوکراوە ناوچەییەکان: ئەو بڵاوکراوانەن کە هاوکات لە چەند پارێزگایەك (بەگشتی لە دراوسێکانیدا) دابەش دەکرێن.

-بڵاوکراوە شارییەکان: ئەم بڵاوکراوانەن ڕۆژانە لە شارە گەورەکانداو پتر لەلایەن شارەوانییەکانەوە بڵاودەکرێنەوەو بڵاوکراوەیەکی خزمەتگوزارو زانیاریی گەیەنەرن. شارەوانییەکان لەڕێگەی ئەم بڵاوکراوانەوە، هاوڵاتیان لە ڕووداوەکانی شار، خزمەتگوزارییەکانی شارو...هتد ئاگادار دەکەنەوە.

*بڵاوکراوە لۆکاڵییەکان: ئەم بڵاوکراوە لۆکاڵییانە لقێکن لە بڵاوکراوە شارییەکان بەڵام هەفتانەن. لە شارە مەزنەکاندا[18] بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە، خزمەتگوزارییە لۆکاڵییەکان بە هاوڵاتیان ڕادەگەیەندرێت.

*بڵاوکراوە گوندییەکان: ئەم جۆرە بڵاوکراوانە، گوندنشینەکان دەخاتە ناو پرۆسیسی ڕووداوەکانی گوندەوە. ئەو گوندنشینانەی کە هەرچەندە جیۆگرافیایەکی سنورداریان هەیە، بەڵام پێویستیان بە زانین هەیە. لەبەرئەوەی زۆرینەی گوندەکان شوێن و ناوچەی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارین یاخود ڕەنگە کانزاکارو پیشەسازی بن، زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە چالاکییەکانیان لە

18-بۆ نمونە (گەورەشاری تاران) خاوەنی (٢٢) ناوچەی شارییە. (نوسەر).





لوتکەی ڕاگەیاندنەکەدا دادەندرێت. پێشبینی هەوا بۆ جوتیاران، ڕاگەیاندنی نرخی بازاڕی بەرهەمەکان لە وەرزی هەڵگرتنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان یا فرۆشتنی ئاژەڵ و هاوشێوەکانیان بە یارمەتییەکی سودمەند بۆ جوتیاران هەژمار دەکرێت. ئەم بڵاوکراوانە بەشێوەی هەفتانە یا هەر پانزدە ڕۆژ جارێك بڵاودەکرێتەوە.

***بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان و ڕادەی تایبەتمەندێتی**

مەوداکانی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بازنەی تایبەتمەندێتی بابەتیانەدا هەیە. بەم مانایەی کە هەتاوەکو بازنەی تایبەتمەندێتی بەرفراوانتر بێت، قوڵییەکەی کەمترەو بەپێچەوانەشەوە هەتاوەکو بازنەی تایبەتمەندێتی لق وپۆپی کەمتری هەبێت، قوڵییەکی پتری هەیە. لەمبارەیەوە هەتاوەکو مەودای بڵاوبوونەوە کەمتر بێت، قوڵییەکەی کەمترو ڕواڵەتیانەترەو هەتاوەکو ئەم مەودایە پتر بێت، قوڵی پەیامەکە زیاترو قوڵترە.

بەڵگەی ڕوونی ئەوەش لەمەدایە کە پەخشکاران و بەرهەمهێنەرانی ئەو چەشنە بڵاوکراوانە هەتاوەکو لەژێر فشاری کاتدا بن، خێراییەکی زیاتری بۆ تەرخان دەکەن و لەو ئاستەشدا کە (کات) چارەنوسی بڵاوکراوەکە دیاریدەکات، ئەوا ئەو بڵاوکراوانەی کە خاوەنی مەودایەکی زیاتری کاتن، دەتوانن کۆمەڵەبابەتێکی پتەوتر لەڕووی تایبەتمەندێتی خۆیانەوە بۆ وەرگرەکان بخەنەڕوو.

سەرەنجام دەتوانرێ مەوداکانی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەیەك لەگەڵ قوڵییەکەی یا بازنەی تایبەتمەندییەکەیدا بەم چەشنە بخرێتەڕوو:

١- رۆژنامەی تایبەتمەند، لەبەرئەوەی رۆژانە بڵاوکراوەکە بڵاودەکرێتەوە، لەو چەشنە بڵاوکراوەیەدا هەواڵە تایبەتمەندەکان (بابەتی بڵاوکراوەکە) زۆرتر بڵاودەبێتەوە.

٢- بڵاوکراوەی تایبەتمەند ئەگەر لە هەفتەیەکدا دوو جار بڵاوبکرێتەوە ئەوا هەر لەبەردەم بازنەی کاریگەری‌و فشاری هەواڵدایە، ئەگەرچی وەك رۆژنامە نابێت.

٣- بڵاوکراوەی تایبەتمەند ئەگەر هەفتانە بێت، ڕێژەیەکی یەکسان لە نێوان هەواڵی تایبەتمەندو هەڵسەنگاندنە تایبەتمەندەکان (شیکردنەوە، لێکدانەوە...هتد ) دروست دەبێت، چونکە رۆژنامەنوسانی ئەم بڵاوکراوەیە یەك هەفتە فرسەتیان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت، وتارو.. هەیە.

٤- بڵاوکراوەی تایبەتمەند کە هەر پانزدە رۆژ جارێك بڵاودەکرێتەوە، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بڵاوکراوە هەفتانەییەکاندا نییە بەڵام دیلی هەواڵ نییەو دەتوانێ بابەتە تایبەتمەندە قوڵەکانی خۆی زیاتر بکات.

٥- لەو بڵاوکراوە تایبەتمەندانەی کە مانگانە بڵاودەکرێنەوە، نوسەرەکانی خاوەنی مەیدانێکی بەرفراوانتری کارکردنن، بەو فرسەتەی کە لەبەردەستیاندایە دەتوانن ڕێژەی بابەتە تایبەتمەندەکانی خۆیان زیاتر بکەن.





٦- بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند کە بەشێوەی دوو مانگ جارێك یا سێ مانگ جارێك (وەرزنامە) بڵاودەکرێنەوە، ئەوا تایبەتمەندتر لە ماوەکانیتری بڵاوکردنەوەو دەتوانن کۆمەڵەبابەتێکی وردەکارترو لەهەمانکاتدا قوڵتر دابهێنن‌و بۆ وەرگرەکانی بخەنەڕوو. لەو بڵاوکراوانەی کە مەوداکانی بڵاوکردنەوەیان دوو یا سێ مانگ جارێکە، هەواڵ زۆر کەمڕەنگەو ئەوەی خۆی دەردەخات تەنها بابەتە تایبەتمەندەکانە.

## ئەدەبیاتی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان

ئەدەبیاتو زمانی نوسینی چاپەمەنی تایبەتمەند، یەکێك لە ئالۆزترین قۆناغەکانی کاری ئەم ستافە لە چاپەمەنیدا پێکدەهێنێت. لە چاپەمەنی تایبەتمەندا لەبەرئەوەی کە پەیامو وەرگری پەیام (وەرگرەکان) خاوەنی کۆمەڵە خەسڵەتو تایبەتمەندییەکن، بەمپێیە زمانی پەیوەندی زمانی سادەی بڵاوکراوەیەکی گشتی نییە.

لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا، بەلەبەرچاوگرتنی ڕێژەی مامناوەندییانەی خوێندەواریی وەرگرەکان بەگشتی زمانێکی سادەو شیاوی تێگەیشتن بۆ هەمووان لەبەرچاودەگیرێت. بۆ نمونە لە ئیراندا بڵاوکراوە گشتییە ڕۆژنامەییەکان سود لە ئەدەبیاتو زمانێك وەردەگرن کە هەم کەم خوێندەوارو هەم خوێندەواری باش بتوانن پەیوەندییەکی خێراو ئاسان لەگەڵ بڵاوکراوەکەدا دروست بکەن.

کۆمەڵگا ڕێژەی مامناوەندیی ئەم خوێندەوارییە دەستنیشان دەکاتو سروشتیشە لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە. لەوانەیە لە وڵاتێکدا ئەم ڕێژەیە کۆتایی قۆناغی سەرەتاییو لە وڵاتێکیتردا کۆتایی قۆناغی ناوەندیو لە وڵاتێکیتردا قۆناغی زانکۆ هەژمار بکرێت یا دەستنیشان بکرێت. بەڵام لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا لەبەرئەوەی کە بابەتە جێباسەکە خاوەنی





تایبەتمەندییەکی بەدەر لە نوسینە ئاساییەکانە، ئەو کۆمەڵەوشەو گوزارشتانە بەکاردەهێنرێت کە لەگەڵ بابەتەکەدا گونجاوە.

لەلایەکیترەوە تایبەتمەندی بەتایبەتی لەهەمبەر زانستەکاندا هەمیشە زاراوەگەلێکی لەگەڵدایە کە تایبەتە بەو زانستەو لە بازنەی زمانی باو بەدەرە، زۆربەیجار لە زۆربەی زمانەکاندا هاوماناش بۆ زاراوە مەبەستەکە دەست ناکەوێت. بە مانایەکیتر لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا ڕووبەڕووی زمانێکی تایبەت دەبینەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە تایبەتمەندێتییەکانی زمانی دایکماندا بچێتەدەرەوە. لەمڕووەوە نوسین لە چاپەمەنی تایبەتمەندا بەچەند پلەیەك دژوارترە لە نوسین بە زمانی بڵاوکراوەیەکی گشتی.

هەتاوەکو تایبەتمەندێتی قوڵترو هەتاوەکو زمانی ئەم تایبەتمەندێتییە لەگەڵ زانستە پەیوەندیدارەکەدا نزیکتر بێت، کاری ڕۆژنامەنووس دژوارتر دەبێت. بەڵام نابێ ئەمەش فەرامۆش بکرێ کە بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند تەنها بەشێك یا کتێبێك نییە کە بۆ بیرمەندان بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو ڕۆژنامە یا گۆڤارەکە دەبێ ئاستێکی بەرفراوانی ئارەزوومەندانی ئەو تایبەتمەندێتییە بگرێتەخۆی، لەمڕووەوە لە ئەدەبیاتی چاپەمەنی تایبەتمەندا دەبێ دوو مەسەلە لەبەرچاوبگیرێت:

١-دەستەواژە کۆنو دەستەواژە تازەدەرکەوتووەکان

بۆ دەستەواژە دێرینو کۆنەکان بەگشتی دەتوانرێ

هاوماناکەیان لە زمانی فارسیدا بەدەستبهێنرێتو دەبێ بەکاربهێنرێت بەڵام بۆ دەستەواژە دروستکراوەکان بەدژواریی دەتوانرێ بۆ فارسی وەربگێڕدرێن. لەم ڕیزە دەستەواژانانە دەکرێ ناوەکانی داودەرمان، ناوی پێکهاتە کیمیاییەکان یا هەندێ لە زاراوە ئابورییەکان، ناوی گیاو گوڵە ناخۆڵاتییەکان یا زاراوە دادوەرییەکان بهێنرێت کە ڕۆژانە دروست دەکرێنو هەروەها ئەو زاراوانەی کە پێشتر لە زمانی ئێمەدا نەبوونو بەپێی پێویستی ڕۆژانە لەلایەن بیرمەندانەوە دادەندرێن. لەکاتی سودوەرگرتن لەم زاراوانە، دەبێ ڕوونکردنەوەی زاراوەکەش لە تەك ئەودا بنوسرێت تا وەرگر بە ئاسانی پەی بە ماناکەی بباتو دووچاری ئاڵۆزیی نەبێت.

بەرفراوانبوونی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو بەرفرەبوونی میدیاکان لە وڵاتانیتریشدا کارەکەی بۆ دەستوەردان لە زمانەکان بەکێش کردووە. بەمپێیە لە چاپەمەنی تایبەتمەندا ناتوانرێ بۆ هەر زاراوەیەك کە لەناکاو دێتەئارا، یا هاوواتاکەی لە فارسیدا نییە، زاراوەیەك دروست بکرێت. سەرەنجام نابێ دەمارگیریی بەکاربهێنرێتو دەتوانرێ سود لەو زاراوەیە وەربگیرێت.

لەگەڵ بوونی ئەمەشدا، ئەمە بەم مانایە نییە کە ئێمە هەموو زاراوەیەکی بێگانە بێچەندو چون لەبەرئەوەی کە تایبەتمەندەو لەڕیزی زاراوە زانستییەکاندایە، بیهێنینە زمانی چاپەمەنی تایبەتمەندەوەو بێ هیچ ڕێساو مەرجێك مل بۆ پەسەند کردنی ئەم





وشانە کەچ بکەین.

لەو چەشنە هەلومەرجانەدا ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند دەبێ لە هەمبەر زاراوەی بێگانەدا بکەوێتە هەوڵەوەو بەلەبەرچاوگرتنی توانستی زمانی فارسی هەوڵ بدات تا زاراوەیەکی فارسی پێویست بدۆزێتەوە. نابێ یارمەتی وەرگرتن لە فەرهەنگی زاراوەکانو هەروەها پسپۆڕانی زمان فەرامۆش بکرێت[19].

٢-نوسینی تایبەتمەندێتی (زمانی چاپەمەنی تایبەتمەند)

شێوەی خستنەڕووی بابەت لە چاپەمەنی تایبەتمەندا لەگەڵ یەکتردا جیاوازە. ئەوەی لە ئەدەبیاتی بڵاوکراوە ئابورییەکاندا بەکاردەهێنرێت لەگەڵ بەکارهێنانی زمان لە بڵاوکراوە وەرزشییەکاندا جیاوازیی هەیە. چاپەمەنی هونەریی سود لە ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیان وەردەگرن، بەهەمانشێوەش کە بڵاوکراوە پزیشکییەکان زمانی تایبەتی خۆی هەیە. بەچاوپۆشین لەوەی کە زمانی چاپەمەنی خۆی دیاردەیەکە لە زمانی گفتوگۆ جیایە، زمانی چاپەمەنی تایبەتمەندیش بەپێی پێویستی هەر تایبەتمەندییەك، شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. ئەم شێواز

19– سەرجەم ئەو وەرگێڕانەی کە لە زمانە جیاوازەکانەوە کاری وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی دەکەن، بەردەوام ڕووبەڕووی قەیرانی وشە دەبنەوە. هۆکاری سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ گەشە نەکردنی زمانی کوردی، یاخود لەگەڵ بوونی ئەو هەموو پسپۆڕو زمانەوانانەدا، تائێستاش نەیانتوانیوە لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ زمانی کوردی پێکبهێننو وشە لەبەرامبەر زاراوە نوێیە بێگانەکاندا دابتاشن. (و.ك).

لەخۆگرتنە، بریتییە لە ڕێبازو میتۆدی نوسین، کورتی و درێژی ئەو ڕستەو دیدگایانەی کە نوسەرێك لە بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند دەبێ بیزانێت و لەڕووی سەرنجڕاکێشانی وەرگرەوە سودی لێوەردەگرێت.

نوسەرێکی وەزرشی هەرگیز نابێ لە نوسینەکانی خۆیدا زاراوەی گران و دژوار بەکاربهێنێت، چونکە وەرزش نیشانەدەری جوانی و هەنگاوتیژییەو بێگومان زاراوەیەکی گران کە خوێندنەوەکەی کاتی دەوێت و بەدژواریی دێتەگوێ، وەرگر ڕەزامەند ناکات و هانی نادات.

گرنگترین خاڵ لە زمانی چاپەمەنی تایبەتمەندا ئەوەیە کە ئەم بڵاوکراوانە هەوڵ بدەن، زمانێکی گونجاوی تایبەتمەند هەڵبژێرن کە دەیانەوێ پێی بنوسن. بە گوزارشتێکیتر دەبێ بەلایەنی زۆرەوە سود لە توانستی زمانی میللی وەربگرن تا هزرەکانیان لە بەرگی خستنەڕوودا بزوێنەرو جوان بێت. ئەگەر هەر بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند زمانێکی تایبەتی تایبەتمەند بۆ خۆی پەیدا بکات و وەك یەکێك لە ستونە بنەڕەتییەکانی کاری خۆی دایبنێت، بەزوویی ئەم زمانە جێگەی خۆی دەکاتەوەو ئەو چین وتوێژەی کە پەیامەکەیان بۆ دەنێردرێت خو بەم زمانەوە دەگرن، سەرەنجام مەرجی سەرەکی لە هەڵبژاردندا ئەو زمانەیە کە هەڵبژێرەرەکان لەڕووی زانیاریی و هۆشیاریی لەهەمبەر زمانی دایك و میللیدا مەعریفەیەکی کامڵ و لەڕووی زمانی ڕۆژنامەوە تا ئەوپەڕی ئاستی مەعریفی باڵا بێت.





لە چاپەمەنی تایبەتمەنددا، ئەو کەسانەی کە وەك دووبارەنوس (rewriter)بەکاردەهێنرێن،[20] دەتوانن گرنگییەکی پێویست بە زمانی تایبەتمەند بدەن. بەم مانایەی کە ئەو دووبارەنوسانە هەڵبژێرن کە بەرپرسی هەلومەرجی زانستی زمانیان تێدابێت و ئەو ئەرکەیان لەئەستۆدایە کە نوسینەکانی کەسانیتر کە لە چوارچێوەی ڕێسای زمانی بڵاوکراوەکەدا نییە، بۆ ئەو زمانە وەریبگێڕن. نکۆڵی لە گرنگی دووبارەنوسینەوە لە چاپەمەنی تایبەتمەنددا ناکرێت، بەگشتی بڵاوکراوەکان هەمیشە دووبارەنوسێك بۆ وەرگێڕانی زمانی بابەتەکانی نوسەران بۆ زمانی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکە بەکاردەهێنن.

***ناوی بڵاوکراوەی تایبەتمەند**

ناوی بڵاوکراوەکە لەلایەکەوە هۆکاری یەکەمی سەرنجڕاکێشانی وەرگرە بۆ بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەندو لەلایەکیترەوە نیشانەدەری ناواخنی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەندە.

ناوی بڵاوکراوەکە دەبێ گەیەنەری ناسنامەی بڵاوکراوە بێت و وەرگر بەبێ بیرکردنەوەو بە بینینی ناوی بڵاوکراوەکە دوای

[20]– زۆرینەی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان لەپێناو یەکخستنی ڕێزمانی نوسین، چەند پسپۆڕێکی زمانەوانی دادەندرێن کە ئەرکەکەیان خوێندنەوەو ڕێکخستنەوەی ڕێزمانی ئەو نوسینانەیە کە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاودەکرێنەوە تا یەك ڕێزمانی یەکگرتوو بە ڕۆژنامەکەوە دیار بێت. ئێستا ئامرازەکانیتری ماس میدیاش هەمان کار بۆ ڕێکخستنی ڕێزمان دەکەن و ئەو کەسانەش بەزمانی ئینگلیزی پێیاندەوترێ (rewriter). (و–ك).

ماوەیەك دەبێ پەی بە ناوەڕۆكەكەی ببات. ناوە یەك زاراوەییەكان هەمیشە باشترینن بەڵام لە بڵاوكراوە تایبەتمەندەكاندا دەتوانرێ دوو تا سێ وشە بۆ ناوەكەی بەكاربهێنرێت، بەتایبەتی لەو كۆمەڵگایانەی كە ڕووبەڕووی زۆربوونی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان بوونەتەوە، بەڕێوەبەرانی بڵاوكراوەكە ناچار دەبن بۆ ناونانی بڵاوكراوەكە سود لە دوو تا سێ وشە وەربگرن.

هەڵبژاردنی ناوی بڵاوكراوەكە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جیۆگرافیای دابەشكردنیشیدا هەیە. هەندێ لە زاراوە لۆكاڵییەكان لەوانەیە بۆ ئەو جیۆگرافیو ناوچەیە گونجاو بێت، بەڵام بۆ بڵاوكراوەیەكی تایبەتمەندی وڵاتەكە بە زاراوەیەكی نائاشنا هەژمار بكرێت. بەشداریپێكردنی وەرگر لە هەڵبژاردنی ناوی بڵاوكراوەكە (لەكاتی دابەشكردنی پرسیارنامەدا) یارمەتییەكی گەورەی بەڕێوەبەرانی بڵاوكراوەكە دەدات.

***ڕیزبەندی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان**

ڕیزبەندی (پۆلێنبەندی) جێمەبەست دەربارەی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان بەسودوەرگرتن لەو پۆلێنبەندیانە پێناس بكرێت كە باسیان لێوەكرا، بەتایبەتی گێڕانەوەكانی یەكەمو دووەمو ئەو ڕوونكردنەوانەی دەیانخەینەڕوو.

لە ڕیزبەندی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكاندا، (بابەت)ی بڵاوكراوەكە دەبێتە بنەچەو وردەكارییەكانی ڕوون دەكرێتەوە. باسكردنی ئەم خاڵەش پێویستە كە ستراكتوری بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو كۆمەڵگایەی كە





بڵاوكراوەكەی تیادا بڵاودەكرێتەوە، كارێكی بێسود دەبێت.

خوێندەواریی كۆمەڵگا، كلتوری كۆمەڵگاو ئینتیماكانی خەڵك بۆ شرۆڤەكردنو ئەو پێداویستییەی بۆ زانینی زیاتر هەستی پێدەكەن دەبێ لەسەربنەمای بڵاوبوونەوەی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكان لەبەرچاوبگیرێت.

بەرفرەبوونی ئەم چەشنە بڵاوكراوانەش وابەستەییەكی تەواوی بەو كۆمەڵگایەوە هەیە كە بڕیارە بڵاوكراوە تایبەتمەندەكەی تیادا بڵاوبكرێتەوە. هەروەها بەرفرەبوونی چالاكییە سیاسی، ئابوریو كۆمەڵایەتییەكان پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە بڵاوبوونەوەی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكەوە هەیە.

ئەگەر لە هەندێ لە وڵاتاندا بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپایی، بڵاوكراوەیەكی تایبەت بە پایسكلسواریی بڵاوبكرێتەوە، زەمینەی بڵاوبوونەوەكەی دەبێ بە وابەستەی بەرفراوانبوونی چالاكییەكانی ئەم وەرزشە لەم وڵاتانەدا بزانرێت. بەنزیكەیی لە هەفتەیەكدا یەك یاخود دوو پێشبڕكێی پایسكلسواریی لە یەكێك لە وڵاتانی ئەوروپایی بەڕێوەدەچێت، خودی ئەم كارە بۆتەمایەی ئەوەی كە گروپێك بیر لە دامەزراندنی بڵاوكراوەیەكی تایبەتمەندی وەرزشی لە بواری پایسكلسوارییدا بكەنەوە. ئەم چالاكییە لە بوارەكانیتریدا لەبەرچاو بگریت، ئەو كاتە هۆكارێكی ڕوون بۆ بڵاوبوونەوەی بڵاوكراوە تایبەتمەندەكانیتر بەدەستەوە دەدات.

سروشتیشە كە زۆربوونی چالاكییە سیاسی، ئابوریو كۆمەڵایەتییەكان هۆكاری ئەو پێشوازییە كە ئەو كۆمەڵگایانە

لەهەمبەر جۆری چالاکییەکاندا هەیانەو هەمان پێشوازیی خەڵك لەو بڵاوکراوە تایبەتمەندانەیە کە قازانجی ئابووریش بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو بڵاوکراوەیە دەهێنێتەدی. بەگشتی هەر جوڵەیەکی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کلتووریی ئەگەر قازانجی ئابووری و بەدەستهێنانی داهاتی نەبێت، بەردەوام نابێت. هەر لەبەر فاکتەری پێشوازیی گشتییە کە لە پۆلێنبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا، کاتی بڵاوبوونەوە یا مەوداکانی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکە، فۆرمی ڕواڵەتەکەی، ناوەرۆك و ئەمەی کە ڕۆژنامەیەکی زەرد بێت یا جددی، وڵاتیانە بێت یا ناوچەیی، پارێزگایی یا شاریی و هەموو ئەمانە بەپێی گروپی پێویست و پێشوازیی وەرگرانی بڵاوکراوەکەیە.

لە پۆلێنبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکەدا کە باسی دەکەین، کۆمەڵگایەکی تایبەت لەبەرچاونەگیراوە و هەوڵ دراوە تا لە هەر بوارو بابەتێکدا بڵاوکراوە تایبەتمەندەکە بناسێندرێت و ڕوونکردنەوە دەربارەی بدرێت. سەرەنجام بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکە، بەهەمانشێوەی کە پێشتر وترا دەبێ بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کۆمەڵگایەی کە بڵاوکراوەکەی تیادا بڵاودەکرێتەوە و لەبەرچاوگرتنی تەمەن، خوێندەواریی، ڕەگەزو گروپ و چینی کۆمەڵایەتی، وەرگرەکەی دەست بۆ هەڵبژاردنی بابەتی بڵاوکراوەکەو بڵاوبوونەوەی ببردرێت و پێشتر بەرنامەکانی بۆ دابڕێژرێ تا سەرەڕای دەرەنجامی کارێکی کلتووریی، سودێکی ئابووریی پێویست بۆ بەردەوامبوونی بڵاوکراوەکە بەدەست بهێنن.





لە ڕیزبەندی گشتیانە بۆ بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان دەبێ سێ زەمینەی سەرەکی لەبەرچاوبگیرێت. بڵاوکراوەکان بەپێی ڕێسایەکی گشتی یا لە زەمینەی سیاسی یا ئابووریی یا کۆمەڵایەتیدان.

**ا: ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی سیاسیدا**

١-بڵاوکراوە سیاسییەکان (دیبلۆماسی)[٢١]:

بڵاوکراوە سیاسییەکان (ڕۆژنامە یا گۆڤار) دەتوانن سێ زەمینەی سەرەکی بۆ بڵاوبوونەوەکەیان لەبەرچاوبگرن. زەمینەو بابەتی سیاسەتی ناوخۆیی، سیاسەتی دەرەکی (نێودەوڵەتی)و ئاوێتەیەك لە سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی.

ناواخنی ئەم بڵاوکراوانە لە هەواڵە سیاسییەکانی ڕۆژ یا هەفتەو وتارە لێکدانەوەیی و شیکارییەکان و هەروەها ڕاپۆرتەهەواڵی و شیکارییەکان پێکدێت. هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانیش (ناوخۆیی و دەرەکی) دەوڵەمەندی ئەم بڵاوکراوانە زیاتر دەکات.

ئەم بڵاوکراوانە لە چوارچێوەی گۆڤاری هەفتانە یان مانگانە بڵاودەکرێنەوە. لەم بڵاوکراوانەدا دەق بەسەر وێنەدا زاڵەو هەروەها پێویستییەکی ئەوتۆی بە فرەچەشنی لە ستونبەندی و

---

[21]–پێدەچێ یەکەمین بڵاوکراوەی سیاسی سەربەخۆ لە ئیران، بڵاوکراوەی لاپاتری (نیشتیمان) بووە کە تەنها یەك ژمارەی بڵاوکرایەوەو لەدایکبوونەکەی دەدەنەپاڵ میرزا حسێن خان قەزوینی (سوپاسالار). (نوسەر)

دیزایندا نییە، چونکە وەرگرەکانی ئەم چەشنە بڵاوکراوانە ناواخن بەسەر فۆرمدا زاڵ دەکەن. ڕووبەری ئەم بڵاوکراوانە بەشێوەی هەفتانە بەگشتی بچوکترە لە (ئەی فۆر A4) و بە شێوەی مانگانە (١٣/٥×٥×١٩) شیاوترە.

٢-بڵاوکراوە مافناسییەکان[٢٢]:

مەبەست لەم بڵاوکراوە مافناسیانە بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەکانی مافناسییە نێودەوڵەتییەکانو ئەو لایەنە مافناسیەیە کە لە زەمینەی سیاسەتەکانی مافەکانی کۆمەڵگاو هاوڵاتێتیدا بێت. ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوانە بەگشتی بەدەوری زەمینەی مافەکانی مرۆڤ، زیندانییە سیاسییەکان، تێکۆشان دژ بە هەڵاوێردی ڕەگەزی، مافە نێودەوڵەتییەکان، یاسا نێودەوڵەتییەکانو یاساکانی مافە ناوخۆییەکان، کۆنڤاشیۆنەکان، بۆنە مافناسییە نێودەوڵەتییەکانو میللەتان، مافە بازرگانییەکان، دادگا نێودەوڵەتییەکان، مافە سنورییەکان (دەریایی، وشکانی، ڕووبارەکانو...هتد)، ناکۆکییە مافناسییەکانو ڕێگاچارەکانو...هتد دا دەسوڕێتەوە.

وتارە جۆراوجۆرەکان (شیکاریی ، بەدواداچوونو

[22]– یەکەمین بڵاوکراوەی مافناسی لە ئیران لە (٨ی شەوالی ١٣٢٤ق) بەناوی (مجلس) بڵاوکرایەوە. بڵاوکەرەوەکەی (سەید محەمەد سادقی تەباتەبایی) بوو. ڕۆژنامەی (محاکمات) دووەمین بڵاوکراوەی مافناسی ئیران بوو کە لە (٨ی جەمادی یەکەمی ١٣٢٦) بە سەرپەرشتی (مجدالاسلام کرمانی) بڵاوکرایەوە. (فصلنامه رسانه، شماره ٨، س١٣٧. حمید مقدم فر) (نوسەر)





لێکدانەوەیی) بنەمای ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوانە پێکدەهێنن. لەم بڵاوکراوانەشدا دەق بەسەر وێنەدا زاڵترەو ڕووبەرو ئەندازەکەی لەسنوری بڵاوکراوە سیاسییەکاندایە. بەشێوەیەکی باو ئەم بڵاوکراوانە هەفتانە یاخود مانگانە بڵاودەکرێنەوە.

٣-بڵاوکراوە ئایدۆلۆژی- ئایینیەکان:

بڵاوکراوە ئایدۆلۆژییەکان، بڵاوکراوە تایبەتەکانی حیزبەکان، گروپەکان، دەستەو کۆمەڵەکانن کە بایەخ بە پەرەپێدان، پڕوپاگەندەو بڵاوکردنەوەی هزرو بیروباوەڕەکانی خۆیان دەدەن. ئەنالیزەکردنی هزرە سیاسییەکانو مەرامەکان، ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوە تایبەتمەندانە پێکدەهێنن. وتاردانەکانو هەڤپەیڤین بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو ڕێبازو هەروەها مێزگردەکانو ڕاپۆرتی کۆبوونەوە حیزبییەکانو کۆڕوکۆبوونەوەکان تائەندازەیەك یاریدەی فرەچەشنی بابەتەکانی بڵاوکراوەکە دەدات.

بڵاوکراوە ئایینییەکانیش بۆ بەرەوپێشڤەبردنی ئامانجە سیاسییەکان سود لە ڕەهەندی دەسەڵاتی ئایینی وەردەگرنو پڕوپاگەندە دەربارەی سەرکردە ئایینیەکان دەکەن کە هەنگاویان لە ڕێگەی سیاسەتدا ناوە.

پڕوپاگەندە لە بازنەکانی ئایینی- سیاسیشدا بۆ خستنەژێرباری پێکهاتە مەزهەبییەکان لەڕیزی کارکردنەکانی ئەم بڵاوکراوانەدایە. مەوداکانی بڵاوبوونەوەی ئەم بڵاوکراوانە شێوەی هەفتانە، هەر پانزدەڕۆژ جارێك، مانگانەو وەرزنامە لەخۆدەگرێت.

٤-بڵاوکراوە فەلسەفییەکان:

لەم بڵاوكراوانەدا پەرە بە تێڕوانینو تیۆرە فەلسەفییەكان لە بازنەی سیاسەتدا دەداتو بنەمای ناوەڕۆكەكەی لە وتارەكان، وتاربێژییەكانو مێزگردەكان پێكدێت. ڕووخسارە بەناوبانگەكانو فەیلەسوفە دێرینو نوێیەكان كە تێڕوانینەكانیان لە جیۆگرافیای وڵاتو نێودەوڵەتیدا كاریگەردانەر بووەو هەیە، لەم بڵاوكراوانەدا دەخرێنەڕوو. ئەگەرچی لەوانەیە لەم بڵاوكراوانەدا باس لە هەموو قوتابخانە فەلسەفییەكان بكرێت بەڵام ئاراستەی زۆرینە بۆ پڕوپاگەندەو پەرەپێدانی هزرە فەلسەفییە تایبەتە جێمەبەستەكەی ئەو بڵاوكراوەیە دەبێت، هەرچەندە لەوانەیە ئەم پڕوپاگەندەیە بەشێوەی نائاشكراو داپۆشراو بێت.

مەوداكانی بڵاوبوونەوەی ئەم بڵاوكراوانە بەلەبەرچاوگرتنی پێشوازی وەرگرەكان، مانگنامەو وەرزنامەیە.

٥-بڵاوكراوە پارلەمانییەكان[23]:

ئەم بڵاوكراوانە بازنەی چالاكییە پارلەمانییەكانو نوێنەرانی پارلەمان لەخۆدەگرن.

هەواڵەكانی ئەنجومەن لە مەیدانی یاساكان، بڕیارەكان، وتاردانەكانو هەروەها میكانیزمی كۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەكانو ڕەنگدانەوەی یاساكانی پێشوو و دوای بڕیارلەسەردانی لەلای ڕایگشتی لەخۆدەگرێت. هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی دەربارەی

23– بەهەمانشێوەی كە پێشتر ئاماژەی بۆ كرا، یەكەمین بڵاوكراوە بەناوی (مجلس) بوو كە یادداشتەكانی (دارالشورای كبری)ی چاپ دەكرد. بڵاوكراوەی (مجلس) لە (٨شوال ١٣٢٤ق) بڵاوكرایەوە.





یاساكانی ئەنجومەن بەرلە بڕیارلێدانیان، نوێنەران دەخاتەبەردەم خواستی كۆمەڵگاوەو پراكتیزەكردنی یاساكان ئاسانتر دەكات.

بڵاوكراوەی ئەنجومەن لە هەندێ لە وڵاتاندا بەلەبەرچاوگرتنی چالاكییەكانی پارلەمان دەكرێ ڕۆژانەش بێت، لەگەڵ ئەمەشدا بەشێوەی هەفتانەو مانگانەش بڵاودەبێتەوە.

٦-بڵاوكراوە ستراتیژییە سیاسییەكان:

بڵاوكراوە ستراتیژییەكانو ستراتیژی سیاسی كە بەگشتی لەلایەن دامەزراوەكانو ڕێكخراوەكانی توێژینەوە ستراتیژییەوەكانەوە بڵاودەبێتەوە، لەسەربنەمای توێژینەوە ستراتیژییەكانو سیاسەتە ناوخۆیی، دەرەكییەكانو هەروەها سیاسەتەكانی وڵاتانیتر لەسەرئاستی جیهان فۆرمەڵە دەبێت. ڕوانگەی ئەم بڵاوكراوانە، دووسەرەیەو بایەخ بە سیاسەتەكانی هەنوكەو ئایندە دەدات. توێژینەوەكانو لێكدانەوەكان بنەمای ناوەڕۆكی ئەم بڵاوكراوانە دەسازێنێتو لەسەرئاستی نێودەوڵەتیش بڵاودەبێتەوە.

## ب-ڕیزبەندی بڵاوكراوە تایبەتمەندییەكان لە مەیدانی سەربازیدا

١-بڵاوكراوە گشتییە سەربازییەكان[24]:

24–یەكەمین بڵاوكراوەی سەربازیی لە ئێران لە (٢٩ی ذی قعده ١٢٩٣) سەرەتا بەناوی ڕۆژنامەی (نظامی دولت) دژ بە ئێرانو پاشان ناوەكەی گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی (عملیەو ادبیە) بڵاوكرایەوە. ڕۆژنامەی (مریخ)یش لە (٥ محرم ١٢٩٦) كە ڕۆژنامەیەكی سەربازیی بوو بڵاوكرایەوە. پێدەچێ

بڵاوكراوە سەربازییەكان لە بازنەی گشتی هێزە سەربازییەكانداو بە ناوەڕۆكی جۆراوجۆری سێ هێزی سەرەكی زەمینی، دەریایی و ئاسمانی و دامەزراوە پاشكۆكانی سوپا بڵاودەبێتەوە. ئەگەرچی ئەم بڵاوكراوە تایبەتمەندانە سەربازین بەڵام فرەچەشنی بابەتەكانیان بەهۆی باسكردن لە بابەتەكانی هەرسێ هێزەكەوەیە.

هەواڵە سەربازییەكان و هەروەها ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەكان لە بازنەی چالاكییەكان، مانۆڕەكان، جەنگەكان و تاكتیكە سەربازییەكان، گفتوگۆ لەگەڵ میلیتاریستەكان لە بواری چالاكی، بیرەوەرییە سەربازییە قارەمانێتییەكان و...هتد لە بابەتە سەرەكییەكانی ئەم بڵاوكراوانەیە.

مەوداكانی بڵاوبوونەوەی ئەمانە، بەلەبەرچاوگرتنی بوونی ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند لەم بوارەدا، بەشێوەی هەفتانەو مانگانەیە. هەروەها ئەم بڵاوكراوانە لە بازنەی ناو هێزە سەربازییەكاندا دەكرێ سنوردار بێت و لە هەلومەرجێكی باشدا دابەشكردنێكی گشتیانەی هەیە.

٢-بڵاوكراوەی هێزە زەمینییەكان:

ئەم بڵاوكراوەیە لقێكە لە بڵاوكراوە گشتییە سەربازییەكان كە تەنها لە سنوری هێزی زەمینی و دامەزراوە وابەستەكانی سوپادا، بابەت بڵاودەكاتەوە.

---

بەلەبەرچاوگرتنی ناوی ڕۆژنامەی (علمیەو ادعیە) بووبێت كە سێ ساڵ بەرلە (مریخ) بڵاوكرایەوە، (مریخ) تەنها بڵاوكراوەیەكی سەربازیی بوو. (نوسەر)





٣-بڵاوكراوەی هێزە دەریاییەكان:

بڵاوكراوەی هێزی دەریاییش لە بازنەی چالاكییەكانی ئەم هێزە، كەشتییەكان، بەلەمەكان، ئۆپەراسیۆنە دەریاییەكان، ستراتیژییە دەریاییەكان، بەرگری دەریایی، چەكە دەریاییەكان و بوارەكانیتری چالاكی ئەم هێزەدا بابەتە وابەستەو پەیوەندیدارەكان بڵاودەكاتەوە.

٤-بڵاوكراوەكانی هێزە ئاسمانییەكان:

ناوەڕۆكی بڵاوكراوەی هێزی ئاسمانیش لە بازنەی چالاكییەكان و كردە ئاسمانییەكان لەگەڵ ڕۆڵی هێزە مرۆییەكان (فڕۆكەوانان و...هتد) و بەرگری ئاسمانی و زەمینە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی بازنەی میكانیزمی ئەم هێزەدایە.

هەرسێ بڵاوكراوەی زەمینی، ئاسمانی و دەریایی ئەگەر بایەخ بە فرەچەشنی بابەتەكان بدەن لە دەرەوەی دامەزراوەكەشدا دابەش دەكرێن و دەتوانن بەشێك لە ڕایگشتی كۆمەڵگا بخاتەژێر كاریگەرییەوە.

٥-بڵاوكراوە هێزە سەربازییەكان:

بڵاوكراوەی هێزە سەربازییەكان بەهۆی بوونی هێزەكان لە كۆمەڵگاداو ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ تاوانباران و سەرپێچیكاران و هەروەها دروستكردنی ئارامی و ئاسایش، بازنەیەكی بەرفراوانتر لەخۆدەگرێت. لەمڕووەوە بابەتەكانی ئەم بڵاوكراوەیە تەنها لە سنوری ناوخۆیی دامەزراوەكەدا قەتیس نابێت و دەتوانێ بەدروستكردنی جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ

وەرگرەکاندا لە پاراستنی ئارامی و دروستکردنی ئاسایش، هۆشیاریی کۆمەڵگاو هەروەها ئاگادارکردنەوەی خەڵکدا بەشێك لە ئەرکەکانی خۆی ئاسان بکات.

ئامانجی سەرەکی ئەم بڵاوکراوانە زانیاریگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگایە لەڕێگەی هەواڵەکان، ڕاپۆرتەکان و هەڤپەیڤین لەگەڵ بەرپرسانی سەربازیی و هەروەها خەڵکدا. ئەم بڵاوکراوانە لە بازنەی ڕێنمایی و شۆفێرێتیشدا دەتوانێ هەمان ئەو ئەرکانە بەئەنجام بگەیەنێت و لە شارە پڕلە دانیشتوان و هاتوچۆکاندا لەگەڵ ئاشناکردنی خەڵك بە یاساکان، بەجۆرێك لە جۆرەکان لەهەموو بوارەکاندا سەرپێچییەکان کەم بکاتەوە.

٦-بڵاوکراوە چەکە سەربازییەکان:

بڵاوکراوەکانی چەکە سەربازییەکان لەگەڵ ناساندنی چەکە جۆراوجۆرەکاندا ئەگەر لەلایەن کارگەکانی بەرهەمهێنانی چەکەکانەوە بڵاوبکرێنەوە دەست بۆ جۆرە بازاڕدۆزینەوەیەکیش دەبەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە بڵاوکراوانە سەرەڕای بازاڕدۆزینەوە بۆ فرۆشتنی چەکەکان لەو وڵاتانەی کە بڵاودەکرێنەوە، هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هەژمونی سەربازییانەش دەدەن.

٧-بڵاوکراوە ستراتیژییە سەربازییەکان:

بڵاوکراوە ستراتیژییە سەربازییەکان بەرهەمی ڕێکخراوەکان و دامەزراوە ستراتیژییە سەربازییەکانن کە چالاکییە سەربازییەکان، پێگە سەربازییەکان، ئامانجە سەربازییەکان و دەستنیشانکردنی





پێگە جیۆپۆلۆتیکییە سەربازییەکان شی دەکەنەوە.

٨-بڵاوکراوە فەزا- سەربازییەکان:

لەوکاتەوەی کە فەزا (بۆشایی ئاسمان) لەلایەن هێزەکانەوە گۆڕاوە بۆ مەیدانێکی سەربازیی، ئەم بڵاوکراوە تایبەتمەندانەش لەدایك بوون. ئەو بڵاوکراوانەی ناوەڕۆکەکانیان پێکدێت لە چالاکییە سەربازییەکانی فەزا بەسوودوەرگرتن لە مانگەدەستکردەکان و پێگە گەردوونییەکان.

## ج: ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی ئابوریدا

بڵاوکراوە ئابورییەکان بڵاوکراوەی ڕۆژانە، هەفتانە، مانگنامەو وەرزنامەییەکان لە بواری ئابوریی گشتی و مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ئەم بوارە بەرفراوانە لەخۆدەگرێت و ناوەڕۆکەکەی بەلەبەرچاوگرتنی مەوداکانی بڵاوبوونەوەو هەروەها وەرگرەکانی، دەستنیشان دەکرێت

### ١-بڵاوکراوەکانی بواری گشتی ئابوری[25] :

ئەم بڵاوکراوانە بەشێوەی ڕۆژانە لەسەر تەوەرەی هەواڵە ئابورییەکان دەسوڕێتەوە. بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانە هەواڵە ڕۆژانەییەکانی ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوە سیاسییە سەرەکییەکان لەخۆدەگرێت.

وەرگرانی بڵاوکراوە ڕۆژانەییە ئابورییەکان سەرتاپاگیرن،

---

[25]–لە ساڵی (١٢٩٧ق) یەکەمین بڵاوکراوەی ئابوریی ئێران لەژێرناوی (تجارت) کە پاشان بە ڕۆژنامەی (تجارت) ناسرا، بڵاوکرایەوە. (نوسەر)

چونکە زانیاریی گەیاندنەکانیان لەبارەی ڕووداوەکانی ڕۆژەوە، بۆتەمایەی ئەم پێشوازییە گشتییە. زانیاریی گەیاندنەکان دەربارەی نرخی پێویست بۆ خەڵك، ناوەندەکانی کڕین، ڕاگەیاندنی نرخی کاڵاکان، ناوەندەکانی دابەشکردنی کاڵا پێویستەکانی خەڵك، بازاڕی پشکەکان، نرخی بەرهەمە پیشەسازییەکان و پێداویستییەکانی ماڵ، ئۆتۆمبێل، کۆمپیوتەر، فرۆشتنی کاڵا نیوداشەکان، پێداویستییەکانی بیناکاریی و هاوشێوەکانیان بابەتە سەرەکییەکانی بڵاوکراوەکە پێکدەهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بڵاوکراوانە بایەخ بە بازاڕە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانیش دەدەن.

لەم بڵاوکراوانەدا وتار، ڕاپۆرت و هەڤپەیڤینەکانیش لە مەیدانی شیکردنەوەی ئاڵوگۆڕە ئابورییەکانی ڕۆژدا، ڕاپۆرت لەبارەی ناوەندەکانی کڕین وفرۆشتن و نرخەکان و هەڤپەیڤینەکان لەگەڵ لایەنەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە بوارە ئابورییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژدا، بەشی دووەمی ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوانە پێکدەهێنێت.

هەواڵ لە بڵاوکراوە هەفتانەیی، مانگانەو وەرزنامەکانی بازنەی گشتی ئابوریشدا بەلەبەرچاوگرتنی خولی بڵاوبوونەوەیان فۆرمەڵە دەبێت و مەوداکانی بڵاوبوونەوەیان دەستنیشان دەکات و بەگشتی بابەتە شیکاریی، لێکدانەوەییەکان و ڕاپۆرتە تێروتەسەلەکان، ڕووخساری زاڵی ناوەرۆکەکانیان پێکدەهێنێت.

ئەندازەی ئەم بڵاوکراوانەش بەشێوەی ڕۆژانەیی بە ڕووبەری





ڕۆژنامە گەورەکان و نیوەی ڕۆژنامەگەورەکان، تابلۆید (Tabloid)و بەشێوەی هەفتانە، مانگنامەو وەرزنامە بە ڕووبەری گۆڤار (بە ئەندازەی جۆراوجۆر)دا باوە.

**٢-بڵاوکراوە ئابورییەکان لە بواری تایبەتمەندێتی ئابوری:**

بڵاوکراوە ئابورییەکان لە بازنە تایبەتمەندەکانیشدا بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەی تایبەتمەندێتییەکەی دەکرێ بۆ چەند دەستەیەك دابەش بکرێت و هەریەك لەوانە لە ژێر کۆمەڵەکانی خۆیاندا پۆلێنبەندییەکی تایبەتمەندانەیان هەیە.

١-بڵاوکراوە کشتوکاڵی و پەلەوەرییەکان:

یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین و کاریگەرترین بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە بازنەی کشتوکاڵدا، بڵاوکراوە زانیاریی گەیەنەرەکانی تایبەت بە جوتیاران و مەڕوماڵاتدارەکانە.

ئەم بڵاوکراوانە بەشێوەی دووجار لە هەفتەیەکدا یا هەفتانە بڵاودەکرێتەوەو ناوەرۆکەکەی پێداویستی جوتیاران لە بواری چالاکییەکانیشیاندا داخاتەڕوو. جوتیاران و مەڕوماڵاتدارەکان لەڕێگەی ئەم بڵاوکراوانەوە ئاگاداری نرخی بەرهەمەکانی خۆیان لە بازاڕدا دەبن و ئەم بڵاوکراوانە جوتیاران ئاگادار دەکەنەوە لە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکان، بارودۆخی ئاوهەوا، شێوازی ئاودێریی، نرخی دانەوێڵەو نەهێشتنی ئافاتەکان و هەرشتێ کە پەیوەندی بە چەشنی چالاکییەکانی جوتیارانەوەیە

لەژێر کۆمەڵەی بڵاوکراوە کشتوکاڵییەکانیشدا، بڵاوکراوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەیەکتر جیادەکرێنەوە وەك بڵاوکراوەی

گەنم، بڵاوکراوەی جۆ، بڵاوکراوەی پەمۆ، بڵاوکراوەی دانەوێڵەو هاوشێوەکانیان.

ئەم بڵاوکراوانە بەلەبەرچاوگرتنی چەشنی چالاکییەکانی جوتیاران لەهەر ناوچەیەکی جیۆگرافیدا پۆلێنبەندی دەکرێت. ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوانەش بەلەبەرچاوگرتنی جۆری وەرگرەکان (جوتیار، ئەندازیاری کشتوکاڵی و...هتد ) سوك و گران دەبێت.

٢-بڵاوکراوە پیشەییەکان:

بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی پیشەییدا لەسەربنەمای جۆری چالاکییە پیشەییەکەیەو وەرگرەکانیشی (کرێکاران، دەڵاڵەکان، وەستاکان، سەرمایەگوزاران، پسپۆڕان و...هتد ) ناوەرۆکەکەی دەستنیشان دەکەن.

لەژێر کۆمەڵەی بڵاوکراوە پیشەییەکاندا بەلەبەرچاوگرتنی فۆرمەڵەبوونی و چالاکییەکانی ئەو پیشەیە لە هەر وڵاتێکدا، پیشەسازیی جۆراوجۆر دێنەئارا کە لەڕیزیاندا دەکرێ ئاماژە بۆ ئەم بڵاوکراوە تایبەتمەندانە بکرێت: بڵاوکراوەی ئۆتۆمبێل، بڵاوکراوەی نەوت، گاز، پەترۆکیمیایی، بڵاوکراوەی چیمەنتۆ، بڵاوکراوەی کانزاکان، بڵاوکراوەی پیشەسازییەکانی پۆشاك، پیشەسازییەکانی خۆراك، پیشەسازییە بیناکارییەکان، پیشەسازییە تەندروستییەکان، پیشەسازییەکانی فەرش، پیشەسازییە دەرمانسازییەکان، پیشەسازی کارەبا، پیشەسازییە کیمیاییەکان، پیشەسازییە دەستییەکان و...هتد ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوانەش بەلەبەرچاوگرتنی وەرگرەکانی دەستنیشان





دەکرێت کە بەرلەبڵاوبوونەوەیان دیاری کراوە.

٣-بڵاوکراوە بانکی و بۆرسەییەکان:

ئەم بڵاوکراوانەش لە بازنەی هاوبەشی بانك و بۆرسەو هەروەها بەجیاجیاش بڵاوکراوەی بانکی و بڵاوکراوەی بۆرسەو پشکی دراوە بەهادارەکان بڵاودەکرێنەوە. جۆری رۆژانەی بڵاوکراوە پشکدارییەکان هەموو رۆژێك ئاماری مامەڵەکان بڵاودەکەنەوەو لەمڕووەوە پێداویستی وەرگرەکان و کڕیارانی بۆرسە دەهێننەدی.

٤-بڵاوکراوە جیهانگەڕییەکان (توریسم):

بڵاوکراوە جیهانگەڕییەکان بەئامانجی ناساندن و خستنەڕووی ناوچەکان و ناوەندە جیهانگەڕییەکانی پارێزگاکان و وڵاتان بڵاودەکرێتەوە.

وێنە لەم بڵاوکراوانەدا دەچێتە چەقەوە. وێنە گەورەو ڕەنگاوڕەنگەکان بە بەکارهێنانی کاغەزی گرانبەها لە چاپ و رووبەری گەورەی ئەم بڵاوکراوانەدا[26] ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ڕاکێشکردنی وەرگرەکاندا هەیە.

ئەم بڵاوکراوانە بەگشتی جێگەی بڵاوکراوەیەکی زانیاریی گەیاندنیش لە دڵی خۆیاندا دەکەنەوە. ئەندازەی بڵاوکراوەی پاشکۆ بچوکترە[27] و زانیارییە پێویستەکان بۆ جیهانگەڕان لەخۆدەگرێت کە بریتییە لە ژمارەی تەلەفۆنە پێویستەکان (پۆلیس، پۆلیسی فریاکەوتن، نەخۆشخانەکان و...هتد )و هەروەها

---

26 – ٣٠× ٢٢ سانتی مەتر.

27 – ١٩× ١٢ سانتی مەتر.

زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ئامرازەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەو پەیوەندی (تاکسی، نەفەرهەڵگر، شەمەندەفەر، فڕۆکە) و جۆرە زانیاریی گەیاندنێکی پەیوەندیدار بە ونبوونی پاسپۆرت، نرخی دراوەکان و شێوازی گۆڕینەوەیان، تەلەفۆن و ناونیشانی ئوتێل و نرخەکانیان و هەرشتێ کە گەشتیارێك پێویستی پێیەتی.

٥- بڵاوکراوە پڕوپاگەندەیی و بازاڕدۆزەکان:

ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بایەخ بە هونەرەکانی پڕوپاگەندەو بازاڕدۆزیی دەدات و لەڕووی زانستی و فێرکاریشەوە هەمان ئەو مەسەلانە لەخۆدەگرێت.[28]

چۆنییەتی پڕوپاگەندە بۆ کاڵاکان، سودوەرگرتن لە ناوەندەکان، شوێنەکان و بڵاوکراوەکان و ڕادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما بۆ پڕوپاگەندە لەڕیزی بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانەدان.

دروشمە پڕوپاگەندەییەکان، وێنەو وێنەکانی پەیوەندیدار بە پڕوپاگەندەو هەروەها چۆنییەتی فرۆشتن و بازاڕدۆزیی کاڵاکان لەگەڵ نمونە سەرکەوتووەکانیاندا، بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانە پێکدەهێنێت.

٦-بڵاوکراوە ڕیکلامییەکان:

بڵاوکراوەکانی ڕیکلامەکان لە هەردوو بواری ڕیکلامە گشتییەکان و ڕیکلامە تایبەتییەکانی وەکو بڵاوکراوەکانی

[28]– زۆرینەی ئەو بڵاوکراوانەی لەپێناو پڕوپاگەندەو ڕیکلامدا دەردەچن، کۆمەڵێك بابەتی زانستی جۆراوجۆریش لەدووتوێی لاپەڕەکانیدا بڵاودەکرێتەوە تاوەکو خوێنەری پتر بۆ خۆیان ڕابکێشن. (و–ك)





ڕیکلامی ئۆتۆمبێل، ڕیکلامی فرۆشتن، بەکرێگرتن و ڕەهنی شوێنەکان و...هتد بڵاودەکرێتەوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بڵاوکراوە ئۆرگانیزەکراوانە بەشێوەی هەفتانەو مانگانەیە. لەبەرئەم هۆیە نازناوی بڵاوکراوە وەردەگرێت و لە کەتەلۆگ و ڕیکلامە پڕوپاگەندەییەکان جیا دەکرێتەوە.

٧-بڵاوکراوە چینایەتییەکان:

بڵاوکراوە چینایەتییەکان کە بەگشتی لەلایەن چین وتوێژە جۆراوجۆرەکان و یەکێتییە کرێکارییەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، بە ئامانجی پشتیوانی لە پیشەکاران و کرێکاران فۆرمەڵە دەبێت.

ئەم بڵاوکراوانە لەگەڵ ئەوەدا کە چینێکی بەرفراوان لەخۆدەگرن، سود لە بابەتگەلێك وەردەگرن کە وەرگرەکان لە بابەتگەلێکی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بەو چین وتوێژە یاخود ئەو یەکێتییە یاخود ئەو کۆمەڵەیە ئاگادار دەکاتەوەو بە چاپکردنی هەندێ لە یاسا پیشەییەکان، خزمەت بەو چین وتوێژە دەکات. ئەم بڵاوکراوانە پتر لە بازنەی چالاکییە ئابورییەکاندا چالاکن، بەڵام لە هەندێ بواردا چۆتەناو توێژە سیاسییەکانیشەوەو لەڕێگەی بڵاوکراوەکانی خۆیەوە، ستراتیژێکی تایبەتیانە لەبارەی ڕاستییەکانی مافەکانیان بە بیری وەرگرەکان (پیشەکاران و کرێکاران) دەهێننەوە.

**د.ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لەمەیدانی کۆمەڵایەتیدا**

بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە بازنەی کۆمەڵایەتیدا

بەرفرەیییەکی زۆرتریان هەیە. لە پۆلێنبەندی ئەم بڵاوکراوانەدا، بەشێوەیەکی وردتر بایەخ بە سنوری تەمەنی وەرگرەکانو ڕەگەزو چینی کۆمەڵایەتی دەدات. لەبەرئەم هۆیە پۆلێنبەندی تەمەن وەك منداڵان، تازەپێگەیشتوان، لاوانو هەروەها دەبێ پۆلێنبەندی ڕەگەزایەتی وەك بڵاوکراوەی خانمانو پیاوان لەبەرچاو بگیرێت.

لە بازنەی کۆمەڵایەتیدا، بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان هەروەك بڵاوکراوە هونەرییەکان، بڵاوکراوە وەرزشییەکان، بڵاوکراوە زانیارییە گشتییەکانو هاوشێوەکانیشیان تایبەتمەندێتی خۆیان هەیەو هەندێ لەو بوارانە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، خۆی پۆلێنبەندییەکی وردو جیاوازی دەوێت.

**١-بڵاوکراوەکانی منداڵان:**

پسپۆڕانی منداڵ دەڵێن کۆرپەلە لە ڕۆژی چلەمینی دوای لەدایکبوونەوە، دەتوانن کەسەکانو شتەکانی دەوروبەری خۆیان ببینن، بەڵام بۆ بینینی بڵاوکراوەیەك کە لەم بەشەدا مەبەستمانە، تەمەنی دووساڵەیی دەستپێکێکە بۆ ئەم مەبەستە.

لە پۆلێنبەندی بڵاوکراوەکانی منداڵان لە تەمەنی (٢ تا ٦) ساڵییەوە (بەرلەچوونە قوتابخانە) بە قۆناغێك هەژمار دەکرێت. بڵاوکراوەکانی منداڵان بۆ ئەم تەمەنەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە منداڵ هێشتا خوێندەواریی نییە، فۆرمەڵە دەبێت. تایبەتمەندییەکانی بڵاوکراوەی منداڵان (٢ تا ٦ ساڵو نەخوێندەوار) بەمشێوەیەیە: ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوانە دیمەنی (وێنە، کاریکاتێر، نەخشە)ی سادە لەگەڵ خستنەڕووی ژمارەکان





یاخود نیشاندانیتری وەك پیتەکانی ئەلفبێیە.

ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم بڵاوکراوەیە لە نێوان (١٠ تا ٢٠) لاپەڕەو ڕووبەرو ئەندازەکەی (١٥×١٢سم)ە بەجۆرێکە کە منداڵ بتوانێ بەدەستەکانی بیگرێت. ئەم بڵاوکراوانە هەفتانە بڵاودەکرێتەوەو بەلەبەرچاوگرتنی تەمەنی منداڵ (٤ تا ٦) ساڵانە، چیرۆکە وێنەدارە زۆر سادەکانو نوسینێکی کەمیش لەخۆدەگرێت. ڕەنگاوڕەنگی ئەم بڵاوکراوانەش زۆر سادەو تاکڕەنگەو چاپکردنی هەندێ وێنەی بێڕەنگ بۆ منداڵ، چانسی ڕەنگکردنیشی لە خودی گۆڤارەکەدا بەمنداڵ دەدات. ئەم گۆڤارانە هەفتانە بڵاودەکرێتەوە.

بڵاوکراوەکانی منداڵانی (٦ تا ١٣) ساڵ ناوەرۆکێکی دەوڵەمەندتری لەڕووی بابەتەوە هەیە. چیرۆکە وێنەدارە کارتۆنییەکان بنەڕەتی ئەم بڵاوکراوانە پێکدەهێنێت. بەشی سەرگەرمی وەك شێوەکاریی، بەیەکگەیاندنی پیتەکانو ژمارەکانو دروستکردنی وێنەکەیان، ڕەنگکردنی هەندێ لە وێنە بێڕەنگەکان، چیرۆکە کورتە یەك تا دوو لاپەڕەییەکان، مەتەڵە سادەکانو...هتد لە ناوەرۆکەکانیتری ئەم بڵاوکراوانەیە. ڕووبەرو ئەندازەی ئەم بڵاوکراوانە بەشێوەیەکی مامناوەند (١٦×٢٠سم)و چوار ڕەنگەو بەشێوەیەکی هەفتانە بڵاودەکرێتەوە.

**٢-بڵاوکراوەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوان:**

ئەم بڵاوکراوانە فرەچەشنییەکی زۆریان هەیەو بۆ تەمەنەکانی (١٣تا١٨) ساڵ بڵاودەکرێنەوە. ئەم گۆڤارانە بەهۆی خێرایی

نوێبوونەوەی نەوەکان و جێگۆڕکێی گروپی تەمەنەوە، هەم وەرگرێکی زۆریان هەیەو هەم ئەگەر نەتوانن خۆیان لەگەڵ پێداویستی رۆژنامەی وەرگرەکان بەهۆی جێگۆڕکێی خێرای وەرگرەکان و هەلومەرجی رۆژنامەی کۆمەڵگاوە بگونجێنن، ڕووبەڕووی کەمبوونی وەرگر دەبنەوە.

لە وڵاتانی خۆرئاوادا بۆ هەر گروپێکی تەمەنی لاوان، بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بڵاودەکرێتەوە. موزیک، ژیانی هونەرمەندان، ئۆتۆمبێل، چیرۆکە فەزاییەکان و.. ناوەرۆکی سەرەکی ئەم بڵاوکراوانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڤارانە چاپێکی جوان و سەرنجڕاکێشیان هەیەو وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان، سەرنجڕاکێشبوونی ئەو گۆڤارانە لای وەرگرەکانی زیاتر دەکات. ئەم بڵاوکراوانە هەفتانەن و بە ئەندازەیەکی گەورە بڵاودەکرێنەوە[29].

**٣-بڵاوکراوە وەرزشییەکان[30]:**

پەیدابوونی یەکەمین رۆژنامەی وەرزشی جیهان لە ساڵی (١٨٣٨)ی زایینی لە بەریتانیا بەناوی (زەنگەکانی ژیان)[31] و پاشان گۆڕینی ناوەکەی بۆ (ژیانی وەرزشی)[32]، یەکەمین

---

[29]– ٣٠×٢٢سم.

[30]– یەکەمین بڵاوکراوەی وەرزشی بەناوی گۆڤاری وەرزش لە ساڵی (١٣٠٧ھ) لە تاران و دووەمین بڵاوکراوەی وەرزشی لە ساڵی (١٣١٤ھ) بەناوی (أئین ورزش) بەشێوەیەکی هەفتانە بڵاوکرایەوە.

[31]-Bells Life.

[32]-Sporting Life.





رۆژنامەی وەرزشی جیهان نیشانەیە بۆ ئەم واقیعییەتەی کە وەرزش بەشێکە لە ژیانی مرۆڤەکان. میدیاکان بە مامەڵە لەگەڵ وەرگرەکاندا توانیویانە ڕۆڵی خۆیان بۆ کاریگەردانان لەسەر ئەم ڕووخسارەی ژیانی مرۆڤ بگێڕن.

ئەمڕۆ لە مەیدانی وەرزشیشدا رۆژنامەنوسە تایبەتمەندەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەوانی وەرزشیدا وەك رۆژنامەنوسی تۆپی پێ، رۆژنامەنوسی تایبەتمەند لە وەرزشەکانی گۆڕەپان و مەیدان و هاوشێوەکانیان پەروەردە کراون و پەروەردە دەکرێن. بڵاوکراوە وەرزشییەکان لەگەڵ بوونی رۆژنامەنوسی تایبەتمەند، لە هەریەك لە وەرزشەکاندا دەتوانن وەرزش بکەنە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵك یا بەلایەنی کەمەوە وەرگرەکانی خۆیان. لەبەرئەم هۆیە بڵاوکراوە وەرزشییەکان دەبێ بایەخ بەم خاڵانە بدەن:

*ئەدەبیاتی بڵاوکراوە وەرزشییەکان.

*ڕێبازەکانی نوسین لە ڕوانگەی بنەماکانی هەواڵ، ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین و وتارنوسینەوە.

*تێڕوانینی تایبەتمەندانە بۆ بوارە وەرزشییەکان.

*کاریگەرییەکانی بینین (دیزاین و وێنە) لە بڵاوکراوە وەرزشییەکاندا.

لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە کاریگەریی لەسەر زیادبوونی وەرگرەکان دادەنێت، هەرچەندە کە کۆمەڵگەی وەرگرەکان لە هەر وڵاتێکدا بە ڕێژە دەستنیشان دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا بڵاوکراوە

وەرزشییەکان لە ڕوانگەی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە، گروپی تازەپێگەیشتووان و لاوان لەخۆدەگرێت کە لە ڕووی تەمەنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لە تەمەنی (١٢ تا ٣٠) ساڵیدان و لە ڕووی ڕەگەزەوە زیاتر گروپی پیاوانن.

بڵاوکراوە وەرزشییەکان لە بازنەیەکی گشتیدا زیاتر بایەخ بە بوارە جێحەزەکانی کۆمەڵگا دەدەن و خۆیان لە یەك وەرزشدا قەتیس ناکەن.

فرەچەشنی بڵاوکراوە وەرزشییەکانیش، پابەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕێژەی چالاکییە وەرزشییەکان لە کۆمەڵگادا هەیە کە بڵاوکراوەکەی تیادا بڵاودەبێتەوە. لەبەرئەم هۆیە لە هەندێ لە وڵاتاندا کە چالاکییە وەرزشییەکان زۆرە، بڵاوکراوەکانی تایبەت بە گۆڕەپان و مەیدان بۆنمونە بڵاوکراوەی (دووسەد مەتر) یا بڵاوکراوەی ماراسۆن.. بەشێوەی ڕۆژانە بڵاودەبێتەوە. بەهەرحاڵ بڵاوکراوە وەرزشییەکان هەم لە بازنەی گشتیداو هەم لە بازنەی بوارە تایبەتەکاندا دابەش دەبن.

لە بواری تایبەتمەندیدا، گۆڤاری تۆپی پێ، گۆڤاری باڵە، گۆڤاری باسکە، گۆڤاری زۆرانبازی، گۆڤاری گۆڕەپان و مەیدان، گۆڤاری ئەسپسواری، گۆڤاری مەلەوانی، گۆڤاری گۆڵف، گۆڤاری وەرزشە ڕمبازییەکان و بەشێوەیەکی تایبەتیش گۆڤارەکانی کاراتێ، جۆدۆ...هتد گۆڤاری بەرزکردنەوەی قورسایی، گۆڤاری ئۆتۆمبێلوانی (رالی)، گۆڤاری هۆکی، گۆڤاری بۆکسێن و بوارەکانیتر بەلەبەرچاوگرتنی وەرگرەکان و زۆریی چالاکییەکانی





ئەو بوارە وەرزشییە بڵاودەکرێتەوە.

بڵاوکراوە وەرزشییەکان بەشێوەی ڕۆژانە، هەفتانەو مانگانە بڵاودەکرێنەوە. سەرەنجام دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە وێنە بەڕێژەی (٥٠٪)ی بڵاوکراوە وەرزشییەکان پێکدەهێنێت، واتا ئەو وێنانەی کە بتوانن جوڵە، هەراو هەڵچوون، جوانی و هێز لە وەرزشدا نیشان بدات.

لە دیزاینیشدا (لەسەر ڕووی بەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوە) دەبێ ئامانجێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراو لە پێکهاتەی پیتەکان، وێنەو ڕەگەزەکانی بەرجەستەکردندا هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو لاپەڕەکاندا کاتێ ڕەنگ بەکاردەهێنرێت، ناسینی ڕەنگ لە ڕوانگەی زەینی، بینین، پێکهاتەی ڕەنگ، کۆنتراستە[33] ڕەنگییەکان و بەشێوەیەکی ڕێتمانە، هەڵسەنگاندنی تەواوەتیانەی ڕەنگەکان و دیدگا جۆراوجۆرەکان بۆ خستنەڕووی جوانکارییە ڕەنگییەکان لەبەرچاو دەگیرێت. واتا ئەمپرسیۆنی ڕەنگ کە بریتییە لە هەستی بینین، ئەکسپرسیۆنی ڕەنگ کە هۆکاری هەڵچوون و هەستەکان و کاردانەوە زەینی و بینینییەکانە و هەروەها کۆنتراسیۆن یاخود پێکهاتەی ڕەنگ کە بەگشتی حاڵەتە سیمبولی و ڕەمزییەکان نیشان دەدات و لە

---

[33]– کۆنتراست واتا (دژیەك)، بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە دیزایندا واتا دژیەکی لەو ڕەنگانەی بەکاردەهێنرێت تا چاوی خوێنەر بە باشی بیبینێت، بۆنمونە باشترین کۆنتراستی ڕەنگ لە دیزایندا بریتییە لە ڕەش لەسەر سپی یان سپی لەسەر ڕەش. (و–ك).

خزمەتی هاوسەنگی و هەماهەنگی فۆرم و بابەتەکاندایە" لەبەرچاوبگیرێت.

**٤-بڵاوکراوەکانی خانمان:**

پۆلێنبەندی بڵاوکراوەکانی خانمانیش لەهەردوو بواری گشتی و تایبەتیدایە. لە بواری گشتیدا بڵاوکراوەکانی خانمان لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی (ژنان)ی لەبەرچاوگرتووە، بەڵام ڕووخساری زاڵ تیایاندا ژنانی ماڵدارو کارمەند لەخۆدەگرێت. لەبەرئەم هۆیە ئەدەبیاتی ئەم بڵاوکراوانەش سادەن و لەهەمانکاتدا سەرنجڕاکێشن. لەبەرئەم هۆیە بڵاوکراوە گشتییەکانی ژنان بابەتگەلێکی جۆراوجۆریش لەخۆدەگرێت.

چیرۆک و چیرۆکە زنجیرەییە ڕۆمانتیکی و خۆشەویستییەکان، یەکتربڕ، تێستە سادە دەروونناسییەکان (خودناسی، هاوسەرناسی و...هتد )، هەواڵەکان و ڕاپۆرتەکان دەربارەی کەسایەتییەکان بەتایبەت ژنە بەناوبانگەکان، وتارە فێرکارییە ناڕاستەوخۆکان، لاپەڕەی خۆراکسازی، چاپکردنی سەرگوزەشتەکانی پەیوەندیدار بە کەسە ناودارە کۆن و هاوچەرخەکان و.. بابەتە پڕخوێنەرو باوەکانی ئەم بڵاوکراوانە پێکدەهێنن.

ئەم بڵاوکراوانە (گۆڤار) بە ڕووبەرێکی گەورەو بە وێنەی گەورەو ڕەنگاوڕەنگ بڵاودەکرێنەوە. ئەگەرچی ئەم بڵاوکراوانە تایبەت بە ژنانە، بەڵام لەبەرئەوەی دەچێتە ماڵانیشەوەو





کەسانیتری خێزانیش بەلەبەرچاوگرتنی فرەچەشنی بابەتەکانی و هەروەها سەرنجڕاکێشبوونی چاپەکەی و وێنەکانی، ڕوو لە خوێندنەوەی دەکەن.

*گۆڤارەکانی بەرگدروویی و دوورمان: گۆڤارەکانی بەرگدروویی دەچێتە چوارچێوەی بڵاوکراوەکانی خانمانەوەو بابەتەکانی فێربوونی بەرگدروویی، خستنەڕووی مۆدێل و چۆنییەتی دوورینی جلوبەرگ لەخۆدەگرێت. ئەم گۆڤارانە بەشێوەی هەفتانە یا مانگانە بڵاودەبێتەوە.

* گۆڤارەکانی ئارایشت و جوانکاریی: ئەم بڵاوکراوانە لە هەردوو بەشی پڕوپاگەندە بۆ ماددەی ئارایشتی و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە چۆنییەتی بەکارهێنانی پێداویستییەکانی ئارایشت و ئامۆژگارییەکان پێکدێت. چۆنییەتی ئارایشتی ڕووخسار، چاو، برۆ، لێوەکان و قژو هەروەها لەش وەك ماساژ لە بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانەیە.

ئەم بڵاوکراوانە لەڕوانگەی دیزاینەوە زۆر سەرنجڕاکێشەو بەکارهێنانی کاغەزی گرانبەهاو بەکارهێنانی وێنەو ڕەنگ تیایاندا ڕۆڵێکی کاریگەریی لە چۆنییەتی چاپەکەیدا هەیە. ئەم بڵاوکراوانە بەنزیکەیی لە دۆخی تایبەت بە ژنان چۆتەدەرەوەو بابەتگەلێك دەربارەی ئارایشت و جوانی پیاوانیش بەچاپ دەگەیەنن. پڕوپاگەندە نزیکەی نیوەی ئەم بڵاوکراوانە دەگرێتەوەو هەرئەم خاڵە ئەم بڵاوکراوانەی پڕداهات کردووە.

کۆمپانیاکان و کارگەکانی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی

ئارایشتو بۆن لە ئامادەکردنی هەندێ لە بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانەدا پشکدارن‌و لەگەڵ پڕوپاگەندەکردن بۆ پێداویستییە بەرهەمهێنراوەکانی خۆیاندا، چۆنییەتی بەکارهێنان‌و سودوەرگرتن لەو پێداویستییانە ڕوون دەکەنەوە. هەروەها بڵاوکراوە ئارایشتی‌و جوانکارییەکان[٣٤] بە دروستکردنی سایت لەڕێگەی کۆمپیوتەریشەوە، بابەتەکان‌و پێداویستییە ئارایشتییەکان دەخەنەڕوو. ئەم بڵاوکراوانە بەگشتی مانگانە بڵاودەبنەوە.

*گۆڤارەکانی چنین‌و کاری دەستی: چۆنییەتی فێربوونی چنین بە نەخشەی جۆراوجۆر لەگەڵ سودوەرگرتن لە ماکینەی دوورمان، فێربوونی هەندێ کاری دەست‌و گوڵچنین بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ڕۆحییەتی خانمان بەتایبەتی ماڵدارەکان، پڕکردنەوەی کاتە دەستبەتاڵەکانیان‌و...هتد ئامانجی سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەم گۆڤارانەیە کە بەشێوەی هەفتانە یان مانگانە چاپ دەکرێن. ئەم بڵاوکراوە ڕەنگاوڕەنگانە بە وێنە گەورەکان سەرنجڕاکێشتر دەبێت.

*گۆڤارەکانی خۆراکسازیی: ئەم گۆڤارانە بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بە ناساندن‌و فێرکردنی هەموو جۆرە خۆراکەکان‌و بەشێوەیەکی تایبەتی بە ناساندن‌و فێرکردنی خۆراکە خۆڵاتی‌و میللییە جۆراوجۆرەکان دەدەن. ناساندن‌و فێرکردنی لێنانی

34– یەکێك لەم بڵاوکراوانە بەناوی (Come in Beaty & More) لە ئەڵمانیا بڵاودەبێتەوە. (نوسەر)





خۆراکە تایبەتەکان وەك خۆراکە گیاییەکان یا چۆنییەتی ئامادەکردنی شیرینییە جۆراوجۆرەکان، کێك‌و ساردەمەنییەکانیش لەم چەشنە گۆڤارانەدا پێگەی خۆیان هەیە.

*گۆڤارەکانی مۆدیل: گۆڤارەکانی مۆدیلی جلوبەرگ، بەلەبەرچاوگرتنی وەرزەکانی ساڵ بەتەنها بایەخ بە خستنەڕوو و نمایشکردنی جلوبەرگە جۆراوجۆرەکان دەدەن، ناساندنی شوێنی ئامادەکردن‌و فرۆشتن‌و بەرگدرووە بەناوبانگەکانی جیهان لە ڕیزی بابەتەکانیدایەتی کە بەشێوەی هەفتانە، مانگنامە یا وەرزنامە بڵاودەبێتەوەو بە ڕووبەرێکی گەورەو چاپ‌و کاغەزی گرانبەهاو ڕەنگاوڕەنگ دەچنە بازاڕی چاپەمەنییەوە.

*گۆڤارەکانی دیکۆراسیۆن[٣٥]. چۆنییەتی ڕازاندنەوەو دیکۆراسیۆنی ماڵ‌و شوێنی کار، ئامانجی ئەم بڵاوکراوانەیە.

دیکۆراسیۆنی ژوورەکان، گەرماوەکان‌و هۆڵەکانی میوانداریی، هەیوانەکان، کلاورۆژنە و خستنەڕووی جۆرەکانی مێز، کورسی، مۆبێل، پەردەو هەرشتێ پەیوەندیدار بێت بە ماڵ یاخود ژوورو شوێنی کارەوە، لەم گۆڤارانەدا نمایش دەکرێت‌و دەبێتەمایەی گۆڕانی دیکۆراسیۆنی پێشوو. چاپی ئەم بڵاوکراوەنەش ڕەنگاوڕەنگەو زۆر سەرنجڕاکێشە.

35–یەکێك لە بڵاوکراوە بەناوبانگەکانی دیکۆراسیۆن بەناوی (Elle)یە لە بەریتانیا بەچاپێکی جوانەوە بڵاودەبێتەوە. (نوسەر)

**٥-بڵاوكراوە كلتوریی و هونەرییەكان:**[٣٦]

هەریەك لە حەوت هونەرە بنەڕەتییەكان لە جیهاندا واتا وێنەكێشی، موزیك، پەیكەرسازی، سەما، نمایش (شانۆ)، ئەدەبیات و سینەما بڵاوكراوەگەلێكی تایبەت بە خۆیان هەیە. فرەیی بڵاوكراوە ئەدەبی و هونەرییەكانیش لەهەر كۆمەڵگایەكدا پابەندییەكی تەواوی بە ڕێژەی چالاكییە ئەدەبی و هونەرییەكانەوە هەیە.

لەوچەشنە كۆمەڵگایانەدا، خوێندنەوە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی تاكەكەسەكان تایبەت دەكات بەخۆی و ژمارەی ئەو كەسانە زۆر زۆرە كە دەچنە سەردانی نیشانگاكانی نمایشكردنی بەرهەمە هونەرییەكان، چوونەسینەماو ئامادەبوون لە هۆڵەكانی نمایشكردن (شانۆ) و موزیك بەلایانەوە بۆتە نەریت.

سروشتییە كە فرەیی بڵاوكراوە تایبەتمەندە هونەرییەكان و پۆلێنبەندی بابەتیانەیان، سەرەڕای ڕێژەی چالاكییەكانیان پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆش لەگەڵ پێشوازیی تاكەكانی كۆمەڵگاشدا پەیدا دەكەن.

بڵاوكراوە ئەدەبی- هونەرییەكانیش لە بوارە گشتییەكاندا بایەخ بە هەموو هونەرەكان دەدات و لە بواری تایبەتیدا لەژێر

---

[36]–یەكەمین گۆڤاری سینەمایی لە ئێران بەناوی (سینماو نمایشات) لە (مردادی ١٣٠٩) بەخاوەن ئیمتیازێتی (علی وكیلی) بڵاوكرایەوە. دووەمین بڵاوكراوە بەناوی (نمایش) لە ساڵی (١٣١٧) بە سەرپەرشتی (ئیسحاق زنجانی) بوو. (نوسەر)





كۆمەڵەی هونەرەكاندا فۆرمەڵە دەبێت.

* گۆڤارەكانی وێنەكێشان بایەخ بە میتۆدە جۆراوجۆرەكانی وێنەكێشان، ناساندنی وێنەكێشە بەناوبانگەكانی جیهان (كۆن و هاوچەرخ)، خاڵە فێركارییەكان، ئامرازەكان و ئامێرەكانی وێنەكێشی، دروستكردنی ڕەنگ و...هتد دەدەن.

*گۆڤارە موزیكییەكانیش لە بواری موزیكی میللەتان، موزیكزانە مەزنەكانی جیهان، باسكردنی بارودۆخی موزیكزانان، جۆرەكانی ئامێرە موزیكییەكان، فێربوونی موزیك، ڕیتمناسی، سروشت و موزیك، پۆلێن، ئاواز، گۆرانیبێژان، ئۆپێرا، موزیكی خۆماڵی و...هتد بابەت بڵاودەكەنەوە.

گۆڤارە موزیكییەكان لە قوڵایی تایبەتمەندیشدا تەنها دەربارەی هەریەك لە ئامێرە موزیكییەكانی وەك گۆڤاری پیانۆ، گۆڤاری ئۆرگ، گۆڤاری ئامێرە موزیكییە هەواییەكان[٣٧]، گۆڤاری ئامێرە موزیكییە تەلدارەكان[٣٨] و..بڵاودەبێتەوە. هەروەها گۆڤارەكانی هەڵكۆڵین و پەیكەرسازی، گۆڤارەكانی جوڵە ڕیتمدارەكان (سەما)، گۆڤارەكانی شانۆ، گۆڤارە ئەدەبییەكان (ئەدەبیات)، گۆڤارە سینەماییەكان، هەروەها لە بوارە سەرتاپاگیرەكانی خۆیداو لە بوارە تایبەتمەندەكانیتریشدا بایەخ بە بابەتە ناوبراوەكان دەدەن. بۆنمونە بڵاوكراوە سینەماییەكانیش

---

[37]– ئامێرە موزیكییە هەواییەكان بریتین لە دەهۆڵ، دەف، شمشاڵ و...هتد . (و–ك)

[38]–ئامێرە موزیكییە تەلدارەكان بریتین لە كەمان، گیتار، ساز...هتد. (و–ك)

دەتوانرێ لە بوارە تایبەتمەندو قوڵترەکانی وەك سینەمای مۆزیکاڵ، سینەمای کلاسیك، سینەمای ئەکشن (Action)، سینەمای دیکۆمێنتیو...هتد بڵاوببنەوە. بەشێوەیەکی گشتی بەرفراوانی هونەر، فەزایەکی گونجاوی بۆ بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە هونەرییەکان فەراهەم کردووە کە بەلەبەرچاوگرتنی فرەیی چالاکییەکانی ئەم چەشنە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەم بڵاوکراوانە دەبنە فرەچەشن و بە بابەتگەلێکی تایبەتمەندی قوڵتر بڵاودەبنەوە.

**٦- بڵاوکراوە سەرگەرمکەرەکان:**

ڕەهەندی سەرگەرمی ئەم بڵاوکراوانە لە ڕەهەندەکانیتری (فێربوونو زانیاریگەیاندن) پترە. بەجۆرێك کە لە کاتەکانی دەستبەتاڵی، گەشت بە ئۆتۆمبێلو فڕۆکەو کاتی حەوانەوەو لە پشووەکاندا بەکاردەهێنرێن.

*بڵاوکراوە زانیارییە گشتییەکان: ئەم بڵاوکراوانە وەڵامدەری بەدواداگەڕانەکانی گروپە جۆراوجۆرەکانە لە بوارەکانی بەسەرهاتە مێژووییەکان، گەشتنامەکان، شێوازەکانی ژیانو دابونەریتی خەڵکی نیشتیمانە جۆراوجۆرەکاندا. زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە هەلومەرجو بارودۆخ، مێژوو و جیۆگرافیای وڵاتان، میللەتانو هۆزەکان، ترینەکان (بەرزترین، کورتترین، سەرنجڕاکێشترینو...هتد)، زانستەکان، سەرسوڕهێنەرەکانو...هتد لە بابەتەکانیتری بڵاوکراوە زانیارییە





گشتییەکانە[٣٩].

*بڵاوکراوە چیرۆکییەکان: زەمینەی سەرەکی ئەم بڵاوکراوانە، کورتە چیرۆکەکانە کە بەگشتی بەشێوەی هەفتانە بڵاودەبێتەوەو لەهەر ژمارەیەکدا پێنج یاخود شەش چیرۆکی کورت لەگەڵ چیرۆکێکی زنجیرەیی (پاشکۆدار)و ناساندنی کتێبەکان، هەڤپەیڤین لەگەڵ نوسەرە بەناوبانگە هاوچەرخەکان، باسکردنی ژیانی نوسەرە مەزنەکانی ڕابردوو و فێربوونی چیرۆکنوسینو ڕەخنەو توێژینەوەی چیرۆکەکان چاپ دەکرێت.

یەکەمین بڵاوکراوەی چیرۆك لە ئێران بەناوی (کیهان هفتە) لەلایەن دامەزراوەی (کەیهان) لە هاوینیساڵی (١٩٤١) بڵاوبۆوە. ئەم گۆڤارە هەفتانەیە، ڕۆژانی یەکشەممە بڵاودەبۆوەو ڕووبەڕ و ئەندازەکەی (١٩،٥× ١٣،٥سم) بوو و (٢٠٦) لاپەڕەی هەبوو.

*بڵاوکراوە تەنز، گاڵتەوگەپ و کاریکاتێرییەکان: ئەم گۆڤارانە بە سێ ناوەرۆك:( کۆمەڵێك تەنزو گاڵتەوگەپی پەخشانو وێنە

[39]–یەکێك لە ناسراوترینو پڕخوێنەرترین ئەم بڵاوکراوانە، گۆڤاری (Readers Digest)ە کە لە ساڵی (١٩٢٢)ی زایینی لەلایەن (دوایت والاس Dewitt Wallac) لە نیویۆرك بنیاتنرا. سەرکەوتنی ئەم بڵاوکراوەیە لە ساڵی (١٩٢٩)ەوە دەستی پێکرد. گۆڤارە سەرەکییەکە بەزمانی ئینگلیزی بوو و یەکەمین بڵاوکراوەی نائینگلیزی لە ساڵی (١٩٤٠)ی زایینی بە زمانی ئیسپانی بڵاوکرایەوەو لە ساڵی (١٩٤٧)یش بەزمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە، دوای ئەوەش چاپەکانیتری بە زمانەکانیتر بڵاوکرایەوەو تائێستاش بە (١٤) زمانو چاپی جۆروجۆرەوە بەردەوامە. (نوسەر)

(کاریکاتێر)، تەنزو گاڵتەوگەپ بەشێوەی پەخشان، تەنزی وێنەیی) بڵاودەبێتەوە.

چەشنی یەکەم گۆڤارە تەنزو گاڵتەوگەپەکان کە زەمینە ڕەخنەییەکەی جۆرێکە لە پشوودان بە وەرگر، نە تەنها تەنزەو نە تەنها هەجووە، هەندێکجار بەشێوەیەکی وروژێنەرو جەنجاڵانەش کۆمەڵەبابەتێك لەخۆدەگرێت و کاریکاتێرەکانیشی لە ڕووخسارە نائاشناکاندا قەتیس ناخوات و کەسایەتییە سیاسی، ئابوریی و کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکانیش لەخۆدەگرێت و بەشێکە لە گۆڤارە پڕخوێنەرەکان لە جیهاندا.

چەشنی دووەمی ئەم بڵاوکراوانە، بابەتەکانی پەخشان بەسەر وێنەکانیدا زاڵەو چیرۆکەتەنزەکان ناوەرۆکە سەرەکییەکەی پێکدەهێنێت.

چەشنی سێیەمی ئەم بڵاوکراوانە تەنها لەسەربنەمای وێنە (کاریکاتێر)ەو بابەتەکانی پەخشان پتر لە پەراوێزدان یاخود کاپشنێکە[٤٠] لەسەر ئەو وێنانەی کە چاپ دەکرێت.

*بڵاوکراوە هەمەجۆرەکان: ئەم بڵاوکراوانە بریتین لە گۆڤارەکانی وشەی یەکتربڕ، فاڵنامەو چیرۆکە وێنەدارو سریالییەکان. گۆڤارە بێپەردەو وروژێنەرەکانیش[٤١] لە ڕیزی ئەم

40–کاپشن (Caption) بریتییە لەو دێڕەی بۆ ڕوونکردنەوە یاخود بۆ تیروتوانج لەژێر وێنەدا دەنوسرێت و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی وێنەکەوە هەیە. (و–ك).

41-Play Boy.





بڵاوکراوانەدا دادەندرێن[٤٢].

*بڵاوکراوە مێژووییەکان: [٤٣] ناوەرۆکی گۆڤارە میتۆدە مێژووییەکان پێکهاتووە لە ڕاپۆرتە مێژوویی –چیرۆکییەکان، ڕاپۆرتە دیکۆمێنتییەکان بۆ ئەو وەرگرانەی کە ئارەزوومەندی زانینن دەربارەی گۆشەو کەلێنە تاریکەکانی مێژوو و بیرەوەرییە مێژووییەکان.

چیرۆکە کورتەکان لە پەراوێزی ڕووداوە مێژووییەکان، هەڤپەیڤین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە هەندێ سەردەمی مێژووی هاوچەرخدا ڕۆڵیان هەبووە، هەروەها خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی مێژووی کۆن لە بابەتەکانیتری ئەم گۆڤارانەن. لەم گۆڤارانەدا شیکردنەوە بەسەر دەق و دیکۆمێنتە مێژووییەکاندا زاڵەو هەندێ لە گەشتنامەکانیش سەرنجڕاکێشبوونی ئەو گۆڤارانە زیاتر دەکات.

*بڵاوکراوە ڕووداوییەکان: بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە ڕووداوییەکان بەشێوەی ڕۆژانەو هەفتانە لەناو هەندێ لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، لایەنگرانێکی زۆری هەیەو ئەم بڵاوکراوانە بە

42– لە ئێرانیش لە سەرەتاکانی دەیەی (٥٠) بڵاوکراوەیەك بەناوی (ئەم هەفتەیە) بەو چەشنە ناوەرۆکەوە بڵاودەکرایەوە کە دوای ماوەیەك لەبەر هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی ڕاوەستا. (نوسەر)

43– لە نمونەی گۆڤارە مێژووییەکان، دەتوانرێ ئاماژە بۆ گۆڤاری (خاطرات وحید) بکرێت کە لە (ئابانی ١٣٥٠ تا ئابانی ١٣٥٣) بەکۆی (٣٦) ژمارە بەسەرپەرشتی (سەیفوڵڵا وەحیدنیا) بڵاوکرایەوە. (نوسەر)

دروستکردنی وروژاندن، ترس‌ولەرزو بەدواداگەڕان، وەرگرەکانی خۆیان لەڕووی ڕۆحییەوە ڕەزامەند دەکەن.

بڵاوکراوە ڕووداوییەکان بە باسکردنی ڕووداوەکانی تاوان، دزییەکان لەلایەکەوەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکان وەك کەوتنە خوارەوە لە بەرزاییەوە، پێکدادانو ڕووداوی ئۆتۆمبێل، ڕزگاربووانو...هتد وەرگرەکانی خۆیان ڕاکێش دەکەن. هەواڵەکانی ڕووداوەکان چ مرۆڤ دەستی لە ڕوودانیدا هەبێتو چ لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤدا بێت بەهۆی بوونی بەهای تێکچڕژان[44]، شەڕو کێشمەکێشەوە گرنگییەکی گەورەیان دەبێت.

جەنگەکان، خۆنیشاندانەکان، دزینەکان، تاوانەکان، خۆکوشتن، دەستدرێژیی بۆسەر ناموسی ئەوانیترو هاوشێوەکانیان (کە مرۆڤ دەستی تیایاندا هەیە) یا ڕووداوو کارەساتە سروشتییەکانی وەك لافاو، بومەلەرزە، بورکان، گەردەلولەکانو...هتد کە لە دەرەوەی توانای ئیرادەی مرۆڤدان، بەهۆی بوونی بەهای تێکچڕژانەوە سەرنجڕاکێشن. هەواڵەکانی ڕووداوەکان کاتێ لە تەك بەهای (تێکچڕژان)دا بەهاکانیتریش لەخۆبگرن کە لایەنە پۆزەتیڤو نیگەتیڤەکان، خۆشو

44–بەهای تێکچڕژان، کێشمەکێش، پێکدادان، دژیەکی، ناکۆکی (Conflict) یەکێکە لەو بەها گرنگانەی کە لە هەر هەواڵێکدا بێت، ئەوا زۆرترین خوێنەر لەخۆی کۆدەکاتەوە. زۆرجار ئەو هەواڵو تارانەی باسی شەڕ، تەقینەوە، کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە، نقوم بوونی کەشتیو هاوشێوەکانی تێدا بێت، بەلای زۆرینەی خەڵکەوە خوێندنەوەی جێگەی بایەخە. (و–ك).





ناخۆشەکانو ناشرینو جوانییەکان لە ژیانی مرۆڤدا نمایش بکەن.

ڕووداو هەمیشە هەبووەو هەمیشە ڕوودەدات، بەڵام ئەوەی بۆتەمایەی ئەمەی کە ئەم هەواڵانە بە خێرایی کاریگەریی پۆزەتیڤو نیگەتیڤ لەسەر هزرو ڕەفتارو کەسایەتی تاکەکان دابنێت، پەیدابوونی ماس میدیایە بەتایبەتی بڵاوکراوە تایبەتمەندە ڕووداوییەکان. سەرکەوتنی ئەم چەشنە بڵاوکراوانە لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی گەیشتە ترۆپکی خۆیو لەگەڵ تێپەڕبوونی دوو سەدەدا هێشتا درێژە بەگەشەی خۆی دەداتو خوێنەرانێکی زۆرتر ڕاکێش دەکات. هۆکاری سەرەکی پێشوازیی وەرگرەکان لەم چەشنە بڵاوکراوانە، سەرنجڕاکێشبوونی هەواڵەکانیانە (تاوانەکان، دزیی، مرۆڤڕفاندن، شەڕی پۆلیس لەگەڵ سەرپێچیکاران).

وەرگر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم چەشنە هەواڵانە، وزەیەکی کەمتری بۆ پەیبردنو تێگەیشتن دەوێتو لەهەمبەریشدا وروژانێکی زۆرتری دەبێتو سەرگەرم دەبێت. سەرکەوتنی ئەم چەشنە بڵاوکراوانەش، هۆکاری پێشوازیی چینوتوێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگایە لەم بڵاوکراوە تایبەتمەندانە و لاپەڕە تایبەتەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵانە لە ڕۆژنامەکاندا.

توێژینەوە جۆراوجۆرەکان نیشانی داوە، تەمەنی وەرگرەکانی ئەم چەشنە هەواڵانە سنوردار نییە، تازەپێگەیشتووان، لاوانو بەتەمەنەکان وەکیەك هەواڵەکانی ڕووداوەکان دەخوێننەوەو

سەرگەرم دەبن. ڕێژەی ئاستی خوێندەواریش (لە کەم خوێندەوارەوە تا خوێندەواریی بەرز) کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕووداوەکان نیە، لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی نوسینی ئەم چەشنە هەواڵانە بۆ هەمووان سادەیەو لای هەمووان شیاوی تێگەیشتنە. لای ڕەگەز (ژن و پیاو)یش کاریگەریی نییە، ئەگەرچی هەندێ لە توێژینەوەکان ڕووتێکردنی کچان و ژنان (بەتایبەتی ژنانی ماڵدارو کچانی هەرزەکار) بۆ هەواڵەکان بەڕێژەیەکی زیاتر خەملاندیانە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چینە کۆمەڵایەتییەکان حەزوئارەزووی جیاوازیان بۆ هەواڵی ڕووداوەکان هەیە. بۆنمونە دەستەبژێرەکان و چینە بەرزە کۆمەڵایەتییەکان (لە ڕوانگەی تێگەیشتن و پەیبردن و خوێندەواریی نەك لەڕوانگەی ماددییەوە) بەیەکسانی نانۆڕنە هەواڵەکانی ڕووداوەکان و کاریگەرییەکی یەکسانیشیان لەسەر نابێت.

هەواڵەکانی ڕووداوەکان سەروکاری لەگەڵ مرۆڤدا هەیەو وەرگرەکان لەگەڵ بیستن، بینین و خوێندنەوەی هەواڵ لە میدیا جۆراوجۆرەکاندا، خۆیانی پێوە دەبەستنەوە، بەراوردکاریی دەکەن، فێردەبن و مەترسییەکان و ئاگادارکردنەوەکان دەستەبەر دەکەن. گوتەزای فێربوون لە هەواڵی ڕووداوەکانەوە، کۆمەڵە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ لەسەر وەرگرەکان دروست دەکات. لەبەرئەم هۆیە، بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی ڕووداوەکان لە چاپەمەنیدا ڕووبەڕووی دیدگاکان و تیۆرە جیاوازەکان دەبێتەوە.





گروپێك لەو بڕوایەدان هەندێ لە هەواڵەکانی ڕووداوەکان (نیگەتیڤ) بەهۆی خراپ فێربوونی ناچاریانەیەوە، کاریگەریی خراپ لەسەر گروپێك لە تاکە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت و دەبێ خۆپارێزی لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانەدا بکرێت.

لەلایەکیترەوە هەندێ کەس پێیانوایە ئاگاداربوون لەم چەشنە ڕووداوانە، جۆرە ئاگادارکردنەوەیەك بە وەرگرەکان دەدات کە بەدوای کارو کردەوە ناپەسەندو چەوت و نانەریتییەکاندا نەڕۆن، بەجۆرێك لە جۆرەکان فێر دەبن و هۆشیارییە پێویستەکان وەردەگرن.

گروپی سێیەم لەبنەڕەتدا لەوبڕوایەدان بەهۆی خراپ فێربوونی هەواڵەکانی ڕووداوەکان[٤٥] کە کاریگەریی نیگەتیڤیان هەیە، نابێ ئەو چەشنە هەواڵانەو بەتایبەت بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان ئەو ڕووداوانە بڵاوبکەنەوە، لەبەرئەوەی بەرهەرشێوەیەك بێ گروپێك لە وەرگرەکان دەخاتەژێر کاریگەرییەوە، بەتایبەتی گروپی تازەپێگەیشتووان و لاوان کە

[45] –خاوەندارانی ئەم تێڕوانینە لەو بڕوایەدان ئەگەر هەواڵ و ڕاپۆرت دەربارەی خراپەکاریی بڵاوبکرێتەوە، ئەوا هەندێ وەرگر بەتایبەت ئەو وەرگرانەی تازە پێگەیشتوون هەوڵ دەدەن لاسایی ئەو جۆرە کردارە خراپانە بکەنەوە، یاخود هەندێ وەرگر بەبیستن یاخود بەبینینی ئەو ڕووداوە خراپەکاریانە لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ دەبن، لەهەموو حاڵەتەکانیشدا هەر زیان بە کۆمەڵگا دەگات و نابێ ئەم هەواڵانە بڵاوبکرێنەوە. (و–ك).

خاوەنی هەستەوەرییەکی نەرمو ناسکترنو ئەم چەشنە ڕووداوانە، ئەوان دەبزوێنێت یان دەیانخاتە ژێرکاریگەریی کێشە دەروونییەکانی وەك دڵتەنگی، خەمۆکی و ڕاڕاییەوە.

لەناو ئەم تیۆریانەدا، بیروباوەڕێکیتریش هەیە. خاوەندارانی ئەم بیروباوەڕە دەڵێن بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە هەواڵانە ئەگەر بە هۆشیاریی و دیدەوانییەوە ئەنجام بدرێت، دەتوانرێ ڕێگە لە کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی بگیرێت. بیروباوەڕەکانی ئەوان لەسەر ئەم بنەمایەیە کە لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕووداوە نیگەتیڤەکاندا، دەبێ بۆ پوچەڵکردنەوەی کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی لەسەر وەرگرەکان، کۆمەڵە ڕێگاچارەسەرێك لەبەرچاوبگیرێت.

سودوەرگرتن لە تێڕوانینی کارناسانی وەك مافناسان، دەروونناسان، کۆمەڵناسان، پسپۆڕانی دەردە کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها ئاگایانی بەئەزموونو پەروەردەکراو لە کاریگەرییە خراپەکانی هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەکاتەوەو وەرگرەکان لە زیانەکانی ئەم چەشنە ڕووداوانە ڕزگار دەکەن.

هەواڵنێرانو ڕۆژنامەنوسە تایبەتمەندەکان، زۆرترین ڕۆڵیان لە هەواڵەکانی ڕووداوەکاندا هەیە، ئەوان لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکەوە تا ساتی چاپکردنی هەواڵەکە دەستوەردانیان تیادا هەیە. کاریگەریی هەواڵنێران لە زەینی ئەوانەوە دەست پێدەکاتو تاکاتی نوسینو کۆتایهێنانی درێژەدەکێشێت.

زۆربەی هەواڵنێران هێزێکی خەیاڵکردنەوەی زۆر پتەویان





هەیەو دەتوانن لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتەی کە لە نوسینی هەواڵدا بەکاریدەهێنن، وەرگرەکان بخەنەژێر کاریگەرییەوە. ئەم چەشنە کاریگەرییە بەهۆی ڕەگەزو پێکهاتەی هەواڵەکانی ڕووداوەکانەوە، لە مەیدانەکانیتری هەواڵ پترە. لەمڕووەوە سەلیقەو کەسایەتی هەواڵنێران کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر داڕشتنی هەواڵو خستنەڕوویدا هەیە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم کاریگەردانانەیە کە هەواڵنێرانی ڕووداوەکان دەبێ لە بازنەی چالاکییەکانی خۆیاندا، ئاگاداری زانستە هەنوکەییەکان بن. لە سنوری هەواڵنێرێکی پرۆفیشناڵدا زانستی سۆسیۆلۆجیا، سایکلۆلۆژیا، دەردە کۆمەڵایەتییەکان، یاسا جۆراوجۆرەکانی سزادان، کەتنو...هتد بزانن تا لە شوێنی ڕووداوە نیگەتیڤەکان، بتوانن ڕێگاچارە دروستەکانی بەگژداچوونەوەی کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی هەواڵی ڕووداوەکان بدۆزنەوە.

بەکارهێنانی تیۆرە باسکراوەکان لە پێشکەشکردنو ڕێکخستنی هەواڵی ڕووداوەکاندا، کاریگەرییە نیگەتیڤەکەی کەم دەکاتەوە. لەبەرئەم هۆیە جارێکیتر فێربوونی تایبەتمەندانەی ڕۆژنامەنوسانو هەواڵنێران لە بازنەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانداو لەڕیزیاندا بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی ڕووداوەکان، زەروورەتی خۆیان دەردەخەن.

**٧-بڵاوکراوە پزیشکییەکان:**

ناوەڕۆكو ئەدەبیاتی بڵاوکراوە پزیشکییەکان

بەلەبەرچاوگرتنی گروپەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانی وەرگران دەستنیشان دەکرێت. هەندێ لە بڵاوکراوەکان بۆ گروپە تایبەتمەندە پزیشکییەکان بڵاودەبێتەوەو هەندێکیان بازنەی وەرگران بە بەرفراوانتر لەبەرچاودەگرن و دەیانەوێ ژمارەیەکی زۆرتری وەرگران ڕاکێش بکەن و لەتەك زانیاریگەیاندندا بایەخ بە فێربوونیش بدەن. بەمشێوەیە بڵاوکراوە پزیشکییەکان لەگەڵ دوو گروپی وەرگراندا ڕووبەڕوو دەبنەوە. پۆلێنبەندی بڵاوکراوە پزیشکی، دەرمانی و تەندروستییەکانیش بەپێی لەبەرچاوگرتنی گروپەکانی خۆیانە وەك: گۆڤارەکانی ددانپزیشکی، دەروونپزیشکی، سایکۆلۆژی، مێشك و دەمار، هەرس و جومگەکان و...هتد بڵاوکراوە دەرمانییەکان لە بوارە جۆراوجۆرە دەرمانییەکان، تایبەتمەندییەکان و زیانەکانی دەرمانەکان، ڕێژەی بەکارهێنان، دەرەنجامەکانی بەکارهێنان و...هتد بڵاوکراوە تەندروستییەکانیش دەربارەی تەندروستی تاکەکەس، تەندروستی خێزان، تەندروستی خۆراك، تەندروستی ژینگەی کارو...هتد بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بابەتە هۆشیارییەکان، فێرکردن و زانیاریگەیاندن دەدات. بەهەمانشێوەی کە وترا، قوڵی یاخود بەرفراوانی تایبەتمەندێتی ئەم چەشنە بڵاوکراوانە، دەستنیشانی مەوداکانی بڵاوبوونەوەی دەکات.

**٨-بڵاوکراوە میدیایی و ماس کۆمیونیکەیشنەکان**

ئەم بڵاوکراوانە دەربارەی ماس میدیا (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، چاپەمەنی و کۆمپیوتەر)ە و کارکردنیان لە بوارە





جۆراوجۆرەکانی ژینگەی چالاکییەکانی ئەم ئامرازانەدایە.

*گۆڤارەکانی ناساندنی بەرنامەکانی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن: ئامانجی سەرەکی ئەم بڵاوکراوانە کە بەشێوەی هەفتانە بڵاودەبێتەوە، ناساندنی بەرنامەکانی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و تۆڕە سەرەکییە وڵاتی و نێودەوڵەتییەکانە. هەروەها ئەم بڵاوکراوانە لەگەڵ هەڵبژاردنی هەندێ لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، زیاتر هەنگاوی بۆ تەرخانکردنی ناساندنی بەرنامە هەڵێناوە، وردەکارییەکی زیاتر بۆ وەرگر بەچاپ دەگەیەنن و لەگەڵ هەندێ لە خاوەن بەرنامەکان یا هونەرمەندانی سریالەکان و فیلمە تەلەفزیۆنییەکان کۆمەڵە هەڤپەڤینێك بە چاپ دەگەیەنن، ڕاپۆرت لە پشت پەردەی وێنەگرتنی سریالەکان و فیلمەکانیشەوە لە بابەتەکانیتریانە.

کۆمەڵە سەرنجڕاکێشانێکیتریش لەبەرچاودەگیرێت تا سەرنجی وەرگرانی تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان بۆ تۆڕی خۆیان ڕاکێش بکەن. بۆنمونە ئەگەر سریالێك پەخش بکرێت کە وەرگرێکی زۆری هەیە، داوایان لێدەکرێت تا پێشبینی بۆ کۆتایی سریالەکە بکەن یا تەنانەت دوابەشی سریالەکە بەوشێوەیەی کە حەزدەکەن واکۆتایی بێت، بیخەنەڕوو تا ئامادەکارانی بەرنامە، بەپێی خواستی وەرگران کۆتایی بە سریالەکە بهێنن. بێگومان هەندێکجار کۆمەڵە خەڵاتێکیش بۆ ئەو کەسانە دادەنێن کە پێشبینییەکی ڕاستیان بۆ کۆتایی سریالەکە هەبووە. ئەم بڵاوکراوانە وەرگرێکی زۆریان هەیەو لەڕاستیدا بینەرانی ئەو تۆڕە تەلەفزیۆنییە، کڕیاری

بڵاوکراوەی هەمان ئەو تۆڕەن.

*بڵاوکراوە ڤیدیۆییەکان: دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان و کۆپیکردنی فیلمە ڤیدیۆییەکان بڵاوی دەکەنەوەو بایەخ بە ناساندنی ئەو فیلمانە دەدەن کە بەشێوەی ڤیدیۆیی بەرهەمهێنراون. هەڤپەیڤین لەگەڵ هەندێ لە هونەرمەندان، دەرهێنەران و...هتد ی فیلمەکانیش لە ڕیزی بابەتەکانیتری ئەم بڵاوکراوانەدایە تاوەکو لە چوارچێوەی ناساندنی فیلمە ڤیدۆییەکان کە کەوتونەتە بازاڕەوە بچنە دەرەوە.

*بڵاوکراوە کۆمپیوتەرییەکان: ئەم بڵاوکراوانە کە بۆ بەکاربەرانی کۆمپیوتەر بڵاودەبێتەوە، بۆ بەدیهێنانی هەردوو ئامانجی فێربوون و زانیاریگەیاندنە. ناساندنی سایتە جۆراوجۆرەکان، ویلاگنوسین و.. لە بابەتەکانیتری ئەم بڵاوکراوانەیە.

*بڵاوکراوە میدیاییەکان: میدیا بینراو، نوسراو و بیستراوەکان و بەکارهێنانیان، خستنەڕووی تیۆرەکانی پەیوەندی، وەرگرناسی، توێژینەوەکانی کۆمیونیکەیشن و میکانیزمی کاری ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و چاپەمەنی لەڕیزی بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوانەدان.

وەرگرانی ئەم بڵاوکراوانە مامۆستایانی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، خوێندکارانی زانستی پەیوەندییەکان و ڕۆژنامەنوسانن کە دەتوانن بەسودوەرگرتن لە بەشی فێربوونی ئەم بڵاوکراوانە، لەگەڵ بەرزکردنەوەی میکانیزمی کاری خۆیاندا





چەمکگەلێکی نوێ لە جیهانی ڕووەوگەشەی ماس میدیا دەستەبەر دەکەن.

*بڵاوکراوە وێنەییەکان: بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی وێنە[46] بە سێ شێوە بڵاودەبێتەوە. ئەو بڵاوکراوانەی کە تەنها بایەخ بە چاپی وێنە دەدەن و نوسینەکانیان تەنها شیکردنەوەی وێنەکان و ئەو ناوەرۆکانەیە کە بۆ وێنەکان دەنوسرێن.

لەم بڵاوکراوانەدا بابەتی وێنەکان جیاوازەو وێنەی گەورەی ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوریی و ئابورییەکان بەچاپ دەگەیەنن و لە یادەوەرییە مێژووییەکانیشدا وێنەگەلێك بۆ بۆنە جۆراوجۆرەکان بەچاپ دەگەیەنن.

جۆری دووەمی ئەم گۆڤارانە بەلەبەرچاوگرتنی بابەتە تایبەتمەندەکانی وێنە بڵاودەبنەوە وەك: (وێنەگریی بیناسازی، وێنەگریی هونەریی کە بریتییە لە سینەما، شانۆ، موزیك و... و وێنەگریی پیشەسازی، وێنەگریی کشتوکاڵی، وێنەگریی سروشت، وێنەگریی پۆرتریت و...هتد)

جۆری سێیەمی ئەم بڵاوکراوانە بایەخ بە وێنەو هەندێ لە فێرکارییە وێنەگرییەکان و هونەری تایبەتمەندێتی وێنەگرتن، چاپی وێنە، دانانی تیشك، جۆرەکانی هاوێنەو هاوشێوەکانیان دەدەن و چاپکردنی وێنەکە بەجۆرێکن کە یارمەتی ئارەزوومەندان

46– یەکێك لە ناسراوترین بڵاوکراوەکانی وێنە ناوی لایڤە (Life) کە لە ئەمریکا چاپ دەکرێت و لە سەرتاسەری جیهاندا لایەنگرێکی زۆری هەیە. (نوسەر)

بۆ فێربوونی وێنەگرتن دەدەن.

**٩-بڵاوکراوە دیکۆمێنتدارەکان:**

ئەم گۆڤارانە وەرگرێکی سنورداریان هەیە چونکە بەپێی میتۆدو سروشتیان، تەنها ژمارەیەکی کەمی جەماوەری هونەر کە پێویستیان بە بەدەستهێنانی زانیاری نوێ لە بواری هونەرو زانستو چالاکییە پراکتیکییەکانیان هەیە سود لە بابەتەکانی وەردەگرن.

لە ڕاستیدا ئەم بڵاوکراوانە جێگەی کتێبە تایبەتمەندەکان دەگرنەوە لەبەرئەم خەسڵەتەی کە بەشێوەی بەردەوام (مانگانە یا وەرزنامە) بڵاودەبنەوەو تازەن.

ئەم گۆڤارانە لە پێشکەوتنو گەشەکردنی زانستی نوێدا کاریگەرنو دەکرێ دەرەنجامەکانی نوێترین پێشکەوتنەکان، دۆزینەوەکانو داهێنانی زانستییەکان تیایاندا پەیدا بکرێتو لەڕاستیدا بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی نوێترین هەواڵو تازەترین پێشکەوتن، مۆدێرنترین ڕێبازو تیۆرە زانستییەکان بڵاودەبنەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پۆلێنبەندییەی کە سەبارەت بە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان خرایەڕوو، باسکردنی ئەم خاڵە پێویستە کە لەژێر گروپە ڕیزبەندکراوەکاندا دەکرێ ناونیشانیتریشی بۆ زیاد بکرێت کە لەژێر گروپە ڕیزبەندکراوە پێشکەشکراوەکاندا داندراوە.

جیهانی میدیا هێندە بەرفراوان بووەو هەموو ڕۆژێك پانتاییەکەی زیاتر دەبێت کە ناتوانرێ سنورێکی بۆ وێنا بکرێت.





لەبەرئەم هۆیە سەرەڕای بابەتە پێشکەشکراوەکان، هەمیشە بابەتگەلێکی تازە لەدایك دەبێتو بۆ چاپەمەنی تایبەتمەندیش زیاد دەبێت.

## ناوەرۆکی تەکنیکی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان

بابەتە نوسراوەکانی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانیش هەروەك بڵاوکراوە گشتییەکان لە هەواڵ، ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین و وتار پێکهاتووە، سەرەنجام تەکنیکی نوسینیان لەگەڵ یەکتردا کۆمەڵە جیاوازییەکیان هەیە کە باسی ئەم گۆڕانکاریانە دەکەین کە شیاوی گۆڕانیشن:

**١-وتار:**

وتارنوسین لە چاپەمەنیدا لەگەڵ بابەتە جۆراوجۆرەکان و هەروەها بابەتەکانی سەروتار، یادداشت، لێکدانەوە، شیکردنەوە، ڕەخنەی هونەری و.. لە بڵاوکراوە تایبەتمەندییەکاندا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە، لەبەرئەوەی وەرگرانی ئەم بڵاوکراوانە بە بەراورد لەگەڵ بڵاوکراوە گشتییەکاندا چاوەڕوانییەکی زۆرتریان لێی هەیە.

**سەروتار:** یەکەمین سەروتار، چوارچێوەیەکی تایبەتیانەی لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا هەیە، هەرچەندە ئەدەبیاتی نوسینەکەی بەندە بە قەڵەمی نوسەرەکەیەوە، هەروەها بابەتی بڵاوکراوەکە دەخاتەڕوو.

لە یەکەمین سەروتاردا دەبێ وەرگر بخرێتە ناو پرۆسەی بابەتی بڵاوکراوەکەوە. ئامانجە درێژمەوداو کورتمەوداکانی





بڵاوکراوەکە باس بکرێتەوەو هۆکاری بڵاوکردنەوەی باس بکرێت. وەرگر دەبێ بزانێ ئەم بڵاوکراوە بۆ چ ئامانجێك بڵاوکراوەتەوە تا بڕیار دەربارەی ئامادەکردنی بڵاوکراوەکەو درێژەدان بە خوێندنەوەی بدات.

لە سەروتاردا نابێ باس لە ئەگەری دژوارییەکانی بنیاتنان و چاپکردنی بڵاوکراوەکەو منەت بەسەر وەرگردا بکرێت. سەروتار هەتاوەکو پتەو و داکوتاوتر بێت و تیایدا گەشبینی سەبارەت بە بەردەوامبوونی بڵاوکراوەکە ڕەنگ بداتەوەو پێگەی وەرگر لە پلەیەکی بەرزتردا دابنرێت، وەرگر لە ئامادەکردنی بڵاوکراوەکە ڕەزامەندتر دەبێت و پێگەی گۆڤارەکەش لای وەرگر بەرزتر دەبێت. لەبارەی وتارەکانیتریشەوە دەبێ سەرنج لەوە بدرێت کە هەتا بازنەی تایبەتمەندێتییەکەی سنوردارترو قوڵییەکەی زیاتر بێت، جۆری وتارەکەش جیاواز دەبێت.

لە بڵاوکراوە سیاسی و ئابورییەکاندا، لێکدانەوەو شیکردنەوە بۆ ڕووداوەکان بە ئاستێکی زیاتر لە وتارەکانیتر بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکەی وەرگردا پێکەوەگرێدراوە.

یادداشتنوسین لە بڵاوکراوەکانی لاوان، تازەپێگەیشتووان، ژنان و وەرزشدا بەلەبەرچاوگرتنی چۆنییەتی نوسینەکەی، داوخواستی زۆرتری لەسەرە. سروشتیشە کە لە بڵاوکراوە دیکۆمێنتییەکاندا وتارە دیکۆمێنتی، ئاماریی و لێکۆڵینەوەییەکان بەکاردەهێنرێت و لە بڵاوکراوە هونەرییەکاندا وتاری ڕەخنەیی و

شرۆڤەکردنی ڕووداوە هونەرییەکان زاڵتر دەبێت.

لە بڵاوکراوەی زانیارییە گشتییەکان، تەنزو گاڵتەوگەپدا وتارە چیرۆکئامێزو هاوشێوەکانی و وتارە خەیاڵی، وەسفی و چیرۆکئامێزەکان بە بەراورد لەگەڵ وتارەکانیتردا سەرنجێکی زیاتری وەرگرەکان ڕاکێش دەکات.

**٢-ڕاپۆرت:**

ڕاپۆرتیش لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا بەلەبەرچاوگرتنی بابەتی بڵاوکراوەکە، دەگۆڕێ و فرەچەشنە دەبێت. لە بڵاوکراوە وەرزشییەکاندا، ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە ڕاپۆرتەکانیتر سەرنجڕاکێشتر خۆدەردەخەن جا ئەو ڕاپۆرتە هی کێبڕکێیەکی تۆپی پێ یان زۆرانبازی یان...هتد بێت، بەهەمانشێوەش لە بڵاوکراوە سیاسی، سەربازی و ئابورییەکاندا ڕاپۆرتە شیکاریی و توێژینەوەییەکان لەپێشترن.

لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا بەلەبەرچاوگرتنی وەرگرەکانیان و بابەتی بڵاوکراوەکە وەك:" زانیاریی گشتی، ڕاپۆرت لە شوێنێکەوە (بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند بە بابەتە هونەرییەکان، ڕاپۆرتە هەواڵەکان)، ڕاپۆرت لە کەس و شوێنێکەوە، بڵاوکراوە گەشتیارییەکان (ڕاپۆرت لە شوێن و گەشتنامەکەوە)، بڵاوکراوەی ڕاپۆرتە هەواڵە پزیشکییەکان، بڵاوکراوەی ناساندنی بەرنامەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، ڕاپۆرت لە شوێنێکەوەو ڕاپۆرت لە کەسێکەوەو بەهەمانشێوەش سەرجەم بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانیتر بە لەڕەچاوکردنی بابەتی هەندێ لە ڕاپۆرتەکان





باوترە.

**٣-هەڤپەیڤین:**

خودی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان بەم جۆرە دێنەبەرچاو کە هەڤپەیڤینە قوڵەکان، لەهەموو بڵاوکراوەکاندا جگەلە بڵاوکراوەکانی منداڵان و تازەپێگەیشتووان لە ڕوانگەی جۆرەکانی هەڤپەیڤینەوە لە پلەی یەکەمدایە، لەبەرئەوەی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان بەهۆی ئەو بابەتە تایبەتیانەی هەیانە، لە هەڤپەیڤین لەگەڵ کەسانی تایبەتمەنددا تەنها ئەو بابەتە دەخەنەڕوو و گفتوگۆ دەربارەی دەکەن.

هەڤپەیڤینە قوڵەکان لە ڕاستیدا گفتوگۆیەکە لە نێوان ڕۆژنامەنوسێکی تایبەتمەند لەگەڵ کەسێکی تایبەتمەند دەربارەی مەسەلەیەکی یەکگرتوو. لەبەرئەم هۆیە ئەو ڕۆژنامەنوسەی کە هەڤپەیڤینەکە دەکات لە ئۆرگانیزەکردن و ڕێنماکردنی هەڤپەیڤینەکەدا وەك کەسێکی تایبەتمەند ڕۆڵی لە پەیڤەرەکە زیاترە. سەرجەم جۆرەکانی هەڤپەیڤینەکانیش هەڵبەتە لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا زیاترە، وەك:

-هەڤپەیڤینە هەواڵ[47] لە بڵاوکراوەکانی تازەپێگەیشتووان و

[47]-هەڤپەیڤینەهەواڵ بریتیە لەو هەڤپەیڤین و گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ کەسایەتییەکی ناسراو یاخود نەناسراودا دەکرێت بەڵام هەواڵێکی گرنگی لەخۆگرتووە، بۆنمونە لە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەیەکدا کە کەسایەتییەکی ناسراوە چەند قسەیەکی گرنگ دەدرکێنێت و لەبەرئەوەی لای وەرگر جێگەی بایەخە، دەتوانرێ وەك هەواڵێك بڵاو بکرێتەوە. یاخود کەسێکی نەناسراو

لاوان، خانمان، سەربازی، هونەریی، زانیارییە گشتییەکان، میدیاکان و پزیشکیدا...هتد

-هەڤپەیڤینی شیکاریی[48] لە بڵاوکراوە سیاسی، ئابوری، ئایدۆلۆژی، وەرزشی و میدیاکاندا...هتد

-هەڤپەیڤینی بەکۆمەڵ[49] و بەتاك لە بڵاوکراوەکانی خانمان، تازەپێگەیشتووان و لاوان و وەرزشدا...هتد

-هەڤپەیڤینی بەربڵاو[50] لە بڵاوکراوەکانی خانمان، لاوان، وەرزشی، هونەری و پزیشکییدا...هتد

-مێزگردەکان[51] لە بڵاوکراوە سیاسی، ئابوری، هونەریی،

---

باس لە کێشەیەك دەکات کە خۆی ئاگاداری ناواخنەکەیەتی و بەهاکانی هەواڵیش لەو کێشەیەدا هەبێت، ئەوا دەکرێ چەند دێڕێکی گرنگی هەڤپەیڤینەکەی بەشێوەی هەواڵ دابڕێژرێت. (و-ك)

48 -بریتییە لەو هەڤپەیڤینانەی بۆ شیکردنەوە و تاوتوێکردنی مەسەلەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێت. . (و-ك)

49 -بەریتییە لەو هەڤپەیڤینانەی لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا ئەنجام دەدرێت. (و-ك)

50 - بریتییە لەو هەڤپەیڤینانەی لەگەڵ کەسایەتییەکی ناسراودا ئەنجام دەدرێت و شێوازێکی بەربڵاوی هەیە، چونکە هەڤپەیڤینەکە سەبارەت بەهەموو ژیانی کەسەکەیە هەر لە ژیانی منداڵی و گەنجێتییەوە بگرە تا بواری کارکردن و حەزی وەرزش و خواردن و...دەگرێتەخۆی . (و-ك)

51 - هەڤپەیڤینێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا سەبارەت بە تەوەرەیەکی دیاریکراو، بەگشتی هەموو ئەو کەسانەی هەڤپەیڤینەکەیان





سەربازی و کرێکارییەکاندا...هتد

**٤- هەواڵ:**

پێشتر وترا کە گرنگی هەواڵ لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا، مەوداکانی بڵاوبوونەوەیان دەستنیشان دەکات. لەبەرئەم هۆیە بڵاوکراوە تایبەتمەندە رۆژنامەییەکان پتر لە ڕێژەی (٧٠٪) بۆ هەواڵە تایبەتمەندەکان تەرخان دەکەن و هەتاوەکو مەودای بڵاوبوونەوەی درێژخایەن بێت، لە قەوارەی هەواڵیش کەم دەبێتەوە. بەمشێوەیە لە هەفتەنامەکاندا هەواڵ بەڕێژەی (٥٠٪)، لە مانگنامەکاندا بەڕێژەی (٣٠٪) و لە وەرزنامەکاندا بەڕێژەی (١٠٪) پێکدەهێنێت.

بەمشێوەیە میتۆدەکانی هەواڵنوسینیش لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا پەیوەندی لەگەڵ بابەتی بڵاوکراوەکەدا پەیدا دەکات. میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە[52] لە بڵاوکراوە تایبەتمەندە

---

لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت لەسەر مێزێکی دیالۆگ دادەنیشن و رۆژنامەنوسەکەش پرسیاریان ئاراستە دەکات. (و-ك)

52 - میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە: لەم میتۆدەدا گرنگترین بەشی هەواڵ لەسەرەوە دەنوسرێت و تاوەکو بەرەو کۆتایی هەواڵەکە بچین، گرنگی و بەهای دێڕەکانیش کەمتر دەبێتەوە. قازانجی بۆ خوێنەر ئەوەیە کە بەخوێندنەوەی چەند دێڕی سەرەتای هەواڵەکە، لە هەواڵەکە تێدەگات. قازانجی بۆ رۆژنامە ئەوەیە کە لەکاتی دیزایندا ئەگەر هەواڵەکە درێژ بوو ئەوا دەتوانرێ چەند دێڕی کۆتایی هەواڵەکە کە کەمترین بەهای هەواڵی تێدایە، لابرێت و مانای هەواڵەکەش تێکناچێت. ئەم میتۆدە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە هاتەئاراوە کە هەتاوەکو پەرەگرافەکانی هەواڵ چڕترو کورتتر بێت ئەوا

رۆژنامەییەکاندا زۆرترین ڕۆڵی لەتەك ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا هەیە، هەرچەندە ئەم میتۆدە لە گۆڤارە هەفتانەیی، مانگنامەو وەرزنامەکانیشدا ڕێژەیەك لە میتۆدی هەواڵنوسین پێکدەهێنێت.

لە ڕاپۆرتەهەواڵەکاندا، میتۆدی گەڕانەوە بۆدواوە[٥٣]، میتۆدی مێژوویی بە لیدیشەوە[٥٤] سەرەڕای بڵاوکراوە تایبەتمەندە رۆژنامەییەکان لە هەفتەنامەکان و مانگنامەکانیشدا

---

خوێنەریشی زیاتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە. لەدنیای ڕۆژنامەنوسیدا چیرۆکێك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە میتۆدە هەیە، بەپێی ئەم چیرۆکە، دوای دۆزینەوەی تەلەگراف، ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکایی لەئان‌وساتی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکاو لەکاتی وەرگرتنی هەواڵدا لەترسی پچڕانی پەیوەندییە تەلەگرافییەکە، سەرەتا بەشی سەرەکی هەواڵەکەیان وەردەگرت و دواتر ئەگەر پەیوەندییەکە نەبڕایە، بەشەکانیتری هەواڵەکەیان وەردەگرت.

بۆ زانیاری زیاتر بنۆڕە: ڕەزا حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنوسی. وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، نامیلکەی گیرفان. زنجیرە (٦٤). چاپ‌وپەخشی سەردەم ٢٠٠٥. ل٣٦-٣٧. (و–ك).

53 – میتۆدی گەڕانەوە بۆدواوە: بەپێی ئەم میتۆدە، کاتێ هەواڵ دەنوسرێت بۆ پتر ئاگاداربوونی خوێنەر لە کرۆکی ڕووداوەکە، بەچەند دێڕێك باس لە ڕەگ‌وڕیشەی هەواڵەکەش دەکرێت. بۆنمونە کاتێ هەواڵێك لەبارەی دۆزینەوەی چەند گۆڕێکیتری ئەنفالەکان لە باشوری عیراق بڵاودەکەینەوە، دەبێ وەبیر خوێنەریشی بهێنرێتەوە کە ئەنفال چی بووە. (و–ك).

54– میتۆدی مێژوویی بە لیدەوە: بەپێی ئەم میتۆدە، سەرەتا چەند دێڕێکی کورت یاخود بەرهەواڵ (لید) بۆ هەواڵەکە دەنوسین، پاشان ڕووداوەکە بەپێی زنجیرەی کاتی ڕوودانی لە سەرەتاوە تاکۆتایی دەنوسرێت. (و–ك)





بەکاردەهێنرێت. بەڵام هەندێ لە میتۆدەکان وەك میتۆدی گێڕانەوە[٥٥]، سیناریۆ[٥٦] و کۆتایی سەرسوڕهێن[٥٧] لە بڵاوکراوە ڕووداوییەکاندا لە پلەی یەکەمدان، لەگەڵ ئەوەشدا لە بڵاوکراوە هونەییەکان، خانمان و وەرزیشیدا پێگەی خۆیان هەیە. میتۆدی سوڕانەوە[٥٨] لە بڵاوکراوە ئابورییەکان بەهۆی ئەو پرسیارو بەدواداچوونانەی کە لەناواخنەکەیدایە، زیاتر بەکاردەهێنرێت.

ئەوەی وترا بابەتگەلێکی بەکارهێنانی جۆرەکانی وتار، ڕاپۆرت، هەڤپەیڤین و هەواڵن لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا، بەڵام

---

55–میتۆدی گێڕانەوە: بەهەمانشێوازی میتۆدی مێژووییە بەڵام لیدی لەگەڵدا نییە. (و–ك)

56–میتۆدی سیناریۆ: بەپێی ئەم میتۆدە، هەواڵ یاخود ڕاپۆرتە هەواڵەکە بەهەمانشێوەی سیناریۆ دەنوسرێت. (و–ك)

57– میتۆدی کۆتایی سەرسوڕهێن: ئەم میتۆدە پتر بۆ هەواڵە سەرنجڕاکێشەکان بەکاردەهێنرێت، سەرەتای کرۆکی هەواڵەکە دەنوسرێت بەڵام لەدێڕی کۆتایدا وەرگر دووچاری سەرسوڕمان دەکرێت. بۆنمونە هەواڵی دزینی کلیلی بانکێك و ئازادکردنی دزەکە لەلایەن پۆلیسەوە بڵاودەکرێتەوە، لەسەرەتای هەواڵەکەدا باس لەپرۆسەی دزینی کلیلی بانکەکەو ئازادکردنی دزەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەکەیت، لەدوادێڕیشدا هۆکارەکەی ئاشکرا دەکەیت و دەنوسیت دزەکە منداڵێکی تەمەن دوو ساڵان بووە. (و–ك)

58– میتۆدی سوڕانەوە: بەپێی ئەم میتۆدە لەکاتی نوسینی هەواڵ یاخود ڕاپۆرتێکدا، بەپێی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەنوسرێ بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ میتۆدی گێڕانەوە یاخود میتۆدی مێژوویی ئەوەیە کە لەکۆتایی هەواڵەکە یاخود ڕاپۆرتەکەدا، جارێکیتر سەرەتای هەواڵەکە یاخود ڕاپۆرتەکە دەنوسرێتەوە تا بەبیر خوێنەر یاخود وەرگر بهێنرێتەوە. (و–ك)

دەبێ سەرنج لەم خاڵە بدرێت کە فرەیی بابەتە لاوەکییەکان لە هەریەک لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا، سنورداریێتییەک لە بەکارهێنانی میتۆدە جۆراوجۆرەکانو ڕێبازەکانی ئەو گوتەزایانەی باس کران، دروست ناکات. ئەمە ڕۆژنامەنوسێکی تایبەتمەندە کە بەلەبەرچاوگرتنی شێوازی بابەتەکە، دەتوانێ بابەتە جۆراوجۆرەکانی نوسینو ڕێبازەکانیان لە نوسینی هەواڵ، وتارو ڕاپۆرتو هەڤپەیڤیندا جیا بکاتەوەو هەڵیانبژێرێت.





## ئەنالیزەکردنی ڕۆژنامەی دانش

بڵاوکراوەی (دانش) یەکەمین ڕۆژنامەی فارسیزمان بۆ ژنانی ئێرانی، (٩٦) ساڵ لەمەوپێش (مێژووی بڵاوبوونەوەی ١٩١٠ز) لە تاران بڵاوکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەم ڕوانگەیەوە کە یەکەمین بڵاوکراوەی ژنان بوو لە ئێراندا، گرنگییەکی زۆری هەیەو لە ڕووی ناوەرۆکەوە نیشاندەری دیدگای خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بڵاوکراوەکەیە لەو ساڵانەدا، چونکە خانمێکی خاوەن بڕوانامە (٩٦) ساڵ لەمەوپێش دەستی بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خانمان بردووە کە بە وەرچەرخانێك هەژمار دەکرێت.

ئەنالیزەکردنی ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن (د. سەدرەدین ئیلاهی)[59]ی ڕۆژنامەنوسو ئوستادی ڕۆژنامەوانییەوە ئەنجام

[59]–ئەنالیزەکردنی ڕۆژنامەی (دانش) لە گۆڤاری (ایرانشناسی)ی (تایبەت بە توێژینەوە لە مێژوو و شارستانییەتو کلتوری ئێرانو زمانو ئەدەبیاتی فارسی) بە چاپ گەیەندراوە. (د. سەدرەدین ئیلاهی)ی نوسەری ئەو وتارە، ئەم وتارەی لەژێرناوی (مۆنۆگرافی ڕۆژنامەیەك: دانش)ی یەکەمین ڕۆژنامەی فارسیزمانی ژنانی ئێراندا نوسیوەو لە پێشەکییەکەیدا نوسیویەتی:"لە هاوینی ١٩٩٤ لەیەکێك لە دیدارەکانمدا لەگەڵ بەڕێز سادق چوبك، خاتوو قودسی چوبکی هاوسەری، خولێکی ڕۆژنامەیەکی کۆنی پێشکەش بە من کرد کە تا ئەو ڕۆژە تەنها ناو و شیکردنەوەیەکی کورتم دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیە خوێندبۆوە.

خاتوو چوبك وەبیریهێنایەوە كە ئەم خولەی رۆژنامەكە لەلایەن باوكیانەوە خوالێخۆشبوو (عەباس مەعسوم)ەوە بەیادگار ماوەتەوە و بڵاوكەرەوەی ئەم رۆژنامەیە (خاتوو د. كحال) نەنكی باوكیان بووە. هەروەها ناوبراو وتی كە خوشكە بچوكەكەی (خاتوو ئەقدەس قائم مقامی)یش خولێكیتری ئەم رۆژنامەیەی هەیە.

لاپەڕەكانی (٣٠) سی ژمارەی رۆژنامەی (دانش)ی بە من سپارد، تاوەكو ڕامانێكی پترم لەبارەیەوە هەبێت دەربارەی بڵاوكراوەیەك كە (٨٥)ساڵ لەمەوپێش (كاتی نوسینی ئەم مۆنۆگرافییە ساڵی ١٩٩٥بووە)، لەلایەن خاتوونێكەوە بۆ ژنانی ئێران بڵاوكراوەتەوەو كۆمەڵە باسێكی تیادا هاتووە كە بۆ كۆمەڵگای ئەو سەردەمەی ئێران ئەگەر شۆڕش و پێشڕەوێك نەبووبێت، ئەوا بە چەمكی هەمان سەردەم نوێگەریی و تازە بووە.

دوای گەڕان و پرسیار دەربارەی ئەم رۆژنامەیە، بەم ئەنجامە گەیشتم كە مۆنۆگرافییەك (Monographie) بۆ ئەو جۆرە رۆژنامەیە لەپێناو تێڕوانینێكی قوڵتر بۆ چاپەمەنی فارسی بێسود نابێت. لەمڕووەوە دەستم بە توێژینەوەی كرد. لە توێژینەوەی رۆژنامەی (دانش) لەدوو ڕەهەندەوە ئەنالیزەم كرد

١-ئەنالیزەكردنی مۆرفۆگرافی ( Analyses Morphologiqe): بەپێی شێوازی بەرنارد بیرلسۆن (Bernard Berlson)و میتۆدی ئەندازەزانییەكەی (Analyses Quantatif).

٢-ئەنالیزەكردنی ناوەڕۆك (Analyses de Contenue) بەپێی شێوازی (چارلز ئەزگود Charles Osgood)و (پێوانەی هاوپێكەوەیی پەیامەكان Analyses de Contingence). بەمپێیە ئەم وتارەی ئێستا دوای ناساندنی رۆژنامەكەو خستنەڕووی ناسنامەكەی، ئاماژە بەهەردوو شێوازی ئەنالیزەكردنەكەی دەكەین. (نوسەر)





دراوە كە بەئامانجی ناساندنی بڵاوكراوەیەكی تایبەتمەند كە نزیكەی یەك سەدە لەمەوپێش، بڵاوبۆتەوە، وەكخۆی دەیخەینەڕوو.

ئەم وتارە دوای ناساندنی رۆژنامەو خستنەڕووی ناسنامەكەی، دوو چەشنە ئەنالیزەكردنی ئەندامناسی (مۆرنۆگرافی)و (ناوەرۆك)ەوە خستۆتەڕوو:

***ناسنامەی رۆژنامە**

١-ناوی رۆژنامە: دانش

٢-شوێنی بەڕێوەبردن: تاران، شەقامی عەلائولدەولە، ژمارە ٢٤.

٣-خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەر: خاتوو دكتۆر كحال.

٤-سەرنوسەر: ع. سەفوەت.

٥-دروشمی رۆژنامە: رۆژنامەیەكی ئیتیكی، زانستی، ماڵداری، منداڵداری، هاوسەرداری، سودمەندە بۆ بارودۆخی كچان و ژنان و بەگشتی باس لە پۆلۆتیك و سیاسەتی وڵات ناكات.

٦-مەوداكانی بڵاوبوونەوە: هەفتانە.

٧-مێژووی بڵاوبوونەوەی یەكەمین ژمارە: دەیەمی مانگی رەمەزانی پیرۆز رۆژی ١٦ی ئەیلولی ١٩١٠ بڵاوبۆتەوە.

٨-مێژووی بڵاوبوونەوەی دواژمارەی: دووشەممە ٢٤ی تەمموزی ١٩١١ی زایینی.

٩-نرخی رۆژنامە: تاران یەك عەباسی، ناوچەكانیتر ٥ شایی.

١٠-نرخی هاوبەشی (ئیشتراك): تاران یەك ساڵ ١٢ قران،

ناوچەکانیتر ١٥ قران، وڵاتانی دەرەوە ٧ فرانك.

١١- رووبەری رۆژنامە: ٢١×٣٥سانتی مەتر.

١٢-ژمارەی لاپەڕەکان: ٨ لاپەڕە.

١٣-ژمارەی ستونەکان لەهەر لاپەڕەیەکدا: ٢ستونی ٩ سانتی مەتری بۆ ٤ ستونی باو.

١٤-ناوونانیشانی چاپخانە: تاران، چاپخانەی خۆرهەڵات.

١٥-جۆری چاپو پیتەکان: چاپی سربی، پیتچنی دەستی ئەڵمانی.

١٦-شوێنی بڵاوبوونەوە: تاران.

١٧-بەهای ڕیکلام: لاپەڕەی یەکەم دێری بە قرانێك، دوالاپەڕە دە شایی.

١٨-بڕیارەکانی بەڕێوەبردنو نوسین: ئەو پێشنیازو وتارانەی کە لەگەڵ ڕێبازی رۆژنامەکە تەبا بن، پەسەندەو بڵاودەکرێتەوە.

١٩-تایبەتمەندی رۆژنامە: رۆژنامەیەکە کە لەپێناو ژناندا بە بابەتگەلی تایبەت بەئەوانەوە بڵاودەبێتەوە.

٢٠-خاوەنەکانی خولە کامڵەکانی رۆژنامەو شوێنەکانیان: خاتوو قودسی چۆبك (مەعسوم) کالیفۆرنیا. وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا. خاتوو ئەقدەس قائممقامی (مەعسوم)، تاران-ئیران.

٢١-تیراژی رۆژنامە: (؟).

٢٢-وێنەی لۆگۆی رۆژنامە: لە لۆگۆی رۆژنامەکەدا دووجار زاراوەی (دانش) بە خەتی نوسخ بەشێوەیەکی ڕازاوەو ڕووەویەکتر نوسراوە. وێنەی دوو پێنوس کە بەشێوەی ڕاستوچەپ یەکتریان





بڕیوە لە سەرەوەو وێنەی گوڵێك لەژێرەوەیدا داندراوەو ژمارەی (١٣٢٨) کە ساڵی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەیە، لە ژێر گوڵەکەدایە. تەنانەت لەگەڵ گۆڕانی ساڵیشدا لە کلێشەی ژمارە (٣٠) واتا دواژمارەی کە مێژووی دووشەممەی بیستوحەوتەمی (١٣٢٩)ی پێوەیە ئەم مێژووە نەگۆڕاوە.

***ئەنالیزەکردنی ئەندامناسی ڕۆژنامەکە**

ئەم بەشەی توێژینەوەکە، هەروەك ئاماژەی بۆ کرا لەسەربنەمای شێوازی (بەرنارد بیرلسۆن)و میتۆدی ئەندازەزانییەکەی ئەنجام دراوە. ڕێبازی (ئەندازەزانی)ی بیرلسۆن بەم چەشنەیە:

درێژیی چاپی لاپەڕەی رۆژنامەکە × پانی چاپی لاپەڕەی رۆژنامەکە = پانتایی چاپکراوی یەك لاپەڕەی رۆژنامەکە.

پانتایی یەك لاپەڕەی رۆژنامەکە × ژمارەی لاپەڕە نمونەکان = پانتایی گشتی نمونەکە.

پانتایی گشتی هەربەشێکی پۆلێنکراو لە نمونەوەرگیراوەکەدا

پانتایی گشتی نمونەکە

بەمشێوەیە ئێمە سەرەتا سەرەبابەتە سەرەکییەکان کە لە رۆژنامەکەدا وەرمانگرتووەو لەگەڵ ناوەرۆکە گشتییەکاندا دەستنیشانمان کردووە، پاشان باسمان لە ئەندازەگرتنی چەندایەتی کردووەو ئەو کاتەش ئەم ئەندازانەمان بەبەراورد لەگەڵ پانتایی گشتی چاپی (٣٠) سی ژمارەی رۆژنامەکە هەڵسەنگاندووەو خشتەیەکمان دروست کردووە کە بە

سەرنجدانێك لێی، پشكی هەریەك لەو بابەتانە لە كۆی رۆژنامەكەدا بەشێوەیەكی چەندایەتی دەكرێ بەدەست بهێنرێت:

١-پاشكۆدارەكان و چیرۆك ١٧٪

٢-هەواڵەكان و وتارە بنەڕەتییەكان ١٥٪

٣-تەندروستی گشتی ١٤٪

٤-ڕووی بەرگی رۆژنامەكە ١٢،٥٪

٥-تەندروستی منداڵان ١١٪

٦-تەندروستی خانمان ٩،٥٪

٧-ڕیكلامەكان ٩٪

٨-ژنانی بەناوبانگی جیهان ٦٪

٩-كلاورۆژنەیەك بۆ جیهان ٥٪

١٠-جۆراوجۆر ١٪.

ئێستاش لەبارەی هەركام لە فەسڵەكانی ئەو (١٠)بڕگەیە، كورتە ڕوونكردنەوەیەك دەخەینەڕوو و لەكاتی پێویستدا ئەو نمونانەی كە نیشاندەری ئاستی چۆنایەتی خستنەڕووی بابەتەكەیە لەو بەشەدا، دەیخەینەڕوو.

**١- پاشكۆو چیرۆكەكانی رۆژنامەكە:**

جگە لە شانۆی ناتەواوی (ماڵئاوایی) بە قەڵەمی (ع. سەفوەت) لە ژمارە دووی رۆژنامەكەدا، لە تەواوی ژمارەكاندا وەرگێڕانی چیرۆكە ئەوروپییەكان بەشێوەی پاشكۆدار لە خوارەوەی لاپەڕەكانی خۆیدا خستۆتەڕوو. درێژترین چیرۆكی رۆژنامەكە چیرۆكێكە بەناوی (سەربوردەی جوتیارێكی رەوشت بەرز، وەرگێڕانی ئینگلیزی) كە لە ژمارە (١٠)ەوە دەستی پێكردووەو لە ژمارە (٢٣) كۆتایی هاتووە.





چیرۆكەكان زۆرینەیان لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراون و لەئەنجامدا ناوەكان زۆرینەیان وەرگێڕدراوی ناوە ئینگلیزییەكانن هەروەكچۆن كە (مستەر) لەبری (ئاغا)و (میس) لەبری (خانم) بەكارهێنراوە. بابەتی چیرۆكەكان ڕووداوە رۆژانەییە باوەكانە بەكۆمەڵە تاموچێژێكی ترس و عەشق و ناپاكییەوە.

داڕشتنی ئەم چیرۆكانە بەبەراورد لەگەڵ داڕشتنی وتارەكاندا زۆر سستەو نزیكە لە وەرگێڕانی وشەبەوشەوە كە شیاوی بەراوردكردن نییە لەگەڵ وەرگێڕانەكانی (محەمەد تاهیر میرزای قاجار)ی وەرگێڕی سەردەمی ناسرییەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وادەردەكەوێت كە لە رۆژگاری بڵاوبوونەوەی رۆژنامەكەدا، خوێنەران دڵیان وابەستەی ئەم جۆرە پاشكۆدارانە بووە، چونكە هەم بڵاوكەرەوەی رۆژنامەكە لە سەرەتای كاری خۆیدا بەڵێنی چاپكردنی ئەو چەشنە چیرۆكانەی داوەو هەم پانتایی پاشكۆ چاپكراوەكان لە گۆڤارەكەدا (١٧،٥٪)ە، واتا بەرزترین بڕی بابەتە لە كۆی بابەتەكانی رۆژنامەكە.

**٢- هەواڵەكان و وتارە بنچینەییەكان:**

لەم بەشەدا هەواڵەكانی پەیوەندیدار بە ژنان و هەروەها وتارە بنچینەییەكانی تێدایە كە تیایدا ژنان مەسەلەی سەرەكین. لە ژمارەی یەكەمدا لەبارەی ئامانجی رۆژنامەكە، خانمی بەڕێوەبەری رۆژنامەكە وەبیریهێناوەتەوە كە رۆژنامەكەی لەپێناو فێربوونی

ڕەوشتی باشی خانمە بەڕێزەکان دامەزراوەو لەپێناو ئاسودەیی و کاتبەسەربردنی ژنان لە هەموو ئاستێکدا، هەندێ لە ڕۆمانەکان بڵاودەکەینەوە. ناوبراو ئەو سەردەمە داوای یارمەتی لە پیاوان دەکات تا ڕۆژنامەکە لای ژنان پەرەپێبدەن و "ئەو خانمانەی کە خوێندەواریان نییە، ئەرکی سەرشانی پیاوە بەڕێزەکانە کە هەموو هەفتەیەك ئەم ڕۆژنامەیە بۆ ئەوان بخوێننەوە تا ئەوان لەم سودە بێبەش نەبن بەڵکو هەمان شت ببێتەمایەی ئەوەی کە فێری خوێندەواریش بن" (ژ١، ل٢).

لەهەمان بەشدا ئەو وتارە بنچینەییانەی تێدایە کە ڕۆژنامەکە ئاماژەگەلێك بۆ زەرووڕەتی پەروەردەی پیاوان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا دەکات (ژ١٨،٦،٣،٢). لە ژمارە (٢٢) پیاوێك بەناوی (عەلی زنجانی) وتارێکی دەربارەی پەروەردەی کچان نوسیوە کە ڕۆژنامەکە چاپی کردووەو سوپاسی نوسینەکەی ئەوی کردووە کە ناوبراو یەکەمین پیاوە ئەم ڕۆژنامە ژنانەییەی بە جددی وەرگرتووەو وتاریشی بۆ نوسیوە.

لە هەواڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم بەشە، ناساندنی یەکەمین خوێندنگای کچانی ئێرانییە (ژ٨) کە بە ڕواڵەت بە دەستپێشخەری میسۆ ریچارد (لە زمانی فەرەنسیدا دواپیتی ئەم ناوە ناخوێندرێتەوە)ی خانمی بەناوبانگ و ناسراو بە (موئەدەبولمولك) دامەزراوەو ئەوکاتە بەڕێوەبردنەکەی بە خانمێکی فەرەنسی بەناوی مەدموازیل ساکۆ (sseSacou) سپێردراوە.

مسیۆ ڕیچارد خان لەڕێگەی پەرەدان بە کلتووریی





ئەورووپیزمانی خۆی لە ئێراندا، هەوڵێکی بەرفراوانی داوەو هەرئەویشە کە یەکەمین کتێبی چێشتلێنانی ئێرانی و بیانی بە زمانی فارسی چاپ و بڵاوکردۆتەوەو تیایدا کاری چێشتلێنانی بیانی لەگەڵ ناساندنی جۆرەها خۆراکی فەرەنسی خستۆتەڕوو. هەروەها بۆ خۆراکە ئێرانییەکانیش، ئەندازەو بڕی بەکارهێنانی ماددەکان کە لە زاراوەی فارسیدا پێی دەوترێ بڕەخۆراك، باسی لێوە کردووەو هەوڵی داوە تا ئەم کارە بەپێی پێوەرە ئەورووپییەکان بخاتەڕوو.

ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٢٨)ی خۆیدا ئەم خوێندنگایەی پێی دەوترا خوێندنگەی فرانکۆپاسان، بەیەکێك لە خوێندنگە ئەورووپییەکان دادەنێت کە لە تاران دامەزراوە. هەر لە ژمارە (٢٨)دا لەگەڵ باسکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندنگەی (عەفتیە) کە لەلایەن دایکی (نەقیبولمەمالیك)ەوە دامەزراوەو لەلایەن (عەفتوازەمان خانم)ی کچی (نەقیبولمەمالیك)ەوە بەڕێوەدەبرا، وردەکارییەکانی مەراسیمی بۆنەی کۆتایی ساڵمان بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا ڕوبابە خانمی خوێندکاری قۆناغی شەشەمی ئەم خوێندنگایە کە بە کچەخانەدانی (جەلالولمەمالیك) ناسرا بوو، وتارێکی بە زمانی فارسی پێشکەش کردبوو و ڕەنگە ئەمە یەکەمین شوێن بێت کە ئێمە جگە لەناوی هەردوو منداڵە کوڕەکەی (جەلالولمەمالیك ئێرەج میرزا) واتا (جەعفەرقولی میرزا) و (خوسرەو)، ناوی کچەکەی ئەویش دەبینین کە پاشان بەپێی نوسینەکەی بەڕێز (د.

مەحجوب):" کچێکی داناو خاوەن توانایە".

خاڵە سەرنجڕاکێشەکەی ئەوەیە ئەنجومەنی خوێندنگەی کچان بە ستایش و پیاهەڵدان بە مەشروتەو نزاکردن بۆ خودی (ئەحمەد شا) و جێگری شا (ناسرولەمولیك قەراگزلو) و سەرکردە میللییەکان (ستار خان و باقر خان) کۆتایی دێت و کچان دوای (هەر بژی مەشروتەو مردن بۆ تۆتالیتاریی)، هەربژییەکیش بۆ خاتوو د. کحالیش دەڵێن (ژ٢٨،لا٤).

لە باسی وتارەکاندا ناتوانرێ بێ ئاگابین لە وتارێکی سەرنجڕاکێش، ئەویش وتارێکە کە لەژێرناوی (وتەیەك بۆ پیاوان) بەچاپ گەیەندراوەو تیایدا دوای ئاماژەکردن بۆ هەڵەکانی پیاوان لەمەڕ رەفتار لەگەڵ ژناندا، مەسەلەی تۆمەتبارکردن و شکاندنی ژنی هێناوەتەپێش و دەنوسێت:

"ئیتر هیچ پیاوێ مافی تۆمەتبارکردن و شکاندنی ژنانی نییە، ژنان لەڕووی تواناو زیرەکییەوە لە پیاوان کەمتر نین و ڕێزیان لە پیاوان پترەو هەرپیاوێك کە تائێستا لەمە تێنەگەیشتووە، حسابی خۆی بکات و لە ئەندازەی خۆی بگات" (ژ١٣،ص١٤).

ناکرێ کۆتایی بەم بەشە بهێنین و چاوپۆشی لە هەواڵ و لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێش بکەین کە لە ژمارە (٨)ی رۆژنامەکەدا هاتووە. هەواڵەکە ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە (١٥ی زیقەعدەی ١٣٢٨) خانمێکی بەڕێز کە دوو هەفتە لەمەوپێش لە (تاران)ەوە بۆ (مەشهەد) رۆیشتبوو، لە ڕێی سەردانەکەیدا لە (سیمنان)، دووچاری دانانی سکەکەی دەبێت و لەسەر چارپای





(سیمنان) کە شوێنی دانیشتنەکەی بووە، داوای مامانێك دەکات و دوای دانانی سکێکی دوو منداڵی جمك کە هەردووکیان کوڕ دەبن بە (١٠) دە تمەن دەیانسپێرێت بە مامانەکەو پێی دەڵێت:" منداڵەکان دەدەمە تۆ، حەزدەکەی بیانکوژە، حەزدەکەی بیانخۆ، حەزدەکەی گەورەیان بکە. خۆت دەزانی" دواتر زانرا کە رۆژی دواتر هەردوو منداڵەکە لە دەرەوەی شار چونەتە ژێرگڵەوەو کوڕێك بەناوی کاکلی ئاگاداربووەو کەس نییە کە بەتەواوەتی بەدواداچوونی بۆ بکات، ئەم خانمە کێ بووە؟ مامانەکە کێ بووە؟ منداڵەکان خۆیان مردن یا مامانەکە کوشتنی؟ خانمی تارانی بەچ خەیاڵێکەوە ئەم کارەی ئەنجام دا؟ و بۆ کوێ چوو؟ چونکە ئەم کارە پەیوەندیدارە بە پۆلیسەوە (ژ٨، لا٧).

ئەوکاتە رۆژنامەی (دانش) خۆی لێکدانەوەو ڕادەربڕینی بۆدەکات و بەهێنانەوەی نمونەیەك، مەسەلەیەك دەخاتەڕوو کە خستنەڕووی لەو ڕۆژگارەدا جورئەتێکی تایبەتی دەوێت. رۆژنامەکە وەبیری دەهێنێتەوە کە بەفەرمانی (کاترینی دووەم)ی ئیمپراتۆری ڕووسیا لە تەواوی شاران و گوندەکانی ئەم وڵاتەدا، شوێنی تایبەتی بۆ پەرستاریی ژنانی سکپڕ دامەزراوەو..هتد

"ئەوەی قەدەغە کردووە کە هەرژنێ بیەوێت سکەکەی دابنێت، لەوکاتەدا بێتەژوورەوە لێی بپرسن باوکی ئەم منداڵە کێیەو لەکوێ لەدایك بووەو خانمەکە ناوی چییەو لەکوێ دادەنیشێت. دەبێ پەرستاریی و میوانداریی لەو زەعیفەیە بکرێت لەبەرئەوەی ئەو ژنە پێویستی بە پەرستارییەو لەو ماڵەدا میوانەو دینارێکی

لێ وەرناگیرێت. ئەگەر دوای دانانی سکەکەی حەزی کرد منداڵەکەی خۆی لەناو ببات ئەوا سەرپشکە تەنها منداڵی پەیوەندیدار بە پادشا نەبێت...هتد سودی ئەم بڕیارە نەک تەنها بۆ ئەو ژنانەیە کە پەنابەخوا لە نائامادەگی مێردەکەیدا...هتد و لەکاتی منداڵبووندا پەنا دەبنە ئەو شوێنە، بەڵکو زۆرینەی ژنان بێتوانان و لەکاتی دانانی سکەکەیدا ناتوانێ مەسرەفەکەی بگرێتەئەستۆ، هەربۆیەشە بچنە ئەو شوێنە ئەوا دەبنە میوانی دەوڵەت"(هەمان شوێن، هەمان لاپەڕە).

**٣- تەندروستی گشتی:**

ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵە وتارێکی پزیشکی و تەندروستی ئەم رۆژنامەیە لەتەک یەکتردا دابنێین، زۆرترین پشکی وتارەکانی رۆژنامەی (دانش) بەم کارەوە واتا بۆ پزیشکی و تەندروستی تەرخان کراوە. واتا ئەم وتارانە بەهەمووی (٣٤،٥٪)ی رووبەری گشت رۆژنامەکەیە کە پێش بەشی پاشکۆو چیرۆک (١٧٪) دەکەوێت، بەڵام تێڕوانینی ئێمە لەسەر ئەمەیە کە خەسڵەتەکانی هەریەک لە بەشەکانی تەندروستی گشتی، تەندروستی خانمان و تەندروستی منداڵان بەجیا شرۆڤە بکەین تا تێبگەین کە ئەم خانمە پزیشکە لەهەشتاو ئەوەندە ساڵ لەمەوپێش چۆن هەوڵی تێگەیاندنی مەسەلە تەندروستییەکان و پڕوپاگەندە بۆ شێوازەکانی لەشساغی بۆ چینە جۆراوجۆرەکان داوە.

لە بەشی وتارەکانی تەندروستی گشتی و پزیشکیدا، مەسەلە ئاڵودەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگاکەی بەزمانی سادە روون و





شرۆڤە کردووە. بەگژداچوونەوەی جۆرەکانی کولێرا، روونکردنەوە دەربارەی جۆرەکانی کولێرا، تەندروستی ددان، تەندروستی چاو و گوێ و دەم، سکچوون، برسییەتی، سوتان، دەنگنوسان، سستەڕیخۆڵە و وشکبوونەوەی باس کردووە، هەروەها لەم بەشەدا کۆمەڵە فێرکارییەک دەربارەی سودەکانی تیشکی خۆر، خەسڵەتەکانی سودوەرگرتن لە هەوای ئازاد بەرچاو دەکەوێت.

رۆژنامەی (دانش) رەخنە لە پزیشکی نەریتی ئێران دەگرێت و لەبارەی سودوەرگرتن لە جەراحەکان بۆ چارەسەر دەنوسێت:

"ئەمە بزانن ئەو پزیشکانەی کە لەرێگەی زانستی سەرجەم ئامێرو ئامرازەکانەوە، جەستەی مرۆڤیان وەک ئاوێنە لەبەرچاواندایە، هەموویان جەراحی بەباشی نازانن، قەساب و حەمامچییەکان و هەندێ لە جەراحە بێ زانستەکان چۆن دەتوانن ئەندامێك بهێننەوە جێگەی خۆی بێگومان خراپتری دەکەن (ژ١٧،لا٨)."

لە بەشی تەندروستی رۆژنامەدا پتر لە هەربەشێکیتر، زاراوە پزیشکی و تەندروستییە ئەوروپییەکان بەکارهێنراوە، هەروەکچۆن لە کۆتایی و دەرەنجامدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئەم رۆژنامەیە بەپێچەوانەی رۆژنامەکانی پێش خۆی وەک (صور اسرافیل) و یاخود رۆژنامەکانی سەردەمی خۆیەوە، زیاتر زاراوەکانی خۆی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە. لەمڕووەوە لە هەمان بەشی تەندروستی گشتیدا زاراوەگەلێکمان بەرچاو

دەکەوێت کە بە فارسی نوسراوەو بە بنەچە ئینگلیزییە وەك (insomnia) بەمانای (بێخەویی) کە بەشێوەی (ئینسۆمینە) نوسراوە یان (Ointment) بەمانای (هەوێنی دەرمان-مەڵحەم) کە بەشێوەی (ئۆنێت مێنت) هاتووە. هەروەها زمانی ئامرازی زانستی بۆ سەردەمی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکە تازەیە، زاراوەی (Incubaor) (سکێکی دەستکردە کە منداڵانی ناتەواو تا کاتی لەدایکبوون تیایدا دەپارێزرێت) بەشێوەی (ئین کیوبیتۆ) دەربڕاوە وتارێکی ڕووناکبیرانەی دەربارەی ئەو ئامرازە نوسیوە. جگە لە خودی زاراوەی (Incubaor) ئەندازەکانی پلەی گەرمی ئەم ئامرازە بە یەکەی ئەندازەگرتنی فەرەنهایت پێناس کراوە (ژ١٨،ص٢-٣). یاخود وتارێکی زۆر سەرنجڕاکێش کە دەربارەی رادیۆمو داهێنانەکەیو بەکارهێنانی لە پزیشکیدا نوسراوەو نوسەری وتارەکە (بەئەگەرێکی بەهێزەوە خودی خاتوو کەحالە) وەبیری هێناوەتەوە کە ئەم وتارە سەرەڕای ئەوەی بەمەبەستی ناساندنی ئەم تیشکە دەرمانییە نوسراوە، بەو ئاراستەیەدا نوسیویەتی کە:"خانمە بەڕێزەکان ئەوە بزانن ئەم داهێنانە زۆر سودمەندە، لەڕێگەی خاتوونێکی بیرمەندی خەڵکی فەرەنسا داهێنراوە، کۆمەڵی ژنان توانستو لێهاتوویی هەموو شتێکیان هەیە. خاتوونی ناوبراو ناوی مادام کۆرییە (Madam Curie) کە لەناو سەرجەم پزیشکەکانو چارەسەرسازە سەرەکییەکانی جیهاندا، ناوبانگو ڕێزی پەیدا کردووەو بۆتەشیاوی ڕێزلێنان (ژ٢٣، لا١٥)"





خاڵە جوانەکەی لەوێدایە کە ئەم خانمە پزیشکە وتارێکی خۆی دەربارەی مادام کۆریو رادیۆمو رادیۆتراپی لە ساڵی (١٩١١)ی زاینیدا نوسیوە، کۆری لە ساڵی (١٨٩٨) رادیۆمی دۆزییەوەو لە ساڵی (١٩٠٣) ئەو ژنو مێردەش خەڵاتی نۆبڵی فیزیایان بەدەستهێناو خاتوو مادام کۆری لەهەمان ساڵدا (واتا ساڵی ١٩١١) خەڵاتی نۆبڵی کیمیای بەهۆی بەکارهێنانی پزیشکیانەی تیشکی رادیۆمەوە بەدەستهێنا، ئەمە نیشانی دەدات کە نوسەری وتارەکە تا چ ئەندازەیەك نزیكو ئاشنای مەسەلە رۆژانەییەکانی پیشەکەی خۆی بووە. سەرەڕای ئەوە شرۆڤەی وتارەکە نیشانی دەدات ناوبراو بە تەواوەتی رادیۆمو ڕێگەی چارەسەرپێکردنیو تیشکی سێکوچکەی (ئەلفا)، (بیتا)، (گاما)ی لەگەڵ بڕی بەکارهێنانو کاریگەرییەکانی ئەو تیشکەی ناساندووە.

**٤-ڕووی بەرگی رۆژنامەکە:**

لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە (٨/١)ی گشت ڕووبەری چاپکراوی هەر ژمارەیەکی رۆژنامەکەی بۆخۆی تەرخان کردووە. لەم لاپەڕەیەدا زانیاری وەك ناوی خاوەنی رۆژنامە، نرخ، بەهای هاوبەشیکردن، دروشمی رۆژنامە، مێژووی بڵاوبوونەوە، کاتەکانی بڵاوبوونەوەو وردەکارییەکانی تیادا هاتووەو بە پشتبەستن بەو زانیاریانە، دەتوانرێ پەی ببرێت بە گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی رۆژنامەکە کە لە پەراوێزی ناسنامەکەیدا هاتووە.

**٥- تەندروستی منداڵان و نەریتی منداڵداری:**

لــەم بەشــەدا وتــارێکی زۆر لــەبارەی نــەریتی منداڵــداری و پاراستنی تەندروستی منداڵان پۆلێنبەندی کراوە. لە رۆژنامەکەدا دەربارەی شێوازی شیردان بە منداڵ، شێوازی خەواندنی منداڵ، شوێنی خـەوی منـداڵ، نەخۆشـییەکانی منـداڵ بـە دوورودرێـژی بابەتگـەلێکی لەسـەر هـاتووە. مەسـەلەی هەڵبـژاردنی دایـەن بـۆ شـیردان بـە منـداڵان کـە لـە کـارە باوەکـانی ئـەو سـەردەمە بـووە، بـەوردیی ڕوون کراوەتــەوە. لــە ژمــارە (٢٤)دا دەســتورێکی بــۆ وەرزشـی منـداڵان بەشـێوەی مەشـق و وەرزش تیـادا هـاتووە کـە دەربـارەی هەرچـوار مەشـقی سـەر، مەشـقی دەسـتەکان، مەشـقی جەستەو مەشقی پێ بەرچاوڕوونییەکی تەواوی داوە.

**٦-تەندروستی خانمان:**

لەم بەشەدا سەرەڕای باسە تەندروستییەکانی وەك پارێزگاریی لە قژ، ددان و پێست، بایەخێکی تایبەتیانە بە مەسەلەی ماڵداری و بەرنامەڕێـژی دراوە. ڕەنگـە بـۆ یەکـەمینجار بێـت، بەرنامەیـەك بـۆ پاکوخاوێنی ماڵ لە ژمارە (١٦)ی ئەم رۆژنامەیەدا خراوەتەڕوو. هـەروەها دەسـتوری مامەڵـەکردن لەگـەڵ خزمـەتکارانی مـاڵ بـۆ خانمـانی مـاڵ خراوەتــەڕوو. لەڕیزیانــدا مۆڵــەتی هەفتانــە بــە خزمــەتکاران و چــۆنییەتی فێرکردنــی خزمــەتکارە نوێیــەکان و چـاودێریی پاکوخاوێنیـان بـاس کـراوە. هـەروەها چـۆنییەتی ئامادەکردنی پـەڕاوی خەرجییـەکانی ماڵ و بودجـەدانانی داهـاتی مـاڵ بـۆ خانمـان خراوەتـەڕوو. لەتـەك مەسـەلە تەندروسـتی و





پلانـەکانی ماڵـدا، کۆمەڵـە دەسـتورێکی جوانکـاریی لـە رۆژنامـەدا بایـەخی پێـدراوە. دەسـتوری سـودوەرگرتن لـە ماسـکی خـەیارو شیر[60] بۆ پارێزگاریی لە پێست (ژ٦، لا٧)، دەستوری جلپۆشین و قـژ رازاندنـەوە. (ژ٧،لا٧)، پارێزگـاریی لـە بـەژنرێکی لەرێگـەی بـەکارهێنانی سـاخارین لـەبری شـەکر، نـەخواردنی چـەوری، ئاوخواردنـەوەی زۆر لـە نـانخواردنی سـپێدەدا، جـوڵان و کـارکردن بەشـێکن لـە ڕێنماییـە ئارایشتی و تەندروستییەکانی رۆژنامەکـە (ژ٢٦،لا٦). ئامـادەکردنی ماسـك لـە گیـای ناسـراو بـە تـور کـە لـە رۆژنامەکـەدا نـاوە ئینگلیزییەکـەی بەشـێوەی (هـۆرس ردیـش) هــاتووە کــە خوێندنــەوە فارســییەکەی (Horse Radish)ی ئینگلیزییـەو رۆژنامەکە بە (ریشەخردل) نـاوی بـردووە، لە ڕیـزی ئـەو بابەتـە سەرنجڕاکێـشانەی دەسـتورە جوانکارییەکاندایـە کـە لەبەشی پەیوەندیدار بە خانماندا بەرچاومان دەکەوێت (ژ١٠،لا٢).

**٧-ڕیکلامەکان:**

ڕیکلامەکانی رۆژنامەکە بریتین لە ڕیکلامە بازرگانییەکان وەك جاڕنامــەی دوافرۆشــتنەکان، هاوردەکــارانی پێداویــستییە ژنانەییەکان، ئامرازەکان و ئامێرە موزیکییەکان و..هتد .

دوای ئـەوە زنجیرە ڕیکلامێکـی پەیوەندیـدار بـە کارکردنمـان بەرچاو دەکـەوێت کە ڕیکلامـەکانی پەیوەندیـدار بـە نەخۆشخانەی خــاتوو د. کــەحال و خزمەتگوزارییــە پزیــشکییەکانی نــاوبراو،

[60] –لەو سەردەمەدا بۆ پاراستنی دەموچاو، خەیارو شیریان لە دەموچاو هەڵدەسو تا پێستەکەی بە تەندروست بمێنێتەوە. (و–ك).

زۆرترین شوێنی بۆخۆی تەرخان کردووە. لەهەمانبەشدا ڕیکلامی هاتن و دەستبەکاربوونی خانمە پزیشکێکی ئەمریکیمان بەناوی (د.مۆدی) بەرچاو دەکەوێت کە لەگەڵ ئەوەدا پزیشکێکی گشتییە لە "نەخۆشییەکانی تایبەت بە ژنان و مامانیدا لێهاتوویەکی تەواوی هەیە" (ژ٧،لا٢) و هەم "لە نەخۆشخانەکەی خۆیدا لە شەقامی (عەلائولدەولە) میوانداریی لە نەخۆشەکان دەکات و هەم هەفتەی دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانەی تەندروستیدا، میوانداریی لە گشت چین وتوێژە تایبەتییەکانی خاتوون و خانمە بەڕێزەکان دەکات" (لەهەمان ژمارەو لاپەڕەدا). ڕۆژنامەی (دانش) خۆشحاڵی خۆی بۆ هاتنی ئەم پزیشکە دەربڕیوەو سەبارەت بەئەمەی کە (نەخۆشییەکانی موسڵمانان و ئەوانیتر) تەندروست و سەلامەت دەکاتەوە، داوای مان و سەقامگیربوونی لە دەرگای خوداوەند بۆ کردووە.

حەوت ژمارە دواتر، ڕۆژنامەکە هەواڵی هاتنی پزیشکێکیتر دەدات کە ئەویش ئەمریکییەو ناوی دکتۆر کلارکەو پسپۆڕییەتەکەی مامانی و نەخۆشییەکانی ژنانەو لە نزیک سەفارەتی ئەمریکا (گشت ژنان و پیاوانی نەخۆش لە سپێدەوە تا ئێوارە چارەسەر دەکات" (ژ١٤،لا٢) ڕۆژنامەی (دانش) لە درێژەی ئەم جاڕنامەیەدا هێرش دەکاتە سەر ئەو مامانە نەرێتیانەی کە بەهۆی ڕەچاونەکردنی تەندروستییەوە، دەبنەمایەی مردنی ژنانی سکپڕو لە کێشەکانی منداڵبوونی ناسروشتی دەدوێت.

لە بەشێکیتری ڕیکلامەکاندا، جاڕنامەی بەکرێگرتنی





خزمەتکارێك بۆ ماڵ دەبینین کە ڕەنگە یەکەمین ڕیکلامی لەم چەشنە بێت لە ڕۆژنامە فارسیزمانەکاندا چاپ کرابێت. لەم جاڕنامەیەدا هاتووە:

"ئاگادارکردنەوە- پێویستمان بە کەسێکی خزمەتکاری کارزانی پاکوخاوێنی تەمەن کامڵ هەیە بۆ ماڵێك کە دوو کەسە. هەرکەسێ ئامادەیە لەگەڵ گرەنتییەکی ڕاست و دروستدا خۆی بە ئیدارەی ڕۆژنامەی دانش بناسێنێت" (ژ٢٠،لا٢).

بەڵام بێگومان سەرنجڕاکێشترین ڕیکلامی ئەم ڕۆژنامەیە جاڕنامەیەکە کە تیایدا خانمێکی گەشتیار بەهۆی گەشتەوە، ماڵومڵکەکەی خۆی هەراج کردووە. بەپێی ئەم جاڕنامەیە:

"مدم ۆفڵ (بەدڵنیاییەوە مادام ۆفڵە، نوسەر) کە دەیەوێ بچێتە یۆرپ، لە خانووەکەی لە گەڕەکی بەرامبەر پارکی ئەتابەك لای خوێندنگەی گبرەکان، خانووی ژمارە ١٣ هەموو ڕۆژێك ناوماڵەکەی خۆی هەراج دەکات (ژ٢٦،لا٢٧).

لەناو ناوماڵە هەراجکراوەکەدا، ئەم شتومەکانە بەرچاودەکەوێت: گیتار، تاری فەرهەنگی، سەتار، سەنتوری فەرهەنگی، مۆزیك باکس (سازکۆکی)."

بەشێکیتری ڕیکلامەکانی ڕۆژنامەکە، ڕیکلامەکانی ئیدارەی ڕۆژنامەکەیە وەك گۆڕانی شوێنی ڕۆژنامەکە، ئاگادارکردنەوەی ئەو هاوبەشانەی کە کرێی هاوبەشێتی خۆیان نەداوە، داوای لێبوردن لە دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لەبەرهۆکاری جۆراوجۆری وەك پشووەکانی نەورۆز، ماندووبوونی بەڕێوەبەری

رۆژنامەو...هتدی تیادا هاتووە. هەروەها لە رۆژنامەکەدا ڕیکلامی پرسەوسەرەخۆشی کۆچی دوایی (عەلیرەزاخان عەزدولمەلیکی قاجارو نایب سوڵتەنەی یەکەمی ئەحمەدشا بە قەسیدەیەکی سەرەخۆشی چاپ کراوەو ڕیکلامی پرسەوسەرەخۆشی بەڕێوەبەری خوێندنگەی (ئەحیا) بۆ مردنی میرزاحەسەن خانی برای خاتوو د. کەحال و سوپاسی ناوبراو بۆ سەرەخۆشییەکان چاپ کراوە.

**٨-ژنە بەناوبانگە هاوچەرخەکان:**

رۆژنامەکە هەوڵیداوە تا لەگەڵ خستنەڕووی وێنەکانی ژنە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەو باسکردنی سیفاتە بەرجەستەکانیان، بە ڕاستی ژنانی ئیران لە گرنگی پلەی ژن لە دنیای ئەو سەردەمەدا ئاگادار بکاتەوە. لە رۆژنامەی (دانش)دا قسەلەسەر (کۆین ئەلیزابێت)، شاژنی بەلجیکا، شاژنی هۆڵەندا، شاژنی ئەڵمانیا، شاژنی دایکی جۆرجی پێنجەمی پادشای بەریتانیا، شاژنی یابان، شاژنە رۆمین کراوەو دەربارەی هەریەکەیان و ئەو خزمەتانەی کە بە وڵاتەکەی خۆیان کردووە، بابەتگەلێکی سەرنجڕاکێشی تیادا هاتووە. جگەلەمەش، وتارگەلێك دەربارەی چالاکییەکان و بەشداربوونی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە رۆژنامەکەدا هاتووە. بۆنمونە بەتێروتەسەلی باس لە هاریکاریی ژنانی ئینگلیز لەگەڵ مێردەکانیان دەکات لەپێناو دەستەبەرکردنی دەنگ لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا کە کاندیدی وەکالەتی ئەنجومەنن، بەڵام ڕەنگە





سەرنجڕاکێشترینیان ئەو ئاماژەیە بێت کە رۆژنامەکە بۆ بارودۆخی ژنانی عوسمانی کردوویەتی:

**پێشکەوتنی ژنانی عوسمانی**

(لە رۆلیسۆنەوە)

پێشتر ئەم خوێندنگایانەی وڵاتی عوسمانی تایبەت بوو بە کچانی عیسایی، بەڵام لە قۆناغی ئازادیدا کە دەرگاکانی پێشکەوتن و رۆشنبیری کرایەوە، ژمارەی خاوەن بڕوانامە موسڵمانەکان پتر بوون لە ئەوانیترو دەبینرا کە هۆش و زیرەکی موسڵمانان لە ئەوانیتر پترە. لە سەردەمە دێرینەکاندا، بەهۆی نەزانینییەوە بەهیچ جۆرێك پەسەند نەبوو کە کەس بۆ خوێندنگە دەرەکییەکان بچێت بەتایبەتی خانمان، خانمێك بەناوی حەلیمە ساڵح کە هیچ جۆرە بڕوایەکی بە سەرزەنشت و قسەو قسەلۆکی خەڵك نەبوو و مەعریفەو کامڵبوونی بە بەختەوەریی مرۆڤ دەزانی، لە خوێندگای ئەمریکایی کە لەوێ بنیاتنرابوو، دەیخوێند و بووەخاوەنی پلەی بەرز کە ئێستاش لەژیاندایەو زۆر بۆتەمایەی بێداربوونەوەی پێشکەوتنی ژنانی ئەو شوێنە کە لەهەر کۆڕودانیشتنێکدا وتاری کاریگەری هەیەو هەمیشە گوتارە سودمەندەکانی بۆ بیداربوونەوەی خانمان رۆژنامەکانی ئیسلامبوڵ دەڕازێنێتەوە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی وتارەکانی، ناوبانگی دەرکردووەو بۆتەجێی پەسەندی بەرپرسانی کاروباری ئەو شوێنە کە زۆربەیجار لە کاروبارە گشتییەکاندا ڕاوێژ بەم دانا بیرمەندە دەکەن. ساڵی ڕابردوو ناوبراو خوێندنگەیەکی ژنانی

كردەوە كە لەژێر سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی خودی ئەودا لەسەر پرۆگرام و شێوازی دروست وانە دەوترێتەوە...هتد (ژ٢٤،ل٤).

**٩- كڵاوڕۆژنەیەك بۆ جیهان:**

لەم بەشەدا وتارگەلێك پۆلێنبەندی كراوە كە بارودۆخی كۆمەڵایەتی ژنان لە وڵاتانیتردا شی دەكاتەوە. ڕۆژنامەی (دانش) بەهۆشیارییەوە شێوازی هاوسەرپێكەوەنانی كچ و كوڕ لە وڵاتانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ڕووسیای باس كردووەو ڕوونی كردۆتەوە كە بۆنمونە لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا "كچان و بێوەژنان بەبێ ڕێگەپێدان و مۆڵەتی كەسانی گەورەتر لە خۆیان، هاوسەر هەڵدەبژێرن"(ژ١٣،ل٤) و یاخود لە بەریتانیا "لە هەڵبژاردندا خوازبێنی ڕەها لەژێردەسەڵاتی خودی كوڕو كچدایە كە بە ویستی خۆیان كێ بدۆزنەوە پەسەندی بكەن، بەڵام بەپێی بڕیاری دەوڵەت نابێ كوڕ یا كچ بەرلە تەمەنی چواردەساڵی هاوسەر پێكەوەبنێن" (ژ١٤،ل٦١). یا هاوسەرێتی لای خەڵكی ئیسلامبول كە ئێستا هیچیتر باڵاپۆشیش (حیجاب) لەبەرچاوناگرن و فرەهاوسەرێتیش بە خراپ دەزانن، شێوازی تایبەتیانەیان هەیە:

چەند ساڵێكە لە وڵاتی عوسمانی لەناو هەندێك كەسدا پەسەند نییە كە لە هاوسەرێك پتر هەڵببژێریت. لەم قۆناغەی مەشروتەدا تەواوی بارودۆخ و خۆڕێكخستنی ژنانی عوسمانی وەك ژنانی ئەوروپایە كە لە تەواوی كارو كاروبارەكانی خۆیاندا لاسایی ئەوان دەكەنەوە، بۆنمونە پێشتر لە كوچەو بازاڕدا ئەو پەچەیەی كە ڕووخساریان پێدادەپۆشی ئێستا باو نییە تەنها





یەشماقێكی تەنك[61] (وشەیەكی توركییەو بەمانای جۆرە شاڵێك دێت) كە بەسەریانەوەیە، بەپێچەوانەی باڵاپۆشییەوە گۆشەكەی لەبەردەم ڕووخساری خوارەوەی چاوەكاندا دادەندرێت بەڵام هەر نیوەی ڕووخسارەكەی لەژێر یەشماقەكەدا دەردەكەوێت.

لە ئیسلامبول بەڕێوەبەرایەتییەكی باڵایان بۆ هاوسەرگیریی هەیە كە هەر خێزانێك كوڕو كچ و هەرشتێكیان هەبێت ناو و وێنەو ناونیشانەكەی بەو بەڕێوەبەرایەتییە دەدەن و لە دەفتەردا تۆمار دەكرێت. ئەوماڵەی كە زاوا یاخود بوك بیەوێ، بە بەڕێوەبەرایەتییەكەی ڕادەگەیەنن. بەڕێوەبەرایەتییەكە ناونیشانێك بە بوك و زاوا دەدات كە پێشتر خاوەنی ئەو خانووە لەلایەن پشكنەرەوە پشكنین و بەدواداچوونی بۆ كراوە و لەكاتی ناسینی خاوەن موڵكەكەدا بەپێی ڕەزامەندی و دڵخوازو سەلیقەی خۆیان كەسێك دەستنیشان دەكەن. ئەوكاتە بوك و زاوا خۆیان دەچن و دەیبینن. ئەگەر پەسەندیان كرد، پێداویستییەكانی بەڵێننامە فەراهەم دەكەن و ئەگەر پەسەندیان نەكرد دووبارە ناونیشانێكیتر لە بەڕێوەبەرایەتییەكە وەردەگرن.

**١٠- هەمەجۆر:**

لەم بەشەدا كە كەمترین پشكی لە كۆی پانتایی چاپكراوی ڕۆژنامەكە هەیە، چاومان بەمانشێتگەلێك دەكەوێت كە بەگشتی ڕۆژنامەكان لەپێناو سەرگەرمكردنی خوێنەرانیدا چاپی دەكەن.

---

61- مەبەستی لە پەچەیەو سەردەمانێكیش لە كوردەواری خۆماندا باو بووە. (و-ك)

لەڕیزیاندا ستونێکی تەنزە کە ئەم چیرۆکەی تیادا دەگێڕێتەوە:

"کەسێك لە ڕووبارێکدا نقوم دەبێت، هاوڕێیەکەی دەیەوێ بەشێوەیەك بە ماڵومنداڵەکەی ڕابگەیەنێت کە نەترسن، کاغەزێکی نوسی کە: خانم ئەمشەو هاوسەرەکەی تۆ نایەتەوە بۆ ماڵەوە لەبەرئەمەی جلوبەرگەکانی لە ڕووبارەکەدا نقوم بوو و خۆیشی لەناو ئەو جلوبەرگانەیدا بوو" (ژ١،ل٨).

وشە پەندئامێزەکان لەڕیزی بابەتە هەمەجۆرەکانیتری رۆژنامەی (دانش)دایە:" ژن لە هەموو شتێ دەبورێت تەنها ناتوانێ لەو کەسە ببورێت کە ئەو پەسەند نەکات". (ژ٢،ل٥).

لەناو بابەتە هەمەجۆرەکانی رۆژنامەکەدا نامەیەك کە بۆ رۆژنامەکە نوسراوە، جێگەی سەرنجە. نوسەری نامەکە بە ناوی (خاتوو حاج میرزایەحیایی)ەوە بۆ نوسینگەی رۆژنامەکەی ناردووە کە لەگەڵ سوپاسو پێزانیندا بۆ بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکەو نمونەهێنانەوەیەکی سەیر کە لەپێناو پێشکەوتنی فکریی ژنان دەیکات، گلەیی لە بڵاوبوونەوەی ڕیکلامە بازرگانییەکانی بواری جلوبەرگە دەرەکیو قوماشە دەرەکییەکان دەکاتو وەبیری دەهێنێتەوە کە:

لەبەرئەوەی بەرهەمە ناوخۆییە هاوشێوەکان هەیە، رۆژنامەیەکی ژنانە مافی ئەوەی نییە ژنان بۆ کڕینی کاڵا دەرەکییەکان بزوێنێتو واباشترە رۆژنامەکە بەهۆی بەهەڵەنیشاندانی ئەتڵەسەکانی کۆگای مادامو جۆرە باشەکان، بفەرموێت بۆ پرۆگرامێك بۆ جلوبەرگە سادە نیشتیمانییەکان تا





خانمان بتوانن جلوبەرگەکانی خۆیان لە قوماشە نیشتیمانییەکان ئامادە بکەن تا هەندێ قازانج بەخۆمان بگەیەنین، ئەو پارەیەی کە هێندە بەنرخە بەهەڵە بەم قوماشە بێکەڵکانەوە بۆ دەرەوە نەڕوات، لەکاتێکدا قوماشە ئاوریشمییەکان لە وڵاتی خۆماندا بۆ جلوبەرگی ژنان هەیە. هەڵبەتە تادەکرێ دەبێ لەهەمان قوماش بکڕدرێتو بپۆشرێتو ڕێگەی دوکانی مادامو هاوشێوەکەی کەمتر فێر ببین." (ژ٢،ل٧).

بەڕێوەبەری رۆژنامەکە لە وەڵامی خاتوو (حاج میرزا یەحیایی) کە پێدەچێ هاوسەری (حاج میرزا یەحیا دەوڵەتئابادی)ی ڕووناکبیری سەردەمی مەشروتەو دانەری کتێبی (ژیانی یەحیایی) بێت، دوای سوپاس دەنوسێت:

"ریکلامەکان لە سەرجەم رۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوەو گشتانەییە، بەڵام دەبێ بزانرێ کە بە هیچ شێوەیەك ئێمە لە خەیاڵی هاندانو بزواندنی خانماندا نەبووینو نین بۆ کڕینی شتومەکی بێکەڵكو ناپێویست، تەنها ریکلامێکیان داوینەتێو ئێمە بڵاومان کردۆتەوە."

ئەو نامەو ئەم وەڵامە لە ڕاستیدا نیشاندەری دوو جۆرە چەشنی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەی ئیرانە کە پاشماوەکەی تا رۆژگاری ئێمە درێژەی هەیەو لەبەشی شرۆڤەکردنی ناوەرۆکدا بەناچاریی ئاماژەی بۆ دەکەین.

# ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان

**ا: ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی سیاسیدا**

**ب-ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی سەربازیدا**

**ج: ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی ئابوریدا**

**ا: ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی سیاسیدا**

**د.ڕیزبەندی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا**

**ا: ڕیزبەندی بڵاوکراوە سیاسییەکان:**

١-بڵاوکراوە سیاسی- دیبلۆماسییەکان

٢-بڵاوکراوە مافناسی- مافناسییە نێودەوڵەتییەکان

٣-بڵاوکراوە بیروباوەڕە ئایدۆلۆژی- ئایینیەکان.

٤-بڵاوکراوە فەلسەفییەکان.

٥-بڵاوکراوە پارلەمانییەکان.

٦-بڵاوکراوە ستراتیژییە سیاسییەکان.

**ب-ڕیزبەندی بڵاوکراوە سەربازییەکان:**

١-بڵاوکراوە گشتییە سەربازییەکان.

٢-بڵاوکراوە هێزە زەمینییەکان.





٣-بڵاوکراوە هێزە دەریاییەکان.

٤-بڵاوکراوە هێزە ئاسمانییەکان.

٥-بڵاوکراوە هێزە سەربازییەکان.

٦-بڵاوکراوە چەکە سەربازییەکان.

٧-بڵاوکراوە ستراتیژییە سەربازییەکان.

٨-بڵاوکراوە فەزا- سەربازییەکان.

**ج: ڕیزبەندی بڵاوکراوە ئابورییەکان:**

ا-بواری گشتی ئابوریی.

ب- بواری تایبەتمەندی ئابوریی:

١-بڵاوکراوە کشتوکاڵی و پەلەوەرییەکان.

٢-بڵاوکراوە پیشەییەکان.

٣-بڵاوکراوە بانکی و بۆرسەییەکان.

٤-بڵاوکراوە جیهانگەڕییەکان (توریسم).

٥- بڵاوکراوە پڕوپاگەندەیی و بازاڕدۆزەکان.

٦-بڵاوکراوە ڕیکلامییەکان.

٧-بڵاوکراوە چینایەتییەکان.

٨-بڵاوکراوە بازرگانییەکان.

**د.ڕیزبەندی بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان:**

١-بڵاوکراوەکانی منداڵان.

٢- بڵاوکراوەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوان.

٣-بڵاوکراوە وەرزشییەکان.

٤-بڵاوکراوەکانی خانمان.

٥-بڵاوکراوە کلتوریی و هونەرییەکان.

٦-بڵاوکراوە سەرگەرمکەرەکان.

٧-بڵاوکراوە پزیشکییەکان.

٨-بڵاوکراوە میدیاییەکان و ماس کۆمیونیکەیشنەکان.

٩-بڵاوکراوە دیکۆمێنتدارەکان.

**٣-بڵاوکراوە وەرزشییەکان:**

ا-بڵاوکراوە گشتییە وەرزشییەکان.

ب-بڵاوکراوە تایبەتمەندە وەرزشییەکان:

١-تۆپی پێ

٢-زۆرانبازی

٣- گۆڕەپان و مەیدان:

ا-ڕاکردنی ١٠٠ مەتری.

ب- ڕاکردنی ٢٠٠ مەتری.

پ- ڕاکردن بە بازبازێن.

٤- باڵە

٥- باسکە

٦- مەلەوانی

٧-گۆڵف

٨-بەیس بۆڵ

٩- بەرزکردنەوەی قورسایی

١٠-ڕمبازی

١١- ئەسپ سواری





١٢-شەترەنج.

١٣-تۆپی دەست

١٤-بۆکسێن

١٥-هیتر.

**٤-بڵاوکراوەکانی خانمان**

ا-بواری گشتی خانمان.

ب-بواری تایبەتی خانمان:

١-گۆڤارەکانی بەرگدروویی و دوورمان.

٢-گۆڤارەکانی ئارایشت و جوانکاریی.

٣-گۆڤارەکانی چنین و کاری دەستی.

٤-گۆڤارەکانی خۆراکسازیی.

٥-گۆڤارەکانی مۆدیل.

٦-گۆڤارەکانی دکۆراسیۆن.

٧-هیتر.

**٥- بڵاوکراوە کلتوریی و هونەرییەکان:**

١-وێنەکێشی و میتۆدە جۆراوجۆرەکان.

٢- موزیك و ئاوازە جۆراوجۆرەکان.

٣-پەیکەرسازی و میتۆدە کلاسیکی و مۆدێرنەکان.

٤-سەما، بالێ.

٥- شانۆ.

٦- ئەدەبیات و شیعر.

٧- سینەما و پۆلێنبەندییە بابەتییەکان.

٨- خۆشنوسی.

٩- هیتر.

**٦- بڵاوکراوە سەرگەرمکەرەکان:**

١- بڵاوکراوە زانیارییە گشتییەکان.

٢- بڵاوکراوە چیرۆکییەکان.

٣- بڵاوکراوە تەنز، گاڵتەوگەپ و کاریکاتێرییەکان.

٤- بڵاوکراوە هەمەجۆرەکان.

٥- بڵاوکراوە مێژووییەکان.

٦- بڵاوکراوە ڕووداوییەکان.

٧- هیتر.

**٧-بڵاوکراوە پزیشکی، دەرمانسازیی و تەندروستییەکان:**

ا-پزیشکی گشتی

ب-پزیشکی تایبەتی:

١-دڵ.

٢-هەناو.

٣-مێشك و دەمار.

٤-جومگەکان.

٥-گورچیلە.

٦-ئەرتۆپید.

٧-هیتر.

پ-دەروونپزیشکی

ت-ددانپزیشکی





ج-دەرمانسازی

چ-تەندروستی

ح-هیتر

**٨- بڵاوکراوە میدیاییەکان و ماس کۆمیونیکەیشنەکان:**

ا- ناساندنی بەرنامەکانی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن.

ب- ڤیدیۆ

پ-میدیاکان

ت-وێنە

ج- هیتر

**٩- بڵاوکراوە دیکۆمێنتدارەکان**

# فۆرم لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا

فاکتەری سەرنجڕاکێشبوون لە بڵاوکراوەکاندا ئایا فۆرمی[٦٢] بڵاوکراوەکەیە یان ناوەرۆکەکەی؟[٦٣] ئەمە پرسیارێکە کە بەرلە بڵاوبوونەوەی هەر بڵاوکراوەیەک، دەبێ وەڵامەکەی دەستبخرێت.

لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا بەهەمانشێوەی کە لە فەسڵەکانی ڕابردوودا باسی لێوەکرا، وەرگرەکان بە بەلەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، تەمەن، خوێندەواریی و گروپە کۆمەڵایەتیەکەشیان ڕۆڵی سەرەکیان لە دەستنیشانکردنی فۆرمو هەم لە ناوەرۆکی بڵاوکراوەکەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زەمینەی تایبەتمەندێتی بڵاوکراوەکەش دەستنیشانکەری فۆرمو ناوەرۆکە. لە فەسڵەکانی ڕابردوودا دەربارەی ناوەرۆکی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند، ئەوەی جێگەی مەبەست بوو باس کراو لەم فەسڵەدا باس لە فۆرمی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان دەکرێت.

بۆ ئەمەش کە فۆرمی بڵاوکراوەکە بەسەر ناوەرۆکدا زاڵە یاخود ناوەرۆک بەسەر فۆرمی بڵاوکراوەکەدا زاڵە، ڕەنگە نەتوانرێ وەڵامێکی وردەکارانەی بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەم خاڵە نابێ فەرامۆش بکرێ کە سەرنجڕاکێشبوونی فۆرم لە بینینی یەکەمەوە

62 -Form

63-contents





وەرگرەکان بۆ بڵاوکراوەکە ڕاکێش دەکاتو گومان لەمەدا نییە کە فاکتەرە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵیان لە فۆرمی بڵاوکراوەکەدا هەیە. لە کاغەزە باوەکانی[٦٤] بەرگی گۆڤارو لاپەڕەکانی ناوخۆوە بگرە

64-ئەو کاغەزانەی بەگشتی بۆ چاپکردن بەرکاردەهێنرێت بۆ سێ دەستەی سەرەکی دابەش دەبێت:

١-کاغەزەکانی تایبەت بە چاپی پەرتوکو گۆڤار.

٢-کاغەزەکانی رۆژنامەو گۆڤار.

٣-کاغەزەکانی بەرگی پەرتوك (بەرگ تێگرتن)و پەرتوکە گرانبەهاکان.

*کاغەکانی پەرتوك بەگشتی لە جۆری باو و سپێنو پێیاندەوترێ کاغەزی نوسین. (کاغەزەکانی نوسین)ی بەرهەمی ناوخۆی وڵات بەبەراورد لەگەڵ کاغەزە بیانییەکان (هاوردە) کەمێ ڕەنگ زەردترنو نرخەکانیان بەبەراورد لەگەڵ جۆرە بیانییەکەدا کە بەتەواوەتی سپییە، هەرزانترە.

*کاغەزەکانی رۆژنامە بەگشتی کاییەو بەکارهێنانی رۆژانەی بۆ رۆژنامەیەو خاوەنی چۆنایەتییەکی نزمترە.

*بۆ بەرگی پەرتوك کاغەزە گرانبەهاو خۆڕاگرەکان بەکاردەهێنرێت کە پێیاندەوترێ گلاسەو شۆمیز. بۆ ناوەوەی پەرتوك سود لە گلاسە تەنکترەکانیش وەردەگیردرێت کە مانەوەیەکی پتری هەیە.

*گۆڤارەکان بەپێی بابەتو جۆری وەرگرەکە دەتوانرێ بەسێ جۆرە کاغەزی کاهی، نوسین و گلاسە چاپ بکرێت.

*کاغەزەکان بۆ دوو دەستە "مات" و "بریقەدار" دابەش دەبن. کاغەزە بریقەدارەکان بەگشتی باونو کاغەزە ماتەکانیش بە ئاسایی هەژمار دەکرێت. بێگومان کاغەزەکانی گلاسەی ماتو نیوەمات لەڕیزی کاغەزە باوەکاندا هەژمار دەکرێن. (نوسەر)

تادەگاتە ڕەنگ، لاپەڕەبەندی[65] و وێنە[66] و چۆنییەتی بەکارهێنانی هونەریانەیانەوە لە کۆی بڵاوکراوەیەکدا، هەموویان فاکتەری سەرەکی سەرنجڕاکێشبوونن و بۆ ڕاکێش و بەکێشکردنی وەرگرەکانە.

ئەگەر باشترین ناوەرۆك لە چوارچێوەیەکی سەرنجڕاکێشدا دانەندرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا ناتوانرێ وەرگر ڕاکێش بکرێت و هەروەها ئەگەر لە چوارچێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بەبێ ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند پێشکەش بکرێت، وەرگر دوای یەك دوو ژمارە ڕوو لە بڵاوکراوەکە وەردەگێڕێت. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژنامەنوسە تایبەتمەندەکان لەوبڕوایەدان کە فۆرمی گۆڤارەکە پتر لە (٧٠٪)ی هۆکاری ڕاکێشکردنی وەرگرەو وردە وردە لەگەڵ بەردەوامبوونی بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکەدا، پشکی فۆرم و ناوەرۆکەکەی بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگر بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەبێت و هەرکامیان بە ڕێژەی (٥٠٪) یارمەتی سەرنجڕاکێشانی وەرگر دەدات و دەبێ هەمیشە ئەم ڕێژەیە بپارێزرێت.

***پانتایی و ئەندازەی گۆڤار**

ئەو پانتایی و ئەندازەیەی کە بۆ گۆڤارێکی تایبەتمەند لەبەرچاودەگیرێت، دەبێ لەگەڵ بابەتی تایبەتمەندێتی گۆڤارەکەو وەرگردا پەیوەندییەکی چەمکدارو مانادراری هەبێت. بۆنمونە،

---

[65]-lay out.

[66]-Photo





گۆڤاری منداڵان دەبێ لە پانتایی و ئەندازەیەکدا بێت کە دەستە بچوکەکانی منداڵان بتوانن بڵاوکراوەکە هەڵبگرن. لەلایەکیترەوە ئەو بڵاوکراوانەی پەیوەندیدارن بە تازەپێگەیشتووان و لاوانەوە یا خانمان یا ئەو بڵاوکراوانەی کە وێنە مەزنەکان ڕووخسارە دیارەکەیانە، دەبێ بە پانتاییەکی گەورە بەچاپ بگەیەندرێن. بڵاوکراوە تایبەتمەندترەکان لەگەڵ وەرگرە خوێندەوارترەکانیدا لەئەندازەیەکی مامناوەندو بڵاوکراوەکانی وەك بڵاوکراوەی مافناسی یاخود سیاسی و هاوشێوەکانیشیان لە ئەندازەیەکی مامناوەندیدا بە شیاوتر دێنەبەرچاو. لەگەڵ باسکردنی ڕووبەری کاغەزەکان بۆ چاپ و بەلەبەرچاوگرتنی بواری تایبەتمەندییەکەو وەرگرەکانی، دەتوانرێ ڕووبەری بڵاوکراوەکە هەڵببژێردرێت.

لاپەڕەی کاغەز بەپێی ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی لەسەربنەمای پۆلێنبەندی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ستاندارد (ISO) بەشێوەی یەك لەدوای یەکی (C،B،A) دابەش دەبێت. ئەندازەکانیتریش بۆ خستنەڕووی ڕووبەری کتێب و گۆڤار بەکاردەهێنرێت کە بریتین لە:"رحلی، وەزیری، روقعی، جیبی، خشتی و...هتد "

***کاغەزەکانی جۆری (A)**

| | |
|---|---|
| 4A= ١٦٨٢×٢٣٧٨ ملم | 2A= 1189×1682 ملم |
| 0A= 841×1189 ملم | A1= 594×841 ملم |
| A2= 420×594 ملم | A3= 297×420 ملم |
| A4= 210×297 ملم | A5= 148× 210 ملم |

A6= 105×148 ملم      A7= 74× 105 ملم

A8= 52×74 ملم      A9= 37× 52 ملم

A10= 26×37 ملم

***کاغەزەکانی جۆری (B)**

4B= 2000×2828 ملم      2B= 1414×2000 ملم

B0= 1000×1414 ملم      B1= 707×1000 ملم

B2= 500×707 ملم      B3= 353×500 ملم

B4= 250×353 ملم      B5= 176×250 ملم

***کاغەزەکانی جۆری (C)**

C0= 917×1297 ملم      C1= 648×917 ملم

C2= 458×648 ملم      C3= 324×458 ملم

C4= 229×324 ملم      C5= 162×229 ملم

C6= 114×162 ملم      C7= 81×114 ملم





***پەیوەندی ئەندازە جۆراوجۆرەکانی کاغەز**

ئەم دیاگرامە نیشانی دەدات کە پێکهاتەی ڕووبەری هەر کاغەزێك، نیوەی ڕووبەری کاغەزەکەی پێشووەو کێشی هەر کاغەزێك یەکسانە لەگەڵ کێشی ڕووبەرێکی وەکخۆی کە پانتاییەکەی (١م٢) بێت و لەسەربنەمای گرام هەژمار دەکرێت. کاتێ دەوترێ کاغەزی (١٠٠گرامی) واتا (١م٢) بریتییە لە (١٠٠گرام)، بەمپێیە کێشی ڕووپەڕی کاغەزێکی (٧٠×١٠٠سم) بریتییە لە (٧٠) گرام.

***ڕووبەرە جۆراوجۆرەکان**

لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەندازەی جۆراوجۆر لەسەربنەمای سانتیمەتر نوسراوە کە ناوی جۆراوجۆریان هەیەو بەشێوەیەکی باو ئەم ناونانە بۆ چاپی کتێبە، بەڵام بۆ گۆڤاریش بەکاردەهێنرێت و هەندێ لە ئەندازەکانیش ناونەنراون بەڵکو ناوی ئەو گۆڤارانە هێنراوە کە بەو قەوارەو ئەندازەیە چاپ دەکرێت:

باوترین ڕووبەری کاغەزی بەکارهێنراو لە ئێران کە بۆ چاپ گونجاو بووەو بەکارهێنانی کاغەزەکانیتری کەم کردۆتەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە لە ستونی کۆتایی خشتەکەدا باس کراوە:

١-چوار کاغەزو نیوی ٧٠×١٠٠ سم

٢-چوار کاغەزی ٩٠×٧٢سم

٣-سێ کاغەزی ٩٠×٦٠سم

٤-دوو کاغەزی ٧٠×٥٠سم

| ل | ڕووبەر | ئەندازە (سم) | ئەندازەی کاغەز (سم) |
|---|---|---|---|
| | ڕووبەری کبریتی | ٢×٤ | ٧٠٠×١٠٠ چوارکاغەزو نیوی |
| | ڕووبەری جانمازی | ×٨ ١٠ | ٩٠×٦٠ سێ کاغەزی |
| | ڕووبەری جیبی (نیو رقعی) | ١٤، ٥،١٠×٥ | ٩٠×٦٠ سێ کاغەزی |
| | ڕووبەری جیبی (نیو وەزیری) | ١٦، ١٢×٥ | ٧٠٠×١٠٠ چوارکاغەزو نیوی |
| | ڕووبەری رقعی | ٢١، ٥،١٤×٥ | ٩٠×٦٠ سێ کاغەزی |
| | ڕووبەری پاڵتۆیی | ×٢٠ ١٢ | ٩٠×٦٠ سێ کاغەزی |
| | ڕووبەری وەزیری | ×٢٤ ٥،١٦ | ٧٠٠×١٠٠ چوارکاغەزو نیوی |
| | ڕووبەری خشتی (چوارگۆشە) | ×٢٢ ٢٢ | ٧٠٠×١٠٠ چوارکاغەزو نیوی |
| | ڕووبەری خشتی (هێلکەیی) | ×٢٤ ٢٢ | ٧٠٠×١٠٠ چوارکاغەزو نیوی |
| ٠ | ڕووبەری رەحلی (دوو رقعی) | ×٢٩ ٥،٢١ | ٩٠×٦٠سم سێ کاغەزی |
| | ڕووبەری رەحلی | ×٣٣ | ٧٠٠×١٠٠ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | (دوو وەزیری) | ٢٤ | چوارکاغەزو نیوی |
| ٢ | ڕووبەری سوڵتانی | ×٤٠ ٣٠ | ٩٠×٦٠سم سێ کاغەزی |
| ٣ | MODIAN | ٢٨، ٥،٢١×٥ | |
| ٤ | Com in Beauty & More | ×٢٧ ٥،٢٠ | |
| ٥ | ELLE | ×٢٢ ٣٠ | |
| ٦ | هەفتەنامەی کەیهان | ١٣، ٥،١٩×٥ | |
| ٧ | Readers Digest | ١٣، ٥،١٨×٥ | |
| ٨ | Time | ×٢٧ ٢١ | |

ئەندازە ناوبراوەکان سەرجەمیان بەرزییەکەیان لە پانییەکەیان زۆرترە، جگە لە ڕووبەری خشتی (هێلکەیی) (٢٤×٢١سم) کە پانییەکەی (٢٤)و بەرزییەکەی (درێژییەکەی) (٢٢سم)ە کە بەم جۆرە ڕووبەرانە هێلکەییشیان پێدەوترێت.

## *لاپەڕەبەندی[67] - ستونبەندی

لاپەڕەبەندی بریتییە لە پێکهاتەی توخمە پێکهێنەرەکانی لاپەڕە (پیتەکان، وێنەکانو فەزا) بەشێوازێکی هۆشیارانەو جوان لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا کە لە ئەنجامدا بۆ ڕاکێشکردنی وەرگرە بۆ بڵاوکراوەکە. لە لاپەڕەکانی دواتردا باس لە ڕۆڵی توخمەکانی لاپەڕەبەندی دەکەین، بەڵام بەرلەوە دەبێ ئەوە دەستنیشان بکرێت کە دوای هەڵبژاردنی ڕووبەری بڵاوکراوەکە، ستونبەندی لاپەڕەکە چۆن دابڕێژرێت.

هەمیشە بۆ گۆڤار ستونبەندییەکی بنەڕەتی لەبەرچاو دەگیرێتو گۆڕانی ستونەکان لە هەندێ لە لاپەڕەکاندا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتانەی تیایدا بڵاودەکرێتەوە لەوانەیە بگۆڕێت. لەهەندێ لە گۆڤارەکاندا بەلەبەرچاوگرتنی جۆری تایبەتمەندێتییەکەی، پێویستت بە فرەچەشنی ستونبەندی بۆ بابەتەکان نییە بەڵام هەندێ گۆڤاریتر بەلەبەرچاوگرتنی جۆری وەرگرەکانیان، ئەم فرەچەشنییە دروست دەکەن، بەهەرحاڵ یەکێك لەم بنەمایانە دەبنە بنەمای گۆڤارەکان.

[67]-Lay out.







یەك ستونی: لاپەڕەی یەك ستونی بەگشتی لەو بڵاوکراوانەی ڕووبەرەکەیان بچوکە، بەکاردەهێنرێت. بەکارهێنانی لە ڕووبەری (٥،١٨× ١٣،٥سم) و ڕووبەری (٥،٢٠×١١،٥سم)و ڕووبەری (٥،١٩×١٣،٥سم)دا باوە.



دوو ستونی: پانی ستونەکان لەم میتۆدەدا بەلەبەرچاوگرتنی ڕووبەری بڵاوکراوەکە جیاواز دەبێت. هەروەها دەتوانرێ ستونێك لاببرێت و تیایدا سود لە وێنە یا مانشێت و لامانشێت وەربگیرێت. لابردنی ستونێك دەکرێ لای ڕاست یا لای چەپی لاپەڕەکە بێت.







سێ ستونی: لاپەڕەی سێ ستونی بەگشتی لە بڵاوکراوەکاندا (گۆڤار) دەکرێتە بنەما. لەبەرئەوەی زۆرینەی گۆڤارەکان ڕووبەرەکەیان (A4)ە یاخود درێژیی و پانییەکەی یەك تا دوو سانتیمەتر بچوکتر یاخود گەورەترە. لە سێ ستونیشدا دەتوانرێ ستونێك لابردرێت و ستونە لابراوەکە دەکرێ لە لای ڕاست یا لای چەپ یا ستونی ناوەڕاستی لاپەڕەکە بێت کە ئەم فەزایەش بۆ بەکارهێنانی توخمەکانیتر (وێنەو مانشێت) بەکاردەهێنرێت.



*چوار ستونی: لە ڕووبەرە گەورەکاندا بەکارهێنانی چوار ستونی پترە، چونکە نابێ پانتایی ستون لە (٤سم) کەمتر بێت. لە لاپەڕە چوار ستونییەکانیشدا دەتوانرێ ستونێك لابرێت و لەو فەزا دروستبووەدا توخمەکانیتر (وێنەو مانشێت) بەکاربهێنرێت و دەتوانرێ بەلەبەرچاوگرتنی توخمەکانیتر لابردنی ستونەکەش بگۆڕێت. ستونی چەپ یا ڕاست یا یەکێك لە ستونەکانی ناوەڕاست لادەبرێت.







*دوو ستونی نایەکسان: ئەم جۆرە ستونبەندییە لەو بڵاوکراوانەدا بەکاردەهێنرێت کە ڕووبەڕووی قەوارەیەکی زۆری دەق بوونەتەوە. هەروەها دەتوانرێ ستونە بچوکەکە لابردرێت و بگۆڕدرێ بۆ فەزای سپی و دەتوانرێ ستونە بچوکەکەش لای ڕاستی لاپەڕەکە دابنرێت.



*دوو ستونی هاوتا: فەزای سپی لەم جۆرە ستونبەندییەدا دەکەوێتە ناوەڕاستەوەو دوو ستونی دەقەکەش لە لێواری لاپەڕەکاندایە. فەزای ناوەڕاستی لاپەڕەکەش بۆ بەکارهێنانی توخمەکانیتر (وێنەو مانشێت) بەکاردەهێنرێت.





***گرافیکی چاپەمەنی**

گرافیکی چاپەمەنی لە بازنەیەکدا کار دەکات کە مەسەلەی فرۆشتن بەلایەوە زۆر گرنگە. ئەم تایبەتمەندییە لە دەلیل و پۆستەرو پێچراوەی لەقتوناندا نابینرێت، بەمپێیە فرۆشتن مەسەلەگەلێکیتریش لەخۆدەگرێت کە پەسەندکردن یەکێکیانە. کاتێ پۆستەرێك دەبینین یا پەسەندی دەکەین یاخود پەسەندی نا دەکەین. ناتوانرێ کاریگەریی و کاریگەریوەرگرتن و ڕێژەی پەسەندکردنەکەی بە ئاسانی بخەملێندرێت.

کاڵاکان یا دەفرۆشرێن یاخود نا، بەڵام ئەگەر گۆڤارێك نەفرۆشرێت، ژمارەکانی دواتریشی دەخاتەژێر پرسیارەوە. وەرگرەکانی خۆی لەدەست دەدات و بونیادێکی ئابوریی بێهێز بەدەست دەهێنێت. بەمپێیە بەردەوامبوونی ئامادەگی بەرهەمەکەو خوپێوەگرتنی و چاوەڕێبوونی ئەو بەرهەمە، واتا فاکتەری کات لە تایبەتمەندییەکانیتری گرافیکی چاپەمەنییە. کەواتە گرافیکی چاپەمەنی کۆمەڵەتایبەتمەندییەکی هەیە شیاوی تێڕامانە. هەروەها دەتوانرێ چاپەمەنی تایبەتمەندو ناتایبەتمەندیش لەیەکتر جیابکرێتەوە. وەرگرانی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان، کەسانێکی جددیترن. بۆ نمونە، گۆڤاری (بیناسازی) لەلایەن ئەندازیارانی بیناکارییەوە یاخود ئەو کەسانەوە کە ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی دروستکردنی بینادان سودی لێوەردەگیردرێت. مانەوەو بەردەوامبوون بەشێکە لە خەسڵەتی ئەم جۆرە بڵاوکراوانە.

دیزاینەری ئەم چەشنە گۆڤارە لە ڕێکخستنی ستونەکانی لاپەڕەکاندا کە خۆی بەپێی ستونەکانی بیناکارییە، ناتوانرێ زۆر بایەخ بە مەسەلە فەنتازییەکان بدات. بەپێچەوانەوە بڵاوکراوەیەکی تەنزئامێز نابێ سود لە فۆرمە سەخت هەژمارکراو و وردەکارەکان وەربگرێت. هەماهەنگی وێنەو نوسین، جوانی دروست دەکات.

گرافیکی چاپەمەنی دەبێ ناواخندارو وێنەدار بێت. تەنها بایەخدان بە وێنەی جوان بەبێ ئەوەی ناوەرۆكو بەها سایکۆلۆژییەکەی لەبەرچاو بگیرێت، ناچێتە چوارچێوەی گرافیکی چاپەمەنییەوە. هارمۆنی نێوان فۆرمو وشەیە کە دەتوانێ وەرگرەکان ڕاکێش بکاتو بڵاوکراوەکە لای وەرگران پەسەند بکات[٦٨].

## *دیزاینی لاپەڕەکانو بواری تایبەتمەندێتی گۆڤار (سەربەرگ)

### ١-بەرگی گۆڤار

بەرگی گۆڤار بۆ نیشاندانو دەستپێکەکەیەتی. سەرنجڕاکێشبوونی لاپەڕەی یەکەم دەبێتەمایەی ئەوەی کە وەرگر ڕوو لە گۆڤارەکە بکات، لەبەرئەوەی یەکەم نیگای وەرگر لەسەر بەرگ چڕ دەبێتەوە. ڕەگەزگەلێکی وەك ناوی گۆڤار، وێنە یا وێنەکان، نەخشە، مانشێتەکانو بەکارهێنانی ڕەنگەکان لەتەك یەکتردا دەبێ یەکێتییەك بسازێننو سەرنجڕاکێشبوونی بینین بەرز

68–ڕەنگو گرافیک در مطبوعات، بهروز موسوی، رسانه" سال ٥. ش ٣ (بهار ١٣٧٣): ص ٣٨-٤٣ (با اندکی تغییر). (نوسەر)





بکەنەوە. واتا گۆشەنیگای بینینی وێنەی سەر بەرگەکە هێندە بێت کە سەرجەم کۆمپۆزسیۆنەکانی لە یەك سەرنجدا ببینرێت. لە ڕوانگەی گرافیکی چاپەمەنییەوە سەرجەم فۆرمەکانو نوسینەکان لە بۆتەی یەك وێنەدان.

### *ناونیشان[٦٩]

یەکێك لە دێرینترین نەریتە ڕۆژنامەوانییەکان دانانی ناوی ڕۆژنامە یا گۆڤارە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە یا لەسەر بەرگی گۆڤارەکە. بەدرێژایی ساڵان هەندێ لە بڵاوکراوەکان هەوڵیان داوە تا ناوەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لاپەڕەکەدا دابنێن. هەروەها هەندێك کەسیش هەوڵیانداوە کە ناوی بڵاوکراوەکە لە گۆشەی لاپەڕەکەدا دابنێنو هەندێك هەوڵیان داوە تا ناوی بڵاوکراوەکە لەژێر کورتەی ئەو ڕاپۆرتانەدا بنوسرێت کە دەقە تەواوەکەی لە لاپەڕەکاندا چاپ کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆرینەی بڵاوکراوەکان سادەترین میتۆدیان هەڵبژاردووەو ناوی بڵاوکراوەکەیان لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا یا لەسەرەوەی بەرگی گۆڤارەکاندا بە گەورەیی لە لاپەڕەکەدا

69– ناوی ڕۆژنامە یا گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێ (Flag) یاخود (Name Plate) کە بەهەڵە لە ئێران پێی دەڵێن (Logo). لەکاتێکدا کە (Logo) دیزاینێکە لەناو بۆکسێکی بچوکدا لە پەنا بابەتێکی تایبەت دادەندرێت کە بەشێوەی زنجیرەیی چاپ دەکرێت:" Logo، a small boxed title (with art) used for labeling a special story or series." (نوسەر)

دەیخەنەڕوو تا مەزنێتی و پێگە بە لاپەڕەکە بدات.

لە بنەڕەتدا لە دیزاینی ناونیشان (Flag) دا دوو فەلسەفەی تێدایە، هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە ناوی بڵاوکراوەکە دەبێ ڕۆحێکی نەریتی، ڕاستی و ماقوڵانە لە خوێنەردا بێدار بکاتەوەو گروپێکیتر بڕوایان وایە کە ناونیشانی بڵاوکراوە دەبێ بە مۆدێرنانەو بە دیزاینێکی ئاڵۆز بێت. هەرچەندە هەندێکیش ئەم دوو ڕێبازە ئاوێتە دەکەن و لەگەڵ ئەوەدا کە نەریت لەبەرچاو دەگرن، جۆرە مۆدێرنیزمێکیش لە ناوی بڵاوکراوەکەدا جێ دەکەنەوە.

کۆمەڵە بڵاوکراوەیەک هەن کە ناوی بڵاوکراوەکە بە پیتی ڕەنگاوڕەنگ لەناو فەزایەکی سپیدا دادەنێن کە بەرجەستەیی تێدا بێت و هەندێ دیزاینەریش کۆمەڵە گۆشەیەکی بۆ زیاد دەکەن تا فەزا خاڵییەکە پڕ بکەنەوەو لە گۆشەکانی قەراغی ناوی بڵاوکراوەکەدا، ڕاپۆرتی کەش وهەوا یا مانشێتەکانی لاپەڕەکانی ناوەوەی تیادا بەچاپ دەگەیەنن. بەڵام ئەوەی کە لە نزیک ناوی بڵاوکراوەکەوە پێویستە بریتین لە: مێژوو، نرخ، چاپ (ئەگەر چاپی جۆراوجۆری لەکاتی سپێدە یا پاشنیوەڕوان یا شارو پارێزگاکاندا هەبێت).

هەندێ لە بڵاوکراوەکان ناوی تیراژیش دەهێنن، ئەگەرچی لەوانەیە بۆ وەرگر گرنگ بێت و هەروەها خوێنەرانیش بپارێزێت بەڵام بەلای هەمووانەوە هێندەش گرنگ نییە.

لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا دەبێ ناوی بڵاوکراوەکە لەگەڵ





زەمینەی تایبەتمەندیەتییەکەیدا گونجاو بێت و لەیەکەم ڕوانینی وەرگرەوە بە بینینی ناوی بڵاوکراوەکە، ناوەڕۆکەکەی دەستنیشان بکات. بەڵام ئەمەی کە ناوی بڵاوکراوەکە یەک وشە یا دوو وشەو زیاتر بێت، ئەوا وابەستەییەکی تەواوی بە پێکەوەگونجانی ئەو زاراوانەوە هەیە کە لەتەک یەکتردا مەیدانی تایبەتمەندێتییەکە بۆ وەرگران ئاشکرا دەکات. هەندێ لە وشەکان کاتێ لەتەک یەکتردا دادەندرێن، ڕیتمێکی گونجاو دروست دەکەن و ڕیتمی وشەیەک لە لە وشەکانیتر زیاترە. لەمبارەدا دەکرێ وشەیەک گەورەتر لە ئەوانیتر دیزاین بکرێت یاخود بنوسرێت و یەک یاخود دوو وشەکەیتر بەبچوکتر لەتەک یەکتردا دابندرێن. بەهەرحاڵ ئەو ناوانەی تەنها یەک وشەن، بە گونجاوتر دێنەبەرچاو.

وشە فارسییەکان لەبەرئەوەی شێوەیەکی ئەندازەییان نییەو پێکهاتەی پیتەکان وشە پێکدەهێنن، کارەکە کەمێ دژوارتر دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر لە هەڵبژاردنی ناوی گۆڤاردا سود لە پیتی جیاواز لەیەکتر وەربگیرێت، سیمایەکی جوانتر دەسازێنێت چونکە پیتی جیاواز لەیەکتر فۆرمە ئەندازەییەکەی جوانتر نیشان دەدات و دەتوانرێ پێکهاتەی جۆراوجۆری ئەم جۆرە وشانە لەسەر بەرگەکەی بەکاربهێنرێت.

لەهەمانکاتدا دیزاین یاخود نوسینی ناوی گۆڤاریش وابەستەییەکی بە زەمینەی تایبەتمەندێتی گۆڤارەکەوە هەیە.

بڵاوکراوەیەکی وەك بڵاوکراوەی (فەرش)[70] بەپێی ستاندارد دەبێ بۆ ناوەکەی سود لە خۆشنوس وەربگرێتو بڵاوکراوەی (مۆزیك پۆپ)[71]یش لە دیزاین. بەمشێوەیە هەڵبژاردنی ناوی گۆڤار ئەوە دەستنیشان دەکات کە سود لە دیزاینی مۆدێرن وەربگیرێت یاخود لە خۆشنوسی نەریتیانە.

*وێنە

لەسەر بەرگەکە دوای ناوی بڵاوکراوەکە، دیزاینی گشت بەرگەکە بە گرنگ دەژمێردرێت. سودوەرگرتن لە وێنە یا نەخشە یا کۆلاژ (تێکەڵاوکردنی وێنە لەگەڵ توخمێکیتری وەك نەخشە یاخود وێنەی کێشراو) لەگەڵ بابەت یاخود ئەو بابەتانەی کە بڕیارە لەسەر ڕووی بەرگەکە دابندرێن" فۆرمەڵە دەبێت. ئایا وێنەکە تەواوی لاپەڕەی یەکەم دادەپۆشێت یا بەشێکی؟ ئایا وێنەکە دەخرێتەناو چوارچێوەوەو لە قەراغی بەرگەکە جیا دەکرێتەوە؟ هەموو ئەمانە وابەستەی دیزاینی بەراییانەو بەردەوامی سەرڕووی بەرگەکە هەیە کە چۆن بناغەی بۆ داڕێژراوە.

وێنە باوترین جۆری لاپەرەبەندییە لەسەر بەرگ، بەڵام بەهەرحاڵ هەندێ لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان وەك بڵاوکراوەی چیرۆك یا مێژوویی و...هتد سود لە دیزاین یاخود کۆلاژ وەردەگرن.

70– ناوی ڕۆژنامەیەکی ئێرانەو تایبەتە بە ناساندنی ئەو فەرشە بەناوبانگانەی لە ئێران بەرهەم دەهێنرێت (و–ك).

71– ناوی ڕۆژنامەیەکی ئێرانەو تایبەتە بە موزیکی پۆپ. (و–ك).





*مانشێت

مانشێتەکانی بابەتەکانی ناوەوە کە لە لاپەڕەی یەکەم یاخود لەسەر بەرگی گۆڤارەکە دادەندرێت، لەپێناو سەرنجڕاکێشانی وەرگردا سود لە بابەتە گرنگەکان وەردەگیرێت. چۆنییەتی دانانی مانشێتەکان لەسەر بەرگ لە هەندێ لە گۆڤارەکاندا، هەمیشە شوێنێکی جێگیری هەیە، بەڵام دەتوانرێ هەمیشە فەزا خاڵییەکانیش لە لاپەڕەی یەکەم (بەرگ)دا هەبێتو مانشێتەکانی تیادا دابندرێت. ئەگەر لە لاپەڕەی یەکەمدا وێنە بەکاربهێنرێت، لە وێنەکەشدا فەزای خاڵی یان بەتاڵ هەیە کە دەتوانرێ بکرێتە جێگەی مانشێتەکان.

ژمارەی مانشێتەکان وابەستە بە ئەندازەو فەزا خاڵییەکانەوە، بەڵام نابێ ئەم خاڵە فەرامۆش بکرێ کە پێویستە مانشێت لەسەر بەرگی هەموو گۆڤارەکان دابندرێت.

## ٢-لاپەڕەبەندی (لاپەڕەکانی ناوەوە)

بەرلەوەی باس لە خاڵەکانی لاپەرەبەندی ناوەوە بکرێت، دەبێ شوێنێك بۆ ناسنامەی گۆڤارەکە لەبەرچاو بگیرێت. ناسنامەی گۆڤارەکە باس لە ناساندنی بڵاوکراوەکەو لاپەڕەکانی ناوەوەی دەکات.

دوای لاپەرە بەراییەکان، ڕیکلامە پروپاگەندەیی–بازرگانییەکان، لاپەڕەی ناسنامەو پێرستی بابەتەکانی تیادا دادەندرێت. لە پێرستی بابەتەکاندا دەتوانرێ سود لە وێنە بچوککراوەکانی ناوەوەش وەربگیرێتو ئەمەش پەیوەندیدارە بە

چۆنییەتی ئەو توخمانەی لاپەڕەکە پێکدەهێنن.

لە لاپەڕەکانیتریشدا بەهەمانشێوەی کە بەرلەمە باس کرا، پیتەکان، وێنەکانو فەزا خاڵییەکان یاخود سپییەکان دەبێ بەجۆرێك ڕێکبخرێتو دیزاین بکرێت کە هەرکام لە توخمەکان بەشێوازێك بخرێنەڕوو و هیچ کام لە توخمەکان نەبێتەمایەی لابردن یان لەبەرچاونەگرتنی توخمەکانیتر. لەگەڵ ئەمەشدا وادێتەبەرچاو کە هێزی بینینی ئەم توخمانە پتر لەدەوری تەوەرەی وێنەکەدا (وێنەی دەستی، کلێشە، کۆلاژ، نمونە، نەخشەو...هتد ) دەسوڕێتەوە. بەمپێیە یەکەمین باس دەربارەی وێنە یان وێنەی دەستی دەکەین.

***وێنە (وێنە جۆراوجۆرەکان)**

وێنە سەرنجڕاکێشترینەو لەهەمانکاتدا پاڵپشتی بابەتەکانیشە. وێنە بەرچاوبوونی بابەتەکان بەرزتر دەکاتەوە. لەبارەی هەواڵەوە، وێنە بەشە بەرچاوەکەی هەواڵەو لەبارەی بابەتەکانیترەوە وەك ڕاپۆرت یان هەڤپەیڤین یا وتار، وێنە لایەنە بینراوەکەی هەریەك لە بابەتەکان بەرز دەکاتەوە. ئەمەی کە دەوترێ بەرچاوبوونی هەواڵ یا ڕاپۆرتو...هتد بەرز دەکاتەوە، شتێکی ڕاستە. چونکە وێنە لەگەڵ کاپشنەکەیدا دەتوانێ وەرگر بهێنێتەناو گۆڕەپانی ڕووداوەکەوەو بە باشترین شێواز وەرگر بە ڕووداوەکە ئاشنا بکات.

لەبەرئەمە، وێنەیان بە هەواڵی بەرچاو ناوزەد کردووە. هەمیشە لە هەواڵە وێنەییەکاندا بەهۆی خێرایی تۆماری وێنە





لەلایەن وێنەگرانەوە، لەوانەیە کۆمەڵە بیرۆکەیەکیتر لە وێنەکەدا ببینرێت کە بیرۆکە سەرەکییەکە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. بیرۆکەی لاوەکی لە وێنەکانیتردا وەك وێنەکانی ڕاپۆرت یان هەڤپەیڤینەکانیش دەکرێ ڕاستگۆ بێت. بەمشێوەیە ئامادەکردن یان بڕینی وێنە بۆ گەورەکردنی بیرۆکەی سەرەکی[٧٢] نابێ فەرامۆش بکرێت.

***ستراتیژی گشتی بڕینی وێنە**

بۆ بڕینی وێنە، کۆمەڵە خاڵێکی زۆر هەیە بەڵام ڕەنگە خاڵە سەرەکییەکە بتوانرێ لە شەش مەسەلەدا پوختە بکرێتەوە:

**١-چەقی وێنە:**

وێنەیەکی گونجاو وەك چیرۆکێك وایە کە بەباشی نوسرابێتو دەبێتە ڕۆحی (بینین)ی خوێنەر. واتا دەبێ لەهەرجۆرە جەنجاڵیو شێوانێك بەدوور بێت. لەبەرئەم هۆیە وێنە دەبێ بەشێوەیەکی ڕاشکاو لەسەر مەسەلەی سەرەکی سێنتراڵ بکاتو پێکهاتەیەکی ڕوونی هەبێت.

**٢-شرۆڤەی وێنە:**

ڕۆژنامەنوسان بەگشتی ڕووخسارە ناسراوەکان دەناسن، بەڵام ئەگەر سەرنوسەرەکان ئەم ئاشنابوونە بە وەرگران بسپێرن هیچ وێنەیەك کاریگەریی خۆی نابێت. لەبەرئەمە دەبێ ئەم مەسەلەیە

---

[72]– کاتێك دەتەوێ بیرۆکەیەکی سەرەکی لە وێنەیەکدا بۆ بینەری ئەو وێنەیە بخەیتەڕوو، دەبێ وێنەکە بەشێوەیەك ئامادە بکەیت کە بیرۆکە سەرەکییەکەی وێنەکە بە تەواوەتی لە وێنەکەدا دەربکەوێت. (و–ك).

لەبەرچاو بگیرێت کە هەموو وێنەکان بەلای سەرجەم وەرگرانەوە ئاشنا نین و دەبێ بناسێندرێت و زانیاری لەبارەیەوە بدرێت. رۆژنامەنوسان هیچکات نابێ وادابنێن کە وەرگرەکان بەئەندازەی خۆیان ئاشنای هەموو وێنەکانن و وابزانن کە هەموو دەقەکە دەخوێننەوە. لەبەرئەوەی دیمەنەکان و بەتایبەت وێنە توانستێکی بینراوی بەرزی هەیە، وەرگرەکان سەرەتا دەنۆڕنە وێنەکەو پاشان لەوانەیە دەست بە خوێندنەوەی دەقەکە بکەن. ئەگەر وێنە نەتوانێ بابەتێك بە وەرگرەکان بڵێت، خوێندنەوەی دەقەکەی کەمتر دەبێت. لەبەرئەمە رۆژنامەنوسان بۆ هەر وێنەیەك، شرۆڤەیەك دادەنێن تا دڵنیابن کە خوێنەران ڕووخسارەکان، ڕووداوەکان و کارەساتەکانی هەواڵ جیا دەکاتەوەو پاشان دەقەکە دەخوێننەوە.

**٣-چوارچێوەی وێنەکان:**

وێنەکان لە گۆڤارە ڕەش وسپییەکاندا کە ترامە[73] خۆڵەمێشییەکانی یا بەشە ڕەش وسپییەکانی لەوانەیە بە نەبینراو بێنەبەرچاو. لەبەرئەمە دەبێ هەر وێنەیەك بە چوارچێوەیەك کامڵ بکرێت. لێوارێکی ناسك بەدەوری وێنەکەدا جۆرە چوارچێوەیەکی بۆ دروست دەکات. بەڵام نابێ زیادەڕۆیی تیادا بکرێت واتا چوارچێوەی دەوری وێنەکە هێندە ئەستور بێت کە وێنەکە بخاتەژێر کاریگەریی چوارچێوەکەوە.

لە نێوان وێنەو شرۆڤەکەیدا نابێ بەجۆرێك چوارچێوەی بۆ

[73]–ترام کۆمەڵە خانەیەکی گچکەی ئەندازە جیاوازە کە وێنە ڕەش وسپییەکانی پێ دابەش دەکرێت. (و–ك)





دابندرێت کە وەرگر لە نێوان ئەم دووانەدا مەودایەکی زۆر ببینێت چونکە لەوانەیە خوێنەر وابیر بکاتەوە کە ئەوانە لەیەکتر جیان.

**٤-وێنەی سروشتی:**

لە وێنە ئەماتۆریی[74] و بەپەلەکاندا، بەگشتی خەڵك بۆ ئەمەی کە وێنەکەیان پۆزەتیڤ بێت زەردەخەنەی تیادا دەکەن، بەڵام لە وێنە هەواڵییە پرۆفیشناڵییەکاندا، بیرۆکەی ئازادو ئارام و سەرقاڵ تیایاندا چالاکە. وێنە هەواڵییەکان نابێ هاوشێوەی وێنەکانی ئەلبومە خێزانییەکان بێت.

**٥-وێنەی گونجاو و پەیوەندیدار:**

خوێنەر کاتی نییە بۆ گەڕان لە دەقەکەداو بێگومان نایەوێ سەرجەم دەقەکەش لەسەر ڕووی وێنەکەوە وەربگرێت. دەبێ ئەو وێنانە بەچاپ بگەیەندرێن کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەقەکەدا هەیە. وێنە دەبێ زانیاری لەخۆبگرێت نەك تەنها بۆ ڕازاندنەوە بێت.

**٦-وێنەی ڕووخسار (پۆرترێت):**

ڕووخسارەکان لە وێنەدا دەبێ بەئەندازەیەك بێت کە وەرگر ڕووخسارەکە جیابکاتەوە. بەگشتی دەڵێن ڕووخسار دەبێ بەئەندازەی پارەی ئاسن (پارەی باوی وڵاتەکە) بێت کە نیوەتیرەکەی نزیکەی یەك سانتیمەترە. هەڵبەتە هەندێ لە وێنە

[74]– وێنەی ئەماتۆری ئەو وێنانەن کە تەنها وەك حەزو ئارەزوویەك نەك بۆ پەیداکردنی داهات لەلایەن وێنەگرەوە دەگیرێت یاخود لەلایەن وێنەکێشەوە دەکێشرێت. (و–ك)

ڕووخسارییەکان، زۆر گەورەن کە بەدڵنیاییەوە چاپەکەی بۆ وەرگریش بەتەواوەتی ڕوونە. ئەگەر وادابندرێت کە وێنە پۆرترێتییەکان کاریگەر بێت نابێ بیرۆکە لاوەکییەکان وێنەکە بخاتەژێر کاریگەرییەوە، وێنەی ئەو کەسانەی کە ناسراون دەبێ بەتەواوەتی ڕوون و شیاوی بینین بێت.

## *خاڵە پێویستەکان دەربارەی ئامادەکردنەوەی وێنە

بڕینی وێنە کارێکی سادە نییە، لەبەرئەم هۆیە دەبێ بەوردیی هەڵببژێردرێت و پاشان بڕینەکە ئەنجام بدرێت تا ئەو شوێنە درێژەی پێبدرێت کە زیان بە بیرۆکە سەرەکییەکەی نەگەیەنێت.

* دەبێ چەقی سەرەکی وێنەکە لەبەرچاوبگیرێت تا وەرگر چاوی تێ ببڕێت.

*دەبێ فەزای زیادەی وێنەی مرۆڤەکان یاخود شێواوییەکانی وێنەکە لاببرێت.

*لە هەندێ کاتدا نابێ فەزاکان لاببردرێت بەڵکو فەزاکە لەوانەیە ساتگەلێکی ترس یا تەنیایی یا شڵەژان نیشان بدات. هەندێکجار هەندێ فەزای ئەکتیڤ لە پەراوێزو قەراغەوە بیرۆکە سەرەکییەکە دەخاتەژێر کاریگەرییەوە، دەبێ بایەخ بەم مەسەلەیە بدرێت و لێی لاببردرێت.

*دەربارەی وێنەی کەسەکان، نابێ هەندێ لە بەشەکانی جەستەی ببڕدرێت بەتایبەتی کاتێ کە جوڵەی دەست وەك مەچەك، بازوو و پەنجەکان خۆی خاوەنی جوڵەیە، یا ئامرازێك بەدەست کەسەکەوەیە وەك ساز یان تۆپ یان مایکرۆفۆن...هتد





*هەندێ کات بڕینی وێنە ماناکەی دەگۆڕێت. ئەگەر ئامانجەکەی گۆڕینی بیرۆکەکەیە دەبێ کەسەکان یان شتەکانی ناو چوارچێوەی وێنەکە بېڕێت. وەك وێنەیەك کە دوو کەس سەرقاڵی گفتوگۆن لەگەڵ یەکتردا، هەندێکجار لابردنی یەکێك لەو کەسانە بابەتی وێنەکە دەگۆڕێت.

## *دیکۆراسیۆنی وێنە

بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان لەبەرئەوەی سود لە وێنە تایبەتمەندە بابەتییەکان وەردەگرن، دەبێ بەشێوەیەکی سروشتی ڕووبەر و ئەندازەی وێنەکە ڕەچاو بکرێت. لە هەندێ لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا، دەقەکە بەسەر وێنەدا زاڵەو لە هەندێکیتر لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا وێنە یەکەم قسە دەکات. بەهەرحاڵ دیکۆراسیۆنی وێنە لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا کە وێنەیەکی زۆر بەکاردەهێنن، خاوەنی هەستیارییەکی بەرزە لەبەرئەوەی وێنەکان نابێ لەکاتی ڕازاندنەوەدا یەکتر بسڕنەوە.

هەندێکجار وێنەیەك بەتەنها گێڕەرەوەی بابەتێکە، بە ئەمانەش دەوترێ وێنە سەربەخۆکان و پێویست بەوە ناکات وێنەیەکیتری بۆ بەکاربهێنرێت بەڵام دەبێ بەشێوەیەکی گونجاو دابندرێت تا هەرزوو تاکوێنەبوونی خۆی بە وەرگر نیشان بدات. ئەم جۆرە وێنانە دەتوانرێ بخرێتەناو چوارچێوەوە یاخود ترامەکەی بە چاپ بگەیەندرێت. لە چوارچێوەی وێنە سەربەخۆکاندا (تاك وێنە) دەتوانرێ چەند وێنەیەکیتریش بەکاربهێنرێت. هەرئەندازەیەك کە چوارچێوەی وێنە سەرەکییەکە گەورەتر بکات، پێویستی بە

ستراتیژێك بۆ ڕازاندنەوەی وێنەكانیتر هەیە.

***شرۆڤەوێنە[75]، بەهای وێنە**

بۆ هەر وێنەیەك دەبێ شرۆڤەیەك بنوسرێت، چونكە بەهای وێنە لە شرۆڤەكەیەوە فۆرمەڵە دەبێت. ئەگەر بۆ بابەتێك سود لە چەند وێنەیەك وەربگیرێت پێویستە شرۆڤە بۆ هەمووان بنوسرێت. شرۆڤەوێنە دەبێ بەجۆرێك بنوسرێت كە بینراو و خوێندراو بێت. لە ڕاستیدا وشانەكان وێنەكە ڕوون دەكاتەوە. شرۆڤەوێنە دەتوانرێ لە كەنار یا لە خوار وێنەكە دابندرێت بەڵام هیچكاتێ مەیخەرە ناو وێنەكەوە.

***فەزای سپی[76]**

دەتوانرێ لە فەزای سپیدا دیزاین بكرێت. نابێ بابەتەكانو وێنەكان لە هەموو شوێنێكی بەتاڵدا دابندرێت. فەزای سپی لەڕاستیدا لەبری هەناسەدانی لاپەڕەكەیە. ڕەچاوكردنی ئەم خاڵە پێویستە كە فەزای سپی لەگەڵ فەزای مردوودا جیاوازە. فەزای مردوو مەخەرە نێو بابەتەكانەوە. چوارچێوەكەشی دەبێ بەشێوەیەكی گونجاو بپارێزرێت. دەبێ بیر لەوە بكرێتەوە چۆن دەتوانرێ بابەتەكان ڕێكبخرێت تا لاپەڕەیەكی پرەنسیپانە دیزاین بكرێت. دەبێ لە بەكارهێنانی لاپەڕەكەشدا زیادەڕۆیی نەكرێت.

ترام زۆرینەی دیزاینی لاپەڕەكە ئۆرگانیزە دەكاتو بەرزیشی

75– caption or cutline.

76– white space.





دەكاتەوە، بەڵام لەهەندێ كاتدا سودوەرگرتنی زۆر لە ترام لاپەڕەكە دەخنكێنێت.

***وێنە ستۆدیۆییەكان**

فۆتۆجۆرنالیست هونەرێكی ڕاستگۆیانەیە كە لە هەلومەرجە واقیعییەكاندا لە خەڵكو ڕووداوە ڕاستەقینەكانەوە بەبێ گۆڕان، جوڵە یان ڕووناككردنەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام وێنە ستۆدیۆییەكان بەپێچەوانەی ئەو وێنە هەواڵییانەوەیە كە وێنەگرێك بە نزیكەیی ڕووداوەكە دەبینێت. لە وێنە ستۆدیۆییەكاندا، وێنەگر بە لێهاتوویی و گۆڕانكاریی لە بیرۆكەكەدا، بەخشینی دۆخ بە مۆدێلەكان، دروستكردنی گۆڕانو كۆنترۆڵكردنی ڕووناكییەوە كارەكەی خۆی ئەنجام دەدات. وێنەكانی مۆد (Fashion)، خۆراكو پۆرترێت (portrait) بە كۆنترۆڵكردنی ڕووناكی، دروستكردنی گۆڕانو گۆڕینی بیرۆكەكە دەتوانرێ وەرگر ئەبڵەق بكرێت.

**٣-كاریكاتێر- گرافیك**

كاریكاتێر مۆدێلێكە هاوشێوەی وێنە یان وێنەكێشانە كە ڕووداوەكان ئەنالیزە دەكات. وەك كاریكاتێری تەك وتارەكان یاخود لەگەڵ چیرۆكەكاندا كە هەندێكجار باشتر لە وێنەیەكی تەنیا، خۆی نیشان دەدات. بەكارهێنانی كاریكاتێرەكان سنوریان نییەو بەزۆریی لە لاپەڕە وەرزشیو هەمەرەنگەكاندا بەكاردەهێنرێت. لە كاریكاتێری باشدا، بابەتەكە لەگەڵ تایبەتمەندییە بەرجەستەكانیدا زیادەڕۆیی لە كاریگەریدانانداا

دەكات.

زانیارییە گرافیكییەكانیش لە ڕاستیدا ئاوێتەكردنی زانیارییەكان و نمونەكانییەتی كە بەشێوەی خشتە، نمونەو نەخشە نیشان دەدرێت. لەوانەیە چۆنییەتی پرۆسیسی ڕووداوێك یا لێكدانەوەی چۆنییەتی كردارێك بنیات بنێتەوە.

لە گرافیكە بچوكەكاندا، هونەرەكەی پتر ڕازاندنەوەیە كە وەرگر بەرەو بابەتەكە ڕێنما دەكات بەبێ ئەمەی كە بابەتەكە سەرەكی بێت.

**٤-دەق و مانشێت**

دەق لە پیتەكان پێكهاتووەو پیتەكان لە ڕووی ئەندازە، ئەستوریی و تەنكی، بچوكی و گەورەییەوە جیاوازە. بەشێوەیەكی گشتی ئەندازەی پیتەكان لە گۆڤارەكاندا كەمێ گەورەترە لە ڕۆژنامەكان و بێگومان بچوكی و گەورەیی و ئەستوریی و تەنكی پیتەكان لە گۆڤارە تایبەتمەندەكاندا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جۆری تایبەتمەندێتی گۆڤارەكەو وەرگردا هەیە. بەپێی ڕێسا، بۆ بڵاوكراوەكانی منداڵان و كەسانی كەم خوێندەوار دەبێ سود لە پیتی گەورە وەربگرێت. گۆڕینی پیتەكانی دەقەكە بۆ تەنك[٧٧] یا تۆخیش[٧٨] لە جۆرەكانیتری بەكارهێنانی پیتەكانە.

ئەندازەی مانشێتەكان و هەڵبژاردنی جۆرەكەی لەو گۆڤارانەی كە وەرگرێكی تایبەتیان هەیە، هێندە ناگۆڕێت واتا ئەگەر

77-light.
78-bold.





ئەندازەی (٤٨ پۆینت) بۆ مانشێت بەكاربهێنرێت، لە مانشێتی هەموو بابەتەكاندا هەمان ئەندازە بەكاردەهێنرێت. بەدڵنیاییەوە ئەو بڵاوكراوانەی وەرگری هەمەجۆریان هەیە، ئەندازەی پیتەكانی مانشێتیش دەگۆڕێت.

***جۆری پیتەكان[٧٩]**

لە قەڵەمڕەوی گرافیكدا، پیتەكان لە بۆتەی وێنەدان و پیتەكان بەرلەوەی خوێندراو بن، بینراون...هتد . دوای تێپەڕبوونی یەك سەدە بەسەر سەردەمی ئامادەگی خەتی تەعلیقی عەرەبی لە سەدەی هەشتەمی كۆچی، (میر عەلی تەورێزی) بە ئاوێتەكردنی ئەم خەتە لەگەڵ خەتی نوسخدا خەتی نەستەعلیقی هێنایەئاراوە. ئەم خەتە خاوەنی كۆمەڵە تایبەتمەندییەكی وەك نەرمونیانی و ئارامییەكی وروژێنەرو سەرنجڕاكێشە، ئەمەش وەسفی خەتە پێچاوپێچەكانە لە گرافیكدا. ئەم خەتە لە هەموو جۆرە خەتەكانیتر وەك: كوفی، محقق، سولس، نوسخ، دیوانی، شكستە، روقعە، ریحان و.. جوانترە. لە ڕوانگەی نمایش و بەرچاویی و خوێندنەوەوە لە پلەی دووەمدایە بەڵام لە ڕوانگەی جوانییەوە لە پلەی یەكەمدایە. سیحراوییەو شێوازەكەشی شیاوی دەستكاریكردنە. لەبەرئەم هۆیە خەتی نەستەعلیق ناتوانێ دەربڕی تراژیدیاو كارەسات بێت و بەكەڵكی خستنەڕووی هەواڵ

79–رنگ و گرافیك در مطبوعات، بهروز موسوی، رسانه، شماره ٥، ش٣ (بهار ١٣٧٣) ص ٣٨-٤٣ (بەكەمێ دەستكارییەوە). (نوسەر)

نایەت. لەبەرامبەردا، پیتەکانی خەتی نوسخی رۆژنامەیەك، وروژێنەرەو مەترسیدارە، لەژێرکاریگەریی دەنگێکی پتەودایە کە فەرمان دەدات و بەرەوپێش دەچێت و خستنەڕوویەکی هەواڵیانەی زۆر بەهێزی هەیە. لە درێژەی ئەم بابەتەدا، دەتوانرێ ئاماژە بۆ وشەکانی (بەتاڵ) و (پڕ) بکرێت. وشەی (پڕ) نیشاندانی سەنگینی و دەسەلاتێکی زۆرەو خستنەڕووی پتەویی و داخراوییە. وشەی (بەتاڵ) لەگەڵ نیشاندانی سوکی و کەم کێشی، خستنەڕووی فرینەو ڕەهاو کراوەیە.

بابەتە کۆن و مێژووییەکان دەتوانرێ بە بەکارهێنانی ئەو پیتانەی کە بە گرافیکی کۆن ناسراون، دیزاین بکرێت. پیتی کۆمپیوتەری دەتوانێ خستنەڕوویەکی نوێی (مۆدێرنێتە)ی هەبێت. بۆ بابەتە گرنگ و جددییەکان دەبێ خەتی نوسخی رۆژنامە بەکاربهێنرێت و بەکارهێنانی پیتی فەنتازیی نەگونجاو نییە.





## ڕەنگ لە گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا

پەرەسەندنی گۆڤارە تایبەتمەندەکان و سەرتاپاگیربوونی وەرگرەکانی لە چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕۆڵی (ڕەنگ)ی لەم بڵاوکراوانەدا رووبەڕووی وەرچەرخان کردۆتەوە.

لە رابردوودا بە گومانی هەندێ کەس، ڕەنگ نەیدەتوانی ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرنجراکێشانی وەرگرانی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا هەبێت، چونکە ناوەرۆکی بڵاوکراوەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە گرنگ نەبوو، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم گۆڤارانەو فرەچەشنی لە وەرگرەکانیاندا، ڕۆڵی (ڕەنگ)ی بەرجەستەو پێویست کردووە. بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە فەنتازیاو ئارایشت ئەگەر ڕەنگی نەبێت، وەرگریشی نابێت. بڵاوکراوەکانیتری وەك دیکۆراسیۆن، سینەما، فەرش، ماددە خۆراکییەکان و...هتد هەموویان بێڕەنگ بن مانایان نابێت. ئەمڕۆ تایبەتمەندترین بڵاوکراوە، ڕەنگ بە کاردەهێنێت و ئەم بیرۆکەیەی کە بڵاوکراوەیەك بڵاوی دەکاتەوەو ڕەنگی تیادانەبێت، ناچێتە خەیاڵی کەسەوە.

بۆ سودوەرگرتن لە ڕەنگ، لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانیشدا پێویستمان بەوە هەیە تا ڕەنگەکان بناسین و هەماهەنگی و ناهەماهەنگی لە نێوانیاندا دەستنیشان بکەین.

بەلەبەرچاوگرتنی سەرجەم بوارە هونەرییەکان، دەبینین کە

ڕەنگ تا چ ئەندازەیەك ڕۆڵی مەزن لە کاری هونەریدا دەگێڕێت، لە بنەڕەتدا ئەگەر بمانەوێ دوو توخمی گرنگ بۆ سەرجەم هونەرەکان بهێنینەوە، دەبینین کە بەدەرنیە لە فۆرمو ڕەنگ.

ناسینی ڕەنگ لە ڕوانگەی زەینی، بەرچاوی، ڕۆحی، پێکهاتەی ڕەنگ، کۆنتراستە ڕەنگییەکانو بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی سەرجەم ڕەنگەکان لە دیدگا جۆراوجۆرەکانەوە خاڵێکی دەستپێکە لەپێناو شرۆڤەکردنی فەنتازیای ڕەنگەکاندا.

فەنتازیاناسی ڕەنگ، بریتییە لە نزیکایەتی ئەم سێ دۆخە:

١-ئەمپرسیۆنی ڕەنگ کە بریتییە لە هەستی بینین.

٢-ئەکسپرسیۆنی ڕەنگ کە گوزارشتە لە بایەخدان بە جۆشوخرۆشو هەستەکانو کاردانەوەکانی زەینو بینین.

٣-کۆنستراکسیۆن یا ستراکتوری ڕەنگ کە بەگشتی دۆخە سیمبولیو ڕەمزییەکان دەخەنەڕوو و لە خزمەت وەکیەکیو هاوسەنگی فۆرمیشدایە.

بەشێوەیەکی گشتی دەبێ ئەو ڕەنگانەی لە سروشتدا هەن بۆ دوو دەستە دابەش بکرێت، یەکەمیان سێ ڕەنگە سەرەکییەکە زەرد، سورو سپیو تەواوی پێکهاتەکانیان کە بریتین لە ڕەنگە دووەمینەکان: سەوزو نارنجی، وەنەوشەییو ڕەنگە سێیەمینەکانو...هتد کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگینن.

دەستەی دووەم بە ڕەنگە ئەکرۆماتیکەکان (achromatic) ناودەبرێت، واتا ڕەنگە ڕەشو سپییەکانو تەواوی پێکهاتەکانیان کە بریتین لە خۆڵەمێشییەکی زۆر. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ





ڕەنگێکیتر بکرێت واتا خۆڵەمێشی نیگەتیڤ کە لە پێکهاتەی دوو ڕەنگی تەواوکەری یەکتر دروست دەبێت، بۆنمونە لە پێکهاتەی زەردو وەنەوشەیی بەڕێژەیەکی دیاریکراو، خۆڵەمێشییەکی تایبەتی بەرهەم دێت کە لەو خۆڵەمێشییە جیاوازە کە لە ئاوێتەکردنی ڕەشو سپییەوە بەدەست دەهێنرێت. ئەم خۆڵەمێشییە خەسڵەتی ڕەنگە ئەکرۆماتیکەکان (achromatic)ی هەیەو گەرمو چالاکە. کۆئەندامی ئالۆزی چاوێکی تەندروست دەتوانێ تەواوی ڕەنگەکانی سەرەوە دەستنیشان بکات...هتد مرۆڤ لەگەڵ بینینی ڕەنگەکاندا، پلەی گەرمییەکەی دەستنیشان دەکات، ئەمە هەستێکی غەریزەییە کە لە بوونی مرۆڤدا حەشار دراوەو وای لێکردووە تا بە یارمەتی ڕەنگەکان، هەست بە ساردیو گەرمی بکات. بەهەرحاڵ ئەزموون سەلماندوویەتی کە مرۆڤ دەتوانێ هەست بە حەوت پلەی گەرماو سەرما لە شوێنی کارەکەی بکات. هەرکاتێك ڕەنگی ئاوی یا سەوز دەبینین، هەست بە ساردیو کاتێك کە سور یا نارنجی دەبینین هەست بە گەرما دەکەین. لە ژوورێکدا کە ڕەنگەکەی ئاوییە یان سەوزەو پلەی گەرمییەکەی (٥٠)یە، هەست بە ساردی دەکرێتو لە ژوورێکدا کە ڕەنگەکەی سورەو پلەکەی لەژێر سفردایە گەرم دێتەبەرچاو...هتد

لە بازنەی ڕەنگەکاندا، زەردو وەنەوشەیی خاوەنی خەسڵەتێکی ڕەنگ ساردو گەرمن کە لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆنتراستێکی تاریكو ڕوونیشن، لەکاتێکدا ڕەنگی نارنجیش

لەهەمبەر ئاویی دا هەمان خەسڵەتی هەیە. ڕەنگەکانی زەرد، زەردی نارنجی، نارنجی، سوری نارنجی، سور، سوری وەنەوشەیی حەز بەرەو گەرمی دەکەن‌و بە بەشێك لە ڕەنگە گەرمەکان هەژمار دەکرێن. زەردو سەوز، سەوز، سەوزو ئاویی، وەنەوشەیی ئاویی ڕەنگە ساردەکانن...هتد یەکێکیتر لە خەسڵەتە ساردی‌و گەرمییەکانی ڕەنگەکان، نزیکی‌و دوورییەو مەودا نیشان دەدات، ئەمەش خەسڵەتێکە بۆ نمایشکردنی پێرسپێکتیڤێکی[80] قوڵ‌و فەزایەکی زۆرتر بەکاردەهێنرێت.

زانستی پزیشکی سەلماندوویەتی کە زۆرینەی ڕەنگەکان لاوازییە سایکۆلۆژییەکان هەتووان دەکەن‌و نەخۆشییە جەستەییەکان چاك دەکاتەوە. لە هیندستان تیشکێکی ڕەنگاوڕەنگ دەگرنە نەخۆش تا ڕێگە لە توندبوون‌و پەرەسەندنی نەخۆشییەکە بگرن. لە ئێرانیش بۆ توشبووانی سورێژە، سود لە ڕەنگ‌و تیشکی سور وەردەگیرێت.

دکتۆر (Mayluseher)ی سایکۆلۆژیستی سویسرایی دەڵێت کە ئارامی ڕەنگی ئاویی‌و چالاکی ڕەنگی زەرد لەلای مرۆڤە سەرەتاییەکان وەك دوو فاکتەر ناسرابوون. هەڵاتنی خۆر بە ڕەنگە

[80]– مەبەست لە زاراوەی پێرسپێکتیڤ(Perspective) هونەرو زانستێکە کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێ بەسودوەرگرتن لە بنەما ئەندازەییەکان وێنەی وێنە وا نیشان بدرێت کە بینەر هەست بە راستەقینەبوونی دیمەنەکە بکات. بۆ زانیاری زیاتر بنۆڕە: د. ئەسعەد قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی، لا(٦٣٩). (و–ك)





زەردو درەخشانەکەیەوە ژینگەیەك دروست دەکات کە مژدەبەخشی ژیانەو ڕەنگی تاریکی ئاسمان لە شەودا، کۆتایی چالاکی‌و کۆششی ڕۆژانەو دەستپێکی ئارامی‌و ئاسایشە.

ئەزموون سەلماندوویەتی کە فەزای ڕەنگکراوی هۆڵەکان، کاریگەریی لەسەر چۆنییەتی بیستنی دەنگ هەیە. بۆ نمونە لەو ژوورەدا کە ڕەنگەکەی سپییە، دەنگی ڕادیۆ بەرزتر دەبیسترێ لەو ژوورەی کە ڕەنگەکەی وەنەوشەییە (لەکاتێکدا کە دەنگ لە هەردوو ژوورەکەدا یەك ئەندازە بێت).

لە ڕووپۆشکردنە ڕەنگاوڕەنگەکانیشدا چۆنییەتی ڕەنگکردنی ڕووپۆشکراوەکە کاریگەریی لەسەر سەنگەکەی هەیەو ئەو ڕووپۆشکراوانەی کە ڕەنگەکەیان تاریك بێت قورسترە لە هەمان ئەو ڕووپۆشکراوانەی ڕەنگەکەیان زەردە.

ئەو ژوورانەی ڕەنگەکەیان سور بێت کاریگەریی لەسەر دەمارەکان دادەنێت‌و فشاری خوێن بەرز دەکاتەوە، دڵ توندتر لێدەدات‌و تەنانەت هەناسەدانیش توندتر دەبێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر هۆڵێك ڕەنگەکەی ئاوی بێت، دەرەنجامێکی پێچەوانە دەداتەوە...هتد

### *مانای ڕەنگەکان

بینین‌و کارو کاردانەوەکانی بینین کە پەیوەندی لەگەڵ زەیندا هەیە، قۆناغێکە لە سایکۆلۆژیاو هۆکاری سەرەکی کاریگەرییە زەینییەکان تەنها بینینە.

ڕەنگی تاریکی دەریاکان‌و کوێستانەکان کە لەمەودایەکی

دووردابن، بینەر هەڵدەفریوێنن و هەمان ئەو ڕەنگە ئاوییە ئەگەر لە پێشەوە بێت ئاڵۆزو ناسروشتی و بێ ڕۆح و ترسناکە. لە تاریکی شەودا، ڕەنگە ئاونگییە ئاوییە ڕۆشنەکان زۆر سەرنجڕاکێش و فریودەرە. ئەم ئاونگانە فریودەرانە بەهۆی زەمینەی ڕەش و تاریکەکانیانەوەیە و کاتێ لەگەڵ سورو زەرد تێکەڵاو دەبن، ڕۆح و شادمانی خۆی لەدەست دەدات.

ڕەنگی ئاوی ئاسمان چالاك و ڕۆحدارە لەکاتێکدا کە ئاویی مانگ بێ جوڵەو مردووەو بەئارامی دڵتەنگی و شکست جێدەهێڵێت.

سوریی ڕوخسار، بەڵگەیە لەسەر هەڵچوون و تا، تورەیی و هەڵچوون. ئاوی و یا سەوزو زەرد مانای ناخۆشی و شکست دەگەیەنێت. سوریی ئاسمان هەواڵی هەڵچوونی هەوای نائارامەو ئاسمانی ئاویی مژدەی ئارامی و هەوای کراوە دەدات.

لە سروشتدا، بەهار قۆناغی درەخشانەوەو جوانی ڕەنگەکانەو پاییز ڕەنگە توندە قاوەیی و وەنەوشەییەکان نیشان دەدات. هاوین وەرزی فراوانی ڕەنگاکانە بەوپەڕی توندوتیژی و فرەچەشنییەوەو زستان کە وەرزی بزوانی هێزە دەروونییەکانی زەوییە بە ڕەنگە تاریك و خۆڵەمێشییە ئاڵۆزەکانەوە خۆی نیشان دەدات.

زەرد ڕوونترین ڕەنگە لەناو ڕەنگە تیشکدەرەکاندا و کاتێك کە لەگەڵ خۆڵەمێشی و ڕەش و وەنەوشەیی ئاوێتە بکرێت، خاسییەتی خۆی لەدەست دەدات.

زەرد کەڵەکەبوونی ڕەنگی سپییەو سوریش خاڵی کۆتایی





ڕەنگی زەردە، لەهەمانکاتدا ڕۆشناییەکی توندیش نیشان دەدات. ڕەنگی ئاڵتونی کە لە بەرهەمەکانی زەرد هەژمار دەکرێت، لە بەرهەمە وێنەکێشییەکاندا (بەتایبەتی لە هونەری بیزانسدا) وەك سیمبولی ڕۆژی دوایی، سەرسوڕمان، فەرمانڕەوایی، تیشك و خۆر بەکارهێنراوە. زەرد نیشانەی ڕۆشنی و هەقیقەت بووەو پەیوەندی لەگەڵ دانایی و تێگەیشتندا هەیەو سیمبولی زانست و مەعریفەیە. ڕەنگی زەرد کاتێ ئارام و کاڵ بێت ئیرەیی، خۆزگە، خیانەت و درۆ، گومان و دوودڵی و بێ متمانەیی دەخاتەڕوو.

سور خاوەنی گەرمی و تیشکدانەوەیە و گەرمییەکەشی ناوخۆیی و هەناوییە. ڕەنگی سور هاوڕەنگی هەسارەی مەریخەو نیشانەی جیهانێکی گۆڕاو، جەنگ و ئەهریمەنەو نیشانەیەکی سەلمێنراوی تێکۆشان و کودەتاو شۆڕشە.

ڕەنگی نارنجی تیشکدانەوەیەکی پڕ لە شەیداو عەشقەو سوری ئەرخەوانیش بەڵگەیە بۆ عەشقێکی مەعنەوی. لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا، هێزی مەعنەویی و دنیایی لەگەڵ یەکتردا ئاوێتەن.

زەرد سیمبولی خۆرە. حەزکردن بە ڕەنگی زەرد ناسێنەری مرۆڤگەلێکی هەستەوەری شەیدا، خوێن گەرم، فێرخواز، چاوەڕوان و ئومێدەوارە. ڕەنگی زەرد لەهەموو لایەکەوە بە نورانی و تیشکدەرەوە دێتەبەرچاو. ڕەنگی زەرد لە ڕوانگەی کاراکتەرەوە لە ڕەنگی سورەوە نزیکەو لەمڕووەوە دڵ و دەروون دەخاتەژێر کاریگەرییەوە.

ڕەنگی زەرد ناسێنەری هۆشەو بەدیهێنەری حەزو ئینتیمایە بۆ

ئازادی. زەرد دەرخەری ئیرەییە بەڵام جۆرە پۆزەتیڤەکەی، واتا ململانێ و تێکۆشان و ئینتیمابوون بۆ پێشکەوتن. ڕەنگی زەرد، شمەکەکان بە نوێ نیشان دەدات و مرۆڤ بەرەو دنیای نوێ، مۆدێرنەی ئایندەو نیشتیمانی تیشك ڕێنما دەکات.

**ئاویی:** ڕەنگی ئاوی لە ڕوانگەی تێڕوانینی مەعنەوییەوە، ئەکتیڤەو سوریش لەهەمان دیدەوە ئارام و بێ ئیرادەیە. ڕەنگی ئاویی هەمیشە ڕووەو ساردی و سور ڕووەو گەرمییە. ڕەنگی ئاوی هەمیشە بایەخدانە بە ناوەوەو سوریش پەیوەندی لەگەڵ خوێندا هەیە. ڕەنگی ئاویی هێزێکی سروشتییە کە لە زستاندا خۆی دەردەخات و کاتێ کە سروشت لە بێدەنگی و تاریکیدا حەشاردراوە، ڕەنگی ئاویی شکۆی خۆی دەردەخات. ڕەنگی ئاویی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆح نیشان دەدات و بەمانای بڕوا دێت. ڕەنگی ئاویی ئاماژەیەکە بۆ فەزایەکی بێکۆتایی و سیمبولی نەمریی. بەڵام کاتێ ڕەنگی ئاویی تاریك دەبێت، لە دۆخەکەی خۆی دەچێتە دەرەوەو دادەبەزێت و مانای خەیاڵێکی بە ترس و لەرز، خەم و خەفەت، مەرگ و نەبوون لەخۆدەگرێت. زیاد لەمەش، ڕەنگی ئاویی نیشانەی سادەیی و بەڕەوشتییە.

**سەوز:** سودمەندی، ئاسودەیی و ئارامی و ئومێدەواریی لە بەها دەرکەوتەکانی ڕەنگی سەوزن. سەوز ئاوێتەیەکە لە زانست و بڕوا. سەوز دەرخەری ئیرادە، متمانە، سەقامگیریی، لاوی، هێزو شێوازی بیرکردنەوەی باشترە.

**نارنجی:** نیشاندەری درەخشانەوەی خۆرێکی تیشکدەرەو





درەخشانە. بەرزترین ئاستی گەرمایەو وزەیەکی ئاڵۆز لە نارنجیدا حەشاردراوە. ڕەنگی نارنجی لەکاتێکدا کە لەگەڵ ڕەشدا ئاوێتە بکرێت، کاراکتەرێتی خۆی لەدەست دەدات و ڕووەو ئاوابوون دەڕوات.

**وەنەوشەیی:** ڕەنگی وەنەوشەیی لەهەمبەر ڕەنگی زەردایەو زەرد کە نوێنەری هۆشیارییە، وەنەوشەییش دەرخەری بێهەواڵی، بێئاگایی، بێدەسەلاتی، ئاڵۆزیی و بزوێنەری هەستەکان و ستەم و دژوارییە. لە دۆخی کۆنتراستدا[81] ڕەنگی وەنەوشەیی هەندێکجار هەڕەشە دەکات و هەندێکجاریش هاندەرو ئومێدبەخشە. ڕەنگی وەنەوشەیی ئەگەر لە ئاستێکی بەرفراواندا بڵاوبووبێتەوە، دەبێتەمایەی ترس.

(گۆتە) دەربارەی ڕەنگی وەنەوشەیی دەڵێت:" ئاماژەیەکە بۆ ترسێکی زۆر، دوادواو کۆتایی و جیهان". وەنەوشەیی نیشاندەری دیندارییەو کاتێك کە تاریك بێت مانای وەهم و خورافە دەگەیەنێت. ڕەنگی وەنەوشەیی لێڵ، ناوەرۆك و شوێنی نهێنی کارەسات و بەڵایەو کاتێك کە ڕۆشن بێت نیشانەی پیرۆزییە. ڕەنگی وەنەوشەیی سیمبولی ئەنارشیزم، مەرگ، ستایش و

81- زاراوەیەکی بواری دیزاینە بەمانای دژیەکی دێت، لەکاتی دیزاینی ڕەنگەکاندا دەبێ ئەو دوو ڕەنگە لەگەڵ یەکتردا بەکاربهێنرێن کە زۆرترین جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیەو ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە وەرگر باشتر هەست بە ڕەنگی ڕاستەقینەی ڕەنگەکان بکات. باشترین کۆنتراستیش ڕەنگی ڕەش لەسەر ڕەنگی سپی و بەپێچەوانەوەیە. (و-ك).

شکۆمەندییەو ڕەنگی وەنەوشەیی ئاویی ڕەنگی بەدیهێنەری تەنهاییە. ڕەنگی وەنەوشەیی سور نیشانەی عەشقی یەزدانیو مەعنەوییە[82].

بەمشێوەیەو لەگەڵ ناسینی ڕەنگەکاندا، باشتر دەتوانرێ بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان بەلەبەرچاوگرتنی بواری بابەتیانەی بڵاوکراوەکەو وەرگرەکانی، لە ڕووی لاپەڕەبەندیو گرافیکەوە دیزاینو نەخشەسازی بکرێت. هەریەك لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکان بەلەبەرچاوگرتنی بوارە تایبەتمەندێتییەکەی، وەرگری تایبەتییان هەیە کە لە تەمەنی جۆراوجۆرو چینوتوێژی کۆمەڵایەتیانەی جۆراوجۆردان. هەریەك لەم ڕەنگانە بەتایبەتی لەسەر ڕووی بەرگو هەروەها لاپەڕەکانی ناوەوەو دەقی لاپەڕەکە، دەتوانێ ڕێنماییەکی کاریگەر بێت تا گرافیكو ڕەنگ لە تەك یەکتریشدا بەجۆرێك دابنێین کە وەرگرە تایبەتەکانی بڵاوکراوەکەی بۆ ڕاکێش بکەین.

### *کۆمەڵە خاڵێکیتر لە لاپەڕەبەندیدا

– لە پێکهاتەی توخمە جۆراوجۆرەکان لە لاپەڕەکاندا، هەمیشە دوو لاپەڕەی بەرامبەر لەگەڵ یەکتردا لاپەڕەبەندی دەکرێت.

–دەبێ لەنێوان توخمە جۆراوجۆرەکانی دوو لاپەڕەی بەرامبەر یەکتردا، پەیوەندییەك دروست بکرێت.

---

82–شناخت رنگ، جزوه درسی، تهیه و تنظیم: حمید رچا پوردیلمی. (نوسەر)





– دەتوانرێ سود لە پاشماوەی ئەو بابەتانە وەربگیرێت کە بەهۆی توخمەکانی لاپەڕەوە دروست بوونو توخمەکانیتر لە لاپەڕەکەدا ئۆرگانیزە بکرێت.

– هەمیشە دەبێ چاودێریی ئەندازەی فەزای سپیو شێوازەکەی بین، بەم مانایەی کە ڕێگە لە هاتنەئارای بێ بەرنامەی فەزا سپییەکان بگیردرێت.

–لە نێوان توخمەکاندا، فەزا سپییەکان لە ئاستی پێویست کەمتر نەبێت.

–پانتایی ستونی دەقێك لە بابەتێکدا دەبێ بە یەك ئەندازەو نەگۆڕ بێت.

– دەبێ دیزاینێکی تایبەت بۆ پوختە مانشێتەکان بکرێتو لە تەواوی لاپەڕەکاندا ئەم دیزاینە بەکاربهێنرێت.

–پوختەمانشێتەکان[83] دەتوانرێ لەناو بۆکسێکی داخراو یا هێڵکارییەکی کراوەدا دابندرێت.

–نابێ پوختە مانشێتەکان بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکە بەکاربهێنرێت.

–پوختە مانشێتەکان نابێ بکرێتە ئەلتەرناتیڤی وێنە.

– پوختە مانشێتەکان دەبێ شوێنەکەیان بینراو و خوێندراو بێت.

---

83– پوختە مانشێت بریتییە لە هەڵبژاردنی دێڕ یاخود چەند تێڕی گرنگی تێکستێکی نوسین تا بە فۆنتێکی گەورەتر لە قەراغەکانی لاپەڕە یاخود لە ناوەڕاستی لاپەڕەدا لە بۆکسێکدا بنوسرێت. (و–ك)

– پوختە مانشێتەکان دەبێ بەرلە دەق بخوێندرێنەوە.

– پانتایی پوختەمانشێتەکان دەکرێ گۆڕاو بێت.

بەمشێوەیە پەی بەوە دەبەین کە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند، بەتایبەتی گۆڤارێکی تایبەتمەند کارێکی ئاسان نییە. ئەگەرچی حەزوروژێنەرە بەڵام سەرکەوتنی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند لە پراکتیزەکردنی ئەو خاڵانەدایە کە لەم خاڵانەدا باسیان لێوە کرا. لەگەڵ ئەمەشدا خاڵی بنچینەیی لە سەرکەوتنی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا، سەرتاپاگیریی بابەتی ئەو تایبەتمەندێتییەیە کە بڵاوکراوەکەی لەبارەوە بڵاودەبێتەوەو ئەمەش پێویستی بە فێربوونی ڕۆژنامەنوسە تایبەتمەندەکەیە واتا ئەو خاڵەی کە لەم نوسینەدا بە دوورودرێژی باسی لێوە کرا، ئومێد وایە هەرچی زووتر بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنو کارەوە.

لە بەشی پاشکۆی ئەم پەرتوکەدا، کۆمەڵەنمونەیەك لە لاپەڕەبەندی گۆڤارە تایبەتمەندە پرۆفیشناڵەکان خراونەتەڕوو، لەوێدا کە وانەی (ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەند) ساڵانێکە لە زانکۆکانو ناوەندە فێرکارییە ڕۆژنامەوانییەکاندا دەوترێتەوە، کۆمەڵە نمونەیەکی بەنرخم بۆ پاشکۆی پەرتوکەکە زیادکردووە کە خوێندکارەکانم بە هەوڵو کۆششێکی بێوێنە توانیویانە وەك کارێکی پرۆفیشناڵانە ئامادەی بکەن، بەمەبەستی پشتیوانیو ڕێزلێنانیانو هەروەها بۆ هاندانی ئەو خوێندکارانەش کە لەمەودوا ڕووبەڕوویان دەبمەوە. دیاگرامی بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانیش لەڕیزی پاشکۆکاندایە.





# کتێبە چاپکراوەکانیتری وەرگێڕ

-بواری نوسین:

*تیرۆرو تیرۆریزم، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی مێژوویی و سیاسی، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپوبڵاوکردنەوە ٢٠٠٥.

-بواری وەرگێڕان:

*ئاشنابوون بەدیموکراسی، نوسینی: د.عەباسعەلی سەحافیان ٢٠٠٣، چاپی دووەم ٢٠٠٥.

*کورد لەیادداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێلتدا، خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٣.

*مافەکانی ژن لەدەستپێکەوە تائەمڕۆ، نوسینی: نای. بن. سەعدون. خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٤.

* دۆزی کورد، نوسینی: د. جویس بلۆ، چاپوپەخشی سەردەم ٢٠٠٤.

*دەروازەی ڕۆژنامەنوسی، نوسینی: ڕەزای حاجی ئابادی، چاپوپەخشی سەردەم ٢٠٠٥.

*دیالۆگ، کۆمەڵێك بیرمەند، چاپو بڵاوکردنەوەی قانع ٢٠٠٥.

* نەریتی ڕۆژنامەوانی، فریبا سەیاد، د.عەلی ئەکبەر

فەرهەنگی، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٦

*لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، د. جین شارپ، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ٢٠٠٧

*هەواڵ و هەواڵنوسینی ڕۆژنامەوانی، د. یونس شوکرخواو ئەوانیتر، چاپ وپەخشی سەردەم ٢٠٠٧.